





سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# پێڕست


١- مەهسا ئەمینی ........................................................ ئینسکلۆپیدیای کوردی ......... ٧

٢- دایکی ژینا ئەمینی: فریشتەکەمیان کوشت ................................................. ئا: ئاوێنە ............... ١٢

٣- حاکمی شەرعی کوردستان: دەبێت تۆڵەی کوشتنی ژینا ئەمینی بسێندرێتەوە ........................ رووداو ...... ١٧

٤- تاوانی کوشتنی ژینا ئەمینی و بیدعەی حیجابی زۆرەملێ ........................................ ئەبوبەکر عەلی .... ٢٢

٥- گەشتی ئێرشاد یان باندی جینایەتکاران ........................................................ سایتی پەیام ...... ٢٤

٦- ژینای کوردستان بوو بە ژینای ئێران ....................................................... سایتی پەیام ......... ٢٧

٧- مەرگی ژینا ئەمینی و کوردبوون ................................................................ پەیڕەو ئەنوەر ...... ٢٩

٨- کوردستان بێدەنگ نابێت .................................................................. سمایل شەرەفی ..... ٣٢

٩- ژینا ئەمینی بۆچی چووە تاران و چۆن گیانی لەدەستدا؟ ................................ ناسر پیرۆتی .......... ٣٥

١٠- باوکی ژینا: بە ئیبراهیم رەئیسیم گوت، ئەو ڤیدیۆیانەی لە تەلەڤزیۆنی ئێران بڵاوکرانەوە "درۆ" بوون ................
........................................................................................ گفتوگۆی ئەمجەد ئەمینی ..... ٣٩

١١- ژینا ژیانی بەختکرد لە پێناو خاوەندارێتیی جەستەی خۆی دا ................................. بڵند نەورەس ..... ٤٧

١٢- نارەزایەتیی 'ژینا' لە ئێران ........................................................... زریان رۆژهەڵاتی .... ٥٠

١٣- ژینا کەنیشکێ بوو بێ لەچک بەڵام پرچی بۆ کردین بە ئاڵا ................................ هەڵۆ شێرکۆ بێکەس .... ٥٤

١٤- شەهیدکردنی "ژینا ئەمینی" دوا رووداو نابێ! ................................................ مەلا بەختیار ..... ٥٦

١٥- کوردستان لوتکەی هەڵوێست و خۆڕاگری ................................................. ئەلبورز ڕۆێنتەن ....... ٥٩

١٦- ژینا ئەمینی ـ محەممەد بوعەزیزی ـ سەقز ............................................ کاروان عەبدوڵڵا .... ٦١

١٧- غەریب لە تاران ........................................................................ پەرویز جەباری .... ٦٤

١٨- ژینا ئەمینی، وەک پاڵنەرێکی نوێ ........................................................ پۆڵا سەعید ..... ٦٦

١٩- شین بۆ ژینا ئەمینی مەگێڕن ,دەستی پۆلیسەکانی ئەخلاق لە زیندووەکان کورتکەنەوە .......... بێدار ئەمینی .... ٦٩

٢٠- ژینا ئەمینی: قەیرانە کوشندەکانی لەشی دینیی ........................................ مەریوان وریا قانع .... ٧٢

٢١- چۆن پشتیوانی لە سەرهەڵدانی رۆژهەڵات بکرێ؟ ........................................ هیوا سەید سەلیم .... ٧٦




سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

٢٢- ژینا ژیانی بەختکرد لە پێناو خاوەنداریێتیی جەستەی خۆی دا ................................ قادر کاسیرگا .... ٧٧
٢٣- دووریانی مەرگ ........................................................................ سپێدە ساڵحی ..... ٧٩
٢٤- رووسەری ................................................................................ دلێر محەمەد نوری .... ٨٤
٢٥- ژینا لا دادگای خاڵخاڵێدا ............................................................. دانا رەشید ......... ٨٧
٢٦- مەرگی ژینا ئەو بومەلەرزەیەی دەسەڵاتی ئێرانی هەژاند ................................ شارپرێس ......... ٩٠
٢٧- ژینا، چۆن بوو بە پرسێکی جیهانی؟ ................................................ فرسەت سەید شکور ..... ٩٣
٢٨- مەرگی ژینا ئەمینی لەدیوێکی ترەوە ................................................. سۆزان حەمەتاتە ..... ٩٦
٢٩- ئەو سێ ڕۆژەی کە، کەشی سیاسی کوردستان و ئێرانی گۆڕی ............................ سایتی پەیام .......... ٩٨
٣٠- ژن، ژیان، ئازادی ..................................................................... کەمال چۆمانی ........ ١٠٠
٣١- ژینا سمبوڵی بەرخودان ................................................................ هیوا حسن ........ ١٠٢
٣٢- ئایا ئەوە خودایە داوای حوکمی دینی دەکات؟ .................................... ڕێبین ئەحمەد رەشید ........ ١٠٣
٣٣- خوێنی ژینای کوردستان بوو بە تەقینەوەی گڕکانی تۆڵە ............................... لوقمان زەهرایی ............ ١٠٨
٣٤- "ئەگەر بەرخۆدان لە ڕۆژهەڵات و ئێران بەردەوام بێت، پرۆسەیەکی نوێ دەست پێدەکات"...... ڕۆناهی سەرحەد ... ١١٠
٣٥- مەرگی گوماناوی ژینا ئەمینی کاردانەوەی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی لێکەوتەوە ............. ئەحمەد هەورامی ..... ١١٧
٣٦- شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی" دەستیپێکردووە ........................................... گەنجۆ ژیندا ...... ١٢١
٣٧- هاتنی وەرزی "ژینا ........................................................................ عەلی بداغی ...... ١٢٤
٣٨- ژینا ئێستا نیشتمانە! ..................................................................... ئاسۆ مینبەری ..... ١٢٧
٣٩- ژینا، چیرۆکی ژین و ژان ................................................................. ڕەزا دانشجوو ..... ١٣٠
٤٠- هاواری پەنگ خواردووی نەتەوەیەکی ستەم لێ کراو! .................................. هاشم رۆستەمی ..... ١٣٢
٤١- هەڤپەیڤینی پرۆفیسۆر عەبباس وەلی لەگەڵ تیلێڤیزیۆنی ئاریەن ................................................. ١٣٥
٤٢- هاودەنگیمان مانەوەیە ................................................................... پژمان شەریعەتی ..... ١٤٠
٤٣- چەخماغەی ئەم شۆڕشە لە کوردستان لێدراوە ........................................ ناسر باباخانی ....... ١٥٣
٤٤- خوێندنەوەی شۆڕشێک لە ڕەگەزی ئازایەتی و فیداکاری و کوردایەتی .................. ئەلبورز ڕۆژین تەن ..... ١٤٥
٤٥- ڕۆژهەڵات، چ دەگوزەرێت؟ چی بکەین ............................................... د. شێرکۆ کرمانج .... ١٤٩
٤٦- دیوێکی تری مەرگی ژینا ............................................................... م. کامەران عەلی ..... ١٥١
٤٧- ژینا ئەمینی و توندوتیژی خیزانی ........................................................ ئارام سەعید ..... ١٥٣
٤٨- ڕاپەڕینی نوێی گەل و ئەرکە هەنووکەییەکان! ........................................ عەلی بداغی ..... ١٥٥




سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

٤٩- سەرباشقە بمێنینەوە ........................................................ خالید دەرویژە ..... ١٥٨
٥٠- بۆچونێکی زۆر کورت لەسەر قسەکانی عەلی حەمەساڵح .................................... خالید سلێمان ..... ١٦١
٥١- هەڵوێستێکی چەوت لەمەڕ ڕژێمی ئێران، پێویستی بەڕاستکردنەوە هەیە ................. گۆران هەڵەبجەیی ..... ١٦٣
٥٢- تۆڵەکردنەوەکانی لەش: لەشی ژن ...................................................... مەریوان وریا قانع ....... ١٦٨
٥٣- خۆزیا خوشکانی یەکگرتو قسەیان نەکردایە ............................................ بارزان شێخ عوسمان ....... ١٧٠
٥٤- ڕوداوەکانی ئێران چی پێ گوتین؟! .................................................. کەمال چۆمانی ...... ١٧٣
٥٥- زیندووبوونەوەی ڕۆژهەلات لە کوردەوە ............................................ پەیڕەو ئەنور ......... ١٧٥
٥٦- لەچکی سیاسی .................................................................. سەردەشت محمد ......... ١٧٨
٥٧- شەڕی مان و نەمانی ڕژێمی ئیسلامی لە دژی خەڵک ........................................ سایتی پەیام .......... ١٨٠
٥٨- شیرین عەبادی: مەرگی ژینا، ژیانی بە خەڵکی ئێران بەخشییەوە ............................ هەڤپەیڤینی رووداو ....... ١٨٢
٥٩- جیاوای ڕاپەرینی ئێستای ئێران لەگەڵ جارانی پێشوو چیە؟ .............................. د. محەمەد ئەمین ..... ١٨٥
٦٠- بە شوێنپێی "ژینا"دا ...................................................................... بەهزاد موحسین ......... ١٨٨
٦١- ژینا؛ ژن و ژیانەوەی نەتەوەیی .............................................................. چرۆ محەمەد عومەر ...... ١٩١
٦٢- ژینا.. دەرفەتێک بۆ ژین نەک بۆ مردن ............................................ عارف قوربانی ...... ١٩٣
٦٣- ژینا یان مەهسا!..کوردو سیستمی جیهانی! ........................................ شوان حەمە ....... ١٩٦
٦٤- ژینا، ژیانی ژنانی ئێران بۆ هەمیشە دەگۆڕێت ................................... ئا: ئاوێنە .......... ١٩٩
٦٥- ڕاپەڕینی ئەمجارەی خەڵکی ئێران ........................................................ زاهیر باهیر ........ ٢٠١
٦٦- ئێران لەبەردەرگای شۆڕشێکی دیکەدا! ........................................................ موحسین کەریم ........ ٢٠٥
٦٧- ناوی ژینا ئەمینی لە هەسارەی زەوی تێپەڕی! ........................................... سایتی پەیام .... ٢٠٨
٦٨- کاتێک حیجاب سوتاندن دەبێتە ڕەمزێک بۆ ئازادبوون! .................................. عومەری خەتات ........ ٢١٠
٦٩- کوردستان لە تاران: کوشتنی ژینا ئەمینی چ واتایەکی بۆ داهاتووی ئێران هەیە ....................................
.................................................... لوقمان ڕادپەی/ وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور ....... ٢١٣
٧٠- مانگرتن ......................................................................... سەلاح ئیبراهیمی .......... ٢١٧
٧١- ڕووداوەکانی کوردستان و ئێران، ڕۆڵی پارتە سیاسیەکانی ڕۆژهەلات ....................... جەلال هۆرێنی ......... ٢٢٠
٧٢- شۆڕشی ئێران و ڕۆژهەلاتی کوردستان و چەند سەرە قەڵەمێک .......................... محەمەد ئەمینی .......... ٢٢٢
٧٣- د. سادق زیباکەلام: کورد پێشەنگی خۆپیشاندانەکانی ئێستای ئێرانن ................ هەڤپەیڤین رووداو ....... ٢٢٦
٧٤- ئێران لە نێوان خۆپیشاندانەکان و ولاتانی دژدا .......................... بەختیار شارەزوری و سەرکەوتی جیهاز ..... ٢٣٠



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

٧٥- دیفاع لە خەڵکی خەباتکاری ئێران بۆتە جیهانی .................................. سایتی پەیام .............. ٢٣٣
٧٦- ڕاپەڕینی بەرینی خەڵک و پێویستی قۆناخی ئێستا .................................. ئەحمەد عەزیزی ....... ٢٣٥
٧٧- بۆ.. باشورییەکان بێدەنگن؟! ....................................................... سامان سنجاوی ................ ٢٣٧





سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com




وەرن لەو بەژنە بڕوانن
بە پێوە کیژی کورد دەمرێ
دە ئێوەش مەشخەڵێک هەڵ کەن
کە شاری ئێمە گڕ دەگرێ.
ببینن چۆن تەواری مە
شکۆی نێزە و چەقۆی دەشکاند
چ سەربەرز و چ ئازا بوو
لە زنجیردا چیای دەدواند.
لە بەر دەرگای هەموو ماڵێک
بووەتە پەیکەری وەستان
لە کۆڵانی هەموو شارێک
بووە هاواری ژێردەستان.
بزووت ئێستاکە ئەو خەڵکەی
دەمێک بوو بێ بزە و دەنگ بوو
چ گەش دەنوێنێ ئەو ئاسۆی
دەمێک بوو تار و بێڕەنگ بوو
سڵاو ئەی بەربەیانی گەش
بمێنی ئەی ئومێدی سوور
هەڵۆ با بێن لە تۆ فێر بن
بە باڵی خوێن، فڕینی دوور

ناسری حیسامی

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# مەهسا ئەمینی



لەلایەن: محەمەد ڕزگار

## ناساندن

ژینا ئەمجەد ئەمینی یان مەهسا ئەمینی (بە ئینگلیزی: Zhina Amini، بە فارسی: مهسا امینی) کچێکی کوردی خەڵکی شاری سەقزی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. لە ڕۆژی ١٣ی ئەیلوولی ٢٠٢٢ لە شاری تاران بە بیانووی نەبوونی حیجابەوە لەلایەن هێزەکانی گەشتی ئیرشادی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە دەستبەسەر کرا و بەهۆی ئەشکەنجە و لێدانەوە چووە حاڵەتی کۆما. سێ ڕۆژ دواتر لە ١٦ی ئەیلوولی ٢٠٢٢ لە نەخۆشخانەی کەسرا لە شاری تاران کۆچی دوایی کرد. دوابەدوای ڕووداوەکە لە هەریەک لە شارەکانی سەقز، سنە، دیواندەرە و تاران خەڵک خۆپیشاندانیان ئەنجامدا دژی کوشتنی کچە کوردەکە.

هەواڵی کوشتنی ژینا کە بەهۆی توندوتیژیی حکوومەتی ئێرانەوە ڕوویدا، ئێران و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی تووشی شۆک کرد



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

و شەپۆلێکی تووڕەیی لێکەوتەوە. کاردانەوەکانی کوشتنی ئەو لە شارەکانی ئێران و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وای کرد هاشتاگی فارسیی مەهسا ئەمینی بە زیاتر لە پێنج ملیۆن تویت و ڕیتویت ببێتە ڕەوتێکی جیهانی.

## ژیان و دەستگیرکردن

ژینا ئەمینی، بە ناوی ناسنامەیی مەهسا ئەمینی، لە ٢٢ - ٧ - ٢٠٠٠ لە بنەماڵەیەکی کوردی شاری سەقز لەدایکبووە. ماوەیەک پێش کۆچی دوایی لە زانکۆ وەرگیرابوو و تاکە برایەکی هەیە بەناوی کیارش. ئەمینی لە ئەیلوولی ٢٠٢٢ بە مەبەستی سەردانی بنەماڵەکەی لەگەڵ ماڵەوەیاندا گەشت بۆ تاران دەکات. لە نزیک کاتژمێر ٦ی ئێوارەی ڕۆژی سێشەممە ١٣ی ئەیلوولی ٢٠٢٢ لە نزیک وێستگەی میترۆی شەهید حەقانی کە دەکەوێتە سەر ڕێگای سەرەکی شەهید حەقانی لەگەڵ براکەی بووە و لەوێ لەلایەن پۆلیسی "گشت ارشاد" یان گەڕیدەی ڕێنوێنیی ئێران دەستگیر دەکرێت.

دوای ئەوەی براکەی ناڕەزایی دەردەبڕێت، پێی دەڵێن کە ژینا دەبرێتە ناوەندی دەستبەسەرکردن بۆ ئەوەی "وانەی ڕێنوێنی" پێ بوترێتەوە و دوای کاتژمێرێک ئازاد دەکرێت. شایەتحاڵان دەڵێن ژینا بە لێدان و سوکایەتییەوە دەستگیر کراوە. خێزانەکەی دەڵێن تەنانەت براکەشی لێدانی خواردووە.

## دوای دەستگیری

دوو کاتژمێر دوای دەسبەسەرکردن و گواستنەوەی ئەمینی بۆ بینای پۆلیسی ئاسایشی ئەخلاقی تاران لە شەقامی وزەرائ، بەهۆی برینداربوونی کەللەسەری بەهۆی هێرشەکانەوە، مێشکی گیانی لە دەست دا و لە بەشی چاودێری چڕی نەخۆشخانەی کەسرا خەوێندرا. کاتێک براکەی لەبەردەم بینای پۆلیس چاوەڕێی خوشکەکەی دەکات دەبینێت ئۆتۆمبێلێکی فریاکەوتن شوێنەکە بەجێدەهێڵێت. لە یەکێک لە سەربازەکان دەپرسێت بۆچی ئۆتۆمبێلەکە بیناکەی بەجێهێشتووە و پێی دەوترێت "یەکێک لە سەربازەکان بریندار بووە". دوای ئەوەی وێنەی خوشکەکەی پیشانی ئەو کچانەی دیکە دەدات کە لە دەستبەسەرکردنەکە ئازاد کراون، بۆی دەردەکەوێت کە ئۆتۆمبێلەکە تەرمی نیوەگیانی خوشکەکەی هەڵگرتووە.

## کۆچی دوایی

ئەمینی دوای سێ ڕۆژ لە مردنی مێشکی لە ١٦ی ئەیلوولی ٢٠٢٢ لە نەخۆشخانەی کەسرا کۆچی دوایی کرد. بنەماڵەکەشی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

پشتڕاستیان کردەوە کە کچەکەیان بەتەواوی سەلامەت و تەندروست بووە و هیچ کێشەیەکی نەبووە پێش ڕووداوەکە.

بەرەبەیانی ١٧ی ئەیلوول تەرمی ئەمینی بۆ سەقز دەگوازرێتەوە و بە ئامادەبوونی زۆری خەڵک و هێزەکانی ئاسایش لە گۆڕستانی ئایچی بەخاک سپێردرا. لەکاتی بەخاکسپاردنی ژینادا هەندێک لە خەڵکی دروشمی "مەرگ بۆ دیکتاتۆر"یان دەوتەوە.

## خۆپیشاندانی ناڕەزایی دوای کوژرانی ژینا ئەمینی

دوای چەند کاتژمێرێک لە کوژرانی مەهسا ئەمینی، کۆمەڵێک کەس لە نزیک نەخۆشخانەی کەسرا گردبوونەوە بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین بەرانبەر بە کوشتنی ناوبراو و دروشمەکانی "مەرگ بۆ دیکتاتۆر"، "گەشتی ئیرشاد، گەشتی کوشتار"، "ئەو کەسەی خوشکەکەمی کوشتووە دەیکوژم"، "سوێند بە خوێنی مەهسا بخۆن، ئێران ئازاد دەبێت"، "خامنەیی بکوژە، حکوومەتەکەی ساختەیە" و "لە کوردستان بۆ تاران، ستەم دژی ژنان"یان دەوتەوە. ئەم ناڕەزایەتیانە بە سەرکوتکردن و دەستگیرکردنی خۆپیشاندەران ڕووبەڕوو بووەوە. ژمارەیەک ژن لە کاردانەوە بە هێرشی هێزەکانی دژە یاخیبوون حیجابەکانیان داکەند و دروشمی "داعشی بێ شەرم"یان بەرزکردەوە.

زۆرێک لە خەڵکیش لە شەقامەکان دژی ئەم کردارە بە هۆڕنی ئۆتۆمبێلەکانیان ناڕەزایەتییان دەربڕی. خەڵکی تارانیش لە گردبوونەوەیەکی شەوانەدا لە دەوری گۆڕەپانی ئەرجەنتین دروشمیان دژی حکوومەتی ئێران و حیجابی ئیجباری بەرزکردەوە. لەلایەکی دیکەوە لە گردبوونەوەیەکی دیکەی شەودا کۆمەڵێک ژن لەچکەکانیان داکەند و دروشمیان دژی ئەفسەرەکان وتەوە.

ناڕەزایەتییەکان لەدژی کوشتنی ژینا لە چەند ڕۆژ دوای مردنی لە سەقز و سنە درێژەی هەبوو، ئەو ناڕەزایەتیانە بە تەقەی هێزە تایبەتەکان سەرکوت کران. لەم خۆپیشاندانانەدا ٣٨ کەس بریندار بوون و ١٣ کەسیش دەستگیرکران. ئەم ناڕەزایەتیانە بووە هۆی پچڕانی بەربڵاوی ئینتەرنێت لە سنە و سەقز. مەودای ئەم ناڕەزایەتیانە لە هەمان ڕۆژدا بۆ شارەکانی مەهاباد و کەرەج درێژ بوویەوە. لە ١٧ی ئەیلوولی ٢٠٢٢ لە هەندێ شار لەوانە: سەقز، سنە، دیواندەرە، مەهاباد، کەرەج و تاران، خەڵک هاتنە سەر شەقامەکان و گردبوونەوەی ناڕەزایەتییان بەڕێوە برد، بەڵام ئەو ناڕەزایەتیانە بووەتە هۆی توندوتیژیی هێزەکانی پۆلیس. لە هەمان ڕۆژ لە شاری دیواندەرە ٤ کەس بە فیشەکی هێزەکانی پۆلیس کۆچی دواییان کرد.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## کاردانەوەکان

دەستگیرکردن و لێدانی مەهسا ئەمینی لەلایەن گەشتی ئیرشادەوە و دواتریش کۆچی دوایی کچەکە، تووڕەیی خەڵکی لە کۆمەڵگە و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا لێکەوتەوە. هاشتاگی # مەهسا ئەمینی لە تویتەری فارسی بووە ترێند و زیاتر لە پێنج ملیۆن تویتی لەخۆی گرت. لەگەڵێشیدا کۆمەڵێک لە کەسانی سیاسی و حیزبەکان وتەی تایبەتیان دەربارەی بابەتەکە هەبوو:

١- ئیبراهیم ڕەئیسیی سەرۆک کۆمار فەرمانی بە وەزیری ناوخۆ کرد کە بەدواداچوون بۆ ئەم ڕووداوە بکات. ڕەئیسی جێگری ئاسایش و جێبەجێکردنی یاسای وەزارەتی ناوخۆی وەک کەسی بەرپرسیار لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم ڕووداوە دەستنیشان کرد. هەروەها لە پەیوەندییەکدا بۆ خێزانەکەی ئەمینی وتی: کچەکەتان وەک کچەکەمە و هەست دەکەم ئەم ڕووداوە بەسەر یەکێک لە ئازیزانەکەمدا هاتووە. من بە هاوبەشی بەدبەختی خۆتان بزانن.
٢- ڕەزا پەهلەوی (کوڕی محەمەد ڕەزاشا) لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئینستاگرام نووسیویەتی: دوژمنایەتی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ژنان لە کەس شاراوە نییە. داوای لە خەڵکی ئێران کرد کە بە هەر شێوەیەک بتوانن لە دژی ئەم دڕندەییە بوەستنەوە و "پشتیوانی لە ژنانی ئازادیخوازی ئێران بکەن".
٣- جاوید ڕەحمان، ڕاپۆرتدەری تایبەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافی مرۆڤ لە ئێران، پەشیمانی خۆی لە ڕەفتارەکانی کۆماری ئیسلامی بەرانبەر مەهسا ئەمینی دەربڕی و وتی: ئەم ڕووداوە نیشانەی پێشێلکاری بەربڵاوی مافی مرۆڤە لە ئێراندا.
٤- ڕۆبێرت مالی، نوێنەری حکوومەتی جۆ بایدن بۆ کاروباری ئێران، مردنی مەهسا ئەمینی دوای ئەو برینانەی لە دەستبەسەری گەشتی ئیرشاد تووشی بوو، بە "ترسناک" ناو برد و وێڕای دەربڕینی هاوسۆزیی خۆی بۆ بنەماڵەکەی، وتی کە پێویستە ئێران کۆتایی بە پێشێلکردنی مافە بنەڕەتییەکانی ژنان و توندوتیژی دژی ئەوان بهێنێت.
٥- مۆرگان ئۆرتیگاس، وتەبێژی پێشووی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، لە کاردانەوە بە مردنی مەهسا ئەمینی لە ئەنجامی لێدانی، داوای کرد ناوی ئەم کچە گەنجە بڵاوبکرێتەوە و نووسیویەتی: "ڕێگە نادەین حکوومەتی ئەمریکا ئەوەی بەسەر تۆدا هاتووە بپۆشێت و مردنت بێ سوود نابێت".
٦- سەید محەمەد خاتەمی، سەرۆکی پێشووی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر نووسیویەتی: "ئایا ئەم کارەساتە و بەردەوام ڕووداوی هاوشێوە بەس نییە بۆ ڕاگرتنی ئەم ڕێگایە و ئەو ڕەفتارانەی کە پێچەوانەی یاسا و لۆژیک و شەریعەتە؟".



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## کەسایەتییە ئاسیاسییەکان

١- موحسین چاوشی هونەرمەندی ناوداری کورد و ئێرانی لە تۆڕی ئینستاگرام بە تەنزەوە نووسیویەتی: "ارشاد شد"، واتە "هیدایەت درا یان ڕێنوێنی کرا".

٢- حامید ئیسماعیلیون کە بەهۆی لێدانی فڕۆکە ئۆکرانییەکە لەلایەن سوپای پاسدارانەوە خێزانەکەی لەدەستدا، نووسیویەتی: "کۆماری پیس و گەندەڵ و پیاوکوژی ئیسلامی".

٣- عەلی دایی، ئەفسانەی تۆپی پێی ئێران و جیهان، لە کاردانەوەیەکدا سەبارەت بە کۆچی دوایی مەهسا ئەمینی نووسیویەتی: "چیتان هێنا بۆ ئەم خاکە؟" کچەکەم دەپرسێت چی ڕوویداوە؟ چ وەڵامێکم هەیە؟ بۆ چ گوناهێک؟".

٤- دەرهێنەر و سیناریۆنووس ئەسغەر فەرهادی لە پەیجی تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی ئینستاگرام وێنەیەکی مەهسا ئەمینی بڵاوکردەوە و نووسیویەتی: "ئێمە لە بەرانبەر ئەم دڕندەییە بێکۆتایەدا خۆمان کردووە بە خەوتوو، ئێمە هاوبەشین لەم تاوانەدا".

٥- گوڵشیفتە فەراهانی نووسیویەتی: "فڕی فڕی، ندا ئاغاسوڵتان فڕی، پویا بەختیاری فڕی، نەوید ئەفکاری فڕی، مەهسا ئەمینی فڕی، ژینای کوردستان فڕی .. کۆماری ئیسلامی نەفڕی!".

## دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان

- ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی داوای لێکۆڵینەوەی تاوانکاری کرد لە کوژرانی گوماناوی مەهسا ئەمینی لە ئێران. بەپێی ئەم ڕێکخراوە، پێویستە "هەموو ئەفسەر و بەرپرسە بەرپرسەکان لەم دۆسیەیەدا بدرێنە دادگا و ئەو بارودۆخانەش کە دەبنە هۆی مردنی گوماناوی، کە بریتین لە ئەشکەنجەدان و مامەڵەی نادروستی دیکە لە ناو دەستبەسەرکردنەکەدا، لێکۆڵینەوەی تاوانکارییان لەگەڵدا بکرێت".

- ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ: "دەسەڵاتدارانی ئێران پێویستە یاسای ئیجباری حیجاب هەڵبوەشێننەوە و ئەو یاسایانەی تر کە ژنان لە سەربەخۆیی و مافەکانیان زەوت دەکەن لاببەن یان هەموار بکەنەوە".

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئینسکلۆپیدیای کوردی – ڕێکەوتی: ١٩ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# دایکی ژینا ئەمینی: فریشتەکەمیان کوشت



ئا: ئاوێنە

ژینا ئەمینی، تەمەن ٢٢ ساڵان و خەڵکی شاری سەقزی رۆژهەڵاتی کوردستان، کە سێ رۆژ لەمەوبەر بەهۆی لێدانی لەلایەن پۆلیسی تارانەوە توشی جەڵتەی مێشک ببو، نیوەڕۆی ئەمڕۆ هەینی، لە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا.

ئێوارەی رۆژی سێشەممە، ژینا ئەمینی لە نزیک شارێی حەقانی تاران لەلایەن مەفرەزەیەکی پۆلیسی "ئاسایشی ئاکارەوە" بەتۆمەتی پابەندنەبونی تەواوەتی بە باڵاپۆشی درایە بەر لێدان و دوای دەستگیرکردنی گوازرایەوە بۆ دەستبەسەرگەی "وزەرا"ی ئەو شارە.

یەکێک لە نزیکەکانی بنەماڵەی ئەمینی لەوبارەیەوە ڕاگەیاندبو، ژینا ئەمینی لە کاتی دەستگیرکردنیدا لەلایەن هێزەکانی پۆلیسەوە لێی دراوەو سەری بە سەختی بریندار بووە دوای گواستنەوەی بۆ دەستبەسەرگە باری تەندروستی تێکچووەو بە ئەمبوڵانس گوازراوەتەوە بۆ نەخۆشخانەی کەسراو بێهۆشە.

لێدان لە ژینا ئەمینی کاردانەوەی زۆری لەنێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لێکەوتەوەو لەدوای راگەیاندنی مردنیشی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەکارهێنەران و چالاکوانانی ئێرانی، پۆلیس بە بکوژی ئەو کچە لاوە کوردە دەزانن.

هەرچەندە پۆلیسی ئێران رایگەیاندبو، کە ژینا ئەمینی بەهۆی جەڵتەی کتوپڕی دڵەوە لە دەستبەسەرگە، بێهۆش بووە بۆ نەخۆشخانە گوازراوەتەوە بەڵام پزیشکانی ئێرانی دەڵێن، بێهۆش بون چونە کۆمای ژینا بەهۆی لێدانەوە بوە نەک کێشەی دڵ.

د. حەمید ئەحمدی، پزیشکی پسپۆڕی نەشتەرگەری، لەوبارەیەوە لە تویتێکدا رایگەیاندبو، کچێکی گەنج بەبێ ئەوەی هیچ نەخۆشییەکی هەبوبێت، جەڵتە لێی نادات و بێهۆش نابێت. و چونە کۆما لەم حاڵەتەدا واتا لێدانی راستەوخۆ لەسەرو خوێبەربونی مێشک.

یەکێک لە نزیکەکانی بنەماڵەی ئەمینی لەوبارەیەوە ڕاگەیاندبو، ژینا ئەمینی لە کاتی دەستگیرکردنیدا لەلایەن هێزەکانی پۆلیسەوە لێی دراوەو سەری بە سەختی بریندار بووە دوای گواستنەوەی بۆ دەستبەسەرگە باری تەندروستی تێکچووەو بە ئەمبولانس گوازراوەتەوە بۆ نەخۆشخانەی کەسراو بێهۆشە.

دایکی ژینا ئەمینی، ژنێک کە رۆژی چوارشەممە دوای کاتژمێرێک لەدەستگیرکردنی گەیەندرابوە نەخۆشخانە، بە بی بی سی فارسی راگەیاندووە رۆژی هەینی کچەکەی گیانی لەدەستداوە، وتی "فریشتەکەی منیان کوشت."

لەدوایین ئاگاداری پۆلیسی تاراندا هاتوە کە ژینا ئەمینی بەهۆی "پەردەپۆشکردنی نەگونجاوەوە لەلایەن کارمەندانی پۆلیسی ئاسایشی ئەخلاقی تارانەوە بەمەبەستی لێوەرگرتنی "بەڵێنو پاساو"، دەستبەسەر کراوە.

لەم ڕاگەیاندنەدا هاتوە "ژینا لەناکاو لە نێو دەستگیرکراوەکاندا لەهۆڵی کۆبوونەوەکەدا بێهۆش بووەو دەستبەجێ بەهاوکاری پۆلیسو فریاکەوتن گەیەندراوەتە نزیکترین نەخۆشخانە بۆ چارەسەر، بەڵام بەداخەوە ڕێکارەکانی چارەسەر ئەنجامی نەبوە."

ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردو، پۆلیس پاگەندەی کرد کە ژینا ئەمینی توشی جەڵتەی دڵ بوە، بەڵام کەسێکی نزیکی ژینا، لەچاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (اعتماد)، نەخۆشی دڵی ژینای بەدرۆیەکی شاخدار ناوبردووەو وتویەتی "ئەو تەواو تەندروستو لەشساغ بوە."



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئەو وتویەتی "کاتی دەستگیرکردنی ژینا، "براکەی لەوێ بووە، کاتێک ویستویەتی بەرگری بکاتو ڕێگەی پێنەداون، گازی فرمێسکڕێژیان بەکارهێناوەو بڵاوەیان پێکردون."

ئەو ڕەخنەی لەکارمەندانی دەوریەی ئیرشاد گرتووەو وتویەتی "ئەم ترساندنو تیرۆرە لە پێناوی چیدایە؟ دەڵێن هیچمان نەکردوە، مەگەر چی تر ماوە بیکەن؟"

ناوبراو بە اعتمادی وتووە "کە ژینا ئەمینی تازە لەزانکۆی ورمێ وەرگیراوەو خەریکبو دەست بەخوێندنی زانکۆ بکات."

ئەحمەد وەحیدی، وەزیری ناوخۆ کە بە فەرمانی ئیبراهیم ڕەئیسی یەکێکە لەوانەی بەرپرسیارە لەبەدواداچون سەبارەت بەم پرسە، لە چاوپێکەوتنێکدا بەئاژانسی (خەبەر)ی ڕاگەیاندوە "فەرمانی کردوە وەزارەتی تەندروستیو پزیشکی دادوەری بەدواداچوون بۆ هۆکاری گیان لەدەستدانەکەی بکرێت"و بەڵێنی داوە لەگەڵ ڕونبونەوەی هۆکاری مردنەکە، وردەکارییەکانی ئەم بابەتە بۆ رای گشتی ئاشکرا بکرێت.

هەروەها پۆلیسی ئاسایشی تاران وێنەکانی بڵاوکردەوە کە دەڵێت هی کامێرا ئەمنییەکانی ئەم دەزگایەنو ساتی "بێهۆشبون"ی ژینا ئەمینی نیشان دەدات.

لەم وێنانەدا کۆمەڵێک ژن دەبینرێت کە بەڕارەوێکی گەورەدا تێدەپەڕنو دەچنە ژورێکەوە کە لەهۆڵی کۆنفرانس یان پۆلێکی خوێندن دەچێت، یەکێک لەو ژنانە دەچێتە لای ئەفسەرانی هێزی پۆلیس و دوای گفتوگۆیەکی کورت، دەکەوێتە سەر زەوی. هەر لەم وێنانەدا چەند کەسێک ژنێک خەریکی گواستنەوەی ژنێکن لەناو ڕاڕەوەکەدا.

بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە کاردانەوەیەکی بەرفراوانی بەدوای خۆیدا هێناو جگە لەوەی زۆرێک لەبەکارهێنەرانی سۆشیال میدیا، کەسایەتییە ناسراوەکانی رۆشنبیریو هونەریو وەرزشیش تورەیی خۆیان لەبەرامبەر ئەوەی روویدا، دەربڕی.

لە نێویاندا ئەسغەر فەرهادی دەرهێنەری بەناوبانگی سینەمای ئێران لەتۆڕی کۆمەڵایەتیی (ئینستاگرام) بۆ ژینا "مەهسا" ئەمینی نوسیویەتی "تۆ لەنەخۆشخانە لەسەر جێگایەک خەوتویت، بەڵام لەهەمو کەسێک بەئاگاترو بێدارتریتو ئێمە هەمومان لەکۆماداین، ئێمە لە بەرامبەر ئەم زۆرداریە بێکۆتایەدا خۆمان خستۆتە خەووە، ئێمە هاوبەشین لەم تاوانەدا."

زۆرێک لە کاردانەوەکان لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تورەیی بەربڵاوی خەڵکی دەردەخات سەبارەت بەو بارودۆخەی ژینا ئەمینی تێکەوتووە بوەتە هۆی گیان لەدەستدانی، دوات دەستبەسەر کردنی لەلایەن دەوریەی ئیرشادەوە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

حوسێن ماهینی، یەکێکە لە یاریزانە بەناوبانگەکانی تۆپی پێ، لە تویتەر نووسیویەتی "ڕقمان لێتان دەبێتەوە."

عەلی کەریمی یەکێکی دیکە لەئەستێرەکانی پێشووی هەڵبژاردەی تۆپی پێی ئێران نوسیویەتی "منداڵەکانیان ئەوان دەڕۆن، منداڵەکانی ئێمە دەمرن."

ئەوەی جێی سەرنجە، فاتمەی هاشمی رەفسەنجانی کاردانەوەی بەرامبەر بەگیان لەدەستدانی ژینا دەربڕیو نوسیویەتی "هەواڵێکی کورت، بەڵام ڕۆحی هەموو مرۆڤێکی ئازاد دەسوتێنێت، مەهسا ئەمینی کچێکی گەنجی تەمەن ٢٢ ساڵ کە بە تاوانی بەدحیجابی دەستگیرکرابو، بەمەبستی ئیرشادو رێنمایی، گواستراوبۆوە بۆ بنکەی پۆلیس، لە پشت دەرگای داخراوەوەو لەنێو سەرسوڕمانی بنەماڵەکەیدا، تووشی رووداوێک دەبێتو دەچێتە کۆما. بەڕاستی لە سیستەمێکدا کە ئیدیعای فەرمانڕەوایی‌و سەروەری ئیسلام دەکات، لەجێی خۆیەتی مرۆڤ توشی مەراق ببێت. تەنیا چەند پرسیارێکی گرنگ، ئەگەر بۆ یەکەمجارو دواجار بە دروستی وەڵامیان بدرێتەوە، رەنگە زیتر دووبارەبوونەوەی ئەم جۆرە کارەساتانە نەبینینەوە، ئەمەش لەسیستەمێکدا کە پاگەندەی کۆماری ئیسلام نەکات:

١- بۆچی دوای تێپەڕینی زیاتر لە ٤٠ ساڵ بەسەر شۆڕشدا، هێزە سەربازی و ئەمنییەکان بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ ژنەکانمان دەکەن؟

٢- بۆچی کۆمەڵگا بەرامبەر بەم ڕەفتارە ناشرینانە بێباکە؟ لەوەش گرنگتر بۆچی مەرجەعەکانو زانایانی ئایینی هێشتا هەر بێدەنگن؟

٣- چ کەس و رێکخراو یان ئۆرگانێک (بەبێ پاساو) وەڵامدەرەوەو بەرپرسیارە؟ لەکۆتاییدا: لەڕۆژی مەحشەرو لە دەرگای دادپەروەری ئیلاهی، چ وەڵام و پاساوو ڕەوایەتییەکت بۆ ئەو جۆرە ڕەفتارانەی خۆت دەبێت؟"

جگە لەتوڕەیی بەکارهێنەران لەبەرامبەر پێشێلکردنی بەربڵاوی مافی مرۆڤ و بە تایبەتی پێشێلکردنی مافی ژنان لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە، بەشێک لەبەکارهێنەران بە توندی هەڵوێستیان لەدژی دەوریەی ئیرشادو "فەرمانکردن بەچاکەو قەدەغەکردنی خراپە - امر بە معروف و نهی از منکر" گرتۆتەبەر.

گروپێک لە بەکارهێنەران دەڵێن پێویستە دەورییەکانی ئیرشاد دابخرێن.

لە چەند مانگی ڕابردوودا چەندین ڕاپۆرت و ڤیدیۆی توندوتیژیی دەوریەی ئیرشاد بڵاوکراونەتەوە.

لەگەڵ پەرەسەندنی ڕەخنەکان، لەبەرەبەیانی ڕۆژی هەینییەوە دامودەزگا جۆربەجۆرەکانی کۆماری ئیسلامی لەوانە وەزارەتی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ناوخۆ، ئەنجومەنی شورای ئیسلامی، داواکاری گشتیی تاران و پشکنەری هێزی پۆلیس رایانگەیاندوە کە "دەستیان بەلێکۆڵینەوە کردووە سەبارەت بەوەی کە چی بەسەر ژینا (مەهسا) ئەمینیدا هاتوە."
لەیەکێک لە گرنگترین کاردانەوەکاندا بڵاوکرایەوە کە ئیبراهیم ڕەئیسی کە بەسەردانێک لەئۆزبەکستان بو، فەرمانی بەوەزیری ناوخۆ کردووە بەدواداچوون بۆ ئەو پرسە بکاتو "هۆکاری روداوەکە" رابگەیەنێت.

ئەحمەد وەحیدی، وەزیری ناوخۆ، بە دەرکردنی فەرمانێکی هاوشێوە، یەکێک لە جێگرەکانی کردە بەرپرسیار لەبەدواداچوون بۆ ئەم بابەتە و داوای لێکرد کە هۆکارەکەی ڕابگەیەنێت.

لەهەمان کاتدا داواکاری گشتی تاران فەرمانی دا کە "هێزێکی ئەرکی تایبەت" پێکبهێنرێت "بۆ پشکنینی پزیشکی باری جەستەیی ژینا ئەمینی و ئەنجامدانی پشکنینی ورد."
جگە لەوەش ژمارەیەک پەرلەمانتاریش لێدوانیان لەسەر پرسی گیان لەدەستدانی ژینا ئەمینی دا و بەڵێنی بەدواداچوونیان دا.

لەنێویاندا ئیبراهیم عەزیزی، جێگری سەرۆکی کۆمیسیۆنی ئاسایشی نیشتمانیو سیاسەتی دەرەوە لەپەرلەمان بەئاژانسی هەواڵی ئیسنای راگەیاندووە، ئەم کۆمیسیۆنە "بەدڵنیاییەوە لێکۆڵینەوە لەو روداوە دەکات کە بەسەر ژینا ئەمینیدا هاتووە."

سارا فەللاهی، وتەبێژی فراکسیۆنی "ژن و خێزان" لە پەرلەمان، رایگەیاندوە، ئەم فراکسیۆنە "پەیوەندی بەدامەزراوە پەیوەندیدارەکانی وەک هێزی پۆلیسو پزیشکی دادوەری کردوە بۆ لێکۆڵینەوە لەلایەنەکانی ئەم روداوە تاڵە."

سەرەڕای ئەم فەرمانو لێدوانانە، هەندێک لە شارەزایان گومانیان لەکاریگەریی لێکۆڵینەوە فەرمییەکان هەیە. محەممەد حوسێن ئاغاسی، پارێزەری دانیشتوی تاران، سەبارەت بەم لێکۆڵینەوانە بەکەناڵی بی بی سی فارسی راگەیاندوە کە گومانم لەدەرئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوانە هەیە.

ئەو دەڵێت "بەگشتی لەم کەیسانەدا ئامانجی سیستەمی دادوەری پەردەپۆشکردنو ڕێگریکردنە لەسزادانی تاوانبارانی سەرەکی."

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە – ڕێکەوتی: ١٦ی سێپتەمبەری ٢٩٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## حاکمی شەرعی کوردستان: دەبێت تۆڵەی کوشتنی ژینا ئەمینی بسێندرێتەوە



دەقی هەڤپەیڤینی ڕووداو لەگەڵ حەسەن ئەمینی، حاکمی شەرعی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

**ڕووداو: هەڵوێستی ئێوە لەسەر ئەو ڕووداوە چییە؟**

**حەسەن ئەمینی:** ئێمە لەگەڵ کۆمەڵێک کەسایەتی دیکە ڕاگەیێندراوێکمان دەرکردووە و هەڵوێستی خۆمان ڕاگەیاندووە، خۆشم بە تەنیا ڕاگەیێندراوێکم نووسیوە. هەڵوێستم هەر ئەوەیە کە لەو ڕاگەیێندراوەدا ئاماژەی پێکراوە، ئەوەیە لەسەر ژیانی تاک، لەسەر چۆن هاتن و چوون و لەسەر جل و بەرگ لەبەرکردن، لەسەر ئەمانە من لە ڕوانگەی مرۆڤێکی ئایینییەوە قسە دەکەم.

لە ئایینی ئیسلامدا بۆ ئەو شتانە ئێمە ڕووبەڕووبوون و توندی و ڕەقیمان نییە، هەر لە ڕاگەیێندراوەکەشدا گوتوومانە ئەم کارە ئەگەر خراپیش بێت سەبارەت بەو شتانەی کە ئاماژەی پێکراوە، ئەو شتە خراپەکارییەی کە لە وڵاتدا دەکرێت، ئەگەر لە بەرامبەری یەک ڕایانبگرین، ئەمانە هەر جێگەی باس نین. بەهەرحاڵ کوشتنی مرۆڤ بە هیچ جۆرێک لە ئیسلامدا دروست نییە، مەگەر ئەو کەسە کەسێکی کوشتبێت جا لە تۆڵە و قەرەبووی ئەودا بکوژرێتەوە. ئەگەر ئەو کەسەی خوێنی ڕژاوە لێی ببەخشێت باشترە لەوەی بیکوژێتەوە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**رووداو:** ئەگەر بە چاوی ئاینی ئیسلامەوە سەیر بکەین، جلوبەرگی ژینا ئەمینی هی ئەوەبوو ئەو رەفتارەی لە بەرامبەردا بکرێت؟

**حەسەن ئەمینی:** نەخێر، بە هیچ جۆرێک ئەوە دروست نییە. ئەگەر بڕیاریش لەسەر ئەوەبێت لەسەر ئەو شتە لەگەڵیدا رووبەڕووبن، دەبێت بە زمانێکی خۆش و شیرین، بە جۆرێک ئەو کەسەی کە پێی دەڵێی ئەو کارەی تۆ باش نییە، ئەگەر بەو جۆرە مامەڵە بکات رەنگە لەبەر خاتری قسە شیرن و خۆشەکانی قسەکانی لە دڵ گران نەبێت.

وەکو ئاماژەم پێدا هەر لە بنەڕەتەوە کوشتن دروست نییە، مەگەر لە بەرامبەری کەسێک کە دەیەوێت تۆ بکوژێت یان کەسێکی تۆت کوشتبێت، تۆش لە تۆڵەی ئەوەدا مافت هەیە (النفس بالنفس)ـە. ئەوەی کە کوژراوە گیانی هەبووە، گیانی ئازیزێک بووە، دایکی هەبووە باوکی هەبووە، لەوانەیە ژن و منداڵی هەبووبێت، ژن بێت مێردی هەیە. ئەگەر ئەو کەسەی تۆی کوشتووە بڵێن ئەوانەی هەیە، بەهەرحاڵ کوژاوەکە وایە. هەروەها لە جەنگدا رەوایەتی بە کوشتن دراوە ئەویش جەنگێکی حەق بێت نەک جەنگێکی داسەپێندراو، جگە لەو دوو بارە کوشتن لە ئیسلامدا نییە، لەسەر هیچ گوناهێک کەس ناکوژرێت.

**رووداو:** ئەگەر ئەنجامەکەی کوشتنیش نەبووایە، ئەو رەفتارەی کە ئیرشاد دەیکات بەرامبەر بە ژنان راستە؟ لە ئاینی ئیسلام رێگە پێدراوە؟

**حەسەن ئەمینی:** خۆم نەمبینیوە بزانم چۆن رەفتار دەکەن، بەڵام ئەوە دەڵێم چ ئیرشاد و چ هەر کەسێکی دیکە ئەگەر بە توندوتیژی رەفتار لەگەڵ خەڵک بکات، ئیسلام بەوە رازی نییە. ئیسلام لە سەرەتاوە هاتووە، ئەوەی یەکەم کەس ئیسلامی هێناوە بۆ موسڵمانانی ئەو 14 سەدەیە، دیارە. لە سەرەتادا کە ئیسلام هاتووە هیچ کەسێک نەدراوە لەسەر جل و بەرگ و کردار و رەفتاری، لە مێژوودا لە زەمانی پێغەمبەری ئیسلام دروودی خوای لەسەربێت و لە زەمانی جێنشینەکانی لە هیچ کەسێکیان نەداوە لەسەر جل و بەرگ یان چۆن هەڵسوکەوتی کردبێت، ئەمە لە ئیسلامدا نییە.

**رووداو:** زۆرجار لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا ڤیدیۆ و وێنە بڵاو دەکرێتەوە، دەبینین ژن بە قژ رادەکێشرێت، بە دار بە بەرچاوی خەڵکەوە لەسەر شەقام و بازاڕەکان لە ئافرەت دەدرێت. بۆچوونت لەسەر ئەو هەڵسوکەوتانە چۆنە؟

**حەسەن ئەمینی:** وەکو گوتم ئەوە هیچ پەیوەندییەکی بە ئیسلامەوە نییە، لەو وڵاتانەی کە پێیان دەگوترێت وڵاتی ئیسلامی، بە داخەوە ئەوەی ئیسلام دەیڵێت ئەوە پیادە ناکرێت.. ناوی ئیسلامییە نە وڵاتی ئێمە و نە ئەو وڵاتانەی کە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەڵێن وڵاتی ئیسلامین، ئەو کردار و ڕەفتارانەی کە هەیە ئیسلام قبووڵی ناکات. دەبێت بەڵگە لە قورئان و سوننەتی پێغەمبەری ئیسلام بهێننەوە، هیچ بەڵگەیەک بۆ ئەو کارانە نییە. ئەو کەسەی کە ژنێک رادەکێشێت ئەو ژنە مافی ئەوەی هەیە لە دواییدا هەر بەو جۆرە ئەو کەسە بەسەر زەویدا رابکێشێت و قژ و ملی بگرێت و تۆڵەی خۆی لێ بستێنێتەوە.

**ڕووداو: وێنەکانی ژینا ئەمینی پێش دەستگیرکردنی بڵاوکرانەوە، لەکاتی ئەشکەنجەدانەکەشی هەمان ئەو جلوبەرگانەی لەبەرە. وەک لە وێنەکان دیارە تێڕوانینی ئایینی ئیسلام و حکومەتی ئێران لەسەر ئەو جلوبەرگانە چین؟**

**حەسەن ئەمینی:** لە ئایینی ئیسلامدا جلوبەرگێکی تایبەتمان نییە، ئەوەی لە ئاییندا گوتراوە ژنەکان جلوبەرگێک لەبەر بکەن کە جەستەیان بە دەرەوە نەبێت. بۆ سەرداپۆشین هەر لە ئایینی ئیسلامدا لە واقیعدا یەک ڕەنگ و یەک ڕا نییە، بۆچوونی جیا جیای لەسەرە. بەڵام ئەو جلوبەرگەی من بینیم لەبەر ژینا ئەمینی جلوبەرگێکی باش بوو، بە هیچ شێوەیەک ئەستوور بوو کە لە ژێرەوەش جەستەی بەدەرەوە نەبووە، سەریشی کە هەندێک بە دەرەوە بووە، ئەگەر گوناهێکیش بێت هەڵەیەکی زۆر بچووکە، نابێت لەسەر ئەوە زللەیەکیشی لێبدرێت و لێشی تووڕە ببن، هەڵەیەکی زۆر گەورە نییە، تەنانەت ناکرێت لەسەر ئەمە خۆشی لێ تووڕە بکرێت، دەکرێت بە زمانێکی خۆش و شیرین ئامۆژگاری بکرێت لەلایەن ئەو کەسانەی کە تایبەتمەندن بەو کارە، تەنانەت ناکرێت پیاوانیش دەستوەردان لە کارێکی وادا بکەن، دەبێت ژنان ئەو کارە بکەن .

خۆشم ئەو گرتە ڤیدیۆیانەم بینیوە کە پیاوە ژن ڕادەکێشێت و جلوبەرگەکەی تاوەکو نیوە داکەندووە و پشتی بە دەرەوەیە، ئەمانە هیچ کامێکیان ئیسلامی نییە و ئایینی ئیسلام بەمانە ڕازی نییە. ئایینی ئیسلام ئەوەیە کە لە زمانی پێغەمبەر و جێنشینەکاندا پیادەکراوە و بەڕێوەچووە، لە هیچ کتێبێکدا ئێمە لە هی ئەوکاتە ئەم چەشنە ڕەفتارەمان لەگەڵ خەڵکدا نەبووە و مۆڵەتی پێنەدراوە.

**ڕووداو: جەنابتان لەگەڵ کۆمەڵێک خەڵکی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کەسایەتی دیاری میدیا و چالاکوانان هەمووتان بە یەکەوە ڕاگەیێندراوێکتان دەرکردووە. هەنگاوەکانتان دوای ئەو ڕاگەیێندراوە چی دەبێت؟ بۆ نموونە پەیوەندی دەکەن بە نوێنەری سەقز لە پەرلەمان.. لەگەڵ حکومەت و بەرپرسانی ناوچەکە..**

**حەسەن ئەمینی:** ڕەنگە ئەو کەسانەی لەگەڵ مندا ئەو ڕاگەیێندراوەیان واژۆ کردووە، ئەوکارە بکەن. ئەوەی ڕاستیبێت من لەگەڵ هیچ بەرپرسێکی حکومی پەیوەندیم نەبووە تاوەکو پێیان بڵێم ئەو کارە بکەن یان ئەو کارە مەکەن. ئەگەر ئەو کارەشم کردبێت نووسیومە. کارێکی کە بۆنی لێپاڕانەوە بێت من هیچ کاتێک لە هیچ بەرپرسێک لە ماوەی ئەو ٤٠ و چەند ساڵەی ئەو حکومەتە هەیە کۆماری ئیسلامی، لە سەرەوە تا خوارەوە بۆ لای کەسیان نەچووم داوایان لێبکەم و بڵێم ئەو



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کـاره بکەن یـان مەیکەن. ئەوە بە گوێیـان گەیشتووە، ڕاگەیێنـدراومان دەرکـردووە، ئەوانیش دەیبیسـتن. ئەگەر بیانەوێت کاربکەن یان نەیکەن من خۆم ئەو کاره ناکەم، بەڵام لەوە دەچێت ئەو ئەزیزانەی دیکە کە ئەو نامەیەیان لەگەڵ مندا واژۆ کردووە، ئەو کاره بکەن.

**ڕووداو: وەکو کەسایەتیەکی دیاری ئاینی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران، ڕای تایبەتی ئێوە لەسەر یاسای باڵاپۆشی لەنێو ئێراندا چییە؟**

**حەسەن ئەمینی**: ئەو شتانەی لە ئیسلامدا هەیە دەبێت هەمووی بە یەکەوە کاری لەسەر بکرێت، کەسێک بیەوێت ڕەفتارێکی باش بێت و ڕەفتارەکانی دیکەی پێچەوانەی ئەو ڕەفتاره بێت، ئەو کەسە کەسایەتی نییە و کەڵکی نییە. بۆ نموونە کەسێک درۆ ناکات و خراپ بە خەڵک ناڵێت، بەڵام دەچێت ماڵی خەڵک دەخوات و ئەزیەتی خەڵک دەدات، کەسایەتی بە گشتییەکەیەوە دەچێتە سەر .

ئیسلام کۆمەڵێک یاسا و دەستووره، دەبێت بە یەکەوە کار بەهەموویان بکرێت، ئەوەی ئێستا کە پێی دەڵێن بەرنامەی ئیسلام بە داخەوە لە ئێرانی ئێمەدا زۆر بە کەمی ڕەنگدەداتەوە بە تایبەت ئەوەی پەیوەندی بە ڕەوشتەوە هەیە، کاتێک کار بەوانە ناکرێت تەنیا کار لەسەر باڵاپۆشی کارێک نییە لە سوودی هەبێت. نابێت بە تەنیا کار لەسەر ئەوە بکرێت، ئەوەی ئیسلام دەیڵێت بۆ دروستکردنی کەسایەتییەکی باش دەبێت لەسەر هەمووی کاربکرێت، لە هەمووشی گرنگتر ڕەوشتە. کە بەداخەوە ئێمە بەڕێوەبەرانی ئەوانەی کە دەیانەوێت خەڵک باش بکەن، ئەو بەڕێوەبەرانە خۆیان زۆرێکیان لە ڕەوشت بەدوورن، زۆرێکیان ئەو ڕەفتار و کردارانەی کە دەیکەن ئەخلاقی ئیسلامی نییە، تەنانەت ئەخلاقی ئینسانیش نییە .

بۆیە من نە ئێستا و نە هیچ کاتێک باوەڕم وا نییە نابێت باڵاپۆشی [حیجاب] بە زۆر بێت. ئەگەر کەسێکیش پێیوابێت حیجابی خاتوونێک باش نییە بە دۆستانە و خۆشەویستییەوە لەگەڵی باس بکات و پێی بڵێت بەو شێوەیە نەبێت و بە جۆرێکی دیکە باشە، هیچ کێشەیەکی نییە و ئێمە گشتمان دەبێت خێرخوازی یەکتری بین هەرچی بە خێر دەزانین بۆ یەکتری بیڵێین. بەڵام حکومەت زۆر لە خەڵک بکات لەسەر حیجاب ئەو هەموو کێشە و گرفتە ئابووریانەی خەڵک هەیەتی، کێشەی کۆمەڵایەتی و ئازادی و ڕامیاری و سیاسیانەی هەیە، لەنێو ئەمانەدا حیجاب نەکردن هەر دیار نابێت.

**ڕووداو: ڕەوشەکە ئێستا چۆنە؟ هەست دەکەن دۆخەکە ئاڵۆزی زیاتر بەخۆیەوە ببینێت، بە تایبەت ئەوەی ئێستا لە سەقز ڕوودەدات.**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**حەسەن ئەمینی**: ئەگەر لە کردەوەشدا ئاڵۆزتر نەبێت، ئەوە راستییەکە کە لە دڵی خەڵکدا ئاڵۆزی زۆر زیاتر دەبێت، چونکە ئێمە خەڵێکی وریا و هۆشیارین، باشە و خراپە لێک جیا دەکەنەوە. ئەو بەرپرسیارێتییەی کە بەرپرسانیش هەیانە ئەگەر ئەنجامی نەدەن خەڵک لەوە نارەحەت دەبێت، لە دەروونیدا ئاڵۆزی دروست دەبێت. ئەگەر نەشوێرن ئەو ئاڵۆزییە بخەنە دەرەوە و نیشانی بدەن، چونکە بەداخەوە بە توندی رووبەڕوویان دەبنەوە، هیچ نەبێت ئەوەیە کە خەڵک بە نیسبەتی حکومەت و حاکمیەت بێزار و نارەحەت دەبێت، خێری حکومەتی ناوێت ئەگەر ئاوا بێت .

ئەم شتەش شتێکی زۆر روونە کچێکی مەعسوم و بێ خەتا بۆ ئەوە لێی بدەی بیکوژی، کچێکی وا چووە بۆ تاران پایتەختی وڵاتی ئیسلامی بۆ سەردانی ماڵی خزمێکیان برای لەگەڵدا بووە، کەسێک نەبووە بەتەنیا بۆ خۆی بڕوات و بڵێن ئاخۆ بۆچی چووە، برایەکەی زۆر پاڕاوەتەوە بۆ ئەوەی خوشکەکەی نەبەن منیش لەگەڵی دێم.. باش بۆ براکەیان نەبردووە؟ ئەوە جێگەی پرسیارە کە بۆ براکەیان نەبردووە، چی دەبوو ئەگەر براکەشی لەگەڵی بووایە؟ تاوەکو ئەو کچە نەترسابووایە و باشتر وەڵامی ئەوانی دابووایەوە.

ئەمە شتێکە کە دەبێت حەتمەن پێگیری بکرێت و تۆڵەی ئەم کچە بسێندرێتەوە، ئەگەر تۆڵەی نەسێندرێتەوە هەموو ئەوانەی کە ئەمەیان بیستووە لە دڵیاندا دەمێنێت بە تایبەت خەڵکی کورد چ سەقز و چ غەیرە سەقزی بە تایبەت ئەهلی سوننەت. بە هەر حاڵ ئەم کچە هەم کورد بووە هەم ئەهلی سوننەت بووە. ئەگەر حکومەت بیەوێت دەروون و دەرەوەی دەروونی خەڵک ئاڵۆز نەکات، دەبێت ئەو کەسە و ئەو کەسانەی ئەو کارەیان کردووە بە چەشنێک هەموو خەڵک بیبینێت و بزانێت ئەوانە تۆڵەیان لێ بسێندرێتەوە و تەمبێ بکرێن.

**گۆڤەند مستەفا**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو – ڕێکەوتی: ١٧ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# تاوانی کوشتنی ژینا ئەمینی و بیدعەی حیجابی زۆرەملێ



ئەبوبەکر عەلی

ژینا ئەمینی کچە کوردی سەقزی، بە سەفەر دەچێتە تاران. لەوێ بە بیانوی پێشێلکردنی ڕێساکانی تایبەت بە حیجابی زۆرەملێ، (لە کاتێکدا مامۆستا حەسەنی ئەمینی زانای ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە یەکێکە لەو کەسانەی بەیاننامەیەکیان لەسەر ڕووداوەکە بڵاوکردۆتەوە باسی لەوە کرد جل و بەرگی ژینا موحتەشەم بووەو ئیسلام ئەو ڕەفتارە ڕەتدەکاتەوە کە بەرامبەری کراوە). پۆلیس قۆڵبەستی دەکات و بەتوندی ئەشکەنجەی دەدەن، تا دوای سێ ڕۆژ لە بێهۆشی، گیانی سپارد.

ئێمە وێڕای ئیدانەکردنی ئەو تاوانە، سەرەخۆشی لە کەس و کار و بنەماڵەو ئازیزان و خەمبارانی دەکەین و هاوخەمی خۆمانیان پێدەگەیەنین. دوعاخوازیشین پەروەردگار بیخاتە سایەی سۆز و لێخۆشبوونی خۆیەوە.

دوای ئەمە دەخوازم بەم بۆنەیەوە سەرنج بۆ لای کێشەی حیجابی زۆرە ملێ لە دنیای نوێدا ڕابکێشم. سەرەتا دەبێت سەرنج بۆ ئەوە ڕابکێشم کە لە دیدی ئیسلامییەوە، باڵاپۆشی پەیوەندی بە ئیمان و قەناعەتی ئافرەتی باوەڕدارەوە هەیە. ڕێگەکەشی ڕۆشنبیرکردن و بانگەشە بۆکردن و هاندان و پەروەردەکردنە، نەک توندوتیژی و سەپاندن.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەر بۆیە، حیجابی زۆرەملێ لە ڕێی بەکارهێنانی زەبر و زۆری دەوڵەت بۆ سەپاندنی، جگە لە بیدعەیەکی ئەم سەردەمەی بێ پێشینە لە مێژووی ئیسلامیدا، هیچی تر نیە. ڕەنگدانەوەیەکی نەرێنی بە ئایدۆلۆژکردنی ئیسلامە لەلایەن هەندێ بزاڤ و بیرمەندی ئیسلامی نوێوە، لە ژێر کاریگەری و لاسایی کردنەوەی هەندێ ئایدۆلۆژیای مۆدێرن و لەوانەش مارکسیزم! بەحوکمی ئەوەی ئایدۆلۆژیا لە ڕێی دەوڵەتەوە دەسەپێنرێت بە تایبەتیش لە وڵاتە نادیموکراتەکانی هاوشێوەی وڵاتە کۆمۆنیستەکان. ئەگەر بیانوی حیجابی زۆرەملێ پاراستنی ئەخلاقی کۆمەڵگە بێت، ئەوا نەک هەر نابێتە هۆی پاراستنی ئەخلاقی کۆمەڵایەتی، بەڵکو زیاتر لاوازی دەکات و کۆمەڵگە بەرەو هەڵوەشانەوەی زۆرتر دەبات.

بەحوکمی ئەوەی لەم سەردەمەدا، حکومەتی ئەخلاق و دین سەپێنەر، بە پێچەوانەی هەندێ دیدی ڕووکەش لە بازنە ئیسلامی و ناوەندە دینییەکەدا، کۆمەڵگەیەکی دین لاواز و پڕ کێشەی ئەخلاقی بەدوای خۆیدا دەهێنێت، بەحوکمی ئەوەی دین و ئەخلاق بە سروشتی پێکهاتەو سروشت و ئەرکیان قابیلی سەپاندن نین، بۆیە کاتێک هەوڵی سەپاندنیان دەدرێت، دووچاری شێوان دێن و کاریگەریشیان کەم دەبێتەوە، کۆمەڵگەش لەگەڵ ناسنامە دینی و ئەخلاقییەکەیدا دووچاری کێشە دەکات و لە جیاتی چارەسەر دەبێتە سەرچاوەی چەندین کێشە. تاکو مەڵگەش زۆرتر نوێبووبێتەوە، هاوشێوەی ئێران، کاریگەرییە نەرێنییەکانی ئەم دۆخە بۆسەر تاک و کۆمەڵگە گەورەتر دەبێت، بەحوکمی گۆڕانکاریی لەو چاوەڕوانییانەی لە ئایین و دەسەڵات و وێناکردنی خود وەک کائینێکی خاوەن ماف و کەرامەت، لە بیرکردنەوەی تاکەکاندا پەیدا دەبێت. واقیعی ئێستای کۆمەڵگەی ئێرانیش لەم ڕووەوە باشترین بەڵگەیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو – ڕێکەوتی: ١٧ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# گەشتی ئێرشاد یان باندی جینایەتکاران




**(وتاری ڕۆژ) سایتی پەیام**

ژینا ئەمینی (مەهسا) کچێکی لاوی خەڵکی شاری سەقز، بەهۆی ڕەچاونەکردنی حیجابی زۆرە ملێ، لەلایەن گەشتی ئێرشادە لە تاران دەستبەسەر کرا. ژینا کە لە زمانی کوردیدا بە واتای ژیانە، بە هۆی ئەو زەربانەی کە بەر مێشکی کەوتبوو، چووە کۆماوە و لە ماوەیەکی کەم و لە دوای چەند ڕۆژ گیانی بەخت کرد. گەشتی ئێرشاد و جۆری هەڵسووکەوتیان لەگەڵ ژنان ئاوێنەیەکی باڵا نوێنی لە دڕندەیی و بەڕەبەرییەتی کۆماری ئیسلامی.

باندە تاوانبارەکانی گەشتی ئێرشادی ئیسلامی بریتین لە گروپە لات و لوت و چەقۆکێشەکان. ئەم بەکرێگیراوانەی ڕژێم بە بێ هیچ لێپرسینەوە و بەرپرسیارێتییەک، یان بە ئۆتۆمۆبیل بەسەر ژناندا دەڕۆن، یان سەریان دەدەن بە سەنگ فەرشی شەقامەکاندا و دواتریش ڕایدەگەیێنن تووشی جەڵتەی دڵ بوون.

ژمارەی ئەو ژنە گەنجانەی کە دوای دەستبەسەرکردنیان لەلایەن پۆلیس و گەشتی ئێرشادەوە، بەناو توشی جەڵتەی دڵ بوون، ئاگریان لە خۆیان بەرداوە، یان خۆیان هەڵواسیوە، دەرخەری توندوتیژی و تیرۆری هەوسارپچڕاوی حکومەتییە، لەسەر شەقام و زیندانەکان.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

چۆن دەکرێت ئەو ژن و پیاوە گەنجانەی کە لە بواری تەندرووستیە هیچ کێشەیەکیان نییە و دۆستان و بنەماڵەکانیشیان ڕایدەگەیەنن کە هیچ پێشینەیەکی نخۆشینیان نیـیە، هەر کە لەلایەن لات و چەقۆکێشـەکانی حکـومەتیەوە دەستبەسـەر دەکرێن، توشی جەڵتەی دڵ بن؟

بۆچی ئاو خێرا و نەهێنی و بەبێ هیچ پشکنینێکی پزشکیەوە تەرمی ئەشکەنجەدراویان ئەسپەردەی خاک دەکرێت؟ بۆچی هەڕەشە لە بنەماڵەی گیانبەختکردووان دەکرێت کە نابێ لەگەڵ میدیاکان چاوپێکەوتنیـان بێت و تەنانەت نابێت مەڕاسمی یادکرنەوەش بۆ ئازیزانیان بگرن؟

ژنـان خـاڵی لاوازی ڕژێمـی کۆمـاری ئیسـلامین. هەڵاواردنـی سیسـتەماتیک، سـووکایەتی و گـرتن و جەڵتەکـانی دوای دەستبەرکردنیش نەبۆتە هۆی ئەوەیکە خەبات و خۆڕاگری ژنان تووشی شکست بێت.

بە ملیارد دۆلار لە سەروەت و سامانی وڵات خەرجی تەبلیغاتی کۆنەپەرەستانە دژ بە ژنـان دەکرێت، هەزاران بەکرێگیـراوی گەشتی ئێرشاد، زیندان و دادوەرەکـانی ئیسلامی دەکرێت بۆ ئەوەی ژنـان ناچـار بکەن بێدەنگ و تەسلیم بـن. بەڵام ڕۆژ لە دوای ڕۆژ و ساڵ لە دوای ساڵ خەبـاتی ژنان دژبە ڕێژیمی ئیسلامی و بۆ وەدیهێنانی یەکسـانی نێوان ژن و پیـاودا بەرینتر و بەربڵاوتر بووە.

هیچ ڕادەیەک لە توندوتیژی ڕێژیمی ئیسلامی، هیچ ژمـارەیەکی جەڵـتەی مێشک و جەڵـتەی دڵ لە ئۆتـۆمبیلەکـانی گەشتی ئێرشاددا، ناتوانێ ژنان ناچار بە قبووڵی پێگەی شارۆمەندی و مرۆڤی پلە دوو و هەڵاواردن بکات.

ژنانی لاو، ژنانی کوردستان، کە مێژوویەکی دوور و درێژیـان لە خەبـات دژی کۆمـاری ئیسلامی و هەڵاواردنی ڕەگەزی هەیە، پێشەنگەکانی خەباتی دادپەروەری و یەکسانین.

ژینا گەنجەکان کە لە کوردستان گەورە و پەروەردە بوون، درێژەدەری ڕێبازی هەزاران ژنی پێشمەرگە و چالاکی سیاسین کە لە دژوارترین بارودۆخدا بۆ ئازادی و یەکسانی خەباتیان کردووە و هەندێک جاریش گیانیان لەدەست داوە.

ڕژێم و لات و چەقۆکێشـەکانی گەشـتی ئێرشـاد دەبێ وڵامـدەرەوی کوشتن بە هـۆی ئەشـکەنجە و تونـدوتیژی لەژێر نـاوی جەڵتەی دڵدا بن.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەم ڕادەیە لە بەربەریت و دڕندەییە لە جیهاندا کەم وێنەیە. ژنان و پیاوانی ئازادیخواز و یەکسانیخوازی کوردستان و ئێران، بەدوای لێکۆڵینەوەی مردنی ژنانی لاوی دەستبەسەرکراو و هۆکاری جەڵتەی دڵی ژناکانن. هەڵوەشاندنەوەی دام و دەزگا جینایەتکارەکانی گەشتی ئێرشاد، ڕاگرتنی ئەشکەنجە و ئازاری ژنان، دادگاییکردن و سزادانی تاوانباران و ئەو کەسانەی کە فەرمانی کوشتنی مەهسا ئەمینییان داوە، یەکێکە لە خواستە سەرەکییەکانی خەڵک.

ژنان و پیاوانی ئازادیخوازی کوردستان و ئێران بەگشتی. تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی دژ بە ژنان لە بیر ناکەن و لە دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی ئیسلامیش خۆش نابن. لە دواڕۆژدا بکەرانی ئەم تاوانانە دەبێت لە بەرچاویی خەڵک و لەدادگای گشتیدا لە بەرامبەر چل و سێ ساڵ تاوان دژ بە خەڵکی کوردستان و دژبە ژنان و هەموو جەماوەری شەریف و ئازادیخوازدا وەڵام دەرەوە بن.

سەرچاوە: سایتی پەیام – ڕێکەوتی: ١٧ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ژینای کوردستان بوو بە ژینای ئێران



(وتاری رۆژ) سایتی پەیام

ژینا کچە لاوێکی سەقزی، بە هەزاران ئومێد و خۆشییەوە سەردانی تارانی کرد. ژینا یان مەهسا ئەمینی هەر وەک هەموو کچ و کوڕێکی گەنجی شارەکەی، دەیهەویست چەند ڕۆژێک تاران ببینێ، بازاڕێک بکا و بە کۆڵبەرێک بیرەوەری خۆشەوە بگەڕێتەوە زێدی خۆی. بەڵام دوژمنانی شادی و لاوێتی ، ڕژیمی دژە ژنی کۆماری ئیسلامی، بەهۆی ئەوەیکە چەند تاڵ لە قژی بەدەرەوە بوو، گرتیان و ئەشکەنجە و ئازاریاندا و لە ماوەیەکی زۆر کەمدا ژینای لاویان خستە ناو کۆماوە و لەسەر تەختی نەخۆشخانە و بە کوشتنی بەئەنقەستی حکوومەتی، بۆ هەتاهەتایە لە دایک و باوک، خوشک و برا، لە هاوڕێ و ناسیاوەکانیان دابڕی. مەرگی لەناکاوی ژینا، ملیۆنان ژن و پیاوی شەریفی کوردستان و ئێرانی تووڕە کرد و زۆر زوو بوو بە هەواڵی یەکەمی تۆڕە کۆمەڵایەتیی و مێدیا هەواڵنێرییەکان. خۆڕاگری دایک و باوکی جەرگ سووتای ژینا لە بەرامبەر هەڕەشەکانی بەکرێگیراوە ئیتلاعاتییەکانی ڕژیم، خەبات و تووڕەیی هەزاران ژن و خەڵکی کوردستان لە شارەکانی سەقز و سنە و خۆپیشاندانەکانی تاران، ڕێگەیان بە ڕژیم نەدا کە جینایەتی کوشتنی ژینای لاو بە نهێنی و لە بێدەنگیدا بە فەرامۆشی بسپێرێت.

لایەنە سیاسیەکانی کوردستان، هێزە چەپ و پێشکەوتنخوازەکان، کەسایەتییە فەرهەنگی، هونەریی، وەرزشیی و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سیاسیەکان، بۆ دیفاع لە ژینا و سەرکووت و هەڵاواردنی دژی ژنانیان مەحکووم کرد. چیرۆک و چارەنووسی پڕ لە ئازار و کارەساتباری ژینا، چیرۆکی زیاتر لە ٤٠ ملیۆن ژنی ئێران و کوردستانە. چیرۆکی زوڵم و هەڵاواردن دژ بە ژنان و هەڵسووکەوتی سەرەڕۆیانەی لات و لوتە ئیسلامییەکانە بۆ داسەپاندنی حیجابی زۆرە ملێ بەسەر ژناندا.

لە پەرەستاران و کادری دەرمانی نەخۆشخانەکەوە کە تەرمی خوێناویی و ئەشکەنجەدراوی ژینایان گوڵ باران کرد تا دەگاتە دوورترین گوند و شارەکانی ئێران، ناوی ژینا یان مەهسا ئەمینی، بوو بە ناوێکی خوشەویست و ئاشنای ملیۆنان کەس. زۆر یەک لەو دایک و باوکانەی، لە ماڵەوە یان لە تاراوگە کچی وەک ژینایان هەیە، نەفرەت و بێزاری خۆیان بەرامبەر بە ڕژیمی دژە ژن و مرۆڤ کوژی کۆماری ئیسلامی دەربڕی و هاوسۆزی و هاودەردی خۆیان بە بنەماڵەی جەرگ سووتاویی ژینا و خەڵکی شاری سەقز و کوردستانیش نیشاندا. ژینا و چارەنووسە پڕ لە ئێش و ئازارەکەی، ئازاری هاوبەشی ملیۆنان ئێرانی و سەدان ملیۆن خەڵکی جیهانە کە لە بەربەرییەت و دواکەوتوویی ئیسلامی بێزارن و خوازیاری جیایی دین و ئایین لە دەوڵەتن.

ژینا و دیفاع لە ژینا، واتا دیفاع لە بەرابەری مافی ژن و پیاو و دیفاع لە پێشگرتن و دەستدرێژیکردنی دام و دەزگا ئاینییەکان بۆسەر مافی ژنان. مەرگی کارەساتباری ژینا، بۆ ملیۆنان کەس لە خەڵکی ئێران و کوردستانی دەرخست کە ئەگەر خەبات و نارەزایەتییەکان یەکگرتووانە بێت و لە خواستی ڕەوا و بەرحەق و مافی مرۆڤی خۆیان دیفاع بکەن، دەتوانن دەستی ئەم ڕژیمە لەسەر خەڵکی ئێران کورت بکەنەوە.

هاوسۆزەکانی ژینا، خەڵکی شەریف و ئازادیخوازی کوردستان لەگەڵ ملیۆنان ژن و پیاوی ئازادیخواز و پێشکەوتنخوازی ئێران، خوازیاری دەستبەسەر کردنی بکەرانی ئەم تاوانە و هەڵوەشاندنەوەی ماشێنی کوشتار و جینایەتی گەشتی ئێرشاد و دادگاییکردنی کۆی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێرانن. قەبارەی ئەو شێعر و سروودانە، ئەو وێنا، پۆستێر و کاریکاتۆرانەی دەسەڵاتدارانی ڕژیم، فیلم و نوسراوەکانی کە بۆ ژینا و لە پێوەند لەگەڵ ئەم جینایەتە ترسناکە کە لەم چەند ڕۆژەدا بەرهەم هاتوون، دەریدەخات کە ویژدانە بەئاگا و ڕووناکبیرەکان ، زۆر هێزێکی بەهێز و چارەنووس سازن. ئەگەر مانگرتنی گشتی کوردستان، بەیەکریزی و بەهێزێکی زیاترەوە بەرێوەبچێت و پشتیوانی بەرفراوانی خەڵکی شارەکانی دیکەی ئێرانی لە پشت بێت، هاوسەنگی هێز لەبەرامبەر ڕژیمدا بە قازانجی بەرەی خەڵک دەگۆردرێت.

ئەرکی هەموو هێزە چەپ و جەماوەرییەکان، هەموو ئینسانە دێمۆکرات و سێکۆلارەکان، سەرجەم ئەو کەسانەی کە خوازیاری یەکسانی ژن و پیاو و هەڵوەشاندنەوە و بە نایاسایی کردنی گەشتی ئێرشادن، ئەوەیە کە لە ریزێکی یەکگرتووانە و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هاوبەشدا بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی بوەستنەوە. ئێمە جارێکی دیکە تاوانی کوشتنی بەئەنقەست و دەوڵەتیی ژینا لەلایەن بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامییەوە مەحکووم دەکەین و لەگەڵ بنەماڵەی داغدار و بەڕێزی ئەمینی، لەگەل خەڵکی شاری سەقز و سەرجەم خەڵکی کوردستان و بنەماڵەی قوربانیانی دەستی کۆماری دژە ژنی ئیسلامی، هاوسۆزی و هاوخەمی خۆمان ڕادەگەیەنین.

سەرچاوە: سایتی پەیام – ڕێکەوتی: ١٨ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢

---

## مەرگی ژینا ئەمینی و کوردبوون



**پەیرەو ئەنوەر**

### یەکەم؛ کوردبوون و چەمکی مەرگ

ژینا ئەمینی کە لە بنەڕەتدا ناوی (مەهسا ئەمینی)یە، کچە کوردێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و لە شاری سەقز دادەنیشت. چەند ڕۆژێک لەمەوبەر لەگەڵ ماڵباتەکەیدا سەردانی تارانی پایتەخت دەکات، بەمەبەستی سەردان و گەڕان و گەشتوگوزار. پۆلیسی ڕەوشت بە بیانووی جوان نەبەستنی لەچک و دەرچوون لە سیستمی پۆشینی جلوبەرگ لەو وڵاتەدا، بەشێوازێکی ناشارستانی لێی دەدەن و سەری زەبری بەردەکەوێت و دواتر لە نەخۆشخانە گیان لە دەست دەدات.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئەم ڕووداوە هەڵگری چەندان مانا و چیرۆکی تراجیدی و مەبەستی شاراوەیە، سەرەتا کردەکە ئەو وێنەیەمان بیر دێنێتەوە کە لە ڕۆمانی ١٩٨٤ی جۆرج ئۆروێلدا، هیچ کەسێک بۆی نییە جووڵە و کردەیەک بنوێنێت کە گوزارشت و نوێنەرایەتی لە دۆخە ناوەکی و عەقڵانییەکەی خۆی بکات و دەوڵەت و سیستەم و پۆلیس، هەمیشە بەدوای تاک و کۆمەڵگەوەن بۆ ئەوەی تاکی وەک یەک و کۆمەڵگەی وەک یەک و هاوپۆشییەکی گەورەی بیرکردنەوە و ڕەفتار و مامەڵە و کردەوە بنیات بنێن و دروست بکەن.

دیارە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە زۆر بوارەوە وێنەیەکی ناو ڕۆمان و سیستەمەکەی جۆرج ئۆروێڵە، بەتەواوی هەموو تاکێک داگیر دەکات کە بیەوێت لە دەرەوەی سیستەم و نۆرم و ئەو چیرۆکەوە بێت، کە ڕژێمی ئێران وێنای کردووە و دایڕشتووە. کوردبوون و چەمکی مەرگ دوانەیەکی بەردەوام ئامادەن لەناو ئەم سیستەمەی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا و ڕۆژانە بەشێوەی جیاواز و ڕێی جیاواز، دووبارە دەبنەوە. سیستەم لێرە وەک ئامێرێک بەردەوام بەدوای کوردبوونەوەیە بۆ قووتدان و هاڕین و لەناوبردنی.

مەرگی ژینا دەرخەرێکی ئاشکرا و گەورەیە کە ڕژێمێکی سیاسی لە بری لەخۆگرتن و پاراستنی، لە ناوی دەبات و دەرفەتی ژیانی لێ دەسێنێتەوە، بە بیانووی جلوبەرگ و ڕەوشت و شێوازی دەرکەوتن لە پانتایی گشتیدا.

### دووەم، مەرگێک وەک لە دایکبوونەوە

لە هەندێک دۆخ و ڕووداودا کاتێک مرۆڤێک، تاکێک یان ئەکتەرێک دەکوژرێت، ڕاستەوخۆیش لە دایک دەبێتەوە و فۆرمێکی تر لە ژیان و زیندووبوونەوە و ئامادەبوونەوە، لە یادەوەری و بیرکردنەوە و یادگەی کۆمەڵگەدا وەردەگرێت.

مەرگی ژینا بەلایەنی کەمەوە یەکێکە لەو شێوازانەی مەرگ کە هەر لە سەرەتای ڕووداوەکە و هەر لە چرکەساتی یەکەمدا، مانیفێستۆی لەدایکبوونەوە و زیندووبوونەوەی پێ بەخشی و تێکەڵ بە یادگە و ڕای گشتی جیهانی بوو. ڕاستییەکەی ژینا نەمردووە، ئەوەی مردووە بەشە ڕەق و لایەنە جەستەییەکەی ژینا بوو. ژینا وەک ناسنامە و کوردبوون و ماناکانی ئازادبوون، لەگەڵماندا دەژی و بووە بە ناوەندی کۆکەرەوەی هەموو ئەوانەی دژ بەو شێوە مەرگەن لەلایەن دەسەڵاتی دەوڵەتی و سیستەمی کۆنپارێز و دژ بە مافەکانی مرۆڤ و ژنان.

چیرۆکی ژینا دەتوانێت پێناسەی زیاتری ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بکات و پەردەی زیاتر لەسەر گۆشە و لایەنە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

شاراوەکانی ئەم سیستم و رژێمە هەڵماڵێت، بەتایبەت تێگەیشتن و مامەڵەی سیستمەکە لە بەرانبەر ئافرەت، وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی و جووڵە و شێوەی پۆشین و جلوبەرگ و دەرکەوتنی ئافرەت لە پانتایی گشتی و تایبەتدا.

ژینا دەمرێت، بەڵام لێگەسی و چیرۆکی مردنەکەی زیندوو دەمێنێتەوە و تێکەڵ بە کۆیادگەی بەشێکی زۆری دنیا و وڵاتانی دنیا دەبێت. مردنی ژینا زۆر لایەن و دەزگا و ناوەند دێنێتە دەنگ و قسە، ئەم شێوە گوشار و جۆش و خرۆشدانە ئەوپەڕی زیندوبوونەوە و نەمرییە بۆ ژینا و ماڵباتەکەی.

## سێیەم: ژینا وەک سیمبول

ژینا خێرا دەبێت بە سیمبول، ئەوەیش کردەیەکی ئاسان و دەستبەجێ و سەرەتایی نییە. پرۆسەی بوون بە سیمبول و هێما، پێویستی بە چەندان کەرەستە و چیرۆک و ئامادەسازی و میراتی پێشوەختە هەیە، بەڵام مەرگی ژینا و قەبارەی کاریگەرییەکەی خێرا باز بەسەر هەموو ئەو ئامرازە پێشوەختانەدا دەدا و لە چرکەساتێکدا دەیکات بە سیمبول و مانا و گوزارشت و وێنەی تایبەتیشی پێ دەبەخشێت.

گۆڕینی مەرگی ژینا بۆ سیمبول، فۆڕمێکی ترە لە بەرەنگاری و رووبەڕووبوونەوە و مانەوە و وەستانەوە لە دژی ئەویتری ستەمکار و رژێمی سەرکوتکەر و مەرگدۆست.

ژینا دەبێت بە یەکێک لەو چیرۆکانەی کە هەمیشە لە خەیاڵدانی کۆمەڵ و مرۆڤی ئازادیخواز و ژیاندۆست و مرۆڤدۆستدا دەمێنێتەوە. دیارە بەشێکی پرۆسەی بە سیمبولبوونەکە هێز و توانا لەو ناوەند و کەناڵانە وەردەگرێت، کە بە توندی دژی ئەم مەرگ و کوشتنەی ژینا دەوەستنەوە و سەرکۆنەی دەکەن، بەتاوانی دژ بە مافەکانی مرۆڤ و مافی ژیان و ئازادییە تاکەکەسییەکانی دادەنێن. بەتایبەت رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی وەک ئەمنستی ئینتەرناشناڵ و رێکخراوی چاودێری نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ و وەزارەتی دەرەوەی وڵاتان، کە بەخێرایی کردەکە سەرزەنشت دەکەن و لۆمەی رژێم و سیستم و بیرکردنەوەی سیاسی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەکەن، لە بەرانبەر کوشتنی ژن بەبیانووی خۆدانەپۆشین و جلوبەرگ و دەرچوون لە ئادابی گشتی.

ماڵئاوایی ژینا وانەیەکی ترە بۆ سووربوونی زیاتر و بەرگریی زیاتر لە بەرانبەر ئەویتری دەسەڵاتداری دژە کورد و دژە ئافرەت.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ژینا وەک جەستە و دۆخە بایەلۆجییەکەی دەمرێت، بەڵام تارمایی و چیرۆکەکەی بەردەوامیی دەبێت و درێژە دەکێشێت و دەمێنێتەوە. ئەم بەردەوامییەی قووڵایی و ناوکی بە سیمبولبوون و مانەوە و بەرەنگاربوونەوەیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی وشە – ڕێکەوتی: ١٨ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢

---

## کوردستان بێدەنگ نابێت...



سمایل شەرەفی

هەڵوێستی خەڵکی وشیاری شاری سەقز بەرانبەر بە جەنایەتێکی دیکەی ڕێژیمی دژ بە ژنی کۆماری ئیسلامیی ئێران و هەروەها پشتیوانیی خەڵکی لەسەرهەستی شاری سنە لە ڕەفتاری بەرهەڵستکارانەی خەڵکی شاری سەقز بۆ جارێکی دیکە دەریخستەوە و سەلماندی کە کۆمەڵگەی کوردستان بەرانبەر بە ڕووداوەکان خەمسارد و کەمتەرخەم نییە. وەک چاوەڕوان دەکرێ ئەم چاوکراوەیی و بەهەڵوێستبوونەی خەڵکی کوردستان – بە پێی بانگەوازی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکان و پشتیوانیی زۆرێک لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و کەسایەتییەکان – قەرارە ڕۆژی دووشەممە، ٢٨ی خەرمانان و لە مانگرتنێکی گشتی و جەماوەریدا زیاتر و بەربڵاوتر خۆی بنوێنێ.

لەم بانگەوازەدا "داوا لە سەرجەم چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستان کراوە کە بۆ دەبرینی ناڕەزایەتی دژ بە سیاسەتە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئامرۆییەکانی ڕێژیم و بۆ پارێزگاری لە کەرامەتی کچان و ژنان و ڕۆڵەکانی گەلی کورد، رۆژی دووشەممە، ٢٨ی خەرمانان بە داخستنی دووکان و بازاڕەکان و نەچوونە سەر کارەکانیان، مانگرتنێکی گشتی و شکۆدار بەڕێوەبەرن".

ئەوەی ئەم ڕۆژانە لە شاری سەقز بەبۆنەی کوژرانی ژینا ئەمینی بەدەستی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم و چەند ڕۆژ پێش ئێستا لە شاری مەریوان بەبۆنەی کردەوەی نامرۆڤانەی بەکرێگیراوێکی ڕێژیم دژ بە کەرامەتی شلێر ڕەسووڵی بینیمان، خاوەنداریکردنێکی ئاگاهانەی کۆمەڵگەی کوردستانە لە کەسایەتی و کەرامەتی ئینسانی کورد کە دەسەڵاتی ناوەندگەرای کۆماری ئیسلامیی ئێران، زیاتر لە چوار دەیەیە هەوڵی سووککردن و شکانی دەدات. کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر لە سەرەتاوە ویستی بە دواکەوتووهێشتنەوەی کوردستان لە ڕووی ئابوورییەوە و هەژارکردنی خەڵک، کۆمەڵگەیەکی داکەوتوو و دەستەوەستان و چاولەدەست لەم میللەتە بنیات بنێ بۆ ئەوەی ئاسانتر بتوانێ تەسلیم و دەستەمۆی بکات. ئەوان وێڕای بەئەمنیەتیکردنی قوتابخانەکان و دامەزرانی ستادەکانی بەسیج لە گەڕەکەکانی شار و دێهاتەکانی کوردستان، پلانیان ئەوە بوو کە کوڕان و کچانی کورد لە نەخوێندەواریدا بهێڵنەوە و بە هەڵخەڵەتاندنیان، لە هەست و سۆزی نیشتمان پەروەرانەیان بەتاڵ بکەنەوە. هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم بە ڕاوەدوونان و تەقەکردن لە کاسبکاران و کۆڵبەرانی شارە سنوورییەکان و کوشتن و برینداركردنی بەردەوام و بەتاڵانبردنی بارەکانیان، تەواوی هەوڵیان ئەوەیە کە تەسلیم بە جیرەخۆری و خۆشخزمەتی بە ڕێژیمیان بکەن. ئەوان بە تیرۆری تێکۆشەرانی سیاسی و بوردومانکردنی شوێنی مانەوە و چالاکیی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان و مووشەکبارانکردنی بنکە و ناوەندە سەرەکییەکانی حیزبەکانی کوردستان، بە خەیاڵی خاوی خۆیان پێوەبوون بۆ لەناوبردنی یەکجارەکیی بزووتنەوەی مافخوازانەی کوردستان، لە سەر و ڕیشەی بزووتنەوەکە بدەن. بەڵام هەڵوێست و ڕەفتاری پڕ لە هەست و وشیاریی خەڵکی کوردستان لە ماوەی ئەم زیاتر لە چوار دەیەیەدا، دەریخست کە ئەم میللەتە زۆر لەوە بە ئیرادەترە کە دوژمنانی بیری لێ دەکەنەوە.

کوژران و گیانلەدەستدانی دوو ژنی کورد لە ماوەی دوو حەوتوودا بە دەست و هۆکاری بەکرێگیراوان و سەرکوتکەرانی ئەم ڕێژیمە لە شارەکانی مەریوان و سەقز، بۆ جارێکی دیکە هەست و شعووری خەڵکی کوردستانی بریندار کردووە. ژنی کورد کە لە نێو نەتەوەکانی جیهان و دەوروبەردا بە خاوەن کەسایەتیی بەرزی ئەخلاقی و ئازایەتی دژ بە هەر دیاردەیەکی شووم و قێزەون ناسراوە، ئێستا بە هۆکاری ڕوانینە دژە ئینسانییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران و لە لایەن کەسانی بەکرێگیراو و هێزە سەرکوتکەرەکانی ئەم ڕێژیمەوە، پرسیار و گومانی دەخرێتە سەر کە لە ئاکامدا یان وەک ژینا دەیکوژن یان وەک شلێر ناچار بە خۆکوشتنی دەکەن.

کۆمەڵگەی کوردستان وەک تا ئێستا سەلماندوویەتی بەرانبەر بەم سووکایەتییانە بێدەنگ نابێت. هەر وەک چۆن بە دانی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دروشمی "سەقز بە تەنیا نیە، سنە پشتیوانییە"، خەڵکی خاوەن هەڵوێستی شاری سنە خاوەنداریێتی لە پرسی ژینا ئەمینی کرد، بە دڵنیاییەوە ڕۆژی دووشەممە، ۲۸ی خەرمانان و لە مانگرتنێکی گشتی و سەرانسەریدا سەرجەم کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، سەرلەنوێ و بۆ جارێکی دیکە وێڕای ڕیسواکردنی ماهییەتی کۆماری ئیسلامی ئێران و جەنایەتەکانی لە کوردستان، دێنە دەنگ و پارێزگاری لە کەسایەتی و کەرامەتی خۆیان دەکەن.

لەم پێوەندییەدا هەروەک تا ئێستا ڕایانگەیاندووە و پشتیوانییان لە بانگەوازی مانگرتنەکە کردووە، کۆڕ و کۆمەڵە سیاسی و مەدەنییەکانی نێوخۆی وڵات، کەسایەتییە ئایینی و نیشتمانپەروەرەکان، مامۆستایان و کەسایەتییە فەرهەنگی و هونەرییەکانیش ڕۆڵی هاندەرانە و پێشەنگایەتی خۆیان دەگێڕن و بە وەڕێخستنی مانگرتنێکی گشتی و جەماوەری (داخستنی دووکان و بازاڕەکان و مانەوە لە ماڵ و خۆبواردن لە چوونە دەرەوە) پەلامار و هاشاوڵی نیزامی سەرکوتکەر و گەندەڵی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کەرامەتی کورد و کوردستان، بێوڵام ناهێڵنەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ۱۸ی سێپتەمبەری ۲۰۲۲

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## ژینا ئەمینی بۆچی چووە تاران و چۆن گیانی لەدەستدا؟



**ناسر پیرۆتی**

**دایکی ژینـا ئەمینـی دوو ڕۆژ دوای گیانلەدەستدانی کچەکەی لە لاپەڕەی خۆی لە ئینستاگرام وێنەی چەند پێداویستییەکی تایبەتی ژینا-ی بڵاوکردووەتەوە و نووسیویەتی، "ئەوانەت پێبوو بۆ سەفەرەکەت، چییان لێ بکەم، ژینا؟"**

مۆژگـان ئیفتخـاری، دایکـی ژینـا ئەمینـی لە لاپەڕەی خـۆی لە ئینسـتاگرام وێنەی چەنـد پێداویسـتییەکی تـایبەتی ژینـای بڵاوکردەوە و بە کوردی بـۆی نووسیوە، "بە قوربـانی ئەو کەلـوپەلانەت بم. باشـە بـۆ وا زوو ڕۆیشـتی؟ بـۆ بەجێت هێشـتین؟ دڵمان تۆقی. دایکت زۆر نارەحەتە ژینا گیان، بۆ بەجێتهێشتین؟ ئەوانەت پێبوو بۆ سەفەرەکەت، چییان لێ بکەم، ژینا".

### ژینا بۆچی چووە تاران؟

ژینـا و دایـک و بـاوک و بـراکەی ڕۆژی ٥ - ٩ - ٢٠٢٢ بـۆ پشـوودان و بەسەربردنی کاتێـک لە سـەقزەوە چـوونە بـاکووری ئێـران. دوای هەفـتەیەک، لەوێـوە ڕۆژی دووشـەممە ١٢ - ٩ - ٢٠٢٢ چـوونە تـاران و سەردانی مـاڵی پـووری ژینـا (خوشکی دایکی). پلانەکەیان بەو جۆرە بوو دوای دوو سێ ڕۆژ مانەوە لە تاران بگەڕێنەوە سەقز، بەڵام دەستبەسەرکردنی ژینا



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لەلایەن پۆلیسی تارانەوە هەموو شتێکی گۆڕی.

دوانیوەڕۆی سێشەممە ١٣- ٩ - ٢٠٢٢ ژینا و براکەی، کە ناوی ئەشکانە، چوونە نێو شار تاوەکو پیاسەیەک بکەن. نزیکەی کاژێر ١٨:٣٠ بە کاتی تاران واتە ٥ی ئێوارە بە کاتی هەولێر و دوای دابەزین لە وێستگەی حەقانی میترۆی تاران، پۆلیس بانگی ژینا دەکەن و لەسەر شێوازی جلوبەرگی دەستبەسەری دەکەن.

لە ئێران و بەتایبەت شارە گەورەکان، یەکەیەکی تایبەتی پۆلیس بەناوی "پۆلیسی ئاسایشی ئاکار" هەیە. ئەرکی ئەو هێزە ئەوەیە کە بەرەنگاری ئەو ژنانە ببێتەوە کە پابەندی بالاپۆشیی زۆرەملێ نابن. هەمان ئەو ئێوارەیە هێزەکە جگە لە ژینا، ژمارەیەک کچی دیکە لە شەقامی حەقانیی تاران دەستبەسەر دەکەن و بە ئۆتۆمبێلێکی جۆری "ڤان" کە جێگەی ٩ کەس دەبێتەوە، دەیانبەن بۆ زیندانی وەزیرانی تاران.

## جلوبەرگی ژینا چۆن بوو؟

ژینا ئەو رۆژە مانتۆیەکی دایکی لەبەردا بوو. موژگان ئیفتیخاری، دایکی ژینا دەڵێت، مانتۆکەی بۆ ژینا گەورە و درێژ بوو و سەرپۆشێکی گەورەشی لەسەربوو. دەشڵێت، ئەشکان داوای لە هێزەکانی پۆلیس کردووە ژینا لەگەڵ خۆیان نەبەن، چونکە ژینا ناشارەزایە و هیچکات بە تەنیا نەچووەتە هیچ شوێنێک، بەڵام وەڵامیان نەداوەتەوە و لە براکەشیان داوە.

ئەو گرتە ڤیدیۆییەی پۆلیسی ئێران بڵاویکردووەتەوە، قسەکانی دایکی ژینا پشتڕاستدەکەنەوە و تێیدا دەردەکەوێت، ژینا بە مانتۆیەکی درێژەوە دەچێتە لای یەکێک لە پۆلیسە ژنەکان و بە دەست ئاماژە بەوە دەکات کە جلوبەرگەکەی هیچ کێشەیەکی نییە، بەڵام پۆلیسەکە بە تووڕەبوون و ئاماژەی دەست ناچاری دەکات دابنیشێت و بێدەنگ بێت.

زیندانی وەزیرانی تاران بەنێوبانگە و زیاتر ئەو ژنانە دەبردرێنە ئەوێ کە بە بیانووی پابەندنەبوون بە بالاپۆشیی زۆرەملێوە دەستبەسەر دەکرێن. پووران نازمی، چالاکڤانی سیاسیی ئێرانی نیشتەجێی تاران دوای گیانلەدەستدانی ژینا ئەمینی گرتەیەکی ڤیدیۆیی بڵاوکردەوە و دەڵێت، ساڵی رابردوو لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی بە هەمان پاساو دەستبەسەر کراون و براونەتە گرتووخانەی وەزیران و لەوێ سووکایەتییان پێکراوە و ئازار دراون.

ژینا ئەمینی کەمتر لە دوو کاژێر لەو گرتووخانەیە دەبێت. میدیا ئێرانییەکان لە زاری چەند کچێکەوە کە لەگەڵ ژینا دەستبەسەر کرابوون بڵاویانکردەوە، ژینا لەنێو ئۆتۆمبێلی پۆلیسدا ترساوە و دژی دەستبەسەرکردنی نارەزایەتیی دەربڕیوە و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هێزەکانی پۆلیس بە دار لە سەرییان داوە. دوای گەیشتنیان بۆ گرتووخانەی وەزیران، براونەتە هۆڵێک کە پێی دەگوترێت هۆڵی ڕێنوێنیدان بە ژنان، بۆئەوەی پابەندی باڵاپۆشی بن. لەوێ تەندروستیی ژینا تێکدەچێت و دەکەوێتە سەر زەوی.

## گیانلەدەستدانی ژینا

نەخۆشخانەی کەسرای تاران ڕۆژی هەینی ١٦- ٩ - ٢٠٢٢ ڕاگەیێندراوێکی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند، ژینا کاژێر ٢٠:٢٢ خولەکی ڕۆژی سێشەممە بێ هیچ نیشانەیەکی زیندووبوون و لە کاتێکدا تووشی وەستانی مێشک ببوو، گەیێندراوەتە نەخۆشخانە. ئەو ڕاگەیێندراوە دوای نزیکەی کاژێرێک لەسەر پەیجی نەخۆشخانەکە لابرا.

سەفا عائیلی، خاڵی ژینا کە لە نەخۆشخانە ژینای بینیبوو، ڕۆژی یەکشەممە ١٨- ٩ - ٢٠٢٢ بۆ تۆڕی میدیایی ڕووداو قسەی کرد و گوتی، "ژینا پێش ئەوەی بگەیێندرێتە نەخۆشخانە مێشکی مردبوو و تەنیا بەهۆی ئامێرێکەوە کە لەسەر زاری دانرابوو دڵی لێی دەدا." دەشڵێت، "سەری هەڵئاوسابوو و خوێن لە چاو و گوێی هاتبوو".

ژینا ئەمینی کاژێر ١٥:٤٥ خولەک لە نەخۆشخانەی کەسرای تاران گیانی لەدەستدا و لە دۆسیەی پزیشکییەکەیدا نووسراوە، بەهۆی جەڵتەی مێشک و وەستانی دڵەوە گیانی لەدەستداوە، بەڵام باسی هۆکاری جەڵتەکە نەکراوە.

## باوکی ژینا ڕەتیدەکاتەوە کچەکەی نەخۆشیی هەبووبێت

چەند خولەکێک پێش ئەوەی هەواڵی گیانلەدەستدانی ژینا ڕابگەیێندرێت، حکومەت و دەزگای دادی ئێران ڕایانگەیاند، لیژنەی لێکۆڵینەوەیان بۆ ئاشکراکردنی هۆکاری ئەو ڕووداوە پێکهێناوە، بەڵام ڕۆژێک دواتر، واتە ڕۆژی شەممە ١٧- ٩ - ٢٠٢٢ و پێش ئەوەی لێکۆڵینەوەکان تەواو بن، ئەحمەد وەحیدی، وەزیری ناوخۆی ئێران گوتی، هێزەکانی پۆلیس هیچیان پێ نییە تاوەکو لە بەندکراوان بدەن و گوتیشی، هیچ ڕاپۆرتێکیان بەدەستنەگەیشتووە بیسەلمێنێت ژینا لێی دراوە.

وەزیری ناوخۆی ئێران ڕەتیشیکردەوە، لە دۆخی ژینا ئەمینیدا هیچ کەمتەرخەمییەک کرابێت و درەنگ ڕەوانەی نەخۆشخانە کرابێت و ئاماژەی بەوەش کرد، ژینا پێشینەی نەخۆشیی هەبووە و لە تەمەنی ٥ ساڵی نەشتەرگەریی مێشکی بۆ کراوە.

بەڵام ئەمجەد ئەمینی، باوکی ژینا، ئەو قسانە ڕەت دەکاتەوە. ئەمجەد ئەمینی دوانیوەڕۆی ڕۆژی شەممە ١٧- ٩ - ٢٠٢٢ لە میانی بەڕێوەچوونی پرسەی کچەکەی لە مزگەوتی چواریاری نەبی شاری سەقز ڕایگەیاند، "ژینا پێشتر هیچ نەخۆشییەکی نەبووە و قورسترین نەخۆشییەک کە لە ٢٢ ساڵەی تەمەنیدا گرتبووی، هەڵامەت بووە".



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

پۆلیسی تاران دەڵێت، تەواوی ڤیدیۆی دوای گەیشتنی ژینا بۆ گرتووخانەی وەزیرانیان پیشانی کەسوکاری کچە کوردەکە داوە، بەڵام باوکی ئەوە ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت، "ئەو چەند پارچە ڤیدیۆیەی لە میدیای ئێران بڵاوکراوەتەوە، بینیویانە و لەوێشدا دیار نییە چی ڕوویداوە، چونکە فیلمەکە بڕاوە".

کەسێکی زۆر نزیک لە ژینا کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، دوانیوەڕۆی یەکشەممە ١٨- ٩ - ٢٠٢٢ بە تۆڕی میدیایی ڕووداوی ڕاگەیاند، "تاوەکو ئێستا لەلایەن دامەزراوە حکومییەکانەوە هیچ ڕاپۆرتێک لەبارەی هۆکاری گیانلەدەستدانی ژینا بە خێزانەکەی نەدراوە. ئەوانیش بەهۆی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی پرسە و سەرەخۆشییەوە نەیانتوانیوە بەدواداچوون بۆ سکاڵاکەیان بکەن، بەڵام لە ڕۆژانی داهاتوودا دەچنە تاران و پارێزەر دەگرن و بەدواداچوون بۆ سکاڵاکەیان دەکەن".

ئەو کەسە بە ڕووداوی گوت، "باوکی ژینا بڕیاریداوە لەژێر هیچ گوشارێکدا واز لە دۆسیەی کوشتنی کچەکەی نەهێنێت".

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو – ڕێکەوتی: ١٨ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## باوکی ژینا: بە ئیبراهیم رەئیسیم گوت، ئەو ڤیدیۆیانەی لە تەلەڤزیۆنی ئێران بڵاوکرانەوە "درۆ" بوون



گفتوگۆی ئەمجەد ئەمینی، باوکی ژینا لەگەڵ رووداو

باوکی ژینا ئەمینی دەڵێت، لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا بە ئیبراهیم رەئیسی، سەرۆککۆماری ئێرانی راگەیاندووە، ئەو ڤیدیۆیانەی لە تەلەڤزیۆنەکانی ئێران لەبارەی گیانلەدەستدانی ژینا ئەمینی بڵاوکراونەتەوە "درۆ" بوون.

ئەمجەد ئەمینی، باوکی ژینا ئەمینی، ئەو کچە کوردەی لە تاران بە بیانووی پابەندنەبوون بە رێکارەکانی باڵاپۆشییەوە لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکرا و دواتر لە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ تۆڕی میدیایی رووداو ئاماژەی بە نێوەڕۆکی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەی لەگەڵ ئیبراهیم رەئیسی دا.

ئەمجەد ئەمینی رایگەیاند، سەرۆککۆماری ئێران بەڵێنی ئەوەی پێداوە بەدواداچوون بۆ رووداوەکە بکات، "جا بزانین ئاخۆ بەڕاستی بەدوایدا دەچێت یان نا."



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

### دەقی هەڤپەیڤینی رووداو لەگەڵ باوکی ژینا ئەمینی:

**رووداو: با لە زاری خۆتانەوە ببیستین، ژینا بۆچی چووبوو بۆ تاران؟**

**ئەمجەد ئەمینی**: ئێمە لە باکووری ئێران لە شاری هەشتگرد بووین. ماڵی خوشکی هاوژینەکەم لەوێیە و بۆ سەردان چووبوون بۆ ئەوێ؛ دواتر ژینا و کوڕەکەم و چەند کەسێک لە خزمانی دیکە چوون بۆ تاران و بەداخەوە لەگەڵ گەیشتبوونە تاران و لە میترۆ دابەزیبوون لەلایەن "پۆلیسی رەوشت" دەستگیر کرابوو؛ کچەکەم بەزۆر دەخەنە ناو ئۆتۆمبێلەکەیان و دەیبەن بۆ بنکە. بە قسەی زۆرێک لەو کەسانەی لەناو ئۆتۆمبێلەکەی پۆلیسدا بوون و پەیوەندییان بە منەوە کردووە، ژینا پاڕاوەتەوە و گوتوویەتی من خەڵکی تاران نیم و یەکەمجارە هاتووم بۆ ئێرە، تکاتان لێدەکەم مەمبەن، من هیچ شوێنێک پێنازانم، بەڵام بەزۆر خستوویانەتە ناو ئۆتۆمبێلەکە و لێیانداوە و لە سەریان داوە. کوڕەکەشم کە لەگەڵی بووە، تکای لە پۆلیسەکان کردووە و گوتوویەتی ئێمە شارەزا نین، مەیبەن، بەڵام لە کوڕەکەشمیان داوە و جلوبەرگیان لەبەردا دڕاندبوو. دواتر کە بە ئۆتۆمبێلەکە گواستوویانەتەوە بۆ بنکەی پۆلیس، لەناو بنکەکەش دیسان ئازاریان داوە و لێیانداوە. دواتر پۆلیس گرتە ڤیدیۆیەکی درۆینەی پیشاندا کە سەرلەبەری ناڕاست بوو، هەندێک گرتەی دیکەشیان پیشانی مندا کە ئەوانیش هەمووی ناڕاست بوون. فیلمەکە سەرلەبەر سانسۆر کرابوو و هیچی بەسەر هیچەوە نەبوو. دواتر کە ژینا لەناو بنکەی پۆلیس دەکەوێتە سەر زەوی، ئەوەندە درەنگ ئۆتۆمبێلی فریاکەوتنیان هێنا کە بووە هۆی ئەوەی تووشی وەستانی مێشک و دڵ دەبێت. پۆلیس فیلمێکی ٤٠ بۆ ٤٥ خولەکی پیشانی ئێمەدا کە هەمووی بڕدرابوو و سانسۆر کرابوو، واتا هیچ بەشێکی ئەو ڤیدیۆیە روون نەبوو. کە رەوانەی نەخۆشخانە کرا بوو، تەنانەت پۆلیسێکی لەگەڵ نەچووبوو بۆ ئەوەی بە نەخۆشخانە بڵێت ئەو کەسە کێیە. ئەگەر کوڕەکەم لەوێ نەبووایە، هەر نەمدەزانی تەرمی ئەو کچەکەم چۆن بدۆزینەوە. کارمەندی نەخۆشخانەکە پرسیبوویان ئەو نەخۆشە کێیە؟ ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن لەبەر دەرگەی نەخۆشخانەکە دایانابوو و جێیهێشتبوو. دواتر کە لەگەڵ دکتۆرەکان قسەمکرد، دەیانگوت ئەگەر زووتر گەیێنرابا نەخۆشخانە، ئەگەر هەبوو نەمردبا .

**رووداو: چەندە دواتر بردبوویان بۆ نەخۆشخانە؟**

ئەمجەد ئەمینی: بەوشێوەیەی کوڕەکەم باسی دەکات، نزیکەی کاژێرێک و نیو دواتر گەیێندرابووە نەخۆشخانە. ڤیدیۆی کاتی گەیشتنی ئۆتۆمبێلی فریاکەوتنەکە بۆ بنکەی پۆلیسیان پیشانی من دا، پەرستارەکان سەریان لێ شێوابوو و هەر بەدەوری خۆیاندا دەسووڕانەوە و نەیاندەزانی چی لێبکەن، هەر کاتیان بەفیڕۆ دەدا و دوای ماوەیەکی زۆر سواری ئەمبۆلانسەکەیان کرد و بردیان بۆ نەخۆشخانە. ئەگەر خێرا گواستبایانەوە بەو شێوەیەی بەسەر نەدەهات، بەڵام بەداخەوە زۆر درەنگ



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بردیان. هەر ئەوکات کە من گەیشتمە نەخۆشخانە، پزیشکەکان بە منیان گوت کچەکەت مردووە.

**ڕووداو**: تۆ چۆن زانیت ژینا گیراوە؟

**ئەمجەد ئەمینی**: کوڕەکەم پەیوەندیی پێوەکردم و گوتی، خێرا خۆت بگەیەنە تاران. منیش بەخێرایی خۆم گەیاند؛ کاتێک گەیشتمە نەخۆشخانە، بینیم کچەکەم بووەتە جەنازەیەک [وەکو مردووی لێهاتووە]. بە هیچ شێوەیەک ڕێگەیان نەدەدا ببینم، دواتر کە خۆم گەیاندە لای، بینیم هیچی بەسەر هیچەوە نەماوە. هەر ئەوکات پزیشکەکان هیوایان بە مانی نەمابوو و پێیان گوتم ئەو کچە نەماوە، بەڵام من نەمدەتوانی بە هاوژینەکەم بڵێم ژینا مردووە، ئەوەبوو چەند ڕۆژێک لە نەخۆشخانە ماینەوە.

**ڕووداو**: چەند ڕۆژ لە نەخۆشخانە بوون؟

ئەمجەد ئەمینی: نزیکەی سێ ڕۆژ لە نەخۆشخانە ماینەوە.

**ڕووداو**: ئەو چەند ڕۆژەی لە نەخۆشخانە لەگەڵی بووی، هیچ هەناسەی دەدا؟

**ئەمجەد ئەمینی**: بەگشتی خەریکبوو یەک بە یەکی ئەندامەکانی لەشی لەدەستدەدا، ئەو کاتەی گەیەنرابوویە نەخۆشخانە مێشک و دڵی وەستابوو؛ لە دوایین ڕۆژیدا گورچیلەکان و کۆ ئەندامی هەرس و یەک بەیەکی ئەندامەکانی جەستەی وردە وردە لەکارکەوتن، وابوو کاژێر نزیکەی چواری دوایینیوەڕۆ پێیان ڕاگەیاندین کە ژینا گیانی لەدەستداوە. دواتر یەکسەر گواستیانەوە بۆ پزیشکی دادیی تاران و خۆشم لەگەڵی چووم، بەڵام ڕێگەیان نەدا بچمە ژوورەوە و نەمزانی چی لێهات و چییان لێکرد و دواتر لەناو سندووقێکدا ڕادەستیان کردمەوە کە سندووقەکەش سەری داخرابوو و هیچ شتێکی دیارنەبوو؛ ئیتر نەمتوانی بزانم چییان لێکردووە کە داوای ئەنجامیشم لێکردن، گوتیان جارێ ئەنجامەکە دیار نییە. دواتر بە فڕۆکە ناردیانینەوە بۆ تەورێز و لەوێشەوە گواستیانینەوە بۆ سەقز.

**ڕووداو**: لە نەخۆشخانە کاتێک ژینا گیانی لەدەستدا، تۆ لە نزیکی بووی؟

**ئەمجەد ئەمینی**: لە نەخۆشخانەکە بووم، بەڵام بەسەریەوە نەبووم، ئەوکاتە چووبووم نان بخۆم کە یەک لە پۆلیسەکان هات و گوتی گیانی لەدەستداوە .



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**ڕووداو: با بگەڕێینەوە بۆ سەرەتا، کاتێک پۆلیسەکان ژینایان بردبوو چییان پێگوتبووە؟ بەرەنگاری ئەو هەوڵەی پۆلیس نەببووەوە؟**

**ئەمجەد ئەمینی:** نەوەڵڵا، خۆ جلوبەرگەکەی لە تەلەڤزیۆنی فەرمی ئێرانیش پێشاندرا، جلوبەرگەکەی بەڕاستی داپۆشراو بوو؛ ئەو مانتۆیەی لەبەریبوو، ژنێکی 60 ساڵەش مانتۆی لەو شێوەیە لەبەرناکات، بەڵام ژینا پێداگری کردبوو و گوتبووی من خەڵکی ئێرە نیم و شارەزای تاران نیم و مەمبەن، هەر لەبەر ئەو پێداگرییە لەناو ئۆتۆمبێلەکەدا ئازاریاندا بوو، لێیاندابوو و لەناو ئۆتۆمبێلەکە بەزۆر دایان نیشاندبوو، ئەگینا جلوبەرگەکەی بەڕاستی پۆشتەبوو و خۆشیان دانیان بەوە دا ناوە و پەسندی دەکەن کە جلەکانی کێشەی نەبووە.

**ڕووداو: بەچی لێیانداوە؟**

**ئەمجەد ئەمینی:** دیار نییە بەچی و چۆن لێیانداوە، بەڵام من هەردوو قاچیم لە نەخۆشخانە بینی. ئاوسابوون و شین هەڵگەڕابوون، بەڵام ئەو کچانەی لەگەڵی لەناو ئۆتۆمبێلەکەدا ببوون و لە بنکەی پۆلیسیش لەگەڵی بوون، پێیان گوتم کە نازانم بە دار بووە یان چی لە سەریان داوە.

**ڕووداو: کوێی جەستەی شین ببوویەوە یان شوێنەواری لێدانی پێوە دیاربوو؟**

**ئەمجەد ئەمینی:** من تەنیا قاچەکانیم بینی کە شین ببوونەوە، جەستەشی لە نەخۆشخانە داپۆشرابوو. ئەو چەند ڕۆژەش کە لە نەخۆشخانەبووین چەندین جار داوام کرد پزیشکی داد بێن و ببینن، بەڵام نەهاتن. ئێمەش شوێنەکانی دیکەی جەستەیمان نەبینی و تەنیا دوو قاچەکانیم بینی کە هەردووکیان ڕەش و شین ببوونەوە و بەداخەوە کەس نەهات بیپشکنێت و وەڵامێکم بداتەوە کە ئەو شینبوونەوەیە هی چییە.

**ڕووداو: تیشکی سەریان گرتبوو؟ هیچ کێشەی هەبوو؟**

**ئەمجەد ئەمینی:** سەریان بە جۆرێک پێچابوویەوە کە هیچ دیار نەبوو. هەموو سەریان پێچابوو و بۆ ئێمە دەرنەدەکەوت لێیدراوە یان نا، تەنانەت ڕێگەیان نەدەدا دەست لە هیچ شوێنێکی جەستەی بدەین، نەیاندەهێشت ڤیدیۆی لێ بگرین یان وێنەی بگرین. دوای ئەوەش لە تەلەڤزیۆنی فەرمیی ئێران ڕایانگەیاند، ژینا نەخۆش بووە، بەڵام ئەو کچەی من هیچ جۆرە نەخۆشییەکی نەبوو، سوێند بە خودا لە ماوەی ئەو ٢٢ ساڵەی تەمەنی مەگەر هەڵامەتی گرتبێ، ئەگینا هیچ جۆرە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

نەخۆشییەکی نەبوو.

**رووداو:** دەگوترێ لەناو ئۆتۆمبێلەکەدا بە ئاسن یان تەختە کێشاویانە بەسەری ژینادا و دواتریش لەناو حەوشەی بنکەی پۆلیس ئەفسەرێک بە مشتەکۆڵە لە سەری داوە و ئەویش بووراوەتەوە و خوێن بەگوێیدا هاتووەتە خوارەوە. چیرۆکی ئەوە چییە، لەو مەودایە کە بردوویانەتە ناو ئۆتۆمبێلەکە تا ئەو کاتەی بووراوەتەوە چۆن بووە؟

**ئەمجەد ئەمینی:** من داوای ڤیدیۆی ناو ئۆتۆمبێلەکەم کرد، بەڵام پێیان نەدام؛ داوای ڤیدیۆی ناو حەوشەی بنکەکەشم کرد هەر پێیان نەدام. ئەو کچانە بۆیان باسکردم کە لەناو ئۆتۆمبێلەکە و لەناو حەوشەی بنکەکە لێیدرابوو، کەچی گرتەیەکی سانسۆرکراو و کورتیان لە تەلەڤزیۆن پێشاندا کە من بە هیچ شێوەیەک قبووڵم نییە، لەبەرئەوەی ژینا کاژێر و نیوێک لەناو بنکەی پۆلیسدابوو، ئەی بۆچی ڤیدیۆی ئەو ماوەیە پێشان نادەن؟ بۆچی ڤیدیۆی ناو ئۆتۆمبێلەکە پێشان نادەن؟ هیچ یەک لەمانەیان پێشانی ئێمە نەدایەوە.

**رووداو:** دوای سێ رۆژ کە ژینا گیانی لەدەستدا و تەرمەکەیان پێدانەوە و گەیشتەوە تەورێز، چییان پێگوتن؟ گوتیان زوو بینێژن؟

**ئەمجەد ئەمینی:** لە تەورێز گوتیان هەر ئەمشەو بیبەینەوە و خێرا بینێژین، بەڵام من پێداگریم کرد و نەمهێشت، لەبەرئەوەی پێشتر بە خەڵکم راگەیاندبوو کاژێر ١٠:٠٠ی سبەی بەیانی رێورەسمی بەخاکسپاردنی بۆ ئەنجامدەدەین. ئەوان پێداگرییان دەکرد هەر شەو بیبەینەوە سەقز و خێرا بینێژین، بەڵام من قبووڵم نەکرد و تەنانەت پێم گوتن ئەگەر وایە من هیچ کارەم، ئێوە تەرمەکە بەرن و من کارم بەسەریەوە نییە؛ ئێوە بیبەن بینێژن و من خۆم دواتر رێگەی خۆم دەگرمەبەر. دواتر تەرمەکەیان بە ئەمبوڵانس هێنا بۆ گۆڕستانی ئایچی سەقز و من رێگەم نەدا تا بەیانی دایبگرن، هەڕەشەی ئەوەم کرد ئەگەر تەرمەکە دابگرن، جێیدەهێڵم و دواتر دەڵێم تەرمی کچەکەیان لێ دزیوم. تا کاژێر هەشتی بەیانی ئەمبوڵانسەکە مایەوە.

**رووداو:** لەسەر گیانلەدەستدانی ژینا سکاڵا تۆمار دەکەن؟

**ئەمجەد ئەمینی:** بێگومان سکاڵا تۆمار دەکەین. ئەی من چۆن دەهێڵم خوێنی ئەو کچەم هەروا بەفیڕۆ بڕوات؟ بێگومان سکاڵا تۆمار دەکەم و بە دنیاش رادەگەیێنم کە دەبێ ئەو کەسانەی بوونە هۆکاری ئەو رووداوە، لەبەرچاوی خەڵکی ئێران دادگایی بکرێن و بە سزا بگەیێنرێن. دەبێ بۆم روون بکەنەوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**ڕووداو: ئیبراهیم ڕەئیسی، سەرۆککۆماری ئێران تەلەفۆنی بۆ کردی، تۆ چیت پێگوت؟**

**ئەمجەد ئەمینی**: ئەو بۆ سەرەخۆشیکردن پەیوەندی کرد، بەڵێنی بەدواداچوونی پێدام و منیش گوتم با بەدواداچوون بکرێت و بزانین ئەنجامێکی لێ دەبێتەوە یان نا، ئەو بەڵێنیداوە بەدواداچوون بۆ ڕووداوەکە بکات.

**ڕووداو: ماوەی تەلەفۆنەکەتان چەند بوو؟**

**ئەمجەد ئەمینی**: نزیکەی ١٠ بۆ ١٥ خولەک قسەمان کرد. ئەو بۆ سەرەخۆشی پەیوەندی کردبوو.

**ڕووداو: بەڵێنی پێدای کە داواکارییەکەت جێبەجێبکات و لێکۆڵینەوەی جیدی بکات؟**

**ئەمجەد ئەمینی**: بەڵێنی ١٠٠%ی داوە کە لە یەکەم دەرفەتدا بەدواداچوونی بۆ بکات و وەڵامەکەم پێبداتەوە.

**ڕووداو: تەنیا خۆت قسەت لەگەڵ کرد یان هاوژینەکەشت؟**

**ئەمجەد ئەمینی**: لەگەڵ من و برایەکم قسەیکرد، براکەشم هەر داوای ئەوەی کرد بەدوای ئەو دۆسیەیەدا بچن و بزانن ئەو کەسانەی ئەمەیان بەسەر ژینا هێناوە، هۆکاریان چی بووە؛ هۆکارەکە چییە ئەو کچە کە جلوبەرگەکەی بەو شێوەیە پۆشتە بووە بۆ ئاوایان لەگەڵ کردووە؟ با ئەوە ئاشکرا بکرێت و رابگەیێنرێت و ئەو کەسانەش بە جیدی و لەبەرچاوی خەڵک سزا بدرێن، نەک ئەوەی کە سەرپۆشی بکەن.

**ڕووداو: جگە لە ئیبراهیم ڕەئیسی هیچ کەسێکی دیکە لە بەرپرسانی ئێران تەلەفۆنی بۆ کردوون؟**

**ئەمجەد ئەمینی**: نا کەسێکی ئەوتۆ تەلەفۆنی نەکردووە؛ هەندێک لە سەرکردە سەربازییەکان کردوویانە و سەرەخۆشییان لێکردووم، چ ئەوکات کە لە تاران بووم و چ ئەو کاتەی گەڕاینەوە سەقز، کۆمەڵێک بەڵێنیان پێداین کە بەدواداچوون بۆ دۆسیەکە بکەن، بەڵام ئاخۆ دەیکەن یان نا، جارێ هیچ ئەنجامێکیان بە من ڕانەگەیاندووە.

**ڕووداو: دۆخی تەندروستیی خۆت چۆنە؟**

**ئەمجەد ئەمینی**: جارێ هاوژینەکەم لەو ڕۆژەوە ڕووداوەکە ڕوویداوە دۆخی تاندروستیی زۆر خراپە و چەندین جار لە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

نەخۆشخانە خەوێندراوە، منداڵەکەشم هەروا، خۆشم دوو جار لە نەخۆشخانە خەوێندرام. من جگەرگۆشەکەم لەدەستداوە، چۆن نارەحەت نەبم، ئایا لەوە ناخۆشتر دەبێت؟ خۆشم هەتا بڵێی نارەحەت و گرفتارم.

**رووداو**: ژینا ئاواتی چی بوو، حەزی لە چی بوو، پلانی بۆ داهاتووی چی بوو؟

**ئەمجەد ئەمینی**: ژینا قوتابیی زانکۆ بوو؛ تازە لە زانکۆ ناونووسمان کردبوو و بڕیار بوو لە یەکەم ڕۆژی پاییز دەست بە دەوامی زانکۆی بکات لە ورمێ؛ هەفتەیەک بەر لە ڕووداوەکە چووین ناویمان تۆمارکرد. هەزار ئاوات و ئارەزووی هەبوو؛ کچێکی ٢٢ ساڵان دەبێ چاوەڕوانی چی بێت؟ هەزاران چاوەڕوانی هەیە، تەنانەت هەفتەیەک بەر لەوە کە لە باکووری ئێران بووین، چەندین وێنەی خۆی گرت، هەزاران ئارەزووی هەبوو، هەرگیز بیری ئەو ڕووداوەی نەکردووەتەوە کە بەسەریهات. بە هەزار هیواوە ناوی لە زانکۆ تۆمارکرد بۆ ئەوەی درێژە بە ژیانی بدات، نەک بەو شێوەیەی لێ بەسەربێت.

**رووداو**: پەیوەندی چۆن بوو لەگەڵ خۆت، لێتەوە نزیک بوو؟

**ئەمجەد ئەمینی**: ئەرێ بەخودا، خۆشەویستم بوو، کچی گەورەم بوو، بەخودا لە قووڵایی دڵەوە خۆشم دەویست؛ ئەو هەمیشە لەگەڵ خێزانەکەی بوو و هەموومانی خۆشدەویست، هیچ کێشەیەک لەناو خێزانەکەدا نەبوو. سوێند بەخودا ئەوەی کە دەڵێن نەخۆش بووە، ژینا هیچ نەخۆشییەکی نەبووە، کچێکی تەندروست و بە کەیف بوو. مرۆڤێکی زۆر ڕاست و دڵپاک بوو، هەموو ئەوانەی دەیناسن شایەتی بۆ ئەو قسەیە دەدەن.

**رووداو**: لە تەلەفۆنەکەدا بە ئیبراهیم ڕەئیسیت گوت کە کچەکەم هیچ نەخۆشییەکی نەبووە؟

**ئەمجەد ئەمینی**: بەڵێ پێم گوت، گوتم تەلەڤزیۆنی ئێران کە ئەو ڤیدیۆیەی پیشاندا کارەکەیان هەڵەبوو و هەمووی درۆبوو؛ ئەی ئەگەر ڕاستە بۆ بەشەکانی دیکەیان پیشان نەدا؟ بۆ ڤیدیۆی ناو ئۆتۆمبێل و حەوشەی بنکەکەیان پیشان نەدا؟ ئەوە ڤیدیۆیەک بوو کە خۆیان بە سانسۆرەوە دروستیان کردبوو. ئەو بەڵێنی ١٠٠%ی داوە کە بەدواداچوون بکات، جا بزانین ئاخۆ بەڕاستی بەدوایدا دەچێت یان نا کە ئەوەش دیار نییە.

**رووداو**: ئەوەندەی هەستت پێکردبێت، ڕەئیسی بە قسەکانت ڕازی بوو کە ئەو دیمەنەی بڵاوکرایەوە هەڵە بووە و تەلەڤزیۆنی فەرمیی ئێران هەڵەی کردووە؟



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**ئەمجەد ئەمینی:** تەلەڤزیۆنی فەرمیی ئێرانیش چەندین جار پەیوەندییان لەگەڵ گرتووم. لەو سێ رۆژە کە لە تاران بووم هیچ کەس پەیوەندیی پێوە نەکردم، بەڵام تازە ئەمڕۆ پەیوەندییان کردووە و دەڵێن دێین و چاوپێکەوتنت لەگەڵ دەکەین، من رازی نەبووم و گوتم هیچ چاوپێکەوتنێک لەگەڵ تەلەڤزیۆنی ئێران ناکەم، لەبەرئەوەی دێن سیناریۆیەک دروستدەکەن و بە درۆ بڵاویدەکەنەوە. گوتم، تکاتان لێدەکەم مەیەن. واتا رێگەم نەدا بێن.

**رووداو:** هیچ گوشارێکتان لەسەرە بۆ ئەوەی قسە نەکەن؟

**ئەمجەد ئەمینی:** وەڵڵا کەسانێک بە دەوروبەرمانەوە هەن و رەنگە تەلەفۆنەکەشم چاودێریی لەسەربێت، بەڵام تائێستا هیچ رێگرییەکیان نەکردووە، تەنیا ئەوەندە دەزانم لە دەوروبەرمانن و چاودێریمان دەکەن.

**رووداو:** لە دانانی پرسە کێشەیان بۆ دروستنەکردوون؟

**ئەمجەد ئەمینی:** نا بۆ ئەمەیان کێشەیان دروست نەکردووە.

**رووداو:** چۆن سەیری ئەو هاوسۆزییە دەکەی کە لە سەرجەم ئێران و هەر چوار پارچەی کوردستاندا هەیە بۆ ژینا؟

**ئەمجەد ئەمینی:** من سوپاسی هەموو خەڵکی ئێران و دنیا دەکەم کە هاوسۆزییان دەربڕیوە و بەردەوام پەیوەندیم پێوە دەکرێت، بڕوا بکە ئەو تەلەفۆنەم بەردەوام پەیوەندی پێوە دەکرێت، من سوپاسیان دەکەم لە هەموو خەڵکی دنیا، لە ئێران و وڵاتانی دیکە، بەردەوام پەیوەندیم پێوە دەکەن. لە هەموو شارەکانی دەوروبەر خەڵک هاتوون بۆ سەقز، هیوادارم بتوانم بە شادی قەرەبووی گەورەیی ئەو خەڵکە بکەمەوە.

**رووداو:** کەی دەچن سکاڵا تۆمار دەکەن؟

**ئەمجەد ئەمینی:** ئێستا ئەوەندە قەرەباڵخین و خەڵکێکی ئەوەندە زۆر هاتوون بۆ لامان، دەرفەتی ئەوەمان نەبووە، مەگەر ئەو پرسەیە تەواوبێت و بتوانین بچین سکاڵا تۆمار بکەین. ئێستا کە قسە لەگەڵ ئێوە دەکەم، میوان لە ئەهوازەوە هاتوون، بەردەوام خەڵک لە شارەکانەوە دێن بۆ هاوسۆزی دەربڕین. دەبێ دوای ئەو پرسەیە بچم بۆ تاران و سکاڵا تۆمار بکەم.

**رووداو:** بە ئیبراهیم رەئیسیت راگەیاند کە سکاڵا تۆماردەکەی، ئەو چی گوت؟



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**ئەمجەد ئەمینی**: ئەو بەڵێنی ئەوەی دا کە ئەگەر منیش سکاڵا تۆمار نەکەم، خۆی بەدواداچوون بکات و ئەنجامەکەم پی رابگەیێنێت.

**رووداو**: قسەی کۆتاییت چییە؟

**ئەمجەد ئەمینی**: تەنیا دەڵێم، پێزانینم بۆ هەموو هاوسۆزی و پشتیوانییەکانی خەڵک هەیە، هەمووان لە پشتم بوون و هەموویان هاوبەشی خەمم بوون، تەنیا دەسەڵاتی ئەوەم هەیە سوپاسیان بکەم.

هیدایەت جان

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو – ڕێکەوتی: ١٩ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢

---

## ژینا ژیانی بەختکرد لە پێناو خاوەندارێتیی جەستەی خۆی دا




**بڵند نەورەس**

مردنی شاژنی بەریتانیا رووداوێکی گەورەیە لەسەر ئاستی جیهان، دوای مردنی چەرچڵی سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا لە ساڵی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

١٩٦٥، بەگەورەترین رووداوە دیپلۆماسییەکانی سەدە ناودەبرێت. بەوپێیەی کۆمەڵێک پرۆتۆکۆڵ و یاسا و رێسا لە بەریتانیا هەیە کە رێورەسمی مردنی شا یان شاژنیشی رێکخستووە و لە چوارچێوەیەکی مێژوویی دا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و مامەڵەی پێوەدەکرێت.

ئەو کەسانەی بانگهێشت دەکرێن بە شێوەی فەرمی بریتین لە ماڵبات و بنەماڵەی شاژن، لەگەڵ سەرجەم ئەو پادشایانەی کە وڵاتەکانیان پادشاییە لەگەڵ دیاریکردنی سەرۆک و سەرکردەی وڵاتانی جیهان، بۆیە لەسەر ئاستی هەموو جیهان تەنها 500 کەسایەتی بانگهێشت دەکرێن لە هەموو بوارەکاندا، جیاواز لە خودی بەریتانیا کە سەرجەمییان دەستەبژێر و دەستنیشانکراون و خاوەن پێگەی مەزنن.

لە نێوان بانگهێشتکراواندا سەرۆک نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان یەکێکە لەو بەشداربووانەی کە بە فەرمی لەسەر ئاستی عێراق و هەرێمی کوردستان بانگهێشتکراوە.

ئەم بانگهێشتکردنە فەرمییەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ئامادەبوون لە رێورەسمی ماڵئاویکردنی شاژن، زۆر ئاماژە و پەیامی گەورەی لە پشتەوەیە، گرنگترینیان دونیابینی جەنابیانە لە ئاست پرسە گرنگەکانی جیهاندا و کاریگەرییەکانییەتی لەسەر ئاستی ناوچەکە، چونکە ئاراستەی بیرکردنەوەکانی ئاراستەی چارەسەرن و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش بە گرنگی و پێویستییەوە لەو کەسایەتییانە دەڕوانێت کە کاریگەرییان هەیە و چارەسەر دەخەنەڕوو، لە هەمان کاتیشدا لەسەر ئاستی جیهان پەیامی ئاشتەوایی و پێکەوەیی و یەکدی قبووڵکردن بەرجەستە دەکەن.

بەشداریکردنی سەرۆک نێچیرڤان، هاوشانی ئیمپراتۆری ژاپۆن، سەرۆکی ئەمریکا، پادشاکانی وڵاتانی ئەوروپا و رۆژهەڵاتی نێوەڕاستە، یەکێکی دیکە لە گرنگی کەسایەتی و پێگە و کاریگەرییەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە وەک دەستەبژێرێکی جیهانی لە بازنەی کاریگەرترین کەسایەتییەکانی جیهاندا بانگهێشتکراوە بۆ ئەو رووداوە گرنگە.

ئەم بابەتەش دەچێتە خانەی پرۆتۆکۆڵی مێژوویی بەریتانیاوە کە دواجار بەشێکی کاریگەری ئەرشیفی جیهانییە و لەو دەروازەیەشەوە هەرێمی کوردستان جێگیرییەکی دیکە دەچەسپێنێت لە هزر و زاکیرەی داهاتوودا بۆ نەوەکانی داهاتوو، بە تایبەت بۆ توێژەران و لێکۆڵەران و مێژوونووسان.

سەرۆک نێچیرڤان بارزانی بە ئەزموونی خۆی و بە پەیامە کاریگەرەکانی و بە ئامادەبوونە جیدییەکانی و بە نێوەندگیرییە ناوچەییەکانی و بە پەرۆشییە ناوخۆییەکانی، توانیویەتی ببێتە یەکێک لە کەسایەتییە دیارەکانی جیهان و رۆڵی هەبێت



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لە هاوکێشە گەورەکاندا و ئامادەیی هەبێت لە رووداوە جیهانییەکاندا و قسەی هەبێت لە یەکلاییکردنەوەی کێشەکاندا.

بۆیە ئەم جۆرە کردار و هەڵوێستانە هەمیشە چوارچێوەی لۆکاڵی دەبڕێت و بەرەو فراوانی هەنگاو دەنێت و لە ئاست خواستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا کە هەمیشە جیهانیش بە پێویستییەوە لەو ئەرک و رۆڵ و پەیام و کاریگەری ئەو جۆرە کەسایەتییانە دەڕوانن و بە سەرمایەی مرۆڤایەتی دەیانناسێنن.

جیاوازی ئەم بۆنە و رووداوە لەوەدایە کە بۆنەیەکی سیاسی و ئابووری نییە، یان کۆبوونەوەیەک نییە بۆ پرسێکی دیاریکراو و بەرژەوەندیی رۆڵی تێدا بگێڕێت، بەڵکو کۆکردنەوەی ئەو کەسایەتییانەیە کە بۆ بەریتانیا و جیهان جێگەی سەرنج و تێڕامان و کاریگەرین و هەریەک لە بانگهێشتکراوان لە جوگرافیایەکی دیاریکراودا خاوەنی سەنگ و پێگە و پەیام و چارەسەرن و هەموو هەوڵەکانییان بە ئاڕاستەی چاکەی گشتیدا دەشکێتەوە.

ئەم رووداو و بۆنەیە یەکجار گرنگە و هەرێمی کوردستان دەتوانێت هەم شانازی بە بەشداری سەرۆکی هەرێمەکەیەوە بکات لەو رێوڕەسمە شاهانەیەدا و هەم بناخەی لەسەر پتەوبکات لە چوارچێوە و فۆرمی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەریتانیادا بە ئاراستەی سوودی هاوبەش.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو – رێکەوتی: ١٩ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ناڕەزایەتیی 'ژینا' لە ئێران



زریان رۆژهەڵاتی

## بەرایی

بەسەرهاتی دڵتەزێنی "ژینا" کچە کوردێکی سەقزی کە ماوەییێکی کەم دوای گیرانی بەهۆی یاسا و ڕێساکانی "حیجابی ئیسلامی"، لە تاران گیانی لەدەستدا، خەمێکی هاوبەشی نەک تەنیا لە کوردستان بەڵکو لە سەرتاسەری ئێران دروستکرد. هەرزوو، ئەم بابەتە بۆ پرسێکی سیاسی گەورە گۆڕدرا و ڕەهەندێکی نەتەوەیی - کوردی وەرگرت، هەروەها بووە بابەتێکی گەرمی رکابەریی نێوخۆیی نێوان ریفۆرمخواز و موحافزەکارەکان و بگرە نێوخۆیی موحافزەکارەکانی ئێرانیش. ئەمە بێجگە لەوەی کە وەک پرسێکی تایبەت بە ماف و ئازادییەکان و پرسی ژنان، ڕەهەندێکی سەرتاسەری و نێودەوڵەتیشی پەیداکرد.

پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە کە ئەم ڕووداوە چ واتاییێکی هەیە و دەتوانیت بە چ ڕەنگێک کاریگەریی لەسەر دۆخی سیاسی ئێران دابنێت؟



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## ڕووداوەکانی دوای ژینا

لە ئێران، بەپێی پاشکۆیەکی ماددەی ٦٣٨ی یاسای سزای ئیسلامی ئەوەی بەد"حیجاب"ی بکات، لەوانەیە لە ١٠ ڕۆژ تا ٢ مانگ زیندانی بکرێت یان بڕە پارەیەکی پێ ببژێردرێت. هەڵبەت ژینا تەنانەت چانسی ئەوەشی نەبوو کە بەپێی ئەو یاسایەش کە لەڕووی مافەکانی مرۆڤەوە مشتومڕی زۆری لەسەرە، گیانی بەخت نەکا و بەماوەیەک زیندانی یان بە پێبژاردنێک ڕزگاری بێت.

جوانەمەرگبوونی ژینا نارەزاییەکی سەرتاسەری نەک تەنیا لە کوردستان بەڵکو لەهەموو ئێران دروستکرد کە نموونەی کەمی لە مێژووی نزیکی کۆماری ئیسلامیدا هەیە. لە ماوەی زیاتر لە سێ مانگی ڕابردوودا ڕەفتارەکانی پۆلیس سەبارەت بە پرسی حیجاب لە ئێران توندتر بووە، بۆیە ئەو ڕووداوە بابەتێکی نامۆ نییە بۆ زۆرێک لە ئێرانییەکان و لەوانەیە هەر ئەوەش یەکێک لە هۆکارەکانی سەرتاسەری بوونی کاردانەوەکانی دژی ڕووداوەکەش بووبێت .

خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە نارەزایی پێشاندانی بەشێکی بەرچاوە لە ئەستێرە و کەسانی ناوداری بوارە جیاوازەکان لە ئێران لە تۆپی پێ-وە بگرە هەتا سینەما، فاکتەرێکی دیکەی کاریگەر بوو لەوەی کە ئەم بابەتە بە خێراییەکی زۆرەوە جەماوەری بێتەوە.

دیارە مانگرتن و نارەزایی خەڵک بەشێوەیەکی فراوان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کۆکبوونی حیزبە سیاسییەکان و چالاکڤانانی مەدەنی فاکتەرێکی دیکەی کاریگەر بوو .

بێجگە لەوە، مەرگی ژینا وەک پرسێک لە ململانێی نێوخۆیی نێوان ریفۆرمیست - موحافزەکاری میانەڕەو لەگەڵ موحافزەکارانی ئێرانیشدا ڕەنگی دایەوە. هەر لە محەممەدی خاتەمییەوە کە دوای ڕاگرتنی ئەو جۆرە ڕەفتارانەی کردووە هەتا محەممەد جەوادی زەریف کە گوتوویەتی، "من شەرمەزارم." گەلێ کەس هاتنە دەنگ و سەرۆککۆماری ئێران و بەشێک لە بەرپرسانی پلەبەرزی ئەو وڵاتەش ناچاربوون قسەی لەسەر بکەن و بڕیارە پەرلەمانیش لێی بکۆڵێتەوە. هەر لەو بابەتەدا هەندێک لە ئاژانسەکانی هەواڵیش باسی لەسەر کارلادانی بەرپرسی پۆلیسی ئاسایشی ئەخلاقیی تارانیان کردووە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## ڕووداوەکە چ واتایەکی هەیە؟

بەر لە هەموو شتێک، دەکرێ زۆر بە ئاسانی پێشبینی ئەوە بکرێت کە حکومەت چاوەڕوانیی کاردانەوەیەکی  ئاوەها فراوانی نەدەکرد. بۆیە سەرەتا باس لەوە کرا کە پۆلیس لە ژینای نەداوە، بەڵام دواتر باس لە پێویستیی ڕوونکردنەوەی ڕەهەندەکانی ڕووداوەکە کرا!

ڕووداوەکە، کابینەی ئیبراهیم رەئیسیی خستووەتە تەنگەتاوییەکی گەورەوە کە خۆی بەهۆی گرانیی و خراپی گوزەرانی خەڵکەوە دۆخی باش نییە. بەڵام زیاتر لە کابینەی حکومەت، ئەمە دەشێ شکستی پرۆژەی ئیسلامیکردنی زۆرەملێی کۆمەڵگەش بێت کە ساڵانێکە کاری لەسەر دەکرێت .

جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان ئەو دیمەنانەی کە هەندێک خەڵک لە بەشێک لە وڵاتانی جیهان هەوڵدەدەن بۆ ئەوەی مافی پۆشینی ئیسلامی بە دەستبهێنن لەگەڵ ئەو دیمەنانەی کە پۆلیسێک لە تاران دەیەوێ بە زۆر خەڵک ناچار بکات تاوەکو جلوبەرگی ئیسلامی لەبەر بکات .

پرۆژەی حیزبی ئیسلامی، حکومەتی ئیسلامی، کۆمەڵگەی ئیسلامی و جیهانی ئیسلامی کە لەڕێگەی سەپاندن لە ناوخۆ و ناردن بۆ دەرەوە کاری لەسەر کراوە، دوای زیاتر لە 40 ساڵ هێشتا نەیتوانیوە ئەو کۆمەڵگە ئایدیا لە ئیسلامییە دروستبکات کە ئەندازیارەکانی پلانیان بۆ دانابوو، بگرە ئەنجامێکی زۆر پێچەوانەیشی لێکەوتووەتەوە کە نموونەکانی ڕۆژانە لە پێشچاون .

ڕەنگە یەکێک لە ئامانجەکانی زیندووهێشتنەوەی پرسی حیجاب و گوشاری پۆلیس بۆ ئەوە بێت کە حکومەت لە دۆخی نالەباری ئابووری و سیاسیدا، بەردەوام هێزی خۆی پیشانبدات تاوەکو ڕێگە لە تەشەنەکردنی نارەزایی بگرێت. بەڵام ئەمەش دەتوانێت ئەنجامێکی پێچەوانەی لێبکەوێتەوە چونکە چەندێک حکومەت ڕاهاتووە بەوەی کە خۆپێشاندانی خەڵک دابمرکێنێتەوە، خەڵکیش ئەوەندە ڕاهاتوون کە بەردەوام و دووبارە خۆپێشاندان بکەنەوە. لە ساڵی 2009وە تا ئێستا بەشێوەیەکی بەردەوام خەڵک لە شوێن و کاتی جیاوازدا بە پاساوی جۆراوجۆرەوە نارەزایی پیشاندەدەن؛ وەک نارەزاییەکانی بەنزین، ئاو، گرانی و ئێستاش نارەزایی ژینا.

ئەم بابەتە بۆ کوردیش بایەخێکی زۆری هەبوو. لەلایەک سەرنجی ڕاکێشایەوە سەر پرسی کورد لە ئێران و بە گشتی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هاوخەمییەکی لەگەڵ کورد دروستکرد. بەجۆرێک کە تەنانەت بەشێک لە ئەستێرە ناودارەکانی ئێران لە کاردانەوەکانی خۆیاندا وشە و زاراوەی کوردییان بەکارهێنا. هەروەها وەک تاقیکردنەوەیەکیش وابوو بۆ ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و جۆرێک یەکانگیریی نێوخۆیشی سەبارەت بە پرسی کورد دروستکرد. ئەمە لە بابەتی زارا محەمەدی و هەندێک زیندانی دیکەی کوردیشدا کە لە سێدارەدران هەبوو، بەڵام لەم ئاستەدا نەبوو. ئەمە بێجگە لەوەی کە جارێکی دیکە، پرسی ماف و ئازادییەکانی ژنانی لە کۆمەڵگەی ئێرانیشدا خستەوە رۆژەڤ .

## کۆتایی

رووداوەکانی دوای مەرگی ژینا دەریانخست کە تەنیا یەکدەستکردنی دەسەڵات لەلایەن موحافزەکارەکانەوە بە تایبەت لە پاش دوایین هەڵبژاردنی پەرلەمان، بەس نەبوو بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی پێ کۆنترۆڵ بکرێت.

بە لەبەرچاوگرتنی فراوانی ئاستی نارەزاییەکان، چاوەڕێ دەکرێت کە حکومەت بەشێوەیەکی رانەگەیێندراو هەندێک لە گوشارەکانی سەبارەت بە پرسی حیجاب لەسەر خەڵک کەمبکاتەوە. هەر لە ئێستاوە دامەزراوەی تایبەت بە "ئەمری بە مەعروف و نەهی لە مونکەر" رایگەیاندووە کە ئەوان چەندینجار داوایانکردووە کە دژی بەریەککەوتنی پۆلیس و کەسانی بەدحیجابن و باشتروایە ئەو بابەتانە بەبێ گرژیی کۆمەڵایەتی چارەسەر بکرێن .

نارەزاییەکەی ژینا جارێکی دیکە ئاستی نارەزایی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ئێران پێشاندایەوە و ئەو وەرچەرخانە بێدەنگەی دەرخست کە رۆژ بە رۆژ لەسەر یەکتر کەڵەکە بووە .

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو – رێکەوتی: ١٩ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## هەڵۆ شێرکۆ بێکەس: ژینا کەنیشکێ بوو بێ لەچک بەڵام پرچی بۆ کردین بە ئاڵا

هەڵۆ کوڕی شاعیری نەمر و گەورەی گەلەکەمان شێرکۆ بێکەس بۆ ژینا ی ئەمینی دەنوسێت:



لە ڕۆژێکی بە ڕۆژمێری وەک ئەمڕۆ و بەڵام چاوتەڕ بۆ مێژوو...

ژینا کەنیشکێ بوو بێ لەچک بەڵام پرچی بۆ کردین بە ئاڵا

لە سەربانی هەموو ماڵێکی سەقز مۆمی خۆشەویستیان بۆ دائەگیرسان لەوێ!

ئێستا هەموو وڵاتم لەوێ وەکو شیعر سەرتاپای ڕەش و

کتێب بۆینباخی ڕەش و مۆسیقا پرسەیەتی لەوێ!

ژینا ئەمینی نەیویست لەچک کفنی سەروملی بێت

نەهێشت لەچک خۆرەتاو دەرکات و لەچک وەک گۆڕێکی قوماش

سەروملی تێدا بنێژێت!

لە تاران بادەی خەیام کفری سوورە و لە ژێر لەچک و لە ژێر

ترس و لە ناو مانتۆی تەمدا خۆی ئەشارێتەوە لەوێ!

ئێستا لەوێ چاو نییە بۆ بینین و ئاسمان نییە بۆ فڕین و

ڕەنگەکان نیین بۆ جیاوازیی، تەنها و تەنها لە ڕەنگی قەترانیی!



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خوێنی ژینا وەکو خوێنی دارهەنارەکانی هەورامان سوور و
ئێسک سووکە و لەبەردەمی چرای هەڵکراوی سەر بەفری
سەقزدا ئەوەستێ و چاوەڕوانە و گوڵاوپرژێنی بە دەستەوە
هەتا یەک یەک لەم گوڵاوەی نەمریەیان بەسەردا بپرژێنێ...
هەموو ساڵێک لە یادی نەمریی تۆدا هەموو شیعرە جوانەکانمان
هەموو سرودە بەرزەکانمان، خۆیان بە ڕایەڵی تریفەی مانگدا
هەڵئەواسن و هەموو زەنگۆڵەکانی گەردنی ئەم مێژووە
ڕائەوەشێنن و زرنگە زرنگی وشە ئەیکا بە شەوی زرنگانەوەی
ڕووناکیی و بە ڕەنگدانی بۆن و گوڵدانی دەنگی ژینا لەوێ!

لە ڕۆژێکی بە ڕۆژمێری وەک ئەمڕۆ و بەڵام دڵشکاو بۆ مێژوو...
لەم غەدرەدا...کچێک لە گوڵی دارهەنار باوەشی کرد بە مێژوودا...
بەفر و خوێنی لەگەڵ یەکدا موتوربە کرد لە تاران!
لە دواییدا درەختی دارهەنارێ هاتە ژینەوە
شەختەی سەقز ناوی لێنا درەختەکەی
شەهید ژینا کوردستانی هەمووان!

وێنە: هونەرمەند هێمن قارەمانی

سەرچاوە: ماڵپەڕی دەزگای میدیایی کەرکوک – ڕێکەوتی: ١٩ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## شەهیدکردنی "ژینا ئەمینی" دوا روداو نابێ!




**مەلا بەختیار**

(ژینا ئەمینی) نەونەمامە تازەهەڵچووەکەی سەقز و کوردەواری، بەشەهیدکردنی، بووە سومبلی هەمیشە درەوشاوەی کوردستان. لەم کورتە وتارەدا تەنها بۆ شەهیدێک شین ناگێرم. ناشمەوێ ئەو زوخاوە پەنگخواردووەی دەیان ساڵە هەڵرێژم. تەنها دەمەوێ بڵێم:

ژینا، روداوێکی کوتوپڕ سەرهەڵداوی کوردستانو ئێران نییە. بەڵکو تەواوی روداوەکانی ئێران (هەروەها وڵاتانی تری دەوروبەر) بە رێکەوت رونادەن. هەر لە قەیرانی ئابوریەوە، بۆ پەیوەندی نێودەوڵەتی، تا دەگاتە سەرهەڵدانی کێشەگەلی سیاسی.. بەڵکو دردۆنگی باری دەرونیش.

لە گەرمەی جەنگی سارددا، گەلانی ئێران رژێمی شایان روخاند. بەحوکمی زۆرینەی ئیسلامی - شیعە، چەپو دیموکراتو



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئێرانچییەکان، لەهەڵبژاردنو لە مقاوەمەتی چەکداریدا پاشەکشەیان کرد. کۆماری ئیسلامیو، ویلایەتی فەقیو، ئیمام خومەینی سەرکەوتن. (٤٢) ساڵی رەبەقە، ئەم سیستەمە فەرمانڕەوایە. لەو چوار دەهەیەدا، جیهان بە سیستەمی نوێو پاشان جیهانگیری، گۆڕدرا. رۆژهەلاتی ناوەڕاست جۆرەها گۆڕانکاری بەخۆیەوە بینی. جەنگەکانی: عێراق-ئێران، عێراق-کوەیت، عێراق-کوردستان، کۆتاییان هات. بەهاری عەرەبی سەریهەڵداو بە توندڕەویو بێئەزمونیو هەڵەی رابەرانی، سەرکوت کرا؛ لەو روداوە سیاسییە کاریگەرتر، ئابوریو تەکنەلۆژیاو شۆڕشی زانیاری، سەراپا چەمکەکانی جیهانبینیو حوکمڕانییان گۆڕیوە! لە ئانو کاتێکدا، بە کلیکێک جیهان دێنێتە ناومالو کام سەنگەری چەکداریو مالی نهێنی بەرهەڵستکارانیش قایم بێ، بە فڕۆکەی درۆنو موشەکی دوورهاوێژ، خاپور دەکرێ!!

راستە ئێران، لەبەرامبەر فشارە دەرەکیەکانو کێشەو نارەزاییە ناوخۆییەکاندا، وێڕای قەیرانو تەنگوچەڵەمەکان، خۆی راگرتووە. تەنانەت لە دانوستاندنی ئەتۆمییشدا، سورە لەسەر بڕیارەکانیو نەگەیشتۆتە رێکەوتن (کە پێموایە هەر دەگەنە رێکەوتن!) بەلام..

ئێران لەو راستییە دڵنیایە، کە سەراپای وڵاتەکە لەبەردەم شەپۆلەکانی گۆڕانکاری جیهانیو نارەزایی بەرینی ناوخۆییدا، ناتوانێ بێ تفاوت بمێنێتەوە. ناشتوانێ هەتا سەر تەنها بە زەبروزەنگ سیستەمەکەی رابگرێ.

کێشەی دیموکراسی.. فراوانتر لە دیموکراسی دینی - مەهەبی، لەئێراندا دامانگیری وڵاتەکەیە. قەیرانی ئابوری، زۆربەی خەڵک، لەپێشەوەدا هی کرێکاران، مامۆستایان، فەرمانبەرانو ژنان (بە ستەمکاریو باوکسالاری)یشەوە، تا دێت قوڵو قوڵتر دەبێ. ژنانو مامۆستایان بونەتە پێشەنگی داخوازی پیشەییو گۆڕانکاری.

دەستوری گەلپەسەندی ئێران دوای (٤١) ساڵ وەکو دەستوری هەموو وڵاتانی کە قۆناغی جیاوازو گۆڕانکاری فراوانیان بەسەردا دێو دەچنە سەردەمێکی ترەوە، پێویستی بە پیاداچونەوەو دارشتنەوەیەتی بەپێی ئەرکو داخوازیەکانی سەردەم. دەرکەوت، بە خەباتی چەکداری، یان تەنانەت بە گەمارۆی ئابوریش، ئێران نەڕوخێندرێ؛ بەلام ئەم راستییە ئەوە ناگەیەنێ کە شەهیدکردنی هاولاتیەکی کوردی-ئێرانی، تەنها لەسەرئەوەی سەرپۆشەکەی چەند سانتیمەترێک خزاوە، هەروا بەئاسانی لەناو رای گشتی تورەدا، دەچێتە سەر. هەربۆیە لە کۆشکی سپیەوە بۆ ماڵە هەژارەکانی رۆژهەلاتی کوردستان، هاودەنگ بوون! سەرەنجام، رۆژهەلاتی کوردستان دڵیان نەهات ژینا بەتەنها لەناخیاندا بنێژن.. هاوکات (٥) کێلی دیکەیان لەتەنیشت کێلی ژیناوە، سەرکەش راگرتو دەیان کەسیش بە گوڵەسورەی برینیانەوە، کەژاوەی ئەم جوانەمەرگەیان رازاندەوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ژینا، کچە نەشمیلێکی سەقزی - کوردستانی، نەناسراو بوو. کەچی رووداوێک کردی بە ئەستێرەیەکی جیهانی. هۆکارەکەی تەنها گیانلەدەستدان نییە. بەڵکو زادەی ئەو دۆخە (سیاسی-ئابوری-کۆمەڵایەتیو دەرونی)یە کە ئێرانی پیادا تێدەپەڕێ. ئەگینا مەعقول نییە، ئێران لەکاتێکدا بەرگەی فشاری گەمارۆی ئەمریکا بگرێ، کەچی شەهیدکردنی کچە کوردێک وڵاتەکە دەهەژێنێ. بەتایبەتی شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە ورمێوە بۆ کرماشان.. بەوپەڕی ئازایەتیەوە دەخرۆشێن.

دەبێ رەگو ریشەی ئەم کێشانە کە بە شەهیدکردنی کچێکەوە وڵاتێک رادەچڵەکێ، بەقوڵیی هەڵبسەنگێندرێو دەرهەق بەم زەمانو زەمینە سیاسییە، لە رۆژهەڵاتی کوردستانو سەرانسەری ئێران، مەجلیسی شوراو حکومەت، بیر لە گونجاوترین چارەسەری سەردەمیانە بکەنەوە. ئەگینا رووداوگەلی تر رێیان لێناگیرێ!!

دڵنیام ئەم خۆپیشاندانانەی رۆژهەڵاتی کوردستانو پشتیوانیەکەشیان لە تارانو شارەکانی دیکەی ئێران، دادەمرکێنن. بەڵام هەروەکو جارێک لە کۆبونەوەی رەسمی لە تاراندا گوتومانە: ئەگەر کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا یەک پێشمەرگەشی نەمێنێ، کێشە سیاسییە چارەسەرنەکراوەکەی هەر دەمێنێ. هەروەها کێشە جۆراوجۆرەکانی تریش.

من دڵنیا نیم بکوژی ژینا دادگایی بکرێو سزا بدرێ.. بەڵام دڵنیام رەگو ریشەی ئەم کێشانە نەک بەتەنها لەئێراندا، بەڵکو لەزۆربەی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، رۆچونەتە ناخی مێژوو، سەرەڕای هێزی چەکدارو تەکنەلۆژیای دوورکوژ و چاودێری، ئەگەر چارەسەریان بۆ نەدۆزرێتەوە، سەرهەڵدەدەنەوە!!

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕوانگە و ڕەخنە – ڕێکەوتی: ٢٠ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# کوردستان لوتکەی هەڵوێست و خۆڕاگری



**ئەلبورز ڕۆئین‌تەن**

دوای جینایەتی ناخەژێنی ژینا ئەمینی شەپۆلێکی بەرفراوانی دڵگرانی و قینی خەڵک بەرانبەر ڕێژیم دروست بوو. سەرەتا ئەو قینە بابەتێک نەبوو تەنیا بەرانبەر بە ئۆرگانێکی وەک "ستادی ئەمر بە معروف" بەڵکوو کۆی سیستمی کۆماری ئیسلامی بە هەموو باکگراوەندە ئیدۆلۆژیکی و بەڕێوەبەری و بروکراسیەکەی لە خۆ دەگرت، ئەوە خاڵێکی گرینگە کە ئیتر لە هەر ڕووداوێکدا کۆی سیستم بەرپرسیارە و ئەو ڕاستییەش لەنێو خەڵک وەک فاکتێکی سەلمێنراو دەبیندرێ.

وێڕای هەموو هەوڵەکانی ڕێژیم و کاربەدەستانی ئاشکراو و نهێنی هەروەها هەڕەشە و سەرکوت بۆ چەواشەکردن و شاردنەوەی ئەو کەیسە نەک سەرکەوتوو نەبوو، بەڵکوو بە پێداگری کۆمەڵگای کوردستان بە گشتی و هاتنە سەر خەتی بزووتنەوەی ڕەوای کورد ئەو کەیسە لە کەیسێکی تاکە کەسی و بنەماڵەی ژینا بووە بە کەیسی ئازادیخوازی کورد و کوردستان بەرانبەر ڕێژیمێکی دواکەوتوو کە بە هەموو شێوەیەک دژی ئازادی و ماف و نرخ و نۆرمە پێشکەوتووی مرۆڤایەتیە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لە هەمووشی گرینگتر ڕێکخستنی ئەو ڤینە و ئاراستەکردنی لەلایەن دینامیکە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بە گشتی و ناوەندی شۆڕش بە تایبەتی، بەرەو ڕێڕەوی دژایەتیی جنایەتکاران و بەرخودانی نەتەوەیی بۆ گەیشتن بە ئازادی یەکجاری بوو، کە هەنگاوێکی بایەخدارە و دەتوانێ ببێ بە وێستگەیەکی دیکەی گرینگی شۆڕش و تێکۆشانی نەتەوەکەمان بۆ گەیشتن بە ئازادی.

لە وەڵامی ئەو ڕێکخستنە و داواکارییەدا مانگرتنی ٢٨ی خەرمانی لێ کەوتەوە کە وێڕای ئەوەی وەبیرهێنەرەوەی هەموو حەماسەکانی خەرمانانی ڕابردوو لە کات و ساتی جیاوازە، چرای بەردەوامی نارەزایەتیی شۆڕشە بەرانبەر بە دوژمنان.
لە دیتنی ئەو مانگرتنە و خۆپێشاندنانەی کە لەو چەند ڕۆژە کراوە و بەردەوامە و دەکرێت جارێکی دیکە بە ڕوونی سەلمێنرا کە کوردستان و کورد سەنگەری ئازادیخوازی و هەڵگری مەشخەڵی شۆڕشێکی پێشکەوتنخواز و پێشڕەوی کاروانی گەیشتن بە ئازادییە.

لە خەرمانانددا دوژمنی دڵ پڕ لە ڤینی داگیرکەر بە تۆپ و تانگ و سەرکووت، بە تیرۆر و بە جنایەت و مووشەکباران، بە چەواشە و شاردنەوە و شەڕی نەرم، بە هەر شێوەیەک کە توانیویەتی هەوڵی داوە کورد و خەبات و لاو و بیرە ئازادیخوازەکەی لە نێوبەردا. لە بەرانبەر دا دوێنی کۆبوونەوەی هەزاران کەسی لە برِلین و، ئەمڕۆ پاڵپشتی و پشتیوانی میلیۆنان کەس لە ڕۆژهەڵات یەک دەنگ و هەماهەنگ هاواریان کرد دوژمن خەیاڵت خاوە و هەتا کوردێک مابێ خەبات و شۆڕش بۆ گەیشتن بە ئازادی و سەربەستی هەر دەمێنێ.

بە مانگرتنە جارێکی دیکە ئەو ڕاستییەمان بۆ سەلمێنرا کە کوردستان سەر دانانوێنێ، کوردستان ئامادەیە و ئامادەتریش دەبێ بۆ بەهێزترکردنی شۆڕش، لە هەمووشی گرینگتر ئیرادەی گەل بەهێزترە لە هێزی داگیرکەری دواکەوتوو و درەندە. جارێکی دیکە بۆ هەمووبان بۆ دۆست بۆ دوژمن دەرکەوت کوردستان لوتکەی هەڵوێستە، هەڵوێستێکی پێشکەوتوو بۆ هەبوونی ژیانێکی ئازاد و شایانی مرۆڤ و نەتەوەیەکی ئازاو مافخواز و ڕاپەریو. جارێکی دیکە نیشانی دایە کە هێز لە یەکگرتن و یەکگرتوویی دایە و ئەمە وەڵامێکیش بوو بۆ یەکگرتنەوەی دێموکرات و ناردنی ئەو پەیامە کە گەورەترین دەسکەوتەکان بە یەکیەتی و یەکگرتوویی وەدی دێن.

کوردستان لوتکەی هەڵوێستە بەرانبەر داگیرکەرانی خاک و ئازادی، لوتکەی بەرخودانێکە کە ئاسۆی ڕوونی سەرکەوتن ڕوونتر و ڕوونتر دەنوێنێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٢٥ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## ژینا ئەمینی ـ محەممەد بوعەزیزی ـ سەقز



**کاروان عەبدوڵڵا**

ئەو ڕۆژەی لە داخی پۆلیسی سەرکوتگەری توونس "محەممەد بوعەزیزی"، گەنج کە لەسەر عەرەبانە دەستییەکەی شتی دەفرۆشت و سوکایەتییان پێکرد، ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا، بەدوایدا خەڵکی توونس ڕژانە سەر شەقام و ڕق و تووڕەیی چواردە ساڵەی خۆیان بەسەر پۆلیس و دەسەڵاتی ئەو وڵاتە و (زەین عابدین)دا ڕژاند و شۆڕشی هەژاران و خەڵکی ستەمدیدە و کرێکاران و زەحمەتکێشان تەرمی بوعەزیزیان خستە سەر شان و کۆتاییان بە حوکمی عابدین هێنا. مەرگێک، مەرگی بوعەزیز، بووە داینەمۆی شۆڕشی ڕاپەڕین و بە مەرگی خۆی زۆربەی سیستمە سیاسییەکانی جیهانی عەرەبی قڵپ کردەوە، مەرگی بوعەزیز وەچەرخانێکی گەورە بوو لە باکوری ئەفریقا، دواتر پەڕییەوە بۆ میسر، یەمەن، سووریە و لیبیی و (بەهاری عەرەبی) لێکەوتەوە. دەرهاویشتە و دەرئەنجامەکانی بەهاری عەرەبی هەرچییەک بن و بەرەو هەر ئاراستەیەک چووبێتن، لە گەورەیی قوربانیدانی بوعەزیز و کاریگەریی هەڵوێستەکەی کەم ناکاتەوە.

کوشتنی (ژینا ئەمینی) کچە کوردی سەقزی خۆرهەڵاتیش لەلایەن پۆلیسی ئادابەوە، بەبیانووی ئەوەی جلەکانی نەشیاو بووە، پاش لێدان و سووکایەتی، پۆلیس قۆڵبەستی دەکات و ئازار و ئەشکەنجەی دەدەن، تا سێ ڕۆژ لە بیمارستان مایەوە و دواتر گیانی سپارد، مەرگی ژیناش سەرئەنجام دەبێتە مایەی تووڕەیی و نیگەرانیی خەڵکی سەقز و ڕۆژهەڵات.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

چ بیانوویەکی نالۆژیکی و نامۆڕاڵییە بەهۆی جلوبەرگەوە، گیان لە کەسێک بستێنی و چ زاڵمانەیە ئەم هەموو سووکایەتییە، چ سەختە، کە ئامادە بێت جەستە بکاتە قوربانیی ئەو کەرەستەیەی جەستەی پێ دادەپۆشرێت، هەرگیز ناتوانێت ئەو ڕووداوەی تێدا ڕوو نەدات.

ئایا گرفتی ئینسان جلوبەرگییەتی؟ یان عەقڵ و حوکمڕانییەکەیەتی؟ خەڵکی ئێران دەیانەوێت ئازاد بژین، ئازاد جل بپۆشن، ئازاد بخۆن و بخەون، گرفتەکە ئەوەیە ئینسان داوای عەداڵەت دەکات، داوای ماف و پاراستنی کەرامەت دەکات. داوای ئەوە دەکات ژن وەکو ئینسان سەیر بکرێت، کورد وەکو ئینسان سەیر بکرێت، فارس و تورک و کورد حسابی هاوڵاتییان بۆ بکرێت. بەڵام لە غیابی هەموو ئەو بێ مافی و ناعەداڵەتییەدا ناچار پەنا بۆ کوشتن، زەبروزەنگ دەبرێت بە بیانووی حیجاب. بەردەوامبوونی دەسەڵاتی سیاسیی ئێران لەسەر ئەم جۆرە کردەوانە، میکانیزمێکی ئەو دەسەڵاتە خۆیەتی، کە بە حیسابی خۆی دەیەوێت بەمە گرفتە سیاسی و ئازادییە تاکەکەسییەکان لە بیر خەڵک بەرێتەوە. بێئاگا لەوەی ئەمە هێندەی تر ئەو گرفتانە قووڵتر دەکاتەوە.

ئەوەی دوێنێ لە سپاردنی تەرمی ژینا لە گۆڕستانی سەقز بینیمان، پێمان دەڵێت تووڕەیی خەڵکی کوردستان گەیشتووەتە سەری لووتیان و بێزارن لەم ژیان و جەورە، بێزارن لەم کوشتن، کوشتار و هەژاری و دەستتەنگیە.

بێزارن لە سووکایەتی بە ژنان و کچان، سووکایەتی بە هونەر، کولتوور، زمان، ئۆلگوو، ڕەمز و سیمبولەکانیان.
بێزارن لە قسەی نەوتراوی قوڕگی قوفڵدراوی بێئازادییان و خەریکە دەخنکێن.
بێزارن لە نەبوونی سفرەیەکی شایستەی ئینسانی و خاڵی لە تێربوونیشیان.

دەبێت بزانرێت ئەو هەموو خرۆشانە جەماوەرییەی سەقز و شارەکانی تر، بەرهەڤە و هەڤانییەتی هەیە، ئەوان هەموویان (ژینا)ن و بەو ڕووداوانە حەرەکەتی ڕەوڕەوەی مێژوویی گۆڕان خێراتر دەبێت.

ئەوەی خەڵکی سەقزی هێنایە سەر شەقام و فەزای کپی گۆڕستانی گۆڕی بۆ نرکە و هاوار و سروودی شۆڕشگێڕانە و حەماسە و خرۆشی خەڵکی سەقزی شۆڕشگێڕ و شارەکانی تر، بە تەنها پرسێکی سادەی بەخاکسپاردنی ژنێک نییە، بە تەنها پرسی مەرگی ژینا نییە.

نازانم دەزانن یان نا، پرسی هاواری ناو گۆڕستان، پرسی هەموو ماڵێکی سەقزە، پرسی هەموو ماڵێکی ڕۆژهەڵاتە، پرسی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**کۆلێت و ماڵەکانی سنە، مەریوان، بۆکان، مەهاباد، جوانرۆ، بانە، سەردەشت، لوڕستان و ورمێیە.**

**پرسی دەنگهەڵبڕینە، مەرگی ژینا بیانوویەکی کوردانەی حەقانییە، کە هەموو سات، چرکە و سەعاتێک، ڕۆژێک، مانگ و ساڵێ ئامادەیە و سازە.**

**دڵنیام مەرگی (ژینا ئەمینی) سەقزی ڕێکاوڕێک هاوشێوەی مەرگی (محەممەد بوعەزیزی) توونسە، کە ئەویان لە توونس و ئەمیان لە سەقزە، بەڵام ماجەراکە یەک مانا و مەدلوول، یەک پرس و یەک ڕیوایەت و چیرۆکی هەیە، کە سووکایەتی و شکاندنی کەرامەتی ئینسانە.**

**ناوەڕۆکی ئەم بابەتە ڕا و تێبینیی نووسەرە و ماڵپەڕی کوردستان میدیا لێی بەرپرسیار نییە.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٢٠ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢**

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# غەریب لە تاران




**پەرویز جەباری**

لە گرتنگەی وۆزەرای پولیسی تاران بەپێی ئامار تا ڕۆژی شەهیدکرانی ژینا ئەمینی ١٦٩ هەزار کەس گیرابوون و لەوێ کلاسی بەناو حیجابییان بۆ داناون و بە وەرگرتنی تەعەهودی ئەوەی کە لە مەبەدوا دەبێ حیجابی جێی پەسەندی ڕێژیم ڕەچاو بکەن ئازاد کراون؛ لەم ڕێژە زۆرە گیراوە تەنیا یەک کەس کوژرا ئەویش کچێکی کوردی سەقز بوو.

ژینای تەمەن ٢٢ ساڵان هەر لە سەرەتای خوێندنی تا ئەو کاتەی کە بۆ خوێندنی ماستەر بە پلەیەکی باش دەرچووبوو لە ناو سیستەمی خوێندنێک کە سیفر تا سەدی بەدەستی ناوەندە، ژیاوە. ئەو بە پێی موناسباتی داگیرکەر و کولۆنی، بڕێ مافی سەرەتایی پێ دەدرێ بۆ مانەوە بۆ ئەوەی بمێنێ و داگیرکەر دواتر وەک ئامێر لە بەرژەوەندی خۆیدا کەڵکی لێ وەربگرێت، ئەمە ناخ و سروشتی هەموو سیستەمێکی کولونیالیستە، کوڕانی وڵاتێکی داگیرکراو هەلیان بۆ دەرەخسێنێ تا پێبگەن، دواتر دەیان کاتە سەرباز و کارگێڕی قازانجە نگریسەکانی خۆی.

بەپێی هەمان یاساوڕێسای ڕێژیمی تاران، ئەو کچە هەڵگری ناسنامەی ئێرانییە، بەڵام کاتێ کە پێدەچێ یەکەم جار و دواجاری بوو کە تووشی پۆلیس و گرتن دەبێ ئەو یەک شت بە زەقی دەڵێ: من غەریبم ، لێرە غەریبم.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

به سەرنجدان به وشەی غەریب بۆمان دەردەکەوێ کەلێنی نێوان ئێمەی کورد سەرەڕای دەیان ساڵ داگیرکراوی لەگەڵ ناوەندداپڕ نەبووەتەوە و بەڵکوو زیاتر گەورە بووە، تەواوی پلانەکانی ڕێژیمی تاران، بۆ یەکدەستکردنی نەتەوەکانی ناو ئێران دەکرێ به دڵنیاییەوە بڵێین لە کوردستان و کورددا سەری نەگرتووە، ئێمە لەگەڵ باش خوێندنمان به زمانی سەپێنراو و دەرچوونمان لە باشترین زانکۆکانی تاران، ژیان کردنمان لە گەورە شاری چەن ملیۆنی تاران، هەر لەگەڵ ڕووبەڕووبوونمان لەگەڵ پۆلیس وەک نوێنەر و دەرکەوتەی هێز لەسەر شەقام ئەگەر وەک ژینا بوێرانە نەڵێین غەریبین و بێگانە، بێگومان لە دڵدا ئەم هەستەمان لا دروست دەبێ.

ئەگەر چاوێک به ڕابردووی داپڵۆسێنەرانە و بەبەرنامەی ڕەزاشا تا خامنەییدا بخشێنین، ئەوان وەک پرۆسەیەکی توکمە و پتەو زۆرترین کاریان کردووە کە زاری کوردی حەرفی کوردی گۆ نەکا، ناخی کوردی لە ناو ناخی تاران خۆی بتوێنێتەوە و خۆی بە غەریب نەزانێ، خۆ به غەریبە نەزانین مانای خۆ به خاوەن ماڵ زانین نییە، واتە دەستهەڵگری شوناسی خۆ بوون و نکووڵی لە کوردبوونی خۆ کردن، بەڵام ئەم پرۆسە زەبەلاحە پڕ خەرجە نەیتوانیوە به ئاکام بگات و تا ئێستا تووشی شکست هاتووە، نەیتوانیوە زمانی لایەلایە و لاواندنەوەی دایکان و زمانی خەونەکان به فارسی بکات، کۆمەڵگای کوردی به ڕۆحی بەرەنگاری و به ئورگانیزەکردنی هەموو بەشەکانی خۆی توانیویە بەرەیەکی بەرگری دروست بکات، هەر چەن کولۆنیالیزم سست و شەکەتی کردووە بەڵام نەیتوانیوە بیفەوتێنێ و هێشتا زیندووە.

ئەم بەرە پیرۆزە میللییە هەموو چینەکانی نەتەوە تێیدا بەشدارن کە زۆرترین ئەرک و ماندوو بوون و ستەمکاری لەسەر ژنانی تێیدایە، دەیان و سەدان ژینا بێگومان چاو لە چاوەنەترسیی زارا کانی نیشتمان دەکەن بۆ ئەوەی تا لە ژیاندان نەترسانە به داگیرکەر بڵێن تۆ غەریبە و بێگانەی به من. بۆیە دەمارگرژی و نەفرەتی ئەوان وا هەڵدەچێ کە لەناو ١٦٩ هەزار کەسدا ئەو شەهید بکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٢٠ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ژینا ئەمینی، وەک پاڵنەرێکی نوێ




پۆلا سەعید

سەرەتا سەری ڕێز و ستاییشم بۆ ڕۆحی پاکی ژینا دادەنەوێنم، بە ئومێدی سەبووریی پڕاوپڕی دڵی کەسوکاری ئەم خاتوونە ڕۆحپاکە.

هێز هەموو شتێکە و هەموو شتێکیش بەبێ هێز هیچە. جیاوازیی نێوان داگیرکار و داگیرکراو لە هێز و بێهێزیدایە. کاتێک هێزێکی سروشتی دەکەوێتە گەڕ، بیر لە هیچ ناکاتەوە، بێجگە لە نمایی‌شی هێزی خۆی نەبێت. هێزێکی وەها نە خاوەنی مۆڕاڵە، نە ویژدان، نە گوێ بە چەمکە مرۆییەکانی ئێمە دەدات. ئامانجی ئەو، ڕووخانە بۆ سەرلەنوێ دروستبوونەوەیەکی نوێی سروشتی.

شەڕکردن لەگەڵ هێزێکی وەهادا پێویستی بە هێزێکی گەورەترە، هێزێکی وەهاش تەنیا و تەنیا لە ڕێگای زانینەوە بەدەست دێت. فەیلەسووفی بەریتانی (فرانسیس باکۆن) لە بەرامبەر هێزە سروشتییەکاندا دەڵێ "زانین هێزە (Knowledge is Power)". ئەمە وێڕای ئەوەی زۆرینەی جار ئەم تێزە لە سیاسەتدا بەکار دێت، لێ سەرچاوەکەی بریتییە لە بەرەوڕووبوونەوەی هێزە سروشتییەکان لە ڕێگای زانینەوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سەرەتا زانین بۆ زاڵبوون بەسەر هەورەبرووسکەدا بەکار هێنرا، دوابەدوای ئەوە زانین بووە هێزێکی گەورەتر لە هێزە سروشتییەکان، زانین تەنانەت سەر کەوت بەسەر تاعوونیشدا. لێ بابەتەکەی ئێمە سیاسییە، ئێمە پێویستمان بە هێزێکە کە گەورەتر بێت لە هێزی داگیرکار. لەشکر و مەشق و باوەڕ، بەبێ هێزێکی گەورەتر لە هێزی داگیرکار نامانگەیەنێت بە هیچ شوێنێک.

تووڕەبوون، خۆپیشاندان، لەچک سووتاندن لە باشوور، باکوور، ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتدا نامانگەیەنێت بە هیچ شوێنێک. لێ خوێندن و خۆپێگەیاندن لەپێناو بەدەستهێنانی هێزێکی گەورەتر وەک لە هێزی داگیرکاران، دەمانگەیەنێت نەک بە ئازادی، بەڵکوو بە لوتکەی هێزێک کە هیچ کەس و نەتەوەیەکی دیکە جارێکی دی بیر لەوە نەکەنەوە کە دەستدرێژیمان بکەنە سەر. )ئالبەرت شڤایتسەر(، گەورە فیلۆسۆف و پزیشک و تیۆلۆگی ئەڵمان دەڵێ: "سروشت بێبەزەییە، کەواتە ئێمەش دەتوانین بێبەزەیی بین". بە زانستێک دەتوانین بگەین بە هێزێک، کە لە ڕێگایەوە نەک زاڵ بین بەسەر داگیرکاردا، بەڵکوو لەناویشی بەرین. لەوەتەی هەین هەموو ئاگایی خۆمان لە بەرگریکردندا خەرج دەکەین، بەرگری بە چەکی بچووک و لە وڵاتانی ئەورووپاش دەپارێینەوە، کە دووربینی گەرمیمان پێ بدەن.

بەڵام ئێمە لە ڕێگای زانینەوە دەگەین بە بەدەستهێنانی هێزێکی گەورە، هێزێکی گەورەی بێبەزەیی، کە سەرلەبەری دوژمنانمان لەناو بەرێت. هێزێکی بایۆلۆجی، وەک لەرینەوەیەکی گەورەی زەوی، وەک بڵاوکردنەوەی ڤایرۆسێکی کوشندە، بۆرانێکی وێرانکەر. هێزێکی تەکنەلۆژیای سەربازی کە سەرلەبەری داگیرکار لەناو بەرێت. بانگەشەی من بۆ تۆڵەسەندنەوەی ژینا ئەمینی و هەزارانی وەک ئەم خاتوونە ئازیزە، خوێندن و خۆپێگەیاندنە، گەشەکردن و بەدەستهێنانی زانینە.

لەچکەکانتان بەو شێوەیە لەسەر بکەن کە داگیرکار دەیەوێت. لێ لە نادیاردا سەرقاڵ بن بە خۆئامادەکردنەوە، سەرقاڵ بن بە خۆپەروەردەکردنەوە، سەرقاڵ بن بە زانستەوە، تا ئەو کاتەی، کاتی سەرکەوتنە بەسەر داگیرکاردا. ئەو کاتەشی کاتی سەرکەوتنە بەسەر داگیرکاردا، ئەو کاتەیە کە گەیشتووین بە هێزێکی زەبەلاحتر وەک لە هێزی داگیرکار.

هەتا دەیەی یەکەمی ساڵی دوو هەزار، نزیکەی پازدە هەزار بۆمبی ئەتۆم لە جیهاندا هەبوو، ئێستا دوو ڤات بەسەر ئەوەدا زیادی کردووە. ڕووسیا و ئەمریکا بە هەردووکیان نزیکەی حەوت هەزار بۆمبایان هەبوو، ئێستا هەریەکەیان خاوەنی زیاتر لە حەوت هەزار بۆمبن. پاکستان و هیندستان و ئیسراوویل و چین و بەریتانیای گەورە و کۆریای باکوور بە هەموویان خاوەنی نزیکەی هەزار بۆمبی ئەتۆمی بوون، ئێستا هەر یەکەیان خاوەنی هەزار دانەیە. ئێستا تورکیا و ئێران و سعوودییەش خاوەنی بۆمبی ئەتۆمیین.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەسارەی زەوی خاوەنی نزیکەی چوار هەزار و پێنج سەد بۆ پێنج هەزار شارە، هەر شارەی بەپێی گەورەیی و بچووکییەکەی بە سێ بۆمب وێران دەبێت. واتە بەو بۆمبانەی کە هەیە، زۆر سانا هەموو هەسارەی زەوی لەناو دەبەیت و بە ملیاران مرۆڤ دەکوژیت، بێجگە لە ئاژەڵ و باڵندە، لێ لەگەڵ ئەوەشدا، هێشتا هەزاران بۆمبی ئەتۆم هەر ماوە، کە نەتەقێنراون. بیهێنە بەر چاوی خۆت کە کۆی هەموو بۆمبەکان زیاد لە سێ بۆ چوار هەزار تۆن تی ئێن تی بەرهەم دێنن. بیهێنە بەرچاوی خۆت کە هەر وڵاتە و بۆمبەکانی خۆی لە شەڕێکی دیکەی جیهانییدا دەتەقێنێت، بیهێنە بەرچاوی خۆت، کە چی بەسەر زەویدا دێت. (لە خەندەی بەرد، بەشی دووهەمەوە وەرگیراوە). ئەمەش بە واتای ئەوەی کە ئێمە چەند لە زانستەوە دوور بین، هێندەی تر بچووکتر و لاوازتر و بێهێزتر دەبین.

ماوەتەوە بڵێم، دواجار هەر دەبێت پێکەوە دەست لەناو دەست بکەوینە کارکردن، لەپێناوی ئازادی و سەربەخۆییدا. تاکە ئامرازیش بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، گەیشتنە بە هێزێکی گەورەیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی باسنیوز – ڕێکەوتی: ٢٠ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## شین بۆ ژینا ئەمینی مەگێڕن ,دەستی پۆلیسەکانی ئەخلاق لە زیندووەکان کورتکەنەوە




**نووسینی : بێدار ئەمینی**

حاشاهەڵنەگرە، ڕووداوی جوانەمەرگکردنی کچۆڵە بیست و دووساڵانەکەی سەقز، بەرییەکەوتنی هێزێکە کە خۆی بە مەرجەعی دینیی و پێوەری ئەخلاقیبوون دەزانێ و هەرکەسیش ڕووبەڕووی ببێتەوە مفسد في الأرض و بێئەخلاقە.

جگە لە نوخبەیەکی ڕۆشنفیکر و زانای ڕەسەنی دێرین و فۆرمە ئاینییە عیرفانییەکە ,ئیتر ئەمە ستراتجی سەرجەم هێزە ئیسلامییە سیاسی و سەلەفییەکانە.

هێزی سەلەفی بەڵگەی ناوێ کە هەموو کۆمەڵگە بە کافر و بەدڕەوشت و لادەر لەدینی خوا ئەزانن، هێزە جیهادییە چەکدارەکان، حەڵاڵبوونی خوێن و ماڵی کۆمەڵگەی جاهیلیی چەکی داوەتە دەستیان.

لەوان ترسناکتر هێزە ئیسلامییە بەناو میانەڕەوەکانن، ئەمانە هەروەکو حیزبەکانی تر ئیفلاسیان کردووە و خاوەنی هیچ پرۆژەیەکی سیاسی نین(کە حیزبی سیاسی خۆی ئەرکی ئەوەیە) کە چی وەک چۆن ئەوانیتر بە فێڵی ئیدیعای نەتەوەیی و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

مێژووی خەبات و خوێنی شەهیدان، درێژە بە تەمەنیان دەدەن، ئەم هێزە ئیسلامییانەش خۆیان دەکەنە نوێنەری ئەخلاق و ئیمان و خەڵکی بەوە دەترسێنن ئەگەر ئەوان نەبن دین و ئەخلاق نامێنێ و زۆر بێشەرمانە و نائەخلاقییانە ڕستەگەلێکی لە چەشنی: (ئەگەر ئێمە نەبین ئەو تۆزە ئەخلاقەش نامێنی ..) دەدەن بەگوێمانا. زۆر ئاساییە حیزب هەبێت کە بەدیدێکی ئیسلامی سیاسەت بکات، بەڵام زۆر نەشازە و نا ئەخلاقییە حیزبێک بڵێت: من پارێزەری ئەخلاقتانم!. ئەو حیزبانە، کاتێک باش دەزانن جەماوەریان چیتر بەوە ناخەڵەتێ کە ئەوان پیاوی دژایەتی ستەمکاری بن، ئاراستەیەکی ترسناک دەگرنە بەر، بەوەی هەوڵ دەدەن خۆیان بکەنە خاوەنی پرۆژەی ئەخلاقی و سەرمایەی ڕۆحی و ئاینیی خەڵک، بۆیە بەردەوام جەماوەر و خەڵکی تووشی جۆرێک لە دڵەڕاوکێ ئەکەن کە گوایە پرۆژەی بێئەخلاقککردنی خەڵکی و بێدینکردنیان بەڕێوەیە و بەردوام دەهۆڵی ئەوە لێدەدەن پیلانگێڕی بەڕێوەیە و لە ئارادایە!!

ئەم هێزانە لەمڕۆدا کە لەسەر کورسی دەسەلات نین، ناتوانن هێزێکی وەک گەشتی ئیرشادی جمهوری ئیسلامی ئێرانیان هەبێت , بەڵام ئەمر بە مەعروف و نەهی لە مونکەر لە پرەنسیپی بنەڕەتی ئیمانی ئەوانە، خۆ ئەگەر ئەمڕۆ بەدەست ناتوانن ئەوە بکەن ئەوا بە وتاربێژ و بانگخوازەکانیان فەزایەکیان دروستکردووە کە نەک قژت بەدەرەوە بێت حیزی و بێ ئەخلاقییە، بەڵکو کچ یا ژنەکەت بۆنی خۆشیش بدات لە خۆی ئەو حیزە و تۆ گەوادی ...چەکی حکومدان بەبێ ئەخلاق و تەکفیرکردن، تەنیا لۆجیکی قسەکردنی ئیسلامییە کە ئەمڕۆ لەناو هەموو ماڵێکدا پۆلیسی ئەخلاقیان دروستکردووە کە ئەوە دەکات کە پۆلیسەکانی بکوژی ئەمینی کردیان.

لەوە نائەخلاقیتر ئەوەیە کە کۆمەڵێ نووسەر و سەرکردەی ئیسلامی سیاسی لەم بابەتەی ژینا ئەمینی دا کەوتوونەتە نووسین و دەیانەوێت بڵێن: ئەوەی کراوە کاری ئێرانە و ئێمە مۆدێلێکی تری ئایندایین...بێگومان ئێوەش دژی ئازادین، لەگەڵ سەپاندنن بەڵام ئەمڕۆ بە مۆدێلی ئێران نا، ئەگەرنا پێم بڵێن، ئێوە کارتان بە دەسەڵات چییە لە غەیری سەپاندنی ئەوەی کە مەرامتانە بەڵام لەڕێی دەستوور و قانوون ؟!..ئێوە مەگەر حیزبی ئیسلامی نین و کار بۆ حکومەتی ئیسلامی ناکەن؟!..بەداخەوە ئێوە هێندەی جیهادی و سەلەفییەکان ڕاستگۆ و ڕاشکاونین.

ڕەنگە باسکردنی دوا ڕووداوەکانی پەرلەمانی وڵاتی کوێت زیاتر بابەت و وێنەکەمان لا ڕوونبکاتەوە کە بۆچی ماوەیەکە سەرکردە ئیسلامییەکان سەری زمان و بنی زمانیان بووەتە باسی ئەخلاق و دەیانەوێ ببنە پۆلیسی ئەخلاق.

پەرلەمانی کوێت لەبەردەم هەڵبژاردنی نوێنەرانی گەلدایە، پاش شکستیان لە هەموو وڵاتەکانیان، ئیسلامییەکان بۆ ڕاکێشانی سۆزی ئاینیی جەماوەر و بەکارهێنانی وەک کارتێک بۆ بەدەستهێنانی دەنگی جەماوەر، پەیماننامەیەکیان نووسیووە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بە ناوی (میثاق القیم) و داوایان کردووە لە هەموو ئەندام پەرلەمانەکان ئیمزای کەن و وەک پرۆژەیەکی ئەخلاقی و دینییش خەڵکیان خستووەتە بەردەم تاقیکردنەوە کە پشتیوانی کردنی زامنی چوونە بەهەشتە!!، واتە کە ئیفلاسی سیاسییان کردووە دەیانەوێ خۆیان بکەنە خاوەنی ئەخلاق و پۆلیسی ئەخلاق. لەو پرۆژەیەدا هاتووە کە پێویستە ژنان و پیاوان لە هەموو بوارەکاندا جیابکرێنەوە، جلی محتشم لەبەر بکرێت , ئاهەنگی بێ ئەخلاقانە قەدەغە بکرێت ...بەگشتی بەجۆرێک وێنای کۆمەڵگەی کوێتی دەکەن کە تیاترۆخانەیە!

بێگومان دوای ئەوەی کە زۆرینەی بانگخوازەکان بوونەتە پۆلیسی ئەخلاق و بەهێزی تۆقاندن ئاراستەی خەڵکی دەکەن، ئیسلامییەکان لە فیکری ئەوەدان لە ڕێی پرۆژە یاسا و فشارهێنان بۆ دەسەڵاتدارانی هەرێم، زەمینەسازی بکەن بۆ ئەو ڕۆژەی بە فەرمی ئەبنە خاوەنی پۆلیسی ئەمر بەمەعروف و نەهی لە مونکەر، ئینجاکورِم ئەوێ ڕیشی کورتکاتەوە.

پێویستە بەیەک دەنگ پێیان بووترێ کۆمەڵگەی ئێمە پێش ئێوە و تەنانەت پێش ئیسلامیش خاوەن ئەخلاقی ڕەسەن بووە و خۆ بەئەخلاقی زانین گەورەترین بێئەخلاقییە

سەرچاوە: ماڵپەڕی چاودێر – ڕێکەوتی: ٢٠ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ژینا ئەمینی: قەیرانە کوشندەکانی لەشی دینیی




**مەریوان وریا قانع**

**سەرچاوە: درەو**

بە هەموو پێوەرێک، کۆماری ئیسلامی ئێران، نموونەیەکی تەواو فاشیل و ترسناک و تۆتالیتاریی دەسەڵاتدارێتی دینییە لە جیهاندا. ئەم فۆرمە لە دەوڵەت و حوکمڕانیی کە زیاد لە چل ساڵە سەرجەمی دەسەڵاتەکانی ئەو وڵاتەی لەدەستدایە، دەسەڵاتی سیاسیی، ئابوریی، ئەمنیی، سەربازیی، دینیی، ئەخلاقیی، میدیایی، هتد..کەچی تازە بە تازە خانمێکی گەنجی تەمەن ٢٢ ساڵان، نەوەی سێهەم و چوارهەمی ئەو شۆڕشە ئیسلامییە، لەسەر باش نەپۆشینی حیجاب دەکوژێت. دەوڵەتی دینیی بەگشتیی و دەوڵەتە ئیسلامییەکانی دونیای ئەمڕۆ بەتایبەتی، جگە لە ئەزموونێکی سیاسیی و ئابوریی و دینیی و ئەخلاقیی فاشیل و ترسناک، دەوڵەتێک کە هیچ شتێک نایکات بە بەشێک لە پێدراوە ئینسنایی سەرەتاییەکانی دونیای ئەمڕۆ، شتێکی تری بەرهەمنەهێناوە. نە دەسەڵاتە ئیسلامییە شیعییەکەی ئایتوڵاکانی ئێران، نە دەسەڵاتە ئیسلامییە سونییەکەی ئەفگانستان، نە ئەزموونی دەوڵەتەکەی ئیخوانی موسلیمین لە سودان، نە شانشنیە نەوتییەکانی خەلیج، نە ئەزموونەکەی ئەردۆگان، و نە خەلافەتەکەی داعش، هیچیان نموونەیەک لە حوکمڕانیی و دەسەڵاتدارێتیان نیشاننەداوە بکرێت کەمترین ڕێزیان لێبگیرێت. بەپێچەوانەوە هەر یەکێکیان سەرچاوەی سەدەها کێشەی گەورەو ترسناکن هەم بۆ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کۆمەڵگاکانی خۆیان و ئەوانەی ڕاستەوخۆ حوکمڕانیان دەکەن، هەم بۆ دراوسێکانیان و هەم بۆ جیهانیش. کوشتنی ژینا ئەمینی درێژەی ئەو دۆخی سوکایەتیکردن و ئیهانەکردنە ڕۆژانەیەیە کە مرۆڤە لەو وڵاتانەدا، ئەزموونی دەکات. ئەم ڕژێمە ئیسلامییانە لە هەموو بوارەکاندا فەشەلێکی سەرتاسەریان هێناوە، تەنانەت لە بواری بەرهەمێنانی ئەو "لەشە دینیی"ەشدا کە بە پرۆژەی سەرەکیی خۆیان دەزانن و وەک تاقە شێوازیی "شەرعی" و قبوڵکراوی لەشیش لە جیهاندا، سەیری دەکەن.

لەش لە فیکری دینیدا، بە شێوەیەکی گشتیی، وەک تاوانبارو کێشەیەکی ئەخلاقیی ئامادەیە، بوونێکی سەرزەمینییانەی کاتیی و کەمنرخی هەیە، وەک زیندانی ڕۆح دەبینرێت و نمایشدەکرێت، ڕۆح کە پێگەیەکی بەرزترو خوداییترو نەمرتری هەیە. لە دیدگا دینییەکەوە ڕۆح و لەش دوو یەکەی لەیەکتری جیاوازو دابڕاون، لەش وەک ڕێگرو کۆسپ لەبەردەم گەیشتن بە ڕۆحانیەت و بە ژیانێکی دینیی پایەبەرز وێنا دەکرێت، کە بتوانێت مرۆڤ لە ئاسمان و لە خوداوەند، نزیک بکاتەوە. بەشێک لە تقوسە دینییەکان خۆیشیان لە گریمانەی پیسیی لەشەوە دەستپێدەکەن لە کردەی چوونە پەیوەندییەوە لەگەڵ خوداوەندا. بۆیە بەر لە چوونە ناو ئەو پەیوەندییەوە پێویستە ئەو لەشە پاکژبکرێتەوە. سروت و تقوسی نوێژکرن بەشێوەیەکی ڕۆژانە ئەم ڕاستییەمان نیشانئەدات. دەستنوێژکردن جۆرێک لە کردەی پاکژکردنەوەی لەشە بەر لە چوونە حوزوری خوداوە. بەشێوەیەکی گشتیی، لەش لە دیدگا دینییەکەوە، سەرچاوەی بەشی هەرەزۆری گوناهەکانە، بۆیە دەبێت بەناو هەندەسەیەکی دینیی تایبەتدا تێپەڕێت، کە زۆربەی جار خۆی لە داپۆشین و نەبین و شاردنەوە و لە کۆنترۆڵکردن و دیسپلینکریندا، دەبینێتەوە. لەم کردەی داپۆشین و شاردنەوەو کۆنترۆڵ و دیسپلینکردنەدا لەشی ژن بەشی شێری ئەم هەندەسە دینییەی، بەردەکەوێت.

ئیسلامی سیاسیی، لە ڕۆژی دروستبوونیەوە، دروستکردنی لەشی دینیی وەک یەکێک لە شوێنە سەرەکییەکانی ئیشکردنی خۆی ناسیوە، بەتایبەتی دروستکردنی لەشی دینیی ژنان. لەسەردەمی حەسەن بەناوە لەش بە خەستیی لەناو پرۆژەی ئیسلامی سیاسیدا نیشتەجێیە. ئەگەر ئیسلامی سیاسیی، بەشێوەیەکی گشیی، لەوەدا فەشەلی هێنابێت کە تیورەیەکی تایبەت سەبارەت بە دەوڵەت و حوکمڕانیی، سەبارەت بە چۆنیەتی ڕێکخستنی ژیانی ئابوریی، سەبارەت بەو دەزگایانەی کۆمەڵگاو دونیایەکی مۆدێرن پێویستیی پێیەتی، سەبارەت بە مافە سەرەکیی و بنەڕەتییەکانی مرۆڤ، پێشکەشبکات، ئەگەر فەشەلی هێنابێت لەوەدا کایەی دین یەکبخات و کۆتایی بە مەزهەب و تائفیەتی دینییەکان بهێنێت، ئەگەر لەم بوارانەدا جگە لە بۆشایی شتێکی تری بۆ دروستنەکرابێت، ئەوا لە بواری لەشدا، بە تایبەتی لە پەیوەندید بە لەشی ژنەوە، کەلەپورێکی گەورەی دروستکردووە. لەم کەلەپورەدا دوو مەسەلە سەرەکییە. یەکەمیان ترسە لە لەش، بەتایبەتی لە لەشی ژن. دووهەمیان، هەوڵی داپۆشین و شاردنەوە و نەفیکردنی ئەو لەشەیە لەناو ژیانی گشتیدا، بێگومان بە فۆرم و شێوازی جیاواز. تا ئەو شوێنەی یەکێک لە دەرکەوتە هەرە سەرەکیی و بنەڕەتییەکانی شوناسی ئیسلامی سیاسیی وەک ئایدیۆلۆژیاو



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

وەک بزوتنەوەی سیاسیی، بریتییە لە چۆنیەتی دەرکەوتن و نمایشکردنی لەشی ژن لەناو ژیانی گشتیدا. ئەم شوێنە سەرەکیی و ناوەندییەی لەشی ژن لەناو پرۆژەی ئیسلامی سیاسیدا وایکردووە جل و بەرگ، کەمتر پەیوەندیی بە دین و دینداریی و زیاترو زیاتر پەیوەندیی بەو پرۆژە سیاسیی و ئایدیۆلۆژییەوە هەبێت کە سەد ساڵە لە ئارادایە، لە سەردەمی حەسەن بەناو دروستبوونی ئیخوانی موسلیمینەوە بیگرە، بە تێپەڕین بەناو خومەینیزم و ئەزموونی کۆماری ئیسلامی، تا بەگەیشتن بە ئەزموونەکانی تری ئیسلامی سیاسی دەگات. لەش لەناو ئەم بەسیاسیکردنە سەرتاسەرییەی ئیسلامدا، بووە بە هەڵگری دین و دینیش بە شوناسی سیاسیی هێزەکانی ئیسلامی سیاسیی خۆی.

ئیسلامی سیاسیی لە ڕێگای دروستکردنی لەشی دینییەوە، بە تایبەتی لەشی بەدینیکراوی ژنانەوە، پەیوەندیی بەو ژینگەیەوە دەکات کە تیایدا دروستدەبێت. لەم دۆخەدا لەشی دینیی بەگشتیی و لەشی ژن بەتایبەتی، ئامرازە، ئامرازیی سەرەکیی پەیوەندیکردنی ئەم هێزانەیە بەو کۆمەڵگایانەوە کە تیایاندا دروستدەبن. زیادبوونی داپۆشینی لەشی ژن وەک هێما بۆ سەرکەوتنی خۆیان و کەمبوونی داپۆشین و لاوازیی لەشی دینیی، یاخود دروستبوونی لەشی نادینیی، وەک لاوازیی یان فەشەلی خۆیان سەیردەکەن. ئەگەر بکرێت شتێک لە کۆمەڵناسی گەورە (پیار بۆدریۆ)وە فێرببین ئەوەیە کە لەش لە کۆمەڵگادا وەک زمان کاردەکات. بۆیە لەشی دینیی بەگشتیی، بە تایبەتیتر لەشی دینیی ژن، زمانی سەرەکیی قسەکردنی ئیسلامی سیاسییە لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایانەدا کە دەچێتە ناویانەوە. لەشی ژن لە ئیسلامی سیاسیی بسێنیتەوە، کەلێنێکی هێجگار گەورە لە زمانی قسەکردنیاندا دروستدەبێت و لەزۆر سەرەوە لە قسەکوتن دەکەون.

بەڵام لەگەڵ دروستبوونی باڵی جیاواز لەناو ئیسلامی سیاسیدا، لە ئیخوانەکانەوە بیگرە بۆ بزاوتە سەلەفییە جۆربەجۆرەکان، لەشی دینیی توشی دابەشبوون و پارچەپارچەبوون دەبێت، لەوە دەکەوێت لەشێکی یەکشێوەبێت. وەکچۆن ئەو زمانە دینیەش کە قسەی پێدەکەن پارچەپارچە دەبێت. فۆرمەکانی داپۆشینی لەش، بۆ نموونە، لەناو دیدگای بزوتنەوە سەلەفییەکاندا، تەواو جیاوازە لەوەی لای لاشەی دینیی ئاسایی، ئامادەیە. حیجاب، ئەو زمانە سەرەکییەی ئیسلامی سیاسی قسەی پێدەکات، چ لە فۆرمە خومەینیەکەیدا، چ لە فۆرمە ئیخوانییەکەیداو چ لە فۆرمە سەلەفییەکەیدا، دابەشدەبێت و شێوازی جیاواز دەگرێتە خۆی. هەریەکێکیش لەوان هێما بۆ شوناسی ئەو هێزە سیاسییە دینییە دەکات کە نوێنەرایەتی دەکات. حیجابی ئیخوانییەکان و حیجابی سەلەفییەکان و حیجابی ئیماندارە ناسیاسییەکان، یەک حیجاب نین، نیقاب و بورقە و پۆشاکی خەلیجییش جیاوازە لەو سەرپۆشە سونەتیانەی ژنان لە وڵاتی ئێمەدا لەسەریاندکردو لەسەریدەکەن. سەرپۆش و لەچکی سونەتی ژنان ڕمزو کۆدێکی کۆمەڵایەتییە لە دەرەوەی هەر پرۆژەیەکی سیاسیی دینیدا، میکانیزمێکە لەو میکانیزمانەی لە کۆمەڵگادا ژنان لە پیاوان جیادەکرێنەوە، بەبێ ئەوەی لە پشتی ئەم جیاکارییەوە پرۆژەیەکی سیاسیی دیاریکراو و ڕوانینێک بۆ چۆنیەتی حوکمڕانیی و پرۆژەیەک بۆ دەوڵەتداریی، ئامادەبوویێت. لەچکی دایکانی ئێمە،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لەباشترین حاڵەتدا، هێمای بۆ ئاسۆیەکی دینیی کردووە، لەپاڵ چەندان ئاسۆی تردا، کە کۆمەڵگا بە هۆیانەوە لە خۆی ڕوانیوەو دیاردەکانی ناو هەناوی خۆی لێکداوەتەوە. لەچک بەشێکبووە لە جلوبەرگی ژنانە، بەر لەوەی ئەو جل و بەرگە، ببێت بە پرۆژەی سیاسیی ئەم هێز یان ئەوو هێزی سیاسیی لە کۆمەڵگادا. بەڵام حیجاب ڕەمزی سەرەکیی ئیسلامی سیاسیی و بزوتنەوە دینییە سیاسییەکانی سەدەی بیستەمە، ئەو زمانە ئاشکراو گشتییەیە کە قسەی پێدەکەن. ئەمە وایکردووە ڤێستیڤاڵ بۆ لەسەرکردنی حیجاب بۆ کچانی منداڵ سازبکەن و وێنەی بگرن و نمایشی بکەن و بڵاوی بکەنەوە، جۆرێک لە یەکپۆشیی ئایدیۆلۆژیی و سیاسیی بەسەریاندا بسەپێنن کە تەنها لە سیستەمە دیکتاتۆریەکاندا بوونی هەبووە. ئەو منداڵانەش زۆر کەمتر وەک ئیماندارو زۆر زیاتر وەک شوناسی ئەو هێزە سیاسییە دینییەو وەک هێمایەک بۆ دەسەڵاتی ئەو هێزە لە کۆمەڵگادا کە حیجابەکەیان دەکاتەسەر، دەردەکەون.

بەکورتییەکەی، بەدینییکردنی لەشی ژن لەم ناوچەیەدا، هێما بۆ ئەو دەسەڵاتە ئاوساو و فوتێکراوە دەکات کە ئیسلام، بەپێی تێگەیشتنی ئیسلامی سیاسیی و وەک شوناسی هێزەکانی ئیسلامی سیاسیی، لەدوای شۆڕشی ئێرانییەوە، بەدەستیهێناوە. دروستکردنی لەشی ژنانەی دینیی، نەک تەنها هێما بۆ دەسەڵاتی هێزەکانی ئیسلامی سیاسیی دەکات، بەڵکو تەماحی قۆرخکاریی ئەم هێزانەش بۆ دین و دینداریش، نیشانئەدات. کوشتن لەسەر پۆشین یان نەپۆشینی حیجاب دەرەنجامێکی لۆژیکیی ئەم جۆرە بیمارو پاسۆلۆژیەی ئیسلامی سیاسییە لەناو مێژووی ئەم ناوچەیەدا. سەندنەوەی ژیان لەو خانمە گەنجە، لە ژینا ئەمینی، سەندنەوەی سەرجەمی ئەو ماف و ڕێزانەیە لە مرۆڤ لە دونیای مۆدێرندا بەدەستیهێناوە. کوشتنی ئەم خانمە بۆگەنبوونی ئایدیۆلۆژیاو هەرەسی سیاسیی و ئەخلاقیی پرۆژە سیاسییەکەی، هێزەکانی ئیسلامی سیاسیمان، نیشانئەدات. ڕۆژانە دەبینین مرۆڤی ئەم ناوچەیە بەشێوازی جیاواز لەو پرۆژە ترسناک و توندوتیژەی دروستکردنی لەشی دینیی هەڵدێت، لەش لەم ناوچەیەدا لە دۆخی هەڵاتنێکی بەردەوامدایە لەو پێناس و نمایشکردنە دینییانەی بۆی دروستکراوە. مەرگی ژینا ئەمینی یەکێکە لە ڕێگایانەی هەڵاتن لەم لەشە دینییە ئایدیۆلۆژیە سیاسییە بیمارە، کە هێزێک سەپاندویەتی سوکایەتیکردن بە مرۆڤ و مافەکانی بەشێکی سەرەکیی پرۆژە دینیی و سیاسییەکەیەتی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕوانگە و ڕەخنە – ڕێکەوتی: ٢٠ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# چۆن پشتیوانی لە سەرهەڵدانی ڕۆژهەڵات بکرێ؟




**هیوا سەید سەلیم**

**شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ پڕۆتستۆکردنی ڕووداوی شەهیدکردنی ژینا ئەمینی خەریک دەهەژێت، چین و توێژەکانی کۆمەڵگا ڕژاونەتە سەر شەقام، ژنان لەچەکی سەپێنراو فڕێدەدەن، گەنجان ڕووبەڕووی هێزە سەرکوتکەرەکان بوونەتەوە، بازاڕ و دوکانەکان بۆ بەپیرەوەچوونی بانگەوازی مانگرتنی سەرتاسەری داخراون.**

**ئەم هەڵچوونە جەماوەرییەی گەلەکەمان لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لە کاتێک دایە کە ڕژێمی سەرکوتکەری کۆماری ئیسلامی لە ئاستی جیهانی وەک ڕژێمێکی بیزارکەر دەناسرێت، کوشتنی ژنان و زیندانیکردنی ئازایخوازان و ڕووبەڕوبوونەوەی ناڕەزاییەکان لە ڕێگەی ئاگر و ئاسان لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئێران لە کاتێک دایە کە ئەمڕۆ سێشەمە نەتەوەیەکرتووەکان کۆبوونەوەی ساڵانەی خۆی دەبەستێ بۆیە پێویست دەکات کە:**

**- لە ئاستی ناوخۆیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناڕەزاییەکان درێژەیان هەبێت، سەرکوتکردن و گرتن و کووشتنی ڕژیم نەبێتە هۆکاری ساردکردنەوەی خەڵک لە ناڕەزاییەکان.**

**- ڕەوەندی کوردی لە ئاستی ئەمەریکا بڕژێنە بەردەم بارەگایی نەتەوەیەکگرتووەکان لە جنێف ئەو دەرفەتە بقۆزنەوە بۆ**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئیدانەکردنی هەڵوێستی ئێران بە تایبەت کە لە ئێستادا بەرپرسانی ئێران بەشداری دەکەن لە کۆبوونەوەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان،

- لە ئاستی ئەورپا دەبیت کوردان بۆ پستیوانی لە رۆژهەلاتی کوردستان دەست بکەن بە جالاکی بەرفراوان.
- لە ئاستی پارچەکانی کوردستان دەبێت پشتیوانی لە سەرهەڵدانی رۆژهەلات بکرێت.
- هەڵمەتی سۆشیالمیدیا بە تایبەت تویتەر بۆ پشتیوانی لە رۆژهەڵات دەبێت درێژەی هەبێت

سەرچاوە: ماڵپەڕی روانگە و ڕەخنە – ڕێکەوتی: ٢٠ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢

---

## ژینا ژیانی بەختکرد لە پێناو خاوەندارێتیی جەستەی خۆی دا



قادر کاسیرگا*

مردنی ژینا (مەهسا) ئەمینی، ئەو ژنە کوردە تەمەن ٢٢ ساڵە، هەستێکی بەهێزی وروژاندووە، نەک تەنیا لەنێو کوردانی رۆژهەڵات، بەڵکو لە هەموو جیهان دا. ژینا بەهۆی ئەوەی یاساکانی تایبەت بە پۆشینی حیجابی جێبەجێ نەکردبوو، لەلایەن بەناو پۆلیسی رەوشتەوە تاوەکو مردن لێیدرا. رژێمی سیۆکراتیک (ئایینی) لە ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ەوە بە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

شێوەیەکی سیستماتیک ژنانی ئێرانی ناچار کردووە بەپێی یاساکانی حیجاب جلوبەرگ بپۆشن، رژێم ئەم رێسایانە بەکار دەهێنێت بۆ جڵەوکردنی ژنان.

دەوڵەت بۆ ئەوەی دڵنیابێت لەوەی ژنان بەپێی ئەو یاسایانەی حیجاب دەژین کە دەگەڕێنەوە بۆ سەدەکانی نێوەڕاست، سوود لە پۆلیسی درندەی رەوشت وەردەگرێت. خۆ ئەو ژنانەی ئامادە نین بەپێی یەو یاسایانە بژین، وەک ژینا ئەمینی، ئەوا رووبەڕووی چەوساندنەوە و ئەشکەنجە و کوشتن دەبنەوە، ئەمەش بۆ ئەوەی رژێم بتوانێت بەردەوام بێت.

وەک هەنگاوێکی دروست، رێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان لە ئێران بانگهێشتی مانگرتنێکی گشتییان کرد و داوایان لە دانیشتووان کرد لە دژی رژێم خۆپیشاندان بکەن. بەپێی هەواڵەکان ژمارەیەکی بەرچاوی دانیشتووانی رۆژهەڵات بەدەم بانگەوازەکەوە چوون، ئەمەش وەک تاقیکردنەوەیەکی کاریگەریی ئەو پارتە سیاسییانەیە.

لە زۆر شاری کوردی دا و هەروەها لە تاران، هەندێک هەواڵ هەن کە خەڵک لە رێگەی نارەزایی مەدەنییەوە نارەزایی خۆیان لە دژی ستەم و چەوسانەوەی رژێم دەردەبڕن، ئەو ستەم و چەوسانەوەی رژێم لەکاتی دامەزراندنیەوە لە ساڵی ١٩٧٩ەوە بەرانبەر پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان دەیکات، لە نێویاندا کورد.

ئەم کوشتنە بووە هۆی ورووژاندنی بێزارییەکی بەهێز لەلایەن جیهانەوە لە دژی رژێمی مەلاکانی ئێران، ئەو رژێمەی پێش ئەوەش هەر بۆ خۆی بێزراو بوو.

لە سوێد، ئەو شوێنەی من ئەندام پەرلەمانم لێی، لێرە میدیای سوێد تووشی شۆک بوون بەهۆی ئەو زەبروزەنگەی رژێم لە دژی جەستەی ژنێکی کورد بەکاریدەهێنێت. ئاشکرایە رژێم بە دەستی سوورەوە بینراوە و تاوانبارە بە کردنی ئەم تاوانە. ئەو کەسانەی بەرپرسن لەم تاوانە دەبێت رووبەڕووی یاسا ببنەوە.

ئەم رژێمە هەر بەر لەم تاوانەش ماوەی بەسەرچوونی هاتبوو، هەموو خەڵکی ئێرانیش ئێستا شایەنی ئەوەن بە ئازادی لە کۆمەڵگەیەک دا بژین کە لەسەر بنەمای یەکسانی و ئازادی بێت. دەتوانم بڵێم کە ژنانی کورد و ئێرانی سوورن کە شایستەی بەدەستهێنانی مافەکانی خۆیانن، تەنانەت ئەگەر ژیانی خۆیانی لەسەر بەخت بکەن. جیهانی دەرەوە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش دەبێت پشتیوانی لە خەباتی ئەو ژنانە بکات.

راستە ژینا ئەمینی گیانی لەدەستداوە، بەڵام ناو و یادگارییەکانی هەرگیز لە بیر ناکرێن. ژینا بووەتە مەشخەڵێک بۆ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەموو ئەو ژنانەی ئێران کە داوا دەکەن خۆیان خاوەنی جەستەی خۆیان بن.

* ئەندامی پەرلەمانی سوێد لە پارتی سۆسیال دیموکرات

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو – ڕێکەوتی: ٢٠ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢

---

## دووڕیانی مەرگ



سپێدە ساڵحی

ڕۆژانی ڕابردوو کوشتنی بە ناحەقی ژینا ئەمینی و هەفتەی پێشتریش هەر لە ڕۆژهەڵات، شلێری تەمەن ٣٦ ساڵ خاوەنی دوو منداڵ لە شاری مەریوان، بەهۆی ئەوەی کەسێک بەناوی (گ ، ق) ویستی دەستدرێژی بکاتە سەر، لە نهۆمی دووەمی ماڵەکەوە و لە پەنجەرەوە خۆی فڕێ دەداتە خوارەوە و پاش چەند ڕۆژێک مانەوەلە ژێر چاودێری پزیشکیدا لە سنە، گیان دەسپێرێت. کەسی دەستدرێژیکار بە داوی ئەوەی گوایە ژنەکەی نەخۆشە و هاوکاری و یارمەتی دەوێت، شلێر ڕەسووڵی بۆ ناو ماڵەکەی ڕاکێشاوە و دواتر بە زۆری چەک و بە بەرچاوی منداڵ یان منداڵەکانی شلێرەوە، ویستوویەتی دەستدرێژی بکاتە سەری. هیچ گومانێک لە قووڵایی کارەساتێکی ئاوەهادا نییە و ئەم ڕووداوە بوو بەهۆی ئەوەیڕێکخراوە مەدەنییەکانی مەریوان و چالاکانی بواری مافەکانی ژنان و جەماوەری خەڵکی مەریوان، بێنە سەر شەقام و داوای سەپاندن و جێبەجێکردنی توندترین سزا بەسەر تاوانبار و دەستدرێژیکاردا بکەن، دادوەری گشتیی شارەکەیش بەڵێنی سەپاندنی سزای لە سێدارەدانی بەسەر تاوانباردا داوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کوشتنی بە ناحەقی ژینا ئەمینیش، بوو بە ڕووداوێکی جیهانیی و کۆی گشتیی کوردیشی یەک خستەوە و ڕووداوەکە ئەوەندە نامرۆیی و دڵڕەقانەیە، یەکەمجارە کۆماری ئیسلامی خۆیشی هەست بە شەرمەزاری دەکات، تەنانەت مانگرتنی گشتیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەو پێشوازییە گەورەیەی جەماوەر لە تەرمی ژینا، پەیامێکی زۆر ڕوونە کە ژنی کورد لە ڕۆژهەڵات پشتیوانی جەماوەری هەیە و سەرچاوەی ڕەتکردنەوەی هەموو جۆرە ستەمێکن.

قووڵایی کاریگەریی ئەم کارەساتانە هاوسۆزی و هاوخەمی و پەرچەکرداری زۆری (بە ژن و پیاوەوە) لە تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی و هەروەها لەناو شەقام، بەدوای خۆیدا هێناوە، بەڵام بەدەر لە لایەنی هەست و سۆز، ئێمە دەتوانین بپرسین کە ئایا ئەمجۆرە ڕووداوانە بەهۆی دەگمەن و تاک و تەرابوونیانە کە ئاوا هەست و سۆزی شەقام دەجووڵێنن؟ یان جۆر و شێوازی کارەساتەکە وایکردووە پیاو و ژن هاودەنگ بن بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەم کارەساتە ڕێکخراو و کۆمەڵایەتییانە بەرانبەر ژن؟

ژینا بوو بە ڕووداوی گشتی و نەمریی لەلایەن خەڵکەوە پێشکەش کرا، بۆیە من لە کوشتنی شلێر ورد دەبمەوە، لێرەدا ئەگەر بمانەوێت بەشێوەیەکی بنەمایی و ڕیشەیی، چاو لە بابەتەکانبکەین و ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە کوژران و کوشتن یان مەرگ و مراندنی ژن لە کۆمەڵگەی کوردی، دیاردەیەکی تازە نییە و لە مێژە میحرابەکەی بە توندوتیژی و خوێنی نەریت و باوەڕە کۆنەکان ئاو دەدرێت، دەبێ بگەڕێینەوە و بپرسین هۆی بەرهەمهاتنی ئەم توندوتیژییە دژی ژنان لە کۆمەڵگە نەریتی و پیاوسالارەکاندا چییە؟ بۆچی دوای ئەو هەموو قوربانی و خوێنە، هێشتا ئەم میکانیزمەی ژنکوژی و ژنکوژان هەر بەردەوامە و وەک خۆی دەسووڕێت و ئیش دەکات؟ واتە ئەم پرسیارانە ڕێنیشاندەرن بۆ ئەوەی ئێمە لە هۆی ڕیشەیی کارەساتی ژنکوژی و توندوتیژی دژی ژنان تێبگەین، ئەمەش بەبێ تێگەیشتن لە پێگەی ژن وەک مرۆڤ، نەک وەک شەرەف، یان ئابڕوو یان هەر ئاوەڵناوێکی تر، نەکردە و مەحاڵ دەبێت.

ژن لە پێناسەی عەقڵییەتی نەریتی و کۆنباو لە کۆمەڵگەکانی پێش مۆدێرنەدا، هیچ قەوارە و بوونێکی سەربەخۆی نییە و نەبووە و ئەگەر تاکوتەرایش لە کولتووری ئێمەدا نموونەی ژنێکی شۆڕشگێڕ و ئازا و دلێر دەرکەوتبن، ئەوا لەناو گوتار و واقیعێکی پیاوسالارانەدا بوونو ژنێتی و دنیای ژنانەیان لەناو کایەکانی پیاواندا ئیشی پێ کراوە، یان باشتر وایە بڵێین ژنێتی ئەوان فەرامۆش و پەراوێز خراوە.

بوونی سەربەخۆیی ژنانە واتە دەنگی ئازادی ژنێتی، دایکایەتی، عاشقبوون، مرۆڤبوون، هاووڵاتیبوون لە پلەی شایستەی خۆیدا، دوور لە ڕوانینی جنسی و جێندەری.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ماوەیەک پێش ئێستە نیگارێک بڵاو کرایەوە کە بە باشترین شێوە گوزارشتی لە دۆخی داسەپاوی کوشندە و هاوکات دۆخی ڕزگاریکەر لە بازنەی ڕوانینی جێندەرانەوەدەکرد و بۆ نواندنەوەی ئەم دۆخەی کۆمەڵگەی ئێمەیش، بەشێوەی ڕەمزی گونجاو و لەبارە. وێنەکە ئەندامە زەقە جنسییەکانی ژنەکەی بە جیا دانابوو و نووسیبووی، چ دەبێت ئەگەر بەم شێوەیە بمانبینن و ئەوانە بنێنە ئەو لاوە؟

دیارە ئەم "چ دەبێتە" تەنیا بۆ پیاو نییە و لە قەوارە و دەلالەتی تردا مەبەستی ژن خۆیشیەتی، دەلالەت و زایەڵەی ئەم وێنەیە خۆی گوزارشت لە ژانێکی گشتگیری جیهانی دەکات کە ژنان بەهۆی جەستەیانەوە هەڵیدەگرن، لەم ئاراستەیەشدا ڕۆڵی کۆمپانیاکانی بازرگانیی مۆد و جلوبەرگ و ماڵپەڕەکانی پۆرن و ئیرۆتیک، زۆر زەق و دیارە، ئەوە نەبێت کە ئەمانە بە تەنیا هۆی سەرەکی بن، بەڵام ئەمانە دۆخەکە قووڵتر و کارەساتاویتر و کوشندەتر دەکەنەوە و جەستەی ژن لە دایکایەتی و یار و مەعشووقبوون دەخەن و تەنیا قاوغێکی سێکسی لێ دەهێڵنەوە و پڕوپاگەندەی بۆ دەکەن.

ئەمەیش کاریگەرییەکی قووڵی لە زەقکردنەوەی ماتریالیسمی جەستە هەیە و هەم ژنان خۆیان دەبن بە کاڵا و ئامرازی ناو کایەکە، هەمیش پیاوان وەک کایەکار و سەردەستی هاوکێشەکە ڕۆڵێک دەگێڕن کە جگە لە توندوتیژی و لێدان لە بوونی ژن وەک جەستە، هیچ دەرهاوێشتەیەک لێیان ناخێزێت و بەم شێوەیەش دەلالەتە مەعنەوییەکانی جەستە وەک دایکایەتی و ژیاندۆستی و میهر و سۆز و وەفا و... بنبڕ دەکەن و بەرەو کاڵبوونەوە و کوشتن و فەرامۆشیی هەمیشەیی دەبەن.

پێویستە سەرنجی ئەوە بدەین لە دۆخێکی وەهادا کە بەهۆی جیهانگیری و پەرەسەندن و بەرفراوانبوونی میدیای ئازاد و تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی و میدیا زەبەلاحەکانی سەربە پیشەی مۆد و فاشن و پۆرن، دۆخی کۆمەڵگە نەریتی و ئاینییەکانی وەک ئێمە دەبێت بە دۆخێکی شەقکراو و هیستری و دەست لێوەشاوە و لە هەمانکاتدا دەستوەشێن. دەشێت بڵێین بەم هۆیەوە لە هەردوو کۆمەڵگەی مۆدێرن و پێش مۆدێرنیتە، ژنان تووشی توندوتیژی و ژێردەستەیی و قوربانیبوون دەبنەوە،بەڵام ئەو دۆخە هیستریا و دەستوەشێنەی کۆمەڵگە پێش مۆدێرنەکان، بەهۆی ئەو شەقشەقبوون و لەتلەتبوونە زیاترە و ئاڵۆزترە.

لە وڵاتێکدا کە ژن وەک دایک و یار پیرۆز دەبینرێت، بەڵام بچووکترین قسە و قسەڵۆکی کۆمەڵگە کوڕ و مێرد و عاشقیان لێ ڕاست دەکاتەوە و بەشێوەیەکی ڕێژەیی قەزاوەتی توند و نارەوا لە دژیان دەدرێت، جگە لە دژوازیی لە نێوان چەمکەکانی پیرۆزی و نەفرەت، پیرۆزی و کوشتن، چ هەڵگۆستەیەکی ترمان دەبێ هەبێت؟.

نموونەی شلێر ڕەسووڵی نموونەیەکی زەق و لە هەمان کاتدا ترسناکە تا ئێمە لەم ڕاستییە تێبگەین بۆچی ئەو مەرگی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەڵبژارد؟ یان بۆچی ئەو خۆی لە هەمبەر دووڕیانێکدا بینی کە هەردوو ڕێیەکە بەرەو مەرگ دەهات، یەکیان مەرگ بەشێوە فیزیکی و جەستەییەکەی و ئەویتریش مەرگ بەشێوە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکەی.

لەم ڕۆژانەدا باس و خواس و راڤە و شرۆڤەی زۆر لەسەر ڕووداوەکە کرا، بەڵام یەکێک لەو شتانەی بە حەق و ڕەوا زۆر خرایە بەباس، ئەوەبوو ئەگەر شلێر نەمردایە و ئەم ڕووداوەی بەسەردا نەهاتایە، دیسان خەڵک پشتیوانی لەو جۆرە قوربانیبوونەیش دەکرد؟ بەم ئاراستەیە دەشێت بپرسم ئایا ئەگەر شلێر بە زیندوویی تەنانەت بەبێ ئەوەش هیچ هەوڵێک بۆ دەستدرێژیکردنە سەری ئەنجام درابێت و تەنیا بە ڤیژەیەکەوە لەو ماڵە و لە دەست ئەو پیاوە هەڵبهاتایە، کۆمەڵگە و جەماوەری ئێمە، هەمووومان لە بەرهەمهێنانی قسە و قسەڵۆک و گێڕانەوەی سەیروسەمەرە وازمان دەهێنا؟ ئایا بە ئەندازەی چەندان ڕۆمان و کتێبی حەکایەت قسە دروست نەدەکرا و لەم دەم بۆ ئەو دەم نەدەڕۆیشت؟

کاتێک باسی کۆمەڵگەی پێش مۆدێرن دەکەین، بۆ نموونە مەبەستمان حاڵەتێکی ئاوایە، واتە ئینسان وەک ئینسان کە پانتایی تاکەکەسی خۆی هەیە، نابینرێت، بەڵکو لەناو کۆمەڵێک بەها و بایەخی ئەزەلی و ئەبەدی و بەتایبەتی قودسیدا شوێنگەی دیاری دەکرێت کە هەر جۆرە بژاردە و مافی هەڵەکردن یان بەسەرهاتنی ڕووداوێکی لێ وەردەگرنەوە.

تۆ ئازاد نیت وەک ئینسان، بەڵکو ئازادیت لە چوارچێوەی قەفەسی تەنگی نەریت و ئاین و گوتارێکی ملهوڕی لە مێژینەی پیاوسالارانەدا هەبێت و بجووڵێیتەوە، کاتێک وەک ژن وەک جەستەیەکی بزوێنەری زەوقی پیاو دەبینرێیت، ئیتر دەرفەتی ڕزگاریت لە ڕووداوێکی ئاواهیدا نامێنێتەوە و شتێک نییە بە ناوی ژیانی دووبارەی ئاسایی، ئەوەی هەیە مەرگێکی پیرۆزە و ژیانێکی دێز و نەگریس، کە مەرگێکی تر،بەڵام تەنیا جەستە هەناسە دەکێشێت و دەجووڵێت.

بۆیە شلێر تەنیا دووڕیانێکی هەبوو کە ژیانی ئاسایی و زوڵاڵی تێدا بەدی نەدەکرا، بەڵکو مەرگ و هەڵاتن بەرەو مەرگێکی ڕەنگە ڕزگارکەر یان ژیانێک (کە مردن لەوە باشترە)، ژیانێک کە خەڵک دەستی تێ بخەن و پشتی تێ بکەن و ناوونـاتۆرەی بخەنە پاڵ. ئێمە لە دیمەن و شرۆڤەیەکی وادا دەتوانین بڵێین هەمووومان لە بەرهەمهێنانی دۆخی ئاوا دژی ژنان بەشدارین، بەو تێگەیشتنەوە کە ژن لە پێگە مرۆییەناجەستەییەکەی نابینین و تەنیا و تەنیا جەستە و بەرزی و نزمییەکانی دەبینین، ئەمە ئەو تێڕوانینەیە کە تەرم و جەستەی شلێرەکانمان پێشکەش دەکەن و دواتریش بەسەریەوە دەگرین و دەهۆنینەوە.

دیارە پێدانی ماف بە ژن وەک مرۆڤ بەو شێوەیەی باسم کرد، واتە وەک سووژەیەک کە خۆی دنیا و بەهاکانی هەڵبژێرێت، هیچ کات لە مێژوودا بە مانای دەرچوون لە ڕەوشت و لادانی ئەخلاقی نەبووە،ئەگەر وابووایە، ئەوا دەبوو پیاو لەم



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

حاڵەتەدا پلەی زێڕینی یەکەمیان بە دەست بهێنایە، بەڵام ڕوونە باس و بابەتەکە دوور لەم ڕووکەشبینیانە، ژن و پیاو لە کۆمەڵگەدا دەکرێت وەک مرۆڤ خاوەن مافی یەکسان بن و هەڵەی ژن هێندەی هەڵەی پیاو زەق بێت و بە هەمان ئاستیش قسە و قسەڵۆکی بۆ دروست بکرێت، گیانی ژن بە ئاستی گیانی پیاو پیرۆز و پاک و بە بایەخ بێت، نەک لەلایەک جەستەیژن ئەولەویەت و دیار بێت و لەلایەکی ترەوە مەعنەوییەت و شەرەف و غیرەتی پیاوانە.

ئەم دژوازییە لە گوتاری ئاینی و نەریتی کۆمەڵگە پێش مۆدێرنەکاندا بەردەوام بەرهەمهێنەری ئەو دۆخە کارەساتاوی و خوێناوییەیە کە باسم کرد و تا باسی مرۆڤبوونی ژنیش بکرێت، هەم لەلایەن گوتاری ئاینییەوە پەلامار دەدرێت و هەم لەلایەن گوتاری نەریتی (بە ئاینی و نائاینییەوە) بە کەسێک کە پێی خۆشە لە بازنەی ڕەوشت بچێتە دەرەوە،ناوزەد دەکرێت، نەخێر بە هیچ شێوەیەک وا نییە، ئەوەی لە ژندا هەیە زایەڵەی دایکایەتی و عەشق بۆ ژیان و سروشت و هەموو جوانییەکانی بوونە، زایەڵەیەک کە شێوێنراوە و سانسۆر کراوە و خوێناوی بووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی وشە – ڕێکەوتی: ٢٠ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# رووسەری



دلێر محەمەد نوری

(روسری) بە زمانی فارسی واتا سەرپۆش، ئەو پارچە پەڕۆیەی کە هەمووان ئەزانین، چۆن و کەی و بە چ یاسایەکی جزیرەی عەرەبی، خۆی هاویشتۆتە نێو کولتوری گەلانێکی وەکو فارس و کوردەوە؟ پیاوانی ئایینی فارسی شیعە مەزهەب و کوردی سوننە مەزهەبیش خەریکن بە ستەم و زۆرە ملێ یان مێشک شۆردنەوە، سەرپۆش ئەکەن  بە ناسنامەی ئەم میللەتانە. زۆر بەر لە سەردەمی سەرپۆش پۆشین،  کورد و فارس، یەکێک بوون لەو میللەتانەی کە لە خاوەنە بنەڕەتییەکانی، ئەم سەر زەمینەی ئێران و عێراقی ئەمڕۆ بوون. چونکە بە گەڕانەوەیەکی خێرا، بۆ ٢٧٠٠ ساڵ لەمەوپێش، دەگەینە لای ئیمراتۆری ماد و ٢٥٠٠ ساڵیش پێش ئێستا ئەگەینە بەردەم ئیمراتۆری فارسی. ئیمراتۆری فارسی کە وەکو یەکێک لە هەرە شارستانییەتەکانی مێژووی مرۆڤایەتی، ناوزەد دەکرێ. وەکو سیستمێکی جیهانی، خۆی نوواندووە لە کاتی خۆیدا، کە هەموو مرۆڤایەتی سودی لێ ببینێت. بەڵام ئەمڕۆ وەچەکانی بوون بە پۆلیسی ئەخلاق و لە سەر (سەرپۆش) ئامادەن گوڵی تەمەن بیست و دوو  بەهار بە دارکاری هەڵوەرێنن. ئاخر لە کوێ دیووتە لانکەی شارستانی مرۆڤلیەتی، ببێ بە پارێزەری یاسایەکی دواکەوتووی، بە دەر لە هیچ فەلسەفەیەک، زۆر نا مرۆڤانەی، جزیرەی عەرەبی. تۆ دیقەت بە لانکەی شارستانییەت و سەروەری مرۆڤایەتی لە سەر خاکی ئێران و میزۆپۆتامیا، ئەمڕۆ دوای ئەو هەموو سەدەیە، لە ئێران بە دارکاری لەچک ئەسەپێنرێ و لە عێراق و کوردستانیش بە مەراسیمی مێشک شۆردنەوەی کچان، بە ناوی فیستیڤاڵی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

پاڵاپۆشی. مێژووناسی تەنها بۆ لەبەرکردنی ئەو بەروار و ڕووداوانە نەنووسراوەتەوە. ئەمڕۆ مێژوو مادەیەکی خاوە بۆ لێکۆلینەوە لەو دۆخەی مرۆڤی جێگەیەکی دیاریکراوی تێکەوتووە.

گەر تەنها بیر لە لێشاوی هاتنی داگیرانی ئیسلامی، لە ساڵانی ٦٠٠ەکانی زایینیدا، بۆ ناوچەی باشوری عێراق و ئێرانی ئەمڕۆ و کوردستان بە گشتی بکەینەوە. لە پاش شەڕ و شۆڕی خوێناوی و سەرکەوتنی سوپای ئیسلامی لە کۆتاییدا و سەپاندنی یاسا کلتوری و کۆمەڵایەتی و هزرییەکانی جزیرەی عەرەبی، لە فۆرمێکی ئاییندا، ئیتر بە ڕوونی ئەزانین لەم ناوچانەدا، چی لێکەوتۆتەوە؟ لێرەوە مێژوو بە تەواوەتی ئاراستەی ئەگۆڕێ و پاشخانی ئەو شارستانییانە، ژێر گڵ ئەخرێ و عەقڵییەتێک بە دڵی سیستمی تازەی ئیسلامی و کولتوری عەرەبی، لاپەرەکانی مێژوو بۆ ئەم میللەتانە، ڕەش ئەکاتەوە. ئیتر بۆ لەمەودوا، یاسا و ڕێساکانیان ئەسەپێنن. یەکێک لەو دیاردانەی بە لای ئایینزاکانەوە بووە پێویستییەک بۆ مانەوەی خۆیان، شەڕی سەپاندنی سەرپۆشە.

سەرپۆش لە کوردیدا و لە فارسیشدا، بە نزیکی هەمان مانا دەبەخشن. واتا تۆ پارچە بەرۆیەک بێنی و سەر و ڕووی ژنان و کچانی پێ داپۆشی. داپۆشینی سەر و قژی مێینە، یەکسان کراوە بە ڕەوشت، ئیتر لە ژێرەوە بە ناداپۆشراوی هەرچییەک بکەی یان نا گرنگ نیە. لە ئەسڵدا بەڕەوشتە یان نا، دیسانەوە گرنگ نیە. ئەوەی گرنگە بۆ وڵات و ئایینزاکان وسیستمە ئایینییەکە، پاڵاپۆشی ڕووکەشە. پاراستنی سیما ئایینییەکەی کۆمەڵگایە.

خودا ئەگەر دروست کەری مرۆڤەکانە، ئەوا پیاوانی ئایینی یەکەم کەسن کە سیفەتی خولقێنەری مرۆڤ لە خودا دەسێننەوە. چونکە خودا لە کتێبە ئاسمانییەکانی خۆیاندا دەڵێت، مرۆڤەکانمان لە باشترین و جوانترین و بەهرەدارترین شێوە دروست کردووە. بەڵام کاتێک بانگخوازێکی دەڵێت، لەزەتی سێکسی ئافرەت دەبێ کەم بکرێتەوە، خەفە بکرێت، بە برینی بەشێکی ئەندامی زاوزێی (خەتەنەکردنی)، ئەوا ناڕاستەوخۆ بە خودا ئەڵێت تۆ مێینەت خراپ دروست کردووە، وا خەریکین بۆت ڕاست ئەکەینەوە. ئەو پێی وایە ئەم کارە بۆ پاراستنی ڕوشتی ئافرەتەکان باشە، وەکو ئەوەی خودا ئافرەتانی بە بێ ڕەوشتی دروست کردووە. ئەمڕۆش لە ئێران لە سەر پەرچەم داپۆشین، کچێک بە دار و کوتەک ئەکوژرێ. ڕۆژێک تێزاب ئەکرێ بە پوز و قاچی کچاندا و ڕۆژێکیش ڕێگەی بازاریان لێ حەرام ئەکرێ. بانگخوازێکیش داوا دەکات کارەکانی دەرەوەیان لێ بسێننەوە و بیانخزێننە ماڵەوە، تا پیاوان هەلی کاریان بۆ دروست بێت. من تێناگەم خودا بۆچی سەر و قژ و دەماری هەستەوەری چێژی سێکسی لە مێینەدا چاندووە. تۆ بڵێی ناسکی و جوانی سەروسیما و قژی درێژ و هەست و سۆزی خۆشەویستی و ئارەزووی سێکسی، بە زیادە بەخشیبێتە مێینەی مرۆڤ؟ ئەگەر وایە خودا کاری چیە بەم کارە زیادەیە و ئەم ئەرکە بۆ ئەخاتە ئەستۆی خەلیفە و موراقیبەکانی لە سەر زەوی؟ ئایا ئیشی ئەم موراقیبانەی ئەخلاقە، تا ئەو



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

زیادەڕۆییانەی خودا لاببەن و مرۆڤایەتی تووشی ستەم و دەردەسەری بکەن؟

ژینا ئەمینی کوژراو پێی وتین، کە ژنی مێینەکان، لە سایەی وەها عەقڵییەتێکدا، چیدی لە دەستی ئەمیندا نیە. بیرێکی تەواو دواکەوتوو، پیاوانە، پیاو دەست کرد، پیاوسالار، سەحرایی. ئەو بیرەی نە لە خەیاڵکردنەوە و نە لە نووسینەوە و نە لە سەپاندنی هیچ ڕۆڵێکی مێینەی تێدا نیە. چونکە مادام خوداکان و پەیامبەرەکان هەموو پیاون، مادام نووسین و نووسەری کتێبەکان هەموو پیاون، مادام سەپێنەر و چاودێریکەرانی یاسا ئاسمانییەکانیش هەر پیاوەکانن، کەوابێ ئەم یاسایانە یاساگەلێکی پیاوانەی پڕ بە دڵی پیاوان داڕێژراون. کەواتا ئەو یاسایانە هیچ ڕۆڵێکی ئافرەتان لە داڕشتن و داهێنانیندا نیە و یاساگەلێکن کە لە لایەن نیوەی مرۆڤەوە کە نێرینەکانە، داهێنراون و سەپێنراون بە سەر نیوەکەی دیکەی مرۆڤ کە مێینەکانن. مرۆڤایەتی پێویستی بە یاساگەلێکە کە بۆ مرۆڤ بێ بە گشتی و مرۆڤەکانیش پێویستییان بە خودایەکە ئەرک و پاداشتی بۆ مرووڤەکان بە نێر و مێوە، وەکو یەک بێت.

ئەم وتارە دەربڕی بۆچونی نووسەر خۆیەتی

سەرچاوە: ماڵپەڕی شارپریس – ڕێکەوتی: ٢٠ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ژینا لە دادگای خاڵخاڵێدا



دانا رەشید

هەمیشە دەسەڵات و حکومەتە داپۆلسێنەرەکان، پشتیان بە جۆرە حوکم و دادگایەک بەستوە و دەیبەستن، کە ناویان ناوە (دادگای شۆرش) بەم پێ یە ژیان و کۆمەڵگەو دەوڵەت، دەخەنە ژێر یاسایەک، گوایە ترسی دوژمنانی شۆرش و ترسی خەڵکی تێکدەرانی سەربە ئیستعمارو زایۆنی و ئیمپریالی و جا لە ئێرانی ئیسلامی ترس لە ئەمەریکا وەک شیتانی گەورە، ترس لە ئیسرائیل، ترس لە هەر خشەو سرپەو دەنگ و سەدایەک، کە عەرشی حوکمی شۆرش بلەرزێنێ، تەنانەت ترس لە شلی بەستنی لەچکی کچان ترس لە کورتی مانتۆی ژنان، بۆ پاراستنی ئەم رەوشە چەند رێگایەک دەگرنە بەر، بۆ نمونە

یاسای عوروفی، کە هەر رۆژنامە نوسێ یان نوسەرێ یان فیلمسازو هونەرمەند و شانۆگەریەک لە بەندەکانی شۆرش دەرچێت، بە یاسای خەتەر بۆ سەر ئەمنی قەومی واتە ئاسایشی نیشتمانی دەدرێت بە دادگای شۆرش.

شۆرش ئەو کارخانەیەیە کە ئیشی سەرەکی دروست کردن و بەرهەم هێنانی ترسە و ترس خستنە ناو بازاڕ و قوتابخانەو زانکۆ و ناو دڵی کۆمەڵگەو هونەرو ...... هتد، واتە بە قۆناغ چۆن مرۆڤێک لە کۆمەڵگەدا دەگەیەنیتە ئاستی (ترساو) لە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەموو شتێک، تا نەوەکەی وا ڕابێنێ، حەفت بەسەر هیچ شتێکەوە نەبێ، سەری خۆت کز بگرەو چاوەروانی رەحمی خوا بکە، کورد واتەنی دەستت بە کڵاوەکەتەوە بگرە و خوا چاکی کات،

کە کۆمەڵگە گەیشت بەم قەناعەتە ئارامیەکی پڕ لە ترس و دڵەراوکێ و دڵنیانەبوون لە ئایندە دەستی بەسەردا دەکێشێت، دەسەڵاتیش زیاترو زیاتر ئەسپی خۆی تاو دەداو، بەردەوام کێڵگەی ئەم ترسەی کۆمەڵگە دەکێڵێت، دەوڵەتی مصر لە ساڵی ١٩٥٢ تا ٢٠١١ کۆتایی بە سیلسیلەی حوکمی شۆرشی (زباط الاحرار) هات واتە ٥٩ ساڵ لەژێر بەندی یاسای عوروفیدا ژیا، بە درێژایی ٥٩ ساڵ دادگای شۆرش لە هەوڵی ئیعدام کردنی هەر سەرێکدا بوو کە ئەمر بە زمانی بکات بڵێ نەخێر، بەم شێوەیە ٥٩ ساڵ بە قۆناغ کۆمەڵگەی مصری لە گەردو غوباری چەندەها قەیرانی دروستکراودا گەوزاند، کە تاکی مصری لەبەر ڕاکە ڕاکەی بۆ قوتی ژیان ئەسڵەن ناوی خۆشی بیر بچێتەوە، تەواو وەک ئەم حوکمە دوو زۆنیەی هەرێمی کوردستان، بە دروست کردنی قەیرانێک بۆ ژیان قەیرانێکی ترت لەبیر دەباتەوە.

نمونەی ئێران زۆرن کە سەرجەمیان بەراپەرین و خوێنرشتن و وێرانکاری لەناو چوون، بێینەوە سەر شۆرشی ئیسلامی ئێران بە قیادەی ئایەتوڵا خومەینی.

دەسەڵاتی پەهلەوی واتە رەزا شاو محمەد رەزا شا کە لە ساڵی ١٩٢٥ دەست پێ دەکات تا ١٩٧٩، دەسەڵاتێکی بکوژ و ببڕ نەبوو، بەڵکو ئەو هەوڵی دا ئێران بکات بە دەوڵەتێکی عەقڵانی، نەسرەدین شا بە درێژایی نیوقەرن حوکم، ئێرانی کردبوو بە تاریکستانێکی هێندە دواکەوتوو، کە هەرچی فیعلی خراپە سەرداران و ئاغاو دەرەبەگەکان و خان و میر دەیان کرد، تەنانەت دیاردەی (بەچەبازی یان وەلەد بازی) بوو بوو بە نەریتێکی باو لەناو عەرشی نەسرەدین شاو تووێژی دەسەڵاتداران، لە قەفقازیاو روسیان و شوێنانی ترەوە ، کوڕو کاڵیان بۆ بردوون، ئاستی خوێندن و خوێندەواری و زانست لەو پەڕی نزمیدا بوە، تا سەرهەڵدانی دەسەڵاتی رەزا شا، ئیدی دەست کرا بە بیناکردنی دەوڵەت، تاران وەک پایتەختێک لە پایتەختەکانی جیهان، زانکۆی دروست کرد، پەرەی بە خوێندنی دەوڵەتیداو مزگەوت و حوسەینیەی بۆ عیبادەت تەرخان کرد، زۆر شتی خستەوە سەر ڕێگەی ئاسایی خۆی، زانست و هونەرو کشتوکاڵ و پیشەسازی پێشکەوتن، ژیان سیمایەکی تری بەخۆوە گرت بەجۆرێ ساڵانی شەستەکان و حەفتاکان، ئێران بە یەکێ لە وڵاتە خۆشگوزەرانەکان وەسف کراوە، ئەمما روخان و تێکدانی ئەو دەسەڵاتە لە لایەن خەڵکەوە هۆکاری زۆرن و فرە رەهەندە لە زۆر ڕووەوە لێکۆڵینەوەی لەبارەوە کراوە دیارترینیان، ساویلکەیی کەسایەتی حەمە رەزا شا ،کاتێ خۆی دەکاتە دیکتاتۆرو هەموو دەسەڵات و بریارێک بۆخودی خۆی دەگێرێتەوە، کاتێ دوکتۆر موسەددق ساڵی ١٩٤٨پێی دەڵێ تۆ یان شا بە یان سەرۆک وەزیران، دەرکی بە خەتەری حەوزەی شیعە کردبوو، کە ئینگلیز چ مەرامێکی پێیانە، واتە دەرپەراندنی دوکتۆر موسەددق و هاوخەباتەکانی زەربەیەک



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بوو بەر دڵی دەسەڵاتی شا کەوت بە پلانی ئینگلیز، ساڵی ١٩٦٣ لە هەڵگەڕانەوەی پیاوانی شیعە کەسێک بە ناوی روحوڵا موسەوی خومەینی لە پشت ئاژاوگێری و موزاهەرەی عەمامە بەسەرەکانەوە دەبێ بە فیتی ئینگلیز، کاتێ دەگیرێت حەوزەی شیعە بۆ پاراستنی خومەینی، پلەی دینی بەرز دەکەنەوە بۆ ئایەتوڵاو بە ئایەتوڵا دەیناسێنن، بە دەستوری ئێران، ئایەتوڵا لەبەر ئەوەی رۆحانین هیچ سزایەکی قورس و ئیعدام نایگرێتەوە، بۆیە هەڵەی شا ئەوەبوو لە بری ئەوەی لای خۆی دەستبەسەریکات، نەفی دەکات بۆ نەجەف، کە ئەمە بۆ خومەینی وەک ئەوە وایە خرابێتە بەهەشتەوە، هەڵەی سێەمی شا، دەستبەردار بوونی شۆڕشی کوردوو رێکەوتنی لەگەڵ رژێمی بەعس و صدام، کە گۆڕەپانی خومەنی کارا کرد بۆ دەست وەردانی لە ئاژاوەگێری ناو ئێران بەمەش وتراوە شۆرشی کاسێت، کاتێ خومەینی وتارەکانی خۆی لەسەر کاسێتی موسەجەل تۆمار دەکاو بەهۆی ، کرانەوەی سنورو هاتوچۆی نێوان ئێران و عێراق رەوانەی ئێرانی دەکاو گڕ دەنێت بە خەڵکەوە و تاوی قیام و هەستان دەدات، واتە ئەم سێ هۆکارە لە دیارترین ئەو رەهەندانەن کە سەڵتەنەتی شای ئێرانی روخاند، هاتنە سەرکاری خومەینی پشتی بە درۆو نیفاق و گێلی بەشی زۆری کۆمەڵگەو، لاوازی تیارە چەپ و دیمۆکراتخوازەکانی ئێران بەستبوو، جەنگی هەشت ساڵەی ئێران و عیراقیش تەواو ئەو دەسەڵاتەی جێگیر کرد.

سەرەتای جەنگی ئێران عیراق، کەسێک دەرکەوت بەناوی خەڵخاڵی، کە کەسێکی نزیکی خومەینی و یەکێک لە موریدەکانی حەوزەی قوم و دەستو پێوەندی خودی خومەینی بوو، کاتێ حیزبەکانی کوردستان گەمارۆی هێرشەکانی پاسدارانیان دابوو ساڵی ١٩٨١، خومەینی جاڕی دا هەرچی هێز هەیە بەرەو کوردستان بجمێن، لە کوشتن و بڕین سڵ نەکەوە و دەست نەپارێزن، بۆ ئەمە سەرۆکی دادگای شۆڕشی ئیسلامی خاڵخاڵی دەنێرێت، کە بە هەزاران کەسی بە کۆمەڵ ئیعدام کردوە، دەگێرنەوە پیاوێک پێی دەڵێ تۆ حوکمی منت بە ئیعدام داوە لەسەر هیچ و خۆڕایی خوا چۆن قوبوڵ دەکات، لە وەڵامدا دەڵێ، ئەگەر گوناهبار بیت بەسزای خۆت دەگەی، ئەگەر بێ گوناهیش بی، چ باشتر دەچیتە بەهەشت.

بەم تیروانینە زیاتر لە ٤٠ ساڵە، دەسەڵاتی شۆرشی ئیسلامی لە ئێران، رۆژانە مرۆڤ دەکوژن دەبڕن دەکوتن، ئیعدام دەکەن، بۆیە ژیانی ئەم کچە کوردەش بەهەمان تێروانین و بەهەمان حوکم و شەرع، شەهید کرا.

بەڵام ئەوەی جێگەی هەم داخ و هەم سەرنج، تەنها شارەکانی کوردستان ڕاپەریون لەسەر مەرگی ژینا لەکاتێکدا مەرگی ژینا مەرگی تەواوی گەلانی ئێرانە، ئەمەش جارێکی تر سەختی کورد بوونە.

ئەم وتارە دەربڕی بۆچونی نووسەر خۆیەتی

سەرچاوە: ماڵپەڕی شارپریس – ڕێکەوتی: ٢٠ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## مەرگی ژینا ئەو بومەلەرزەیەی دەسەڵاتی ئێرانی هەژاند



**شارپرێس**

ژینا و دایک و باوک و براکەی رۆژی ٥ - ٩ - ٢٠٢٢ بۆ پشوودان لە سەقزەوە چوونە باکووری ئێران، دوای هەفتەیەک مانەوە، لەوێوە رۆژی دووشەممەی چوونە تاران و سەردانی ماڵی پووری ژینایان کرد، ئەو خێزانە دەیانویست دوای چەند رۆژێکی کەم لەمانەوەیان لە تاران بگەڕێنەوە بۆ سەقز، بەڵام دەستبەسەرکردنی ژینا لەلایەن پۆلیسی تارانەوە هەموو شتێکی گۆڕی و بووە و خەونەکانی ژینای بردە ژێر گڵەوە، بوە سەرەتای زنجیرەیەک ناڕەزایەتی گەورە کە شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانی گرتەوە.

ژینا و ئەشکانی برای رۆژی سێشەممەی ڕابردوو دەچنە نێو شاری تاران تاوەکو پیاسەیەک بکەن، دوای دابەزینیان لە وێستگەی حەقانی میترۆی تاران، پۆلیسی ئاکار کە بەڕێوەبەرێتیەکی تایبەت بە چاودێریی جل و بەرگ و ڕەفتاری ئێرانیەکانە لە شوێنە گشتیەکان، بانگی ژینا دەکەن و لەسەر شێوازی جلوبەرگی دەستبەسەری دەکەن، لێرەوە ڕووداوەکان دەستپێدەکەن کاتێک ژینا لەنێو ئۆتۆمبێلی پۆلیسدا دەبێت، دەترسێت و دژی دەستبەسەرکردنی ناڕەزایەتیی دەربڕیوە، هێزەکانی پۆلیسیش بە دار لە سەرییان داوە، بەوەش زەبرێکی کوشندە بەر سەری ژینا کەوتووە و دوای چەند رۆژێک مانەوەی لە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

مردنی ژینا بوە یەکێک لەو ڕووداوانەی گۆمی مەنگی ناڕەزایەتیەکانی لە ئێران شڵەقاند، بە بێ جیاوازی نەتەوە و ڕەگەز زۆرینەی گەلی ئێران بۆ ئەو ڕووداوە هاتنەدەنگ، کارگەیشتە سەرۆک کۆماری ئێران و کۆشکی سپی ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپا.

کۆشکی سپی گیانلەدەستدانی ژینا ئەمینی بە توندی سەرکۆنەکرد و وتی سوکایەتییە بە مافەکانی مرۆڤ و داوای سزادانی ئەوانەش دەکات کە بوونە هۆکاری گیانلەدەستدانی ئەو کچە کوردە.

ئەوەی لە ڕووداوی کوشتنی ژینا جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردنە و بە پێشهات و گۆڕانکارییەکی نوێ دادەنرێت ئەوەیە، پێشتر بۆچوونێک هەبوو کە حزبە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات، لە ئێران هیچ پێگەیەکی جەماوەری بەهێزیان نییە، بەڵام ڕووداوی کوشتنی ژینا دەریخست ئەوان سەرەڕای پەرتەوازییان، بەڵام هێشتا دەتوانن شەقامی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بجوڵێنن و بوونە داینەمۆی مانگرتن و خۆپیشاندانەکان دژی کوشتنی ژینا.

لەدوای ئەو ڕووداوەوە پارتەکانی ڕۆژهەڵات دەچنە قۆناغێکی نوێی خەباتکردنەوە، هەم لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەم لەسەر ئاستی ناوچەکە، چونکە بۆ وڵاتانی نەیاری ئێران دەرکەوت کە پارتە کوردییەکان لە توانایاندایە شەقام دژی ڕژێمێک بجوڵێنن کە بەزەبری ئاگر و ئاسن حوکم دەکات.

لە شارەکانی سنە، سەقز، مەریوان، بانە، دیولان، سەوڵاوا، کامیران، مهاباد، بۆکان، پیرانشار، شنۆ و نەغەدە و دیواندەرە، زۆربەی دووکان و بازاڕەکان داخران، لەنێو شاری کرماشان و شارەکانی دیکەی ئەو پارێزگایەش مانگرتنی گشتی بەڕێوەدەچێت، هەروەها لەنێو شاری ئیلام و چەند شارێکی دیکەی پارێزگاکەش، بەشێک لە خەڵک دووکان و بازاڕەکانیان داخستووە و لە چ ەند شوێنێکیش ڕوبەڕوو بونەوەی نێوان هێزە ئەمنیەکان و خۆپیشاندەران ڕویداو ژمارەیەک لە هەردوولا برینداربوون..

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران داوا لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکات، ڕێگە نەدەن ناڕەزایەتیی هێمنانەی خەڵک لە دژی مردنی گوماناویی ژینا ئەمینی، کچە کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرەو توندوتیژی بچێت، لەکاتێکدا ئەو هەڵوێستەی حزبی دیموکرات جێگەی سەرنجە بەوپێیەی کەسوکارەکەی ژینا دڵنیان لەوەی کچەکەیان کوژراوە بەڵام ئەو حزبە بە مردنی گوماناوی ناویدەبات.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە، ڕێکخراوی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی ئێران، تاکە پارتی سیاسییە بە ئاشکرا ڕووداوەکە وەک کوشتن ناودەبات و داوای لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردووە هەڵوێست وەربگرن.

کۆمەڵە زۆر بەراشکاوی ولە خۆ رابینییەوە داوای لە هاولاتیانی ڕۆژهەڵات کرد دوکان و بازارەکانیان دابخەن و مانگرتنی سەرتاسەری رابگەیەنن، هەر واشبوو، ڕاستەوخۆ لەو کاتەی کە کۆمەڵە دیاریکردبوو لەسەرجەم شارەکان چالاکی مەدەنی و مانگرتنی سەرتاسەریی دەستپێیکرد.

پێشتر حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ژمارەیەک ڕێکخراو و دامەزراوەی مەدەنیی نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان داوایان لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردبوو رۆژی دووشەممە دژ بە کوژرانی ژینا ئەمینی و بالاپۆشکردنی ناچاریی ژنان نارەزایەتی دەرببڕن و دووکان و بازاڕەکان دابخەن و نەچنە سەر کارەکانیان... لە ڕۆژی دووشەممەشدا وەک ئەوەی داواکرابوو نارەزایەتی دەربڕدرا، بەوەش چالاکی سیاسی و مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێینا وەتە قۆناغێکی نوێوە و خەڵکی ڕۆژهەڵات ئامادەییان نیشانداوە بەدەم داوای حزبە کوردییەکانی ئەو بەشەی کوردستانەوە بچن.

باوکی ژینا ئەمینی دەڵێت، لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا بە ئیبراهیم رەئیسی، سەرۆک کۆماری ئێرانی راگەیاندووە، ئەو ڤیدیۆیانەی لە تەلەڤزیۆنەکانی ئێران لەبارەی گیانلەدەستدانی ژینا ئەمینی بڵاوکراونەتەوە "درۆ" بوون.. ئەوەش پێشهاتێکی نوێیە کاتێک لەئاستێکی باڵا بەرپرسێکی ئێران دێتەسەر خەت، لەکاتێکدا پێشتر و ڕۆژانەش دەیان کەس لەو وڵاتە بە پاساوی جۆراوجۆر لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دەکوژرێن.

لە باشووری کوردستان کاردانەوەکان دژی کوژرانی ژینا لاواز بوون، جگە لە مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان کە پەیوەندی بە خانەوادەی ژیناوە کرد، هیچ حزبێکی سیاسی هەڵوێستی خۆی ڕانەگەیاندووە، تەنانەت ڕێکخراوە مەدەنییەکان لە حزبەکان زیاتر هەڵوێستیان نواند و ڕۆژی دوشەممە نارەزایەتییەکانیان بردەسەر شەقام.

حزبە کوردیەکانی ڕۆژهەڵات باس لەوە دەکەن کە پێویست بوو لە باشوری کورستانەوە هەڵویستی جدی و بەرفراوان هەبوایە بەرامبەر بەو تاوانەی کە دەرهەق بە ژینا ئەنجامدراوەو چاوەرێی ئەوەیان لە خەڵکی هەرێم هەبوە کە بە شێوەیەکی بەرفراوان هەڵوێست بنوێنن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی شارپرێس – ڕێکەوتی: ٢٠ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ژینا، چۆن بوو بە پرسێکی جیهانی؟




**فرسەت سەید شکور**

## سەرەتا

ئێوارەی ڕۆژی سێشەممە ١٣ی٩ی ٢٠٢٢ لە وێستگەی حەقانیی میترۆی تاران، (ژینا ئەمینی) کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەلایەن پۆلیسی تارانەوە، بە تۆمەتی پابەندنەبوون بە باڵاپۆشی دەستبەسەر کرا و دوای ماوەیەک بۆ گرتووخانەی پۆلیس لە شەقامی وەزیرانی تاران گواسترایەوە.

ماوەیەکی کەم دوای ڕووداوی دەستبەرسەرکردنەکە، هەواڵێک میدیاکانی تەنی، کاتێک لە کاتی گواستنەوەی بۆ گرتووخانە، هێزەکانی پۆلیس لە ژینایان داوە و لە گرتووخانە دۆخی تەندروستی تێکچووە و بەو هۆیەوە دوای سێ ڕۆژ گیانی لەدەست داوە.

سەرەتا پۆلیسی تاران ویستیان، کە لە ڕێگەی چەند ڤیدیۆ و بابەتێکی دروستکراوەوە، بە خەڵکی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵێن کە کە ژینا پێش دەستگیرکردنی گیانی لەدەست داوە! بەڵام هەر زوو خانەوادە و هاوڕێ و نزیکەکانی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەوەیان ڕەت کردەوە و لە کۆتاییشدا دەرکەوت کە لێدان و ئەشکەنجەی دڕندانە کۆتاییان بە ژیانی ژینا هێناوە.

ڕووداوەکە کاردانەوەی گەورەی بەدوای خۆیدا هێنا، لەسەر ئاستی ناوخۆی ئێران، لە تاران و شارە گەورەکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان خۆپیشاندانی گەورەی جەماوەری و مانگرتن و هەڵوێستی توند بەدی کرا، کە تا ئێستا بەردەوامە، ڕووداوەکە هێندە ئازاربەخش و دڵهەژێن بوو، کە هەموو بیر و ئایدیا جیاوازەکانی ئێرانی لە یەک گۆشەدا کۆ کردەوە، حزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئازادیخوازانی کوردستان و ئێرانیشی بە یەک گوتار و هەڵوێست هێنایە دەنگ. خۆپیشاندان و هەڵوێستەکان گەیشتوونەتە ئەو ڕادەیەی، کە هێزە ئەمنیەکانی ئێران بە هەموو هێز و تاقەتی خۆیان، بە زەبری چەک ڕووبەڕووی خەڵکی بێچەک و مەدەنی ببنەوە، بەڵام هەموو ئەم فشارانە نەیانتوانیوە لە هەڵوێستی کوردانی ڕۆژهەڵات لە ناوخۆی ئێران و دەرەوە و سەرانسەری جیهان کەم بکاتەوە، لە ڕاستیدا ئێران بە هیچ شێوەیەک چاوەڕێی ئەم کاردانەوە بەرفراوانەی خەڵکی نەدەکرد.

### خۆپیشاندان و مانگرتن

لە شارەکانی سنە، سەقز، مەریوان، بانە، دیوالان، سەوڵاوا، کامیاران، مهاباد، بۆکان، پیرانشار، شنۆ و نەغەدە، بۆ سەرکۆنەی ئەو تاوانە دەرحەق بەو کچە کوردە، دوکان و بازاڕەکان داخران. لەنێو شاری کرماشان و شارەکانی دیکەی ئەو پارێزگایەش مانگرتنی گشتی بەڕێوە دەچێت. هەروەها لەنێو شاری ئیلام و چەند شارێکی دیکەی پارێزگاکەش، بەشێک لە خەڵک دوکان و بازاڕەکانیان داخستووە، بەڵام فشارەکان هەتا ئێستا لەسەر خەڵک بەردەوامن، بۆ وەستاندنی مانگرتن و گەڕانەوە بۆ سەر کارەکانیان.

هاوکات پێشنیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە ١٨ی ٩ی ٢٠٢٢ قوتابیانی زانکۆی تاران بە مەبەستی دەربڕینی ناڕەزایی بەرامبەر شێوازی گیانلەدەستدانی ژینا ئەمینی، لەبەردەم زانکۆ گرد بوونەوە و بە هەردوو زمانی کوردی و فارسی، دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی"یان گوتەوە.

سەرۆک مەسعود بارزانی، هەر زوو هاتە سەر هێڵ و ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممە ١٨ی ئەیلوولی ٢٠٢٢ لە ڕێی تەلەفۆنەوە پەیوەندیی بە ماڵباتی ژینا ئەمینی کرد و هاوخەمیی خۆی بۆ گیانلەدەستدانی ژینا پێ ڕاگەیاندن و هیوای سەبر و ئارامی و جێبەجێبوونی دادپەروەریی بۆ خواستن، ئەم هەڵوێستەی سەرۆک بارزانی لەناو کوردی هەر چوار پارچە، بە هەڵوێستێکی بەرزی نەتەوەیی و مرۆڤدۆستی وەسف کرا.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## لەسەر ئاستی جیهانی

لەسەر ئاستی جیهانیش، ژینا ئەمینی بووە پرسێکی نێودەوڵەتی، هەر زوو وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا سەرکۆنەی ڕووداوەکەی کرد، کۆشکی سپییش بەتوندی لەسەر ئەم کارەساتە ئازاربەخشە هاتە سەر هێڵ و بە ڕووداوێکی تەواو دژ بە مرۆڤایەتی وێنای کرد.

ڕۆژی سێشەممە ٢٠ی ٩ی ٢٠٢٢، ئەنتۆنی بلینکن، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە هەژماری خۆی لە (تویتەر) لەبارەی گیانلەدەستدانی ژینا ئەمینی نووسیویەتی: "ئەمریکا و خەڵکی ئێران خەمبارن بۆ گیانلەدەستدانی مەهسا [ژینا]. داوا لە حکوومەتی ئێران دەکەین، کۆتایی بە سەرکوتکردنی سیستماتیکیی ئافرەتان بهێنێت و ڕێگە بە خۆپێشاندانی ئاشتییانە بدات".

ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە مافەکانی ئافرەت لە سەرانسەری جیهان هەڵوێستیان نواند و ڕووداوەکەیان بە سووکایەتیکردن بە مافەکانی مرۆڤ وێنا کرد، ئەستێرە و بیرمەند و نووسەر و هونەردۆست و کەسایەتییە بەناوبانگەکانی ئێران، پەیامی هاوخەمییان بۆ مەرگی ژینا نارد.

## کۆتایی

چاوەڕوان دەکرێت فشار و هەڵوێستەکانی خەڵکی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێداچوونەوەیەکی خێرای سیاسەتی ئێرانی پێوە بێت، چونکە وەک باس کرا، ڕووداوەکە نەک لەسەر ئاستی ناوخۆ، بەڵکوو وەک پرسێکی ڕای گشتیی جیهانی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، ئەگەرچی ئێران بە چەندین قۆناغی وەهادا تێپەڕیوە و سیاسەتی لەمەڕ پرسە ئایینی و سیاسییەکان نەگۆڕیوە، بەڵام وا مەزندە دەکرێت، کە ئەمجارە مەرگی ژینا و هەڵوێستی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات وا لە ئێران کە سیاسەتی خۆی بەرامبەر کورد و گەلانی دیکە و بەتایبەتییش ئافرەتانی وڵاتەکە بگۆڕێت و چیدیکە خەڵکی شارەکانی ئێران بە هەموو بیر و ئایدیا جیاوازەکانەوە، ڕووبەڕووی سزای توند نەکاتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی باسنیوز – ڕێکەوتی: ٢٠ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## مەرگی ژینا ئەمینی لەدیوێکی ترەوە



سۆزان حەمەتاتە

یەکێک لەکێشە گەورەکانی بەردەم ژیانی مرۆڤ لەکۆمەڵگەیەکی ئاییینیدا ئەوەیە؛ ژیان یەک ڕەنگو مانای دیاریکراوی هەیە، یاساو ڕێساکان چوارچێوەدارنو هیچ هەناسەیەکیان تیادا نادرێ، ئیتر مرۆڤ لەهەر چرکەیەکدا بەدوای دەرفەتی ئازادبونو خۆئازادکردندا دەگەڕێ، زۆرجار لەم ڕێگەیەدا توشی چارەنوسی مەرگ دەبێت، ئەوەی ژینا ئەمینی ئەو چارەنوسە بوو.

ئێران بەپەیڕەوکردنی سیاسەتی سەرکوتکردنی ئازادییەکانو بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە بەپێی پێوەرە مەزهەبییەکان، کۆمەڵگەی ئێرانیی توشی گۆشەگیریی کردوە، قەیرانی ئابوریی‌و بێکاریی زۆرو بڵاوبونەوەی مادەی هۆشبەر بەڕێژەیەکی زۆر بونەتە سیمای دیاری کۆمەڵگەی ئێرانی، لەدۆخی وادا بێگومان ڕێژەی تاوانیش زۆر دەبێت.

ژینا ئەمینی بەدونیایەک خەونو خولیاوە بۆ ژیانی دەڕوانی، دوو گرفت بەرۆکی ئەویان گرت، یەکەمیان دەیویست ژنێکی ئازادبێتو دوەمیشیان کوردێکی ئازابێت، بەپێی پێوەری سیاسی‌و حوکمداری لەئێران ئەو دوانەش لەقەدەغەکراوەکانن، بۆیە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ژینا بەهۆی ئازادیو ئازاییەوە مرد.

ژینا لەکلاورۆژنەی ئازادییەوە بۆ ژیانو کۆمەڵگەو ژنو دەوروبەری دەڕوانی، کۆتوبەندی لەچک نەیتوانی لەخەونی ئازادبون دوری بخاتەوە، بەڵکو ئەو دەیویست ئازادی بۆ هەموان بێت "هەر مرۆڤە بەئازادی خەونەکانی بەرجەستە بکات، هەر ژنەو ئازادبێت چۆن ژیان بکات، لەچککردنو نەکردن ئازادانە بێت."

کاتێک مرۆڤ دەیەوێت ئازادبێت دنیایەک گرفت دێنە ڕێگەی، بەدەستهێنانی ئازادی ئیرادەو خۆڕاگریی دەوێت، کۆسپو تەگەرەی زۆر دێنە بەردەمی، بەترس دەورە دەدرێ، بەڵام چونکە ئازادی بەهای گەورەو زۆری بۆ ژیانی مرۆڤ هەیە، کەسی ئازای ئازادیخواز ئامادەیە لەپێناویدا بمرێ.

کورتکردنەوەی مردنی ژینا تەنها لەبەرئەوە نییە لەچکی فڕێداوە، ئەگەر تەنها ئەوە بەهۆکار بزانین ئەوە مردنەکەی بچوک دەکەینەوە، بەڵکو مردنی ژینا لەپێناو ئازادیی بیرکردنەوەو ژیاندا بوو، ژیان بەگشتی، ئازادیی ڕۆحو جەستەو شێوازی ژیانکردن، بۆیە مردنی ژینا لەپێناو ژیاندا بوو نەک تەنها لێکردنەوەی لەچک، بەڵام لەچک لەوساتەدا ڕەمزە بۆ سەپاندنو کوشتنی ئازادی، بۆیە یەکەم هەنگاوی ژینا لێدانە لەو ڕەمزە، لەو عەقڵیەتەی ئازادی ڕەتدەکاتەوەو بڕوای بەسەپاندن هەیە کە تەمەنی کورتە دەپسێ، لەوساتەشدا ئازادی هەڵدێ.

ئەم وتارە دەربڕی بۆچونی نووسەر خۆیەتی

سەرچاوە: ماڵپەڕی شارپریس – ڕێکەوتی: ٢١ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ئەو سێ ڕۆژەی کە، کەشی سیاسی کوردستان و ئێرانی گۆڕی



(وتاری ڕۆژ) سایتی پەیام

لەو ساتەوە کە ژینا ئەمینی لەلایەن لات و چەقۆکێشەکانی گەشتی ئیرشادەوە دەستبەسەرکرا و کەوتە بەر توونـدوتیژی و ئەزیەت و ئازار و سەرئەنجام گیانی لەدەستدا، ئێستا سەد کـاتژمێر تێنەپەڕیبوو کە بـوو بە ئـاخێزێکی گەورەی جەماوەری لە کردستان و ئێران بە گشتی.

ژینا ئەمینـی کچێکـی تەمەن ٢٢ سـاڵەی خەڵکـی شـاری سـەقز، بـۆ یەکەمجـار بـوو کە بەرەو تـاران دەچـوو بـۆ ئەوەی پـێش دەستپێکردنی ساڵی خوێندنی زانکۆ، چەند ڕۆژێک لەگەڵ هاوڕێ و ناسیاوەکانی بەسەر ببـات، چەند شوێنی سەرنجڕاکێشی پێتەختی وڵات ببینێ و بازاڕێک بکات و چەند وێنەی بیرەوەری لەگەڵ خۆی بباتـەوە بـۆ زێـدەکەی لە کوردسـتان و زانکـۆی ورمێ. لات و چەقۆکێشـەکانی گەشـتی ئێرشـاد بەهـۆی دەرکەوتنـی چەنـد تـاڵ مـوی سـەری، ئەو کیـژۆڵە گەنجە دەستبەسـەر دەکەن، ئەشکەنجەی دەدەن و دەیکوژن.
چیرۆکی مەرگی دڵتەزێنی ژینا و دڕندەیی و توندوتیژیی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران بەخێرایی گەیشتە لـوتکەی هەواڵەکـانی جیهـان. نووسـەران، هونەرمەنـدان، شـاعیران، پزیشـکان، خوێنـدکاران، ژنـان، گەنجـان، کرێکـاران و هەمـوو چین و تـوێژە کۆمەڵایەتییەکان بە خێرایی و بە توونـدی هەسـتیان بە یەکڕیـزی و هاوسـۆزی لەگەڵ ژینـا ئەمینـی کـرد. نـاوی کوردسـتان و جەمـاوەرە خەبـاتکـار و ئـازادیخوازەکەی کە سـەرکەوتووترین مـانگرتنی سیاسـی لە مێـژووی خۆیـدا ڕێکخسـت و سـەرکردایەتی کرد، هاوسۆزی گەرمی دەیان و سەدان ملیۆن کەس لە ئێـران و ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و جیهـانی بـۆلای خـۆی ڕاکێشـا و ڕێـزی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لێگیرا. زۆرێک لە زانکۆ و شارەکانی ئێران و جیهان بوونە ناوەندی نارەزایەتییەکان لە دژی تیرۆری ژینا لە لایەن کۆماری ئیسلامیەوە. حکومەتی ئیسلامی دەیان هەزار هێزی سەرکوتکاری هێنایە سەر شەقام و زانکۆکان و شەقامەکانی شارەکانی دیواندەرە و سەقز و بۆکان و زۆرێک لە شارەکانی کوردستان و ئێران بوون بە گۆرەپانی شەڕ و بەرەورووبوونەوە. شەڕی هێزە چەکدارەکانی رێژیم لەگەڵ جەماوەرێکی ئاشتیخواز و بێچەک. رێژیم کە خۆی لە ژێر گوشاری خەڵکدا دەبینی، خێرایی ئینتەرنێتی کەم کردەوە و لە زۆر شوێنیش بەتەواوی پچڕاندی، سەدان کەسی گرت و ئەشکەنجەی دا، ژمارەیەک کەسی بێ دیفاعی بریندار کرد و کوشتنی و ماشێنی تاوانکاریی رێژیمی ئیسلامیی، ئازار و کارەساتێکی زیاتری بە سەر خەڵکدا سەپاند.

دروشمەکانی خەڵکی کوردستان لە دوورترین شار و زانکۆ و کۆلانەکانی ئێران و جیهان دەنگی دایەوە و دروشمی ژن، ژیان، ئازادی تا دوورترین مەودا رۆیشت و بەشێکی زۆری خەڵکی جیهان لە رێگەی میدیاکانەوە شایەتی بەرخۆدان و خەباتی خەڵکی کوردستان و ئێران لەدژی کۆماری ئیسلامی بوون. لاپەڕەیەکی نوێ لە یەکریزی و خەباتی نێوان خەڵکی کوردستان لە لایەک و خەڵکی کوردستان لەگەڵ خەڵکی ئێران هەڵدرایەوە. داواکاری یەکسانی نێوان ژن و پیاو، هەڵوەشاندنەوەی یاساکانی دژە ژن و بە تایبەتی لابردنی حیجابی زۆرەملێ، دەستگیرکردن و دادگاییکردنی ئەنجامدەرانی تاوانەکانی دژی ژینا ئەمینی و ژنانی کوردستان و ئێران بەگشتی، لەلایەن دەیان و سەدان ملیۆن کەسی ئازادیخوازەوە پێشوازی لێکرا. لە ماوەی سێ-چوار رۆژدا ئاستێکی سەرسوڕهێنەر لە ئەدەب و هونەر و مۆسیقا و تابلۆ و بابەت لەسەر ژینای گەنج و ستەم و هەڵاواردن لە دژی ژنان بەرهەم هات و بڵاوکرایەوە. لە ماوەی چەند رۆژدا ژینا بووە ئاشناترین و خۆشەویستترین ژنی ناوچەکە. سیاسەتی دروست و بەرپرسانەی مانگرتنی گشتی لە نزیکەی هەموو شارەکانی کوردستان لە چوار پارێزگادا بە سەرکەوتوویی جێبەجێ کرا و لەلایەن ملیۆنان کەس لە دەرەوەی کوردستان پێشوازی لێکرا. تێکۆشانی خەڵکی کوردستان بە تایبەت ژنان بۆ بەدیهێنانی ئازادی و یەکسانی، لە فۆرم و رەهەندی جۆراوجۆر و بەربڵاودا بەردەوام دەبێت. خەڵک هەم بەهێزیی و یەکریزیی خۆیان و هەم لاوازیی رژێمیان بە روونی درک کرد.

ئەو سێ رۆژەی کە کوردستان و ئێرانی گۆڕی، مژدە بەخشی رۆژان و ساڵانێکی باشتر بۆ جەماوەری ئازادیخواز و لاوازبوونی هەرچی زیاتر و دواجار رووخاندنی کۆماری ئیسلامییە. کۆماری ئیسلامی بەدناوداترین و بێزراوترین حکوومەتی مێژووی ئێرانە و خەڵکی کوردستان بە یەکگرتوویی لەگەڵ ملیۆنان خەڵکی ئازادیخواز و یەکسانیخوازی ئێران، دەتوانن و دەبێ کۆتایی بە ژیانی ئەم حکوومەت و سیستەمە ریسوا و جینایەتکارە بهێنن.

سەرچاوە: سایتی پەیام – رێکەوتی: ٢١ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ژن، ژیان، ئازادی




**کەمال چۆمانی**

- ژن، ژیان، ئازادی -زن، زندگی، ازادی- دروشمی سەرەکیی خۆپیشاندانەکانی کۆی شارەکانی کوردستانی ئێران و ئێرانە. ئەو دروشمە هەڵقوڵاوی ٤٠ ساڵ خەباتی بزوتنەوەی ئازادیخوازیی باکوری کوردستانە و لە تێڕوانینە فەلسەفییەکانی ئۆجەلانەوە سەریهەڵداوە.

- ئۆجەلان ئازادی کۆمەڵگا بە ئازادی ژن دەبەستێتەوە. ئۆجەلان دەڵێت: (بۆ من، ئازادیی ژن تەنانەت لە ئازادیی نیشتیمانیش بەنرخترە.) هەر بۆیە لە رۆژئاڤا بینیمان چۆن دروشمی ژن، ژیان، ئازادی تەنانەت لیبراڵێکی وەک هیلاری کلێنتۆنیش لە باوەشی گرت، لە فێستیڤاڵی کانەوە بۆ تاران دەنگدەداتەوە.

- ئۆجەلان دەڵێ: (مێژوی کۆنی ٥٠٠٠ ساڵی شارستانییەت لە بنەڕەتەوە مێژوی کۆیلەکردنی ژنە. لە ئەنجامدا، ئازادیی ژن تەنها بە شەڕکردن دژ بە بناغەکانی ئەو سیستەمە حوکمڕانییە بەدەستدێت.) سیستەمی کۆماری ئیسلامییش بەشێکە لەو سیستەمە ٥٠٠٠ ساڵییە.

- کوشتنی ژینا ئەمینی جارێکی تر بۆگەنبونی سیستەمی نادیمکوراتیکی رژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی پێئاشناکردینەوە.


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دوای ٤٠ ساڵ ئەو سیستەمە ناتوانێت گۆڕانکاری لە خۆیدا بکات و چەندەش ئەو سیستەمە توندتر و دڵڕەقتر دەبێ، هێندەش ویستی ئازادی باڵاتر.

- ئەوەی لەو ساڵانە سەردانی ئێرانی کردبێ، دەزانێت رەوشی ئابوریی ئەو وڵاتە لە چ وێرانەیەک دایە و رەوش و گوزەرانی خەڵک چەند سەخت بوە، بەڵام ئەوە تەنها نان نییە خەڵک لەپێناویدا خۆپیشاندا دەکات، بەڵکو ئازادییە پێش نان.

-پۆلیسی ئەخلاق یەکێکە لە کێشە بونیادییەکانی سیستەمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، نەک تەنها کێشە. خۆپیشاندان تەنها دژ بە روداوێک نییە، دژ بە کۆی ئەو سیستەمەیە پۆلیسی ئەخلاقی بۆ پرچی ژنان هەیە نەک پۆلیس بۆ نەهێشتنی گەندەڵی.

- بەپێی هەندێک داتا، سەدا ٦٠ خەڵکی ئێران لە ئاستی هەژاری رێژەیین relative poverty ، واتا بەزەحمەتە دەتوانێت تا سەری مانگ کرێی خانو و خواردنیان هەبێ و ئەوانە رێژەی هەرە زۆری کۆمەڵگان. لەو سەدا ٦٠ ە، سەدا ٣٠ لە ئاستی هەژاری تەواو absolute poverty دان. لە کاتی کۆرۆنادا زیاد لە سەدا ٣٥ی دانیشتوانی ئێران لەژێر هێڵی هەژارییەوە بون. بێکاری لەنێو گەنجان سەروی سەدا ٢٥ ە.

- ئێران بۆ ئەو کێشانەی کە هەڕەشەی گەورەن لەسەر ژیانی دەیان ملیۆن خەڵکەکەی، پۆلیسێکی نییە، بەڵام بۆ داپۆشینی پرچی ژنان و کام جلوبەرگ لەبەردەکەن، پۆلیسێکی تایبەتی هەیە و (بەباشی) کارەکانی ئەنجامدەدات.

- ئەمڕۆ کۆمەڵگای ئێرانی تا رادەیەک یەکگرتوە. ئازادیی ژن و دژایەتیی رژێم یەکیخستون. ئەوەی پرۆفیسۆر د عەباسی وەلی ناوینــاوە (دیواری ئێتنیکی) لەو روداوەدا شکێنراوە. کوشتنی ژنێکی کورد لەلایەن رژێمەوە وای کردوە تاران و سنە پێکەوە خۆپیشاندان بکەن.

بۆیە؛ ئازادی هەمو نەتەوەکان پێکەوە پەیوەستە. هیچ نەتەوەیەک ئازاد نابێ لەو بەشەی دونیادا تا هەمو نەتەوەکان ئازاد نەبن. ئازادیی هیچ نەتەوەیەکیش، وەک ئۆجەلان گوتی، بێ ئازادیی ژن مەحاڵە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕوانگە و رەخنە – ڕێکەوتی: ٢١ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ژینا سمبوڵی بەرخودان



هیوا حسن

هەر کارێک گەر بەزۆرو لەڕێگای هێزەوە بەسەر کەسێک یان میللەتێک گروپێک سەپێنرا ، دەرەنجام لە هەڵکەوتنی فرسەتێکدا کاردانەوەی توندی لێ ئەکەوێتەوەو بێ گوێدانە ئاین و نیشتمان و مەزهەب سوکایەتی بەو کارە زۆرەملێیە ئەکەن و بەڕویاندا دەچنەوە ، بۆ نمونە میللەتی کورد دەیان ساڵە خەبات بۆ رزگاری نەتەوەیی ئەکات بەڵام کاتێک دەسەڵاتی کوردی زوڵم و ستەم لەمیللەتەکەی ئەکات ئەبینین کە چۆن خەڵکی نەفرەت لەخەبات و مێژوی گەلەکەی ئەکات و تەنانە سوکایەتی بە پیرۆزیەکانی نیشتمانیش ئەکەن، نمونەیەکی زیندوی دیکە کاتێک شیعەکان لەژێر دەسەڵاتی سیاسیەکانی شیعەدا لەناوەڕاست و خواروی عێراقدا ژیانێکی سەخت بەرێ ئەکەن بینیمان چۆن لەساڵی ٢٠٢١ گەنجی ڕاپەڕیوی ئەو ناوچانە ئاگریان لەهەندێ مەرقەدە پیرۆزەکانی شیعە بەرداو سوکایەتیان پێکرد.

کاتێکیش جمهوری ئیسلامی ئێران بەزۆر و لەڕێگای هێزەوە بەزۆرەملی بەناوی ئایینەوە سەرپۆشی بەسەر ژنانی ئێراندا سەپان ، بەڵام کاتێک ژینا ئەبێتە قوربانی ئەو بڕیارەی دەسەڵات بەبیانوی ئەوەی لەچکەکەی تەواو نەبەستووە ، بینمان چۆن ژنانی ڕاپەڕیوی ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بەگژ دەسەڵاتی پۆپۆلۆستی و دواکەوتوی ئێراندا چونەوەو وەک بەرپەرچدانەوەیەکیش بۆ ئەو تۆمەتەی بۆ کوشتنی کچێکی کورد هەڵیان بەستبوو چۆن ژنانی خۆپیشاندەر لەناوەڕاستی شەقامەکان لەچکەکانیان بەبەرچاوی دام و دەزگا ئەمنیەکانەوە سوتان، ئەوە ئەو کاردانەوە جەماوەرییەیە کە دەیان ساڵە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لەدڵ و هزری گەلانی ئێرانەوە پەنگی خواردووەتەوە، دەرەنجام ژینا ئەبێتە سمبوڵی ئەو خەباتەو کە دوور نییە کۆتایی بەو دەسەڵاتە مەزهەبییە بهێنێت، یان هیچ نەبێت پەیامێک بێت بۆ دەسەڵات کە هیچ بڕیارێک هەرچەندە لەروی ئایینیشەوە بێت تاسەر ناتوانێ بەسەر خەڵکدا بچەسپێنرێت.

لێرەوە ئەگەینە ئەو ئەنجامەی کە هەر دەسەڵاتێک بیەوێ بەزۆر دوور لە ئازادی تاکەکان بڕیاری نابەجێ بەسەریاندا بچەسپێنێت، دڵنیابن دەرەنجام ئەو بڕیارانە ئەبێتە بەنزین و ئەرژێتە سەر کوانوی ئەو خەباتەی کە بۆ لەناوبردنی دەسەڵات هەڵ ئەکرێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی سپی میدیا – ڕێکەوتی: ٢١ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢

---

## ئایا ئەوە خودایە داوای حوکمی دینی دەکات؟




ڕێبین ئەحمەد ڕەشید

حیجابی زۆرەملێ وەک دەرهاویشتەیەکی دەوڵەتی دینی.

زۆر هەوڵمدا بەرگری بکەم بەڵام نەمتوانی بەر بە پەنجەکانی دەستم بگرم بۆ ئەوەی ئەوەی لەمێشکمدایە لەڕێگەی کیبۆردی مۆبایلەکەمەوە نەیگوازنەوە بۆ ئەم پۆستە بەڵام مەرگی تراژیدی ژینا ئەمینی گەڕاندمییەوە و پێش تەواوبوونی ئەو وادەیەی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لەگەڵ خۆم گرێبەستم تێدا کردبوو گەڕامەوە فەیسبوک. چەند دۆست و خۆشەویستێک ڤیدیۆی کوشتنی ئەو کچە سەقزییەیان بۆ ناردم کە لەکۆماری ئیسلامی ئێران بوویە قوربانی ئاکارەکانی پۆلیسی ئەخلاقی لەو وڵاتەدا، نەمتوانی ئەم چەند دێڕە نەنووسم، ئەم ڕووداوە بیانوویەکی باش بوو بۆ گەڕانەوەم بۆ دونیای فەیسبووک "کەبەبۆچونی من و ئەزمونی ئەم سێ هەفتە دووری لێی سەلامەتترین تۆڕی کۆمەڵایەتییە" و هاوکات بۆ درێژەدان بەو نووسینانەی کە دەشێن ببنە هەوێنێ لەدایکبوونی ئیسلاحێکی دینی - کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای ئێمەدا شتێکی خراپ نییە. مرۆڤ کەتەماشای ڕووداوێکی لەمشێوەیە دەکات موچڕکە بەلەشیدا دێت کە چۆن هەمان ئەو دینەی کە قەراربوو بژێنێتەوە "اژا دعاکم لما یحییکم" ئەمڕۆ بۆتە ئەداتێکی لەناوبردن و کوشتن تیرۆری ڕاستەوخۆ. ئەم ڕووداوە دوورونزیک پەیوەندی بە کوردبوونی ئەو کچەوە نییە ئەوەندەی پەیوەندیدارە بە ئیسانبوونی ئەو کچەوە. ئەوانەی دەغدەغەی ئایدیۆلۆژی و قەومییان بۆ ئەم ڕووداوە هەیە هیچ بەڵێ هیچ لەمانا گەردوونییەکەی مرۆڤبوون و ئازادی تێناگەن. گەر تێبگەن بە هیچ جۆرە تەرازوویەکی ئایدیۆلۆژی و نەژادی ئەم ڕووداوە گرنگە ناپێون. بەشێکی ئەم نووسینە درێژەی هەمان ئەو ڕەخنانەیە کە بەندە لەڕابردوودا لە حکومەت و مەنزومەی سیاسیی دینیم گرتووە.

### ئایا دەوڵەت یاحیزبی دینیی شتێکی مومکینە؟

گەر بە زمانی هاوکێشە کیمیاییەکان قسە بکەین مەنزوومەی حیزب و حکومەتی دینیی مەنزومەیەکی تەواو نالەخۆ و هاوردەیە، لەهەناوی ئاینی ئیسلامە هەڵناقوڵێت، پەرچەکرداری گۆڕانی دیدی موسوڵمانانە بۆ زانست و سیاسەت و ژیان و ئیستعماری ئەوروپی ژینگەی لەبار سازاند تا لەدایک ببێت.

شتێکی ئاشکرایە دامەزراندنی دەوڵەت یا مەنزومەیکەی فاشیی، دیکتاتۆریی و تۆتالیتار و شتێکی مومکینە و مێژوش ئەمەی نیشان داوە. بەڵام دامەزراندنی مەنزومەو دەوڵەتێکی دینیی شتێکە زۆر لەمەحاڵ نزیکە.

ڕەنگە لەڕووی تیۆرییەوە بتوانین نەخشە و پایەکانی لەمێکشی خۆماندا بکێشین، زۆریش نایاب و یۆتۆپیی دەرکەوێت بەڵام لەسەر ئەرزی واقیع دروستکردنی دامەزراوەیەکی لەم شێوەیە هێندەی مەحاڵ نەکردە و نامومکینە، لە پراکتیکدا ئەم پرسە پارادۆکس و دژیەکە لەگەڵ خۆیدا. سەرەتاییترین پێناسە بۆ دەوڵەت و حکومەت کۆنترۆڵکردن و جڵەوکردنی کۆمەڵگایە تا نەهێڵێت تاکەکان بەیەکدا بدەن، مافەکان بە یەکسانی بدات، کەس دەستدرێژی نەکاتە سەر مافی ئەووی دیکە و دەوڵەت هەموان بەیەک ئاست کۆنترۆڵ بکات.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەوڵەت و هێزە ماددی مەعنەوییەکەی دەتوانێت بە زۆر و زەبر زۆر شت بسەپێنێت، باج بسەنێت، کۆمەڵێک جوڵە قەدەغە بکات، یاسا جێبەجێ بکات چونکە لە بنەڕەتەوە بۆ ئەمە دروستبووە. بەڵام شتێک کە ناتوانێت بیکات ئەوەیە کە ناتوانێت ئیمان بەزۆر لەدڵی کەسدا بچەسپێنێت. چونکی لەبنەڕەتەوە بۆ ئەمە دروست نەبووە. ئیمان لە جنسی عیشقە، شتێکە لەناووە هەڵدەقوڵێت ولەدەرەوە نیشانەو ئاسارەکەی دەبینـدرێت، بەزۆر نەکردەیە لە دڵێکدا بچەسپێت یان بچەسپێندرێت. دینەکانیش لەبنەڕەتەوە نەهاتوون ئیدارەی ژیانی ڕۆژانەی سیاسیی و ئابوور خەڵک بدەن، ئەوا هاتوون پەیامێکی ئیمانیی و ئیلاهی بەگوێی ئینساندا بچرپێنن، ئاسمان و زەوی پێکەوە ئاشتبکەنەوە. بەهۆی یەکتاپەرەستییەوە مانا بدەنە دیاردە سروشتییەکان، ڕاستە هەندێ ڕێوشێنی ئیدارەدانی ڕۆژانەی خەڵک تێیاندا هەیە ئینکاریی ناکرێن، بەڵام لە بنەڕەتەوە هەروەک چۆن قورئان وئینجیل و تەورات کتێبی مێژوو و جوگرافیا و فیزیا نین، بەهەمان شێوە کتێبی سیاسەت و ئابووریی و یاساش نین. دەشێت هەندێ ئاماژەیان بۆ سروشت و زانستەکانی وەک فیزیا و جوگرافیا تێدا بێت بەڵام هەر هێندەی فیزیا و جوگرافیا لەبارەی سیسەت و یاسا و ئابووریشەوە دەڵێن.

### بۆچی ناتوانین دەوڵەتی دینی دروستبکەین؟

**هۆکارەکانی مەحاڵبوونی دەوڵەتی دینی زۆرن، کورتترین و نزیکترین هۆکارەکان دەشێ لە سێخاڵدا کورت بکەینەوە:**

**یەکەم**: ئیمان کە سەرەکیترین پایەی دینە بە هێز و زەبروزۆر لە دڵدا ناچەسپێت، سەرەکیتریین پایەی هەر دەوڵەتێکیش هێزە.

**دووەم**: ئایینەکەن لەهەناویاندا و بە تایبەتیش ئیسلام باوەڕیان بە بەجێهێنانی واجبات هەیە، زیاتر ئەرکسەنتەرن، لە دونیای نوێشدا مرۆڤ بیرکردنەوەکانی گۆڕاون و زیاتر بەشوێن مافەکانیەوەیەتی وەک لە ئەرکەکانی. گەر لە ڕابردوودا دامەزراندنی دەوڵەتێکی دینی مومکین بوبێ تەنها لەبەر ئەوە بووە تاکەکانی کۆمەڵگا ئەرکسەنتەر و بەجێهێنەرێکی باشی ئەرکەکانیان بوون، بەڵام ئەمڕۆ کە مرۆڤ لەهەموو چرکەیەدا بەشوێن مافەوەیە دروستکردنی حیزبی دینی و حکومەتی دینیی نزیکە لە مەحاڵ. تەنها لە تیۆرییدا دەشێ بڕوامان پێی هەبێت.

**سێیەم**: ئەمڕۆ شتێک نەماوە بەناوی دونیای ئیسلام، ئەوەی هەیە جوگرفیایەک هەیە موسوڵمانان تێیدا زۆرینەن و جوگرافیایەکیش هەیە کە کەمینەن تێیدا. ئایا دەیانەوێت چۆن لەم دوو جوگرافیا جیاوازەدا تەلی سازەکەی خۆیان کۆکبکەن لەگەڵ سیستمە جیهانییەکەدا بیگونجێنن؟



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## چارەسەر چییە؟

دەشێت سکۆلاریزمی سیاسیی وەک مامناوەنـدترین چارەسـەر چـاوی لێبکرێـت. سـیکۆلاریزمی سیاسـیی واتە جیـاکردنەوەی دامەزراوەی دینـی لە دامەزراوە حکومەتی و دەوڵەتییەکـان نەوەک جیـاکردنەوەی دیـن لە سیاسـەت و کـایە ژیارییەکـان. بـۆ ئەوەی حکومەت بتوانێت ڕوانینێکی یەکسان و عـادیلانەی بەرامبەر هەموو ئـایین و مەزهەب و گـروپە بـاوەڕییە جیاوازەکـان هەبێت، سیکۆلاریزمی سیاسیی دەشێ وەک چارەسەرێک میانەگیر لێی بڕواندرێت. هەرچەنـدە سیکۆلاریزمی سیاسیی بەتوندی دەستوەردانی پیاوانی ئـایینیی لە دامەزراوە سیاسییەکان ڕەتدەکاتەوە بەڵام لە هیچ جێگـایەک ڕۆڵـی ئـایین نادیـدە ناگرێت بۆژیانی سیاسیی.

سیکۆلاریزمی سیاسیی دژی حکـومەتی دینییە چـونکە لەمـڕۆدا حکـومەتی دینیـی تـا ئەنـدازەی مەحـاڵ شـتێکی نەکـردەیە. حکومەتی دینیی لەسەر ئەساسی نوێنەرایەتییکردنی خودا دروستدەبێت نەوەک نوێنەرایەتیکردنی خەڵـک، خـودا سـەنتەرە نەوەک خەڵـک سـەنتەر، مشوری هیـدایەتی خەڵـک دەخوات نەوەک پێداویسـتیی و ڕەزایەتیـان، ئەرک و واجبـاتی لەخەڵـک دەوێت نەوەک مافیان بدات، واتە لەدەوری شتێک دەسوڕێتەوە کە پێی دەوترێت ئەرک نەوەک ماف.

دروسـتبوونی حکـومەتی دینیـی یەکـێکە لە گەورەتـرین و خراپتـرین ئەو بیـدعەتانەی لەپـاش دونیـای مەسـیحییەت دونیـای ئیسلامیشی گرتەوە. هۆکاری سەرەکی ئەم بیدعە مردارەوەبووە ئیستیعمارو کۆلۆنیالیزمی ئەوروپی بوون.

کاری پیاوانی ئاینی ژیـانکردنە لەگەڵ خەڵـک نەوەک دیـاریکردن و ئاڕاستەکردنی  شێوازی ژیـانی خەڵـک "کن عند النـاس فردا منهم، کن مع الحق بلا خلق و کن مع الخلق بلا نفس ."

ئارەزووی تۆ نابێت ببێتە شێوازی ژیانکردنی خەڵک. پیاوی ئاینی پزیشکی لایەنی ڕۆحیی خەڵکە نەوەک حـاکم بێت بەسـەر ژیان و ژیارەکەیـانەوە. گەر هـاتوو پیـاوێکی ئـاینیی ڕۆیشتە حکومەتیشەوە دەبێت بە نەفەسـی پیـاوێکی ئـاینیی حـاکمییەت نەکات، چونە ئەو نەفەسە نەفەسێکی موقەدەسە و هەرگیز خۆی بەهەڵە نابینێت.

گەر هاتوو دڵێکیش بۆ ئیمانی خەڵکێک ژانی کرد ئەوا دەبێت بزانێت ئیمان لە جنسی عیشقە ولە ئازادی ڕەهادا گەشەدەکات نەوەک لە ژینگەیەکی سیخناخ بە ئاگر و ئاسن و لێدان و پۆلیسی ئەخلاقی. ئەوەی جوانە ئیمانێکی ئازادانەیە نەوەک



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

تەسلیمییەتێکی بەزۆر و دۆنکیشۆتیی.

لە سیکۆلاریزمی سیاسییدا تاک خاترجەمە لەوەی دەوڵەت و دامەزراوەکانی خۆیان لە ژیانە تایبەتە دیندارانەکەی وئەوەی باوەڕی پێی هەیە هەڵناقورتێنن. سیکۆلاریزمی سیاسیی بەتەواوی جیاوازە لە سیکۆلاریزمی فەلسەفیی، کۆکردنەوەی ئەمەیان لەگەڵ ئایین کەمێک نەکردەترە چونکە ئەمیان تا دواسنوورەکانی لائیکییەت "لائیسیتێ" کاری بە بیرکدنەوەی مرۆڤ هەیە.

لە سیکۆلاریزمی سیاسییدا ماف و ئازادییەکانی تاک سەنتەرن لە سیکۆلاریزمی فەلسەفیدا بیرکردنەوەی تاک.

ئەم قسانە ناکەنە پاساوی قسەی ئەو ڕۆشنبیر بە حیساب ڕۆشنگەرانەی ئەمڕۆ لەکوردستاندا دەم لەعەلمانییەت دەدەن لەسەر حیسبای دژایەتی کردنی دین. ئەماە ئەمڕۆ نمونەیەکی زۆر مەترسیداری عەلمانییەتن "لائیکیەتن"، وادەزانن عەلمانیەت بەواتای دەستهەڵگرتن لە دین و دیانەت دێت لەهەموو کایەیەکی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و ژیارییدا. ئەمە جەهلێکی مورەکەب زیاتر نییە. سیکۆلاریزمی سیاسیی واتە بێلایەنبوونی دەوڵەت لە ڕوانگەی ئایدۆلۆژییەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕوانگە و ڕەخنە – ڕێکەوتی: ٢١ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# خوێنی ژینای کوردستان بوو بە تەقینەوەی گڕکانی تۆڵە



**لوقمان زەهرایی**

بە دوای بڵاوبونەوەی هەواڵی شەهیدکرانی ژینای ئەمینی بە دەستی مرۆڤکوژەکانی کۆماری پەت و سێدارە، شەپۆلی قین و بێزاری و نارەزایەتی و خۆپێشاندان لە سەقز و دواتر سنە سەریهەڵداوبە دوای وانیش دا یەک بە یەک شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانی گرتۆتەوەو هیچ شار و پارێزگایەک لە ئێران نەماوە کە خۆپێشاندانی بە دژی کۆماری پەت و سێدارەی تێدابەڕێوە نەچێ.

ئەوەی ئەو خۆپێشاندان وراپەرینە جەماوەرییە مەزنەی ئەم جارە لە هی مانگەکان و ساڵانی پێشووش جیادەکاتەوە ناوی کچە شەهیدی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ژینایە کە بۆتە سەمبولی هاوسۆزی و هاودەردی و هاوخەباتی و خۆڕاگری لە دژی کۆماری پەت و سێدارە لە سەر ئاستی هەموو ئێران و دروشمی کوردی "ژن، ژیان، ئازادی" بۆتە دروشمی سەرەکی هەموو خۆپێشاندەران لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سەراسەی ئێراندا.

ڕاپەرینی جەماوەری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بە دوای جوانەمەرگ بوونی ژینای کوردستان وێکچوونێکی یەکجار نزیک و سرنج ڕاکێشی لە گەڵ هی وڵاتانی عەرەبی هەیە کە بە"بەهاری عەرەبی" ناسراوە. لە وڵاتی تونس، مەحەممەدی عەرەبانەچی کە گەنجێکی هەژار و بێ دەرەتان بوو بە هۆی زوڵم و زۆری پۆلیسی وڵاتەکەی لە سەر شەقام ئاگری لە خۆی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بەردا و گیانی بەختکرد و ئەوەش بوو بە هۆکارێک بۆ ئەو ڕاپەرینە گەورە و جەماوەرییەی کە لە چەندین وڵاتی عەرەبی دا ڕوویدا و بوو بە هۆکاری ڕووخانی دەسەڵاتی دیکتاتۆرانەی "حسنی مبارک" لە میسر، "معمر قزافی" لە لیبیا و زینلعابدین لە تونس.

لە سوریاش بە هۆی دەستێوەردانی وڵاتانی روسیە و ئێران و تورکیە و عەرەبستان و چەند وڵاتی عەرەبی کەنداو شەڕی نێوخۆیی لێ دروست بوو کە هەتا ئێستاش هەربەردەوامە وحاکم ودیکتاتۆری سوریە "بشار اسد" هەر لە سەر دەسەڵاتە.

ئەگەر تراژیدیای مەرگی مەحمەدی تونسی بۆ وڵاتانی عەرەبی بوو بە ڕەمزی ڕاپەرین و بەرخۆدان وتێکشکاندنی دەسەڵاتی ملهورانەی چەندین دیکتاتۆر و ناچارکردنی چەندانی دیکەیان بۆ هەوڵدان بۆ بەخۆداچوونەوە و ئاڵ و گۆڕ، لە ڕۆژهەڵاتی داگیرکراویش و تەنانەت لە سەر ئاستی هەموو ئێراندا مەرگی ژینای جوانەمەرگی کوردستانیش ڕێک بۆتە ئەو ڕەمز و سەمبولە کە قەڵای زۆرداری ئاخوندە شیعە دەسەڵاتدارەکانی تارانی بە تەواوی لەرزاندووە و هەستیان بە بومەلەرزەیەکی بەهێز کردووە کەوا خەریکە تەخت و بەختی ڕەشی چەپەڵ و زۆرداریيان دەروخێنێ.

خاڵی گرینگ و جەوهەری ئەو سەرهەڵدان و ڕاپەرینە جەماوەرییە بۆ ئەوەی بە ئەنجامی دڵخوازی خۆی بگا و کۆماری پەت و سێدارە بخاتە نێو زبڵدانی مێژووە ئەو هاوخەباتی و هاوپەیمانی و یەکریزییەی کە دروست بووە لە دژی کۆماری ئیسلامی لە سەر ئاستی هەموو ئێراندا و بەشداری ئازایانە و چالاکانەی ژنان بە تایبەت کە بە راستی بوونەتە پێشەنگ لەو ڕاپەرین و سەرهەڵدانانە دا، دەبێ بە هێزتر و چڕوپڕتر بکرێ و نابێ ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەو دەرفەتە زێرینەی کە دوای ٤٤ ساڵ خەبات و خوێندان لە دژی کۆماری مەلایان بۆی هاتۆتە پێش لە کیس خۆی بدا.

دەبێ بە کۆدەنگی هەموو حیزبەکان و جەماوەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە پلان و بەرنامەی تۆکمە و هەنگاو بە هەنگاو و حیساب بۆکراو، ئەو ڕاپەرینە بەشکۆ جەماوەرییە کە ئامانجی سەرەکی رووخاندنی کۆماری پەت و سێدارەیە بەردەوام بێ و ڕێگە نەدەن لە لایەک داگیرکەر بە فرتوفێل کون و کەلێن بخاتە نێو ریزەکانی گەلەکەمان و لە لایەکی دیکەش ئەو هاوسۆزی و هاوخەباتیەی کە لە گەڵ باقی بەشەکانی دیکەی ئێران دروست بووە درزی تێکەوێ و دەبێ هەوڵی هەرچی زیاتر پتەوکردن و بە هێزکردنی بدرێ و ئێستا دەکرێ بڵێین کە واخەریکە ئالترناتیو و جێگرەوەی کۆماری پەت وسێدارە هەنگاو بەهەنگاو دروست دەبێ.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ٢١ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## "ئەگەر بەرخۆدان لە ڕۆژهەڵات و ئێران بەردەوام بێت، پرۆسەیەکی نوێ دەست پێدەکات"



رۆناهی سەرحەد ئەندامی مەجلیسی پاژک سەبارەت بەو ڕووداوانەی لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕوودەدەن، قسەی بۆ ئاژانسی هەواڵی فورات (ANF) کرد.

لە هەموو جیهاندا دوژمنایەتی سیستمی هەژموونگەرایی پیاو لە دژی ژنان لە زیادبووندایە. لە هەموو لایەکی جیهاندا، ئەشکەنجە و دەستدرێژی و درندەیی و توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان دەکرێت. هێرشەکانی سەر ژینا ئەمینی و شلێر ڕەسوڵی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نموونەن. ئەم هێرشانە دژ بە ژنان چۆن هەڵدەسەنگێنی، پەیوەندیان بە واقیعی سیستەمی ئێستاوە چییە؟

ڕێبەر ئاپۆ ئاماژەی بەوەداوە کە سەدەی بیست و یەک بە کارەکتەری تاریک و توندوتیژەکەیەوە دەبێتە سەدەی ئازادی ژنان و بەم شێوەیە هەنگاوێکی نوێی مێژوویی ناوە بۆ ناساندنی پارادایمی ئازادی ژنان لە بەرامبەر پارادایمی هەژموونی پیاودا. سەرەتا سڵاو لە ڕێبەر ئاپۆ دەکەم. بەدیهێنانی ئازادیی جەستەیی ڕێبەر ئاپۆ، بەدیهێنانی ئازادیی ژن و مرۆڤایەتیە. بەشداریکردن لە هەڵمەتەکانی 'کاتی ئازادییە' و 'قڕکردنی ژنان ، قڕکردنی کۆمەڵگایە، کاتی پاراستنی ژنانە'، واتە کۆتاییهێنان بە توندوتیژی و هەژاری و ستەمکاری و دزی و جینۆساید. بنیاتنانی سیستەمێکی دیموکراسی و ئازادە. ڕێبەر ئاپۆ کە بە ئایدۆلۆژیای ئازادی ژنەوە سەردەمی ئازادیی دەستپێکرد، بە مانیفێستی کۆمەڵگای دیموکرات بوو بە سەرچاوەی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئازادی بۆ ژنانی خۆڕاگر و گەلان و هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا. بە پارادایمی ئازادیخوازی ژنانی دیموکراسی-ئیکۆلۆژیی ڕێبەر ئاپۆ، بە چەمکی نەتەوەیەکی دیموکراسی، بنیاتنانی کۆنفیدراڵیزمێکی دیموکراسی پرۆژەی ڕاستەقینەی چارەسەرکردنی کێشەکانی سەدەیە. بۆیە ناکرێ واقیعی سیستمی ئێستای جیهانی و واقیعی پێکهاتە و مێشکی دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی نەتەوەیی بە جیا لە جینۆسایدی ژناندا هەڵسەنگێندرێت. کوشتنی ژن کوشتنی کۆمەڵگایە. قڕکردن هەرچەندە بە شێوەیەکی فیزیکی ئەنجام دەدرێت، بەڵام بە دەسەڵاتی دەوڵەت-نەتەوە بە ئامرازی ئابووری، سیاسی، کەلتووری، بە دەسەڵاتی میدیا و بە تاکتیکی میلیتاریستیش ئەنجام دەدرێت. واقیعی سیستمی جیهانی سەرمایەداری واتە پەردەپۆشکردنی سیاسەت و ئایدیۆلۆژیای ئایینی و میلیتاریستی و ڕەگەزی. یەکەم چینی چەوساوە وەک واقیعێکی کۆمەڵایەتی بنەمای پرسی ئازادی کۆمەڵایەتییە.

واقیعی سیستەمی جیهانی ئێستا، وەک شارستانیەتی دەوڵەتی چین و تەبەقە، پیاوسالاری؛ ڕژێمە نەتەوەییەکان، دەوڵەت دژی ژنانە، دژی ئازادی و دیموکراسییە. سیستەمی جیهانی پیاوسالار کە لەسەر بنەمای بەکارهێنانی ژنان دامەزراوە، لە قەیراندایە و ترسی سەرەکی ئەویش ڕاپەڕین و ئازادی ژنانە. چونکە ئازادی ژنان بنەمای ئازادی و مافی مرۆڤە. بنەمای کێشەی ئازادی و دیموکراسییە. بەو پێیەی ئەم ڕاستییە لەلایەن دەسەڵاتدارانی دەوڵەت-نەتەوە دەزانرێت، فشاری سیستماتیک و هێز و توندوتیژی دژی ژنان وەک هەوڵێک بۆ پێشگرتن لە گۆڕانی سیستەمەکە بەکاردەهێنرێت. بۆیە قسەی 'کوشتنی ژن سیاسییە'، کە لە چالاکییە سیاسییەکانی بزووتنەوەکانی ژناندا دێتە پێشەوە، ئایدیۆلۆژییە. ئایدۆلۆژیای باڵادەستی پیاو پێناسەی سیاسەت و مێشکی هەموو فەرمانڕەواکان دەکات. بە خۆی و بە دەوڵەت و وڵات سنووردار نییە. لە چالاکی هەموو ژناندا زوڵم و ستەمی دەوڵەت-نەتەوە بە هەژموونی پیاو لە چوارچێوەی یەکڕیزی دەسەڵاتدا دەخرێتە ژێر پرسیارەوە. ڕاپەڕینی هەموو کەرتە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر لە دوو هەزار ساڵە ، بە پلەی یەکەم ژنان، ساڵانە لە گەشەکردندایە. واتە ژن هێزی سەرەکی ڕیشەییترین گۆڕانکاری کۆمەڵایەتییە دژی سیستەم و سیستەمی پیاوسالاری. ژنان وەک هێزێکی کۆمەڵایەتی لەسەر هێڵە سیاسی و فیکریەکان لە خەباتێکی ریشەیی دژ بە سیستەمدان. هەروەها چونکە بنەمای چارەسەری کێشەکانی ئازادی کۆمەڵایەتی و ئازادی ژنانە، هۆکارە بۆ دروستکردنی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی دیموکراسی. دەسەڵاتدارانی باڵادەستی پیاو ترسیان لەم دەسەڵاتە هەیە. لە هەموو شوێنێکی جیهاندا بێ بەزەییانە هێرش دەکرێتە سەر ژنان، لە بازرگانی لەشفرۆشیدا بەکاردەهێنرێن، دەستدرێژییان دەکرێتە سەر و سووکایەتییان پێدەکرێت.

هەروەها وەک هێزێکی کاری هەرزان بەکاردەهێنرێت. وەک کاڵایەک لە کەلتوری مۆدێرنیتەی سەرمایەداریدا بەکاردێت. لە کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا وەک ئامرازێک بۆ درێژەدان بە سیستەمی پیاوسالاری دەسەڵات بۆ درێژەدان بە نەوەی مرۆڤ و چەمکی شەرەف بەکاردەهێنرێت. کاتێک ژنەکە کوردیش بێت، ئەوکات دەبێتە ئامانجی سەرەکی قڕکردنەکە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ژنان کە دەنگی شارستانیەتی دیموکراسین، تا ئێستاش لەم سەدەیەدا ئازایانە پرسیار دەکەن و دژی سیستەمی ئایینی و میلیتاریستی و رەگەزی دەوەستنەوە. نەک هەر لە لایەنی کردارەوە، بەڵکو سیستمێکی نوێی ژیانی کۆمەڵایەتیش بنیات دەنێت و هەموو باجێک دەدات. ژنان تەنیا داواکار نین، بەڵکو وەک بنیاتنانی سیستەمی نوێی دیموکراسی-ئازادی، هۆشیاری و رێکخستن و کرداریان هەیە. لەم کاتەدا کە قەیرانی سیستەمی سەرمایەداری خۆی وەک واقیعی جەنگی جیهانی سێیەم نیشان دەدات، ئازادی ژنان خەریکە دەبێتە لایەنێکی گەورەتر. ژنان ئەکتەری سەرەکی گۆڕانکارین. ژنێک کە بەرجەستەی کۆمەڵگایە، هەنگاوەکانی شۆڕشگێڕانە دەنێت، مژدەی گۆڕانکاری دەدات و هیوایە.

**ژینا ئەمینی ژنێکی گەنجی کورد تەمەن ٢٢ ساڵ بوو. لە ١٤ی ئەیلولدا بە بیانووی ئەوەی کە قژی نەدەرەوە بووە لەلایەن پۆلیسی ئەخلاقی رژێمی ئێرانەوە دەستبەسەر و ئەشکەنجە دراوە و دواتر لە ١٩ی ئەیلولدا گیانی لەدەست دا. لەم نموونەیەوە کاتێک مرۆڤ هەڵسەنگاندن دەکات، سەرچاوەی ئەم گوشارەی رژێمی ئێران لە دژی ژنان و کۆمەڵگا چییە؟**

هێرش بۆ سەر ژینا ئەمینی و تورەیی گشتی نابێ تەنیا لە ئێران هەڵسەنگێندرێت. هەروەها پێویستە هەڵسەنگاندن لە سووریا و تورکیا و عێراق بکرێت. پێویستە لە زۆر لایەنەوە هەڵسەنگێندرێت. هێرشێکە بۆ سەر هەموو ژنان، دژی کەرامەت و بوونی کۆمەڵگایە لە کەسایەتی ژنێکدا. پێش هەموو شتێک لە کوردستاندا گرنگە رێوشوێن لە دژی ئەو دەسەڵاتانە بگیرێتەبەر کە دوژمنایەتی ژنان و دوژمنایەتی خەڵک دەکەن.

پرسەکە تەنیا سەپاندنی باڵاپۆشی یان پەردەپۆشکردنی ژنان لە لایەن دەسەڵاتێکەوە نییە. رژێمی ئێران بە هەموو یاسا و کردەوەکانیەوە دژی ئازادی و دیموکراسیە. وەک زایەندەپەرستترین دەسەڵاتە، رژێمێکی ستەمکارە بۆ ژنان. درندەیی و دەستدرێژی و هەراسانکردنی پیاوان بەرامبەر بە ژنان بۆ رژێم دروستە. وەک دەسەڵاتێکی سەربازی و دژە دیموکراسی لە هەموو رووییەکەوە روونە کە چییە. رژێمی ئێران نە بە رەخنە و نە بە هەراسانکردن ناتوانرێت لە بنەڕەتدا بگۆڕدرێت. دەسەڵاتێکە دژی مرۆڤایەتی. پێویستییەکی بەپەلە بە دیموکراسیکردن هەیە. هەم بۆ مافەکانی ئازادی کۆمەڵگای ئێران و هەم بۆ مافەکانی گەلەکەمان لە رۆژهەڵاتی کوردستان کە دەستیان بەسەردا گیراوە، دەبێ بچێتە ناو پرۆسەیەکی بنەڕەتیی دێموکراتیزەکردنەوە. ژنان، لاوان، فارس، کورد، ئازەری، بەلووچ، هەموو کۆمەڵگا داوای گۆڕانکاری دەسەڵات دەکەن. ئەو تێگەیشتنەی کە 'گۆڕینی رژێم رووخاندنی دەوڵەتە' وەهمێکی دەسەڵاتە. ترسی رووخانی دەسەڵاتە. کۆمەڵگا دەبێت بریار لەسەر رێگا و شێوازی ژیانی خۆی بدات. کاتی ئیدارەدانی دەسەڵاتی ستەمکار لەسەر پێکهاتەکان تێپەڕی. رژێمەکان دەروخێن، بەڵام کۆمەڵگاکان هەمیشەیین. لە مێژووی مرۆڤایەتیدا زۆر حکومەت و رژێم رووخاون کە کۆمەڵگا داوای گۆڕانی دەکرد و لە مێژوودا ناویان نەما. کۆمەڵگاکان شێوازی سیاسی خۆیان گۆڕی و چوونە ناو قۆناغێکی ئارامترەوە. کۆمەڵگای



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئێران کە خاوەنی کۆنترین ڕابردووی فەرهەنگی و مێژووییە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، دەتوانێت ڕژێمی دواکەوتوو بگۆڕێت، بگوازرێتەوە بۆ سیستمێکی دیموکراتیک، خۆبەڕێوەبەریی گەلی کورد، مافی بەکۆمەڵ لەڕێگەی دەستوورەوە مسۆگەر بکات، ژیانێکی هاوبەش بنیات بنێت. دەسەڵاتداران ناتوانن چیتر کۆمەڵگای ئێران هەڵخەڵەتێنن. لە ترسەکەیاندا دەخنکێن. پێش هەموو شتێک ژن و لاوان، کۆمەڵگای ئێران دیموکراسی و ئازادی دەوێت. هەربۆیە نارەزایەتی بەرانبەر هێرشی سەر ژینا ئەمینی بەخێرایی لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران تەشەنەی کرد. دەوڵەتی ئێران بە توندوتیژی و لە سێدارەدان و فشاری سیاسی ناتوانێت پێش بە حەسرەتی کۆمەڵگا بگرێت. ژنان، گەلان چیتر بەرگەی ئەم دەسەڵاتە ناگرن.

**دوای کوشتنی ژینا ئەمینی لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران خۆپیشاندان بەڕێوەچوو. لە چوار پارچەی کوردستان و جیهان، مەرگی ژینا بیسترا، پاڵپشتی جیهانی لێکەوتەوە. ژنان، گەنجان، هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا کە لە شەقامەکاندا ڕێپێوانیان دەکرد، بە دروشمی ژن، ژیان، ئازادی، مەرگ بۆ دیکتاتۆر هاواریان دەکرد. دەتەوێت چی بەو جەماوەرە بڵێیت کە هاتنە گۆڕەپانەکان و خواستی خۆیان دەربڕی؟**

پرسی سەرەکی کە پێویستە لەبەرچاو بگیرێت ئەوەیە کە دژی هێرش بۆ سەر ژنان لە تاران، مەشهەد، ڕەشت، پاوە، بانە، بۆکان، کامیاران، دێهگۆلان، سنە، سەقز، گیلان، شنۆ و کرماشان، ورمێ، مەهاباد، بیجار، دیواندەر، ئیسفەهان، پیرانشار، نەکسی لە زۆر شوێن، کۆمەڵگا هەستا و هەڵوێستێکی ئەخلاقی-سیاسی نیشان دا. بەڕاستی ئەمە دۆخێکی زۆر فێرکاری و پەروەردەییە بۆ پارچەکانی دیکەی کوردستان، بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەموو جیهان. مرۆڤبوون، کۆمەڵایەتیبوون بە پاراستنی تایبەتمەندییە سیاسی و ئەخلاقییەکانی کۆمەڵگا بەدەست دێت. ڕێبەر ئاپۆ لە بەرگرینامەکەیدا زۆر باسی کۆمەڵگای ئەخلاقی سیاسی دەکات. ژنان هەم بنەما و هەم بابەتی کۆمەڵگەی سیاسی-ئەخلاقین. بەدرێژایی چەندین ساڵ هەمان بارودۆخی کۆمەڵایەتی لە ناوچە جیاجیاکانی جیهان بینراوە. کۆمەڵگایەک تا زیاتر بتوانێت لایەنی ئەخلاقی-سیاسی خۆی بپارێزێت، زیاتر دەتوانێت بەردەوام بێت لە کۆمەڵایەتیبوونەکەی. تا ئەو ڕادەیەی کە بەها ئەخلاقیەکانی خۆی هەبێت، دەتوانێت بوونی خۆی بپارێزێت و لەسەر پێی خۆی بوەستێت. هێندەی سیستمی سەرمایەداری و دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی نەتەوەیی کۆمەڵگا دابەش دەکەن و یەکتری نامۆیان دەکەن و دەیانکەنە تاکی بەرژەوەندیخواز، لە هەمان کاتدا وەک مەرێک کۆمەڵگا بەڕێوەدەبات. لە بەرامبەر ئەمەدا پێداگری لەسەر کۆمەڵایەتی بوون پێداگرییە لەسەر مرۆڤ بوون. ژنێک کە خودی ژیانە، نوێنەرایەتی کۆمەڵگا و بەها سروشتییەکانی مرۆڤەکان دەکات. هەموو هێرشێک بۆ سەر ژنان دوورکەوتنەوەیە لە کۆمەڵگا، پێچەوانەی ژیانە. دوورکەوتنەوەیە لە مرۆڤایەتی. بۆیە لە هەموو ئەو شارانەی ئێران کە نارەزایەتی تێدا بەڕێوە چوو، دروشمی ژن، ژیان، ئازادی، هۆشیارییەکی گەورەی کۆمەڵایەتی ڕوویدا. ئەمە بە تەنیا شۆڕشێکی هزری نییە بەڵکو، شۆڕشی کەلتووری کۆمەڵایەتییە. نیشان دەدات کە کۆمەڵگا و ژن و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ژیان و ئازادی پەیوەندییەکی بەهێزیان پێکەوەهەیە. ڕێبەر ئاپۆ بە دروشمی 'ژن، ژیان، ئازادی'، ڕاستترین پێناسەی مانای خەباتی بۆ ئازادیی ژنان خستەڕوو. ئەم دروشمە کە لە کوردستانەوە بۆ جیهان بڵاوبووەوە، وەک ڕاستترین نیشانەی حەقیقەت لەدژی سیستەمی هەژموونی پیاو، بووەتەماڵی هەموو ژنانی شۆڕشگێڕ و چالاک و ئازادیخواز.

ژینا ئەمینی و ئەوانە ی لە نارەزایە تیەکاندا گیانیان لە دەستدا، شەهیدی دیموکراسین. گەل وەڵامی هێرشەکان دەداتەوە و بە شێوەیەکی شکۆمەندانە دەجوڵێتەوە. پێگەی کۆمەڵایەتی کە ژن سەرکردایەتی دەکات، کە لەم ئاستەدا فراوان بووە و بڵاودەبێتەوە، زیاترە لە نارەزایەتی دەربڕین بەرامبەر بە توندوتیژیەکانە. بزووتنەوەیەکی ڕاستەقینەی گەلە و داوای ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی ڕژێمی ئێران دە کات. وەک شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی وایە، تەقینەوەی زانیارییە. دیاریکردنی ئیرادەی ئازادییە.

ژنان بە شێوەیەکی بەرچاو سەرکردایەتی خۆپیشاندانەکانیان کرد. ژنان بە تووڕەییەکی زۆرەوە لە دژی دەسەڵات ڕژناە نێو گۆڕەپانەکان. بە تایبەتی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بانگەوازێکتان هەیە بۆ ژنانی ئێران؟

ئەم نارەزایەتییە کۆمەڵایەتییە لە ئێراندا بزووتنەوەیەکی بەهێزی گەلە لە دژی ئەو سیستەمە. هێشتا زووە بزانین چۆن دەبێت. بە درێژەدان بە بەرخۆدان، ئەگەری هەیە ڕێگە خۆش بکات بۆ بەرنامەی گۆڕانی سیاسی، سەرەتای سەردەمێکی نوێ بۆ ئێران دەبەخشێت. ڕاستییەک هەیە کە هەموو بەرخۆدانێک یادەوەری کۆمەڵایەتی دروست دەکات و کەلتوور دروست دەکات و بەها ئەخلاقییەکان زیاد دەکات و ئیرادە بەهێز دەکات و بڕوا بەخۆبوون قوڵ دەکاتەوە و هەنگاوێکی تر لە ئازادی نزیک دەکاتەوە. لە ئێران ئێستا ژنان و خەڵک دیانەوێت بەهاری ئازادی، فێستیڤاڵی ئازادی بگێڕن. کاتەکە هاتووە. ئەم دەسەڵاتە یان دەگۆڕدرێت یان لەناودەچێت. تاکە ڕاستییەک کە پێویستە حکومەت لێی تێبگات ئەوەیە کە لە ڕێگەی هێڵی دیموکراسی سیاسییەوە بەرنامەی گۆڕانکاری دەچێتە پێشەوە. ئەمە هەم بۆ دیموکراتیزەکردنی ناوخۆ و هەم بۆ چارەسەری کێشەی کورد پێویستە. لە حاڵەتی پێچەوانەدا شەپۆلەکانی بزووتنەوەی گەل گەورەتر دەبن. لەوانەیە هەندێک جار ڕاوەستێت بەڵام ناشکێت، ئەم بەرخۆدانەش تا گۆڕانکاری بەردەوام دەبێت. هیچ گەڕانەوەیەک نییە. ئەو ئیرادەیەی سەریهەڵداوە، واتە بزووتنەوەی بەرخۆدانی ژنان و گەلانە. گەلان و ژنان جگە لە کۆیلایەتی هیچی تر لەدەست نادەن. بەرخۆدانی ئەوان وەڵامێکە بۆ ڕژێمە دواکەوتووەکە و دۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەبێتە مۆراڵ و هێزێکی گەورە بۆ هەموو گەلان و ژنان. ڕاپەڕینی گەل لە ئێران دەبێتە هۆی نەهێشتنی ڕژێمەکانی ئێستا و بەهێزکردنی دیموکراتیزەکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چارەسەری کێشەی کورد و بەرەو پرۆسەی هەنگاوی نوێ دەگوازێتەوە. ڕژێم بە گوشار خستنە سەر کۆمەڵگا ناتوانێت لەم واقیعە دەرباز ببێت. ئەرکەکە بەرزکردنەوەی دەنگی ئازادییە لە هەموو شوێنێک دژی نێرسالاری،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

زایەندەپەرستی، فاشیزم و نەتەوەپەرستی و خەباتە بۆ ئازادی.

**جگە لەم دۆخەی ئێران، لە ڕۆژئاوا و سووریا، سەرەڕای هەڕەشە و هێرشەکانی داعش، هێرشە دڕندانە و داگیرکەرەکانی دەوڵەتی تورک بەردەوامە. لەدژی ئەم هێرشانە بەرخۆدان هەیە. مانای ئەم بەرخۆدان و خەباتە بۆ ئازادی ژنان چییە؟**

پێویستە بەرخۆدانی ڕۆژئاڤا لەدژی دەوڵەتی تورک و داعش و گرینگیی ئەمە بۆ مرۆڤایەتی، بۆ گەل و ژنانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ببینرێت. داعش سەری خەڵکی دەبڕی، لە بازاڕەکاندا ژنانی وەک کاڵایەک دەفرۆشت، ناچاری دەکرد چارۆکەیەکی ڕەش لەبەر بکەن و ژیانیان وەک دۆزەخ لێکرد، بە تایبەتی هێرشی دەکردە سەر کوردان و بە تایبەتی ئێزدیەکان. ئەوانەی ڕێگریان لەم کارە کرد، ئازادیخوازانی کوردستان بوون. شەڕڤانانی بزووتنەوەی ئازادیی کوردستانمان لە چیاکانی کوردستانەوە بەرەو ڕۆژئاوا چوون و لەو بەرخۆدانەدا ڕۆڵێکی چارەنووسسازیان گێڕا. هەزاران هەڤاڵمان شەهید بوون. هەڤاڵانی ژن و پیاو، هەروەها لاوانی نیشتمانپەروەری کوردستان، لە هەموو جیهانەوە ڕوویان لە ڕۆژئاوا کرد. گەلان لە زۆر شوێنی جیهانەوە دەچوونە ڕۆژاڤا و شەڕیان دەکرد. تا ئێستاش داعش مەترسییەکی گەورەیە بۆ سەر خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان. گەورەترین لایەنگری داعش ئەردۆغانە. ئەمەش بە زانیاری و بەڵگەنامە و داتا دیاری دەکرێت. لە سووریا سەرکەوتنی شەڕڤانانی ئازادیخوازی یەپەژە و یەپەگە لە دژی داعش ڕێگەی بۆ شۆڕشی ژنان و شۆڕشی کۆمەڵایەتی خۆش کرد. حکومەتی ئەردۆغان دەیەوێت شۆڕشی ژنان سەرکوت بکات. دەیەوێت ئەو خۆسەریە دیموکراسییە نەهێڵێت کە سیستمی کۆمەڵگەیەکی ئازادە. بە هەموو شێوەیەک پشتیوانی لە داعش دەکات، خۆی ڕێکیدەخات، هەروەها هەوڵ دەدات جارێکی دیکە لەگەڵ ڕژێمی دیمەشق سەبارەت بە دوژمنایەتی بەرامبەر بە کورد کۆببێتەوە. ڕوسیا و ئەمریکا لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیان، پێشگیری لە هێرشەکان دەکەن و بە هەموو شێوەیەک ئیمتیاز بە ئاکەپە دەدەن. بەتایبەتی ئەڵمانیا، وڵاتانی ئەورووپا لە کۆتاییدا بەرژەوەندییە سیاسی-ئابوورییەکان بە بناغە دەگرن، هێرشەکانی ئاکەپە بۆ لەناوبردنی کورد پشتگوێ دەخەن. هێرش بۆ سەر دەستکەوتەکانی ڕۆژئاوا تەنیا پرسی دوژمنایەتی ئاکەپە نییە بەرامبەر بە کورد. ئاکەپە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سەرۆکایەتی هەژموونی فاشیزم دەکات. کەواتە پاراستنی ڕۆژئاوا بە واتای پاراستنی ئومێدی مرۆڤایەتی بۆ ئازادی و پاراستنی ئازادیی ژنان و پاراستنی ژیانی هاوبەشی ئاشتیخوازانەی دیموکراسی گەلان دێت. خەباتێکە لە دژی هەژموونی سەرمایەداری. پاراستنی مافی ژنان پاراستنی ژیانی هاوبەشی دیموکراسی گەلە، وەستانەوەیە لە دژی فاشیزم. نابێت دەسەڵاتی ئەردۆغان تەنیا وەک پارتێکی سیاسی سەرکوتکەر سەیر بکرێت. ئاکەپە هێڵی دووەمی نازییەکانە. ئەردۆغان بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هیتلەرە. خاوەنی عەقڵی فاشیست و ڕەگەزپەرست و زایەندەپەرست و نەتەوەپەرستە و مەترسییەکی گەورەیە بۆ سەر هەموو خەڵکی جیهان. ڕژێمی تورک کە لەسەر ئەم بناغەیە بنیات نراوە، دوژمنی گەلانە. لە بەرامبەر هێرشە لەشکرکێشییە سەربازییەکان بۆ سەر ڕۆژئاڤا، دەبێت



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خۆپاراستنی هاوبەشی گەلانی کورد-عەرەب-ئەرمەنی-سوریانیمان دروست بکرێت و شەڕی گەلی شۆڕشگێڕی لەسەر ئەو بنەمایە بەڕێوە بچێت.

ئەردۆغان لەناو تورکیادا هێزی دەسەڵاتداری بەکاردەهێنێت و هەموو کەسێکی دەرەوەی ئەو دەسەڵاتە تۆمەتبار دەکات بەوەی دوژمنن، خیانەتکارن، هەڵگەڕاوەن و دژی ئیسلامن، بەمەش هەوڵدەدات زاڵ بێت بەسەر تەواوی کۆمەڵگادا. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش هێرش دەکاتە سەر ژنان و ڕێکخستنەکانیان. هەروەها ڕۆڵی نەرێنی بەسەر ژناندا دەسەپێنێت لە ڕێگەی پەروەردەیی و ڕاگەیاندن و دامەزراوە ئاینییەکانەوە. مۆدێلی خێزانی پیاوسالاری بەرەوپێش دەبات و هانی توندوتیژی و فشارخستنە سەر ژنان دەدات. سیاسەتەکانی لە دژی ژنان دەبێت وەک ڕەگەزپەرستی سەیر بکرێت. زایەندەپەرستی دەباتە ئاستی فاشیزم. خودی خۆی ئەم سیاسەتە کۆمەڵکوژییە بەڕێوە دەبات. ڕژێمی ئەردۆغان بۆ قڕکردنی ژنان و کۆمەڵگا لە ئایین و ناسیۆنالیزم کەڵک وەردەگرێت. لە سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەدا یاسا، ئابووری، سیاسەت، هونەر، وەرزش بۆ ڕۆحی سەفەربەرزی سەربازی لەگەڵ سیاسەتی ناسیۆنالیزم بەکاردەهێنێت. ئەم شەڕانگێزی و ناسیۆنالیزمە شۆڤێنییە بۆ بلۆکێک گۆڕاوە. ماوەی ٢٢ ساڵە ئاکەپە وردە وردە بناغەی ڕژێمێکی سەربازی دروست دەکات. ئەمەش هۆکاری زیادبوونی کوشتنی ژنانە لە تورکیا، فشار و توندوتیژی دژی ژنان و بزووتنەوەکانی ژنانە، بەتایبەتی توندوتیژی دژ بە ژنانی کورد. ئەوەی وەزارەتی ئەوقافی بە بەهێزترین شێوە لە دژی کۆمەڵگا بەکار هێنا، دەسەڵاتی ئاکەپەیە.

بلۆکی دەسەڵاتداری ئاکەپە - مەهەپە کە هێرشی قڕکردن و کۆمەڵکوژی بەسەر ژنان و گەلی کورددا دەسەپێنێت، لە لایەن ناتۆ و بەتایبەتی ئەمریکاوە پشتیوانی وەردەگرێت. پێویستە بەریتانیا و ئەمریکا و ئەڵمانیا و زلهێزەکانی دیکە واز لە پشتیوانیکردنی ئەردۆغانی دیکتاتۆر بهێنن. لە چوارچێوەی چارەسەری دیموکراسیدا لە کێشەی کورد نزیک ببنەوە و دان بە مافە کۆمەڵایەتییەکاندا بنێن.

ف.ق

سەرچاوە: ماڵپەری ئاژانسی هەواڵی فورات – ڕێکەوتی: ٢١ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# مەرگی گوماناوی ژینا ئەمینی کاردانەوەی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی لێکەوتەوە




ئەحمەد هەورامی

کۆماری ئیسلامی ئێران نموونەیەکی فاشیل و ترسناک و تۆلیتاری دەسەڵاتدارییە لە جیهاندا، مێژووی کۆماری ئیسلامی پڕە لە تاوان و کوشتن و لەسێدارەدان و ڕفاندنی نەیارانی لە وڵاتانی ناوچەکە و تیرۆر کردنیان.

لەسەر ئاستی ناوخۆشدا پەیڕەوی سیاسەتی پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ لە ئازادی و یەکسانی و ڕادەربڕین و مافی ژنان و مافی نەتەوەکان تا قەدەغە کردنی لە مافی خوێندن بەزمانی خۆیان.

لەڕۆژهەڵاتی کوردستان مامۆستا زارا موحەمەدی لەسەر فێر کردنی منداڵانی کورد بە زمانی دایک ماوەی پێنج ساڵ زیندانی بەسەردا سەپێنرا، شلێر ڕەسوڵی ژنێکی دانیشتووی مەریوان لەبەرئەوەی ڕێگەی نەدا لەلایەن چەکدارێکی ئەمنیەتی مەریوان دەستدرێژی بکرێتە سەر لە نهۆمی دووەمی خانوویەکە خۆی هەڵدایە خوارەوە بەو هۆیەوە دوای شەش ڕۆژ بێهۆشی لە نەخۆشخانەیەکی سنە گیانی لەدەستدا، ئەمەش بووە هۆی نارەزایەتی خەڵکی مەریوان لە ئاستێکی بەرفراواندا نارەزایەتی و ڕێپێوان شارەکەی گرتەوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئێستاش مەرگی گوماناوی ژینا ئەمینی (هەمسا) سەرنجی میدیا جیهانیەکانی بۆخۆی ڕاکێشا و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان چەندەها فیدیۆی کۆن و تازە دادەنرێنەوە کە مامەڵەی دڕندانەی پۆلیسی ئێران پیشان دەدات بەرامبەر خانمانی هاوشێوەی ژینا ئەمینی. ژینا ئەمینی کچە تەمەن (٢٢) ساڵ خەڵکی شاری سەقزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ خێزانەکەیدا بەسەردان چوونە تاران، ڕۆژی ١٣ - ٩ - ٢٠٢٢ لە وێستگەی حەقانی میترۆی تاران لەلایەن پۆلیسی گەشتی ئیرشاد (ئاسایش ئەخلاقی) تارانەوە بەتۆمەتی پابەند نەبوون بە باڵاپۆشی دەستبەسەر کرا، دواتر بۆ گرتووخانەی پۆلیس لەشەقامی وەزیران لە تاران گوێزرایەوە. ئەو کەسانەی لەگەڵ ژینا دەستبەسەر کرابوون بە میدیاکانیان ڕاگەیاندووە لەکاتی گواستنەوەی بۆ گرتووخانە هێزی پۆلیس ئەشکەنجەی ژینایان داوە و دۆخی تەندروستی تێکچووە و بەهۆیەوە گوێزراوەتەوە بۆ نەخۆشخانەی (کەسرا) لە تاران، بەهۆی ئەشکەنجە دانیەوە بەسەختی سەری بریندار بووە و لە ڕۆژی ١٦ی ئەیلول لە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا و ڕۆژی ١٧ی ئەیلول لەشاری سەقز بەخاک سپێردرا.

کوشتنی ژینا ئەمینی درێژەی ئەو دۆخی سووکایەتی کردن و ئیهانە کردنی ڕۆژانەیە بە مرۆڤ دەکرێت لەو وڵاتەدا.

ئەحمەد ئەمینی باوکی ژینا سەرلەبەری ئەو ڕاپۆرتانەی ڕەتکردەوە لە میدیاکانی نزیک لە حکومەتی ئێران بەتایبەتی قسەکانی ئەحمەدی حیدری وەزیری ناوخۆی ئەو وڵاتە لەبارەی هۆکاری مردنی کچەکەی، ڕایگەیاندووە کە ژینا بەهۆی نەخۆشی سەردەمی منداڵی گیانی لەدەستداوە، باوکی ژینا دەڵێت کچەکەم هیچ نەخۆشیەکی نەبوو ئەوان (بەرپرسانی ئێران) درۆ دەکەن.

مۆژگان ئەمینی دایکی ژینا بە میدیاکانی ڕاگەیاندووە کە کچەکەی لە نەخۆشخانە بەهۆی سەختی برینەکەیەوە گیانی لەدەستداوە.

پەیوەندی ڕەئیس سەرۆک کۆماری ئێران لەگەڵ باوکی ژینا و لابردنی ئەفسەری گشتی ئیرشاد لەسەر کارەکەی نابێتەهۆی دەربازبوونی حکومەتی ئێران لەتاوانی کوشتنی ژینا ئەمینی و کوشتن و لەسێدارەدانی هەزارەها هاوڵاتی ئێرانی و کورد لە زیندانەکانی ڕژێمە داپلۆسێنەرەکەی ئایەتوڵلاکان.

کۆمەڵێک لە چالاکوانی مەدەنی و ڕێکخراوەکان و حیزبە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا ئەشکەنجەدانی ژینا ئەمینی یان ئیدانە کردو داوایان لە خەڵکی ئازاد خواز و مامۆستایان و فەرمانبەران و کاسبکارانی بازاڕ و هەموو توێژەکانی تر لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد پەیوەست بە مانگرتنی ڕۆژی دووشەممەی ١٩ - ٩ –



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

۲۰۲۲ وەبن.

هەروەها لە بەیاننامەکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن هێزە ئەمنیەکانەوە لەژێر هەڕەشەدان و ئاسایشیان پارێزراو نییە.

ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤیش ئاشکرایان کردووە توندو تیژی بەرامبەر ژنانی ڕۆژهەڵات بە ڕابردوو زۆر زیادی کردووە. بەپێی زانیاریەکانی ڕێکخراوی هەنگاو تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ ڕۆژی دووشەممە لە (٢٤) شاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەڵکی لە شارەکانی (ئیلام، ئاودانان، مەلەکشاهی، کرماشان، ڕوانسەر، جوانڕۆ، پاوە، کامیاران، سنە، دیواندەرە، قوروە، مەریوان، سەقز، بانە، دیولان، بیجار، پیرانشار، سەردەشت، مەهاباد، بۆکان، تیکاب، ئورمیە، شنۆ، کۆتول) بەشێوەیەکی بەرفراوان لە مانگرتندا بوون. هاوکات لەگەڵ مانگرتن لە (١٤) شاردا خۆپیشاندان و نارەزایەتیان تێدابووە بەرامبەر کوژرانی ژینا ئەمینی لەلایەن پۆلیسی ئێرانەوە. لە ڕۆژهەڵات ( پۆلیسی ئەخلاقی ئیرشاد ) بە مۆبایل هەڕەشە لە دوکانداران کراوە کە داننەگرن. خەڵک ڕژانە سەر شەقامەکان بەڵام بەهێرشی تەقەی هێزە ئەمنیەکان (8) هاوڵاتی کوژراوە و (٤٥٠) هاوڵاتی بریندار بوون کە لەمانە (٤٢) کەسیان ژن و (٢٤) کەسیان منداڵ بوون و زیاتر لە (٣٢٠) هاوڵاتی لەلایەن هێزە ئەمنیەکانەوە ڕفێنراون و دەستبەسەر کراون، ئەم ژمارانەش بەپێی ڕووداوی ڕۆژانەی نارەزایەتیەکان لە هەڵکشاندان.مردنی ژینا بوە یەکێک لەو ڕوداوانەی گۆمی مەنگی نارەزایەتیەکانی لە ئێران شڵەقاند بەبێ جیاوزی نەتەوە و ڕەگەز زۆرینەی گەلی ئێران بۆ ئەو ڕوداوە هاتنە دەنگ خۆپیشاندان شارەکانی تاران و هەمەدان و قەزوین و تەبریز و مەشهەد شیراز و ساری گرتەوە، گەورەترین وێنەی خامنەییان سوتاند، خۆپیشاندان لە زانکۆی شەهید بەهەشتی لە تاران و لە زانکۆی زانستی پزیشکی لە تەبریز و خوێندکارانی زانکۆی کەرەج بۆ دەربڕینی نارەزایەتی دژی کوشتنی ژینا ئەمینی ئەنجامدراو داوایان کرد پێویستە کوشتنی ژنان لە ئێران ڕابگیرێت.

کاردانەوە لەبارەی کوشتنی ژینا ئەمینی بەردەوامە، لەسەرئاستی نێودەوڵەتی کۆشکی سپی ئەمریکا لە ڕاگەیەنراوێکدا ڕووداوی گیان لەدەستدانی ژینا ئەمینی بە کارەسات و بە پێشێلکاری یەکی ئاشکرای مافی مرۆڤ ناوبرد و داوای لێپرسینەوە لەو کەسانە دەکات کە بەرپرسیار بوون لەو کارە.

ئەنجوومەنی نەتەوە یەکگرتووەکان گیان لەدەستدانی ژینا ئەمینی بەپێشێل کردنی یاسا نێودەوڵەتیەکانی مافی ژنان دەئەنرێ.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

یەکێتی ئەورووپا کوشتنی ژینا ئەمینی لەلایەن هێزە ئەمنیەکانی ئێرانەوە ئیدانە دەکات. ڕێکخراوەکانی مافی ژنان گیان لەدەستدانی ژینا ئەمینی بەتاوانێکی گەورە دادەنێن کە بەرامبەر هاوڕەگەزەکانیان دەکرێت.

مەهدی کەروبی یەکێک لە ڕێبەرانی ڕەوتی سەوز لە ئێران کاردانەوەی بەرامبەر کوشتنی ژینا ئەمینی نیشاندا و لە بەیاننامەیەکدا ڕەخنەی لە دەسەڵاتی ئێران گرت بە ڕێبەرایەتی عەلی خامنەیی، مەهدی کەروبی سەرۆکی پێشووی مەجلیسی شورای ئیسلامی ئێران لە بەیاننامەکەیدا دەڵێت ئەم وڵاتە تەنیا موڵکی کەسێ نییە و ناکرێ هەموو شتێک وەکو شەرع و یاسا و ئەخلاق ببێتە قوربانی دەسەڵاتداریەتی تاکە کەس.

مەهدی کەروبی دژایەتی خۆی لەگەڵ بالاپۆشی زۆرە ملێ ڕاگەیاندووە بەوەی بالاپۆشی زۆرە ملێ دوای شۆڕشی ئیسلامی هەوڵێکی نا یاسایی و نابەجێ بوو.

هاوکات بەشێک لە پیاوانی ئاینی ڕیفۆرمخواز لە بەیاننامەیەکدا بەرپرسانی باڵای ئێران لەوانە علی خامنەییان بە بەرپرسی مردنی ژینا ئەمینی زانیوەو دەڵێن هاندان بۆ چاکە و دوورخستنەوە لە خراپە (الامر بالمعروف و النهی عن المنکر) بووەتە ئامرازی کۆیلە کردنی خەڵک و ئەو کەسانە لە کۆتایی بەیاننامەکەیاندا داوای نەهێشتنی گەشتی ئیرشاد (هێزێکی تایبەتە بۆ سەپاندنی بالاپۆش) دەکەن، دووپاتیان کردووەتەوە ئاسایش و پێشکەوتنی ئێران پەیوەستە بە نەمانی حکومەتی ستەمکاری ئایینی.

بەهمەنی قوبادی دەرهێنەر و سینەماکاری ناوداری کورد، داوای پشتیوانی بۆ کوردانی ڕۆژهەڵات دەکات لە بەرپرسان و لایەنە سیاسیەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و میدیا و کۆمەڵانی خەڵکی هەرێمی کوردستان، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتەنیا جێ نەهێڵن و هاوکاریانبن، ئێمە ئەویندار و برای ئێوەبن، ئەمڕۆ کاتی ئەوەیە پشت و پەنامان بن و هەڵوێستیان هەبێت !لە باشوری کوردستان کاردانەوەکان دژی کوژرانی ژینا لاواز بوون پێویست بوو لە باشوری کوردستانەوە هەڵوێستی جدی و بەرفراون هەبوایە بەو تاوانەی کە دەرهەق بە ژینا ئەنجام درا مەرگی ژینا ئەو بوومەلەرزەیە بوو دەسەڵاتی ئێرانی هەژاند،

ئیتر با بەس بێت کوشتن و ڕفاندن و ڕیسوا کردنی ژنان .

سەرچاوە: ماڵپەری زەمەن پرێس – ڕێکەوتی: ٢٢ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی" دەستیپێکردووە




گەنجۆ ژیندا

هەر شۆڕش و جوڵانەوەیەکی جەماوەری لە ئەنجامی کاردانەوەیەک دەستپێدەکات، ئەگەر ناوەرۆکە هزری و سیاسی و ئایدیۆلۆژیاکەی بەهێزبێ و خاوەن رێنمای و رێنیشاندەری بابەتیانەبێ، ئەوا بێگومان دەگا بەسەرکەوتن. ئەو پێناسە کلاسیکەی جاران بۆ شۆڕشی گەلان ناکرێ دووبارە بکەینەوە، واتا هەموو بزاڤە چەکداری و رادیکاڵەکان ئەوان بەتەنها بەشۆڕش دەژمێردرێن، نارەزایەتی جەماوەریش تەنها لە داواکاری هەندێک مافی سەرەتای هاوڵاتیاندا دەمێنێتەوە و دوای ماوەیەک بەبێ ئەنجام هەرکەس دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەکانیان و دەسەڵاتیش وەک بەرزەکی بانان بۆی دەردەچێ.

دەسەڵاتی سەرکوتکەر و دیکتاتۆر و تیۆکراتی ئیسلامی ئێران، ماوەی ٤٣ ساڵە بەناوی شۆڕشی ئیسلامی، هەرچی چەوساندنەوەو زوڵم و زۆرداری هەیە کردوویەتی، بەتایبەت بەرامبەر ژنان و نەتەوەو ئاین و مەزهەبە جیاوازەکانی تری ئێران. واتا رژێمێک ٤٣ ساڵە لەسەرکارە کە دوژمنی ئازادی و دیموکراتی و مافی نەتەوەو ئاینە جیاوازەکانە، ئەمەش هۆکاربووە کە سەرجەم گەل و نەتەوە جیاوازەکان و ژنان و گەنجان لە ئێران ناڕازیبن.

دوژمنایەتی کۆماری ئیسلامی بەرانبەر ژن، ژیان، ئازادی وایکردووە، تا ئێستا بە هەزاران ژنی کوشتووە بە هەزارانیشی فڕێیداونەتە کونجی زیندانەکان، چونکە یاساکانی دەسەڵاتی ئیسلامی ئێران هیچ ماف و ئازادیەکی بۆ ژنان تێدا نییە،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەیەوێ بە زەبری یاسا و بە زۆرداری ژن وەک کۆیلەیەکی ماڵی کراو بێدەنگ بکات. هەموو کوشتن و دەستدرێژی و لێدان و ئەشکەنجەیەکی بەرانبەر ژنانی ڕەوا کردووە، جا ئەوەی بەناوی ناموس و شەرەف، ئەوەی بەناوی لادان لە یاساکانی شەرع و ئاین، ئەوەی بەناوی زەعیفە و دەنەدانی پیاوان و ناو ناتۆرەی جیاواز.

لەلایەکیتر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران، بۆ ئارەزووە سێکسیە بۆگەن و پیسەکانی، ژنان وەکو کەرستەیەکی خۆ بەتاڵ کردنەوە بەکار دێنن، نمونەش زۆر بە ئاسایی فرە ژنی و زەواجی سیغە، ئەو یاریانەن کە بە جەستەی ژن دەکات. هەرچەندە ژنان زۆرجار نارەزایەتی خۆیان نیشانداوە و رژاونەتە سەر شەقامەکان، بەڵام جارێکیتر ژنان بە ڕەجم کردن و قامچی لێدان بێدەنگ کراون.

لەگەڵ ئەوەی هەموو ژن کوشتن و ئەشکەنجە کردن و دەستدرێژیەک هۆکارەکەی سیاسیە، پیاوان ئەو کارانە ئەنجامدەدەن، چونکە دەسەڵات رێگای پێداون و پشتگیریان دەکات. راستە بەناوی ناموس و شەرەف دەکرێت، بەڵام ناموس و شەرەفی پیاو ئەوەندە بچوککراوەتەوە، کە لە هەندێک بەشی جەستەی ژن دا کۆیان کردووەتەوە. بۆیە پێویستە ئەوە بزانرێت ئەگەر دەسەڵات لەپشت ئەو یاسا ئاینیانە نەبێ، بێگومان لەمێژبوو ژنان دەیانتوانی بەرگری لەخۆیان بکەن. واتا ئەو رژێمەی کە دژی ژن و ژیان و ئازادیە، ئیدی کۆدەکانی ئاشکرابووە.

شەهید کردنی ژینا ئەمینی سەقزی لە شاری تاران بەدەستی پۆلیسەکانی دژە ژن، لەگەڵ ئەوەی کاردانەوەی جەماوەری سەرتاسەری لەگەڵ خۆی هێناوە، هەمانکات بۆتە سەرەتای دەسپێکردنی شۆرش، چونکە خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان ئەوە دەزانن کە دەسەڵاتی ئیسلامی ئێران لەکەسایەتی ژینا و هەموو ژنانی تر لەبنەمادا لە دژی کۆمەڵگەی کوردستانە، بۆیە نارەزایەتیەکەش لەچوارچێوەی خانەوادەی شەهید ژینا و یان خەڵکی سەقز و ژناندا نەماوەتەوە، بەڵکو بۆتە هۆکاری خۆپیشاندانی جەماوەری سەرتاسەری کوردستان و ئێران.

رێبەر ئاپۆ دەڵێت "شۆرش لەئان و ساتێک دا دروست دەبێ" واتا شۆرش پرسی چرکە ساتە هەستیارەکانە، نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکانی ئەم حەفتەیی دوای رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران ئیدی لە کاردانەوە و رق و تورەی دەرباز دەبێ بۆ شۆرشی جەماوەری سەرتاسەری. دەستپێکردنی نارەزایەتیەکان بە دوو دروشمی زۆر سەرنج راکێش و پڕ واتا و خاوەن ڕەگ و ریشەی هزری و فەلسەفی، ئەویش "شەهید نامرێ و ژن، ژیان، ئازادی"یە.
راستە گەلی کورد لە رۆژهەڵات ماوەی سەد ساڵە لەبەرامبەر هەر دوو رژێمی پەهلەوی و ئیسلامی خوێن و رۆح و گیان ئەبەخشێ و شەهید پێشکەشی کاروانی ئازادی دەکات، بۆیە ئەبێ دروشمی شەهید نامرێ لە بەر گوێچکەی خەڵک ئاسایی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بێ. بەڵام جاری یەکەمە بۆ شەهید بوونی ژنێک بەدەستی پۆلیسە دژە ژنەکانی دەسەڵاتی ئیسلامی دروشمی ژن، ژیان، ئازادی بگوترێتەوە. بەمانایەکیتر بەپێشەنگایەتی گەلی کورد، گەلانی ئێران دروشمی شۆڕشی خۆیان دۆزیوەتەوە و ئەو دروشمەش ئەمڕۆ ژن و پیاو، گەنج و پیر، فارس و کورد، ئازەری، بەلوچ و عەرەب پێکەوە دەیڵێنەوە. بەواتایەکیتر ئیدی ژنان پێشەنگی شۆڕشی نوێی ڕۆژهەڵات و ئێرانن.

دروشمی ژن، ژیان، ئازادی، بێگومان بەرهەمی هزری ڕێبەر ئاپۆیە، ڕێبەر ئاپۆ لە بەرگرینامەی سۆسیۆلۆژیای ئازادی وەک جوانترین دروشمی پێشکەش بە شۆڕشی ژنان کردووە لە سەدەی ٢١. ژنانی کورد و دۆستانیان چ لە کوردستان و چ لە دەرەوەی وڵات بەشانازیەوە پێکەوە لەگەڵ هاوڕێ پیاوەکانیان دەیڵێنەوە، ئەمەش سەلمێنەری پێشەنگایەتی هزر و ڕێکخستنی ڕێبەر ئاپۆیە بۆ پێشەنگایەتی کردنی کۆمەڵگە. دیسان ڕێبەر ئاپۆ ئەوەشی بەجێکردوە کە ژنان پێشەنگی شۆڕشن لە سەدەی ٢١ دا، واتا وەک چۆن کرێکاران و زەحمەتکێشان لە سەدەی ٢٠ پێشەنگایەتی شۆڕشەکانیان دەکرد، بەهەمانشێوە لەسەدەی ٢١ ژنان پێشەنگایەتی شۆڕش دەکەن.

خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ماوەی ٤٢ ساڵە ئاشنایە بە هزر و فەلسەفە و ڕێبازی ڕێبەر ئاپۆ، لەوبارەیەوە خۆپیشاندانەکانی ساڵی ١٩٩٩مان وەبیرە، کاتێک خەڵکی ڕۆژهەڵات لەدژی پیلانگێڕی نێودەوڵەتی دەرکەوتوو و تەنها لە شاری سنە زیاتر لە ٣٠ شەهیدی پێشکەش کرد. لەماوەی ٢٣ ساڵی رابردووش ژنان و کوڕانی ڕۆژهەڵات و ئێران پۆل پۆل بەشداری شۆڕشی کوردستان بوونەو خۆیان لە ڕێکخستنەکانی پەژاک و کۆدار و کەژاردا بەڕێکخستن کردووە، لەو پێناوەشدا بەسەدانیان گیانیان بەخشیوەو بە سەدانیش لە زیندانەکانن. هەروەها دەبینین لەوپێناوەش ئاریەن تیڤی وەک ڕاگەیاندنی ڕۆژهەڵات، پێشەنگایەتی بۆ خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران دەکات.

هەڵبەت شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی، بەتەنها شۆڕشی لایەنێکی سیاسی نییە، هەمانکات خۆپیشاندانەکان تەنها ناڕەزایەتی نەتەوەیەک یان چینێک یان ڕەگەزێک نین، بەڵکو سەرجەم گەلانی ڕۆژهەڵات و ئێران بەبێ جیاوازی پێی هەڵساون، ئەمەش وای کردووە کە شۆڕشەکە زیاتر جەماوەری و بەرفرەوانبێ، پێویستە هێشتا زیاتر گشتگیرتر بێ، تا ئەو ئاستەی ئێرانێکی دیموکراتی کەتێدا ئازادی ژن و ئازادی کۆمەڵگەی تێدا دەستەبەر دەبێ. واتا بەبێ ساردبوونەوەو تەنها تۆڵسەندنەوە نا، بەڵکو لەپێناو بەدەستخستنی داواکاری خۆپیشاندەران کە کورت کراوەتەوە لە دروشمە سەرەکیەکەیان کە ژن، ژیان، ئازادیە پێویستە بەردەوامبێ و بگات بەسەرکەوتن.

ژ.ت

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاژانسی هەواڵی فورات – ڕێکەوتی: ٢٢ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# هاتنی وەرزی "ژینا"



عەلی بداغی

ڕێک لە کاتێکدا و لە ڕۆژێکدا کە ناسۆری کورد بەبۆنەی ٣٠ساڵەی تێرۆری د. سادق شەرەفکەندی تەشەنا ببۆوە، زامێکی دی کەوتە سەر دڵی نیشتمان و گوڵی ژینی "ژینا"ی کورد لە پێتەختی دەسەڵاتی ئەهریمەندا پەڕپەڕ کرا.

ژینا تاوانی جوانیی خۆی لە وڵاتی دەسەڵاتی تاریکپەرەستاندا بە دانانی گیانی خۆی دا، بەڵام ئەو نە تاک قوربانیی دەستی ستەم و زۆرداریی ڕێژیمە و نە دواترینیش بوو، وەک چۆن هەر لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا کە مەرگی دڵهەژێنی ژینا کوردستان و ئێرانی هەژاند، هەر ئەو ڕێژیمەی حاشای لە کوشتنی ئەو دەکرد گیانی لە کۆمەڵێک کەسی دیکەش ستاند، کە بۆ ڕیسواکردنی ئەو دەسەڵاتە سەبارەت بەو جینایەتە نوێیەی کردوویەتی ڕژابوونەوە سەر شەقامەکان.

بکوژ هەمان بکوژە ناسراوەکەیە. ڕێژیمێکی دژی گەلی کە لە پێناو ڕاگرتنی هەیمەنەی نگریسی خۆیدا لە دەرەوەی وڵات سەدان مرۆڤی خەباتکاری لە چوارقوژبنی دنیادا تێرۆر کردوە و لە نێوخۆی وڵاتیش بە زەبری چەک و کوشتوبڕ وڵاتێکی بەبارمتە گرتوە. ڕێژیمێک کە خوێنی خەڵکی لە شووشە کردوە و بۆ زاڵکردنی کولتووری نامۆ و دژەبایەخە دەسکردەکانی خۆی لە سەری هەموو ماف و ئازادییە ڕەواکانی خەڵکی داوە.

دوو ساڵ لەوە پێش کاتێک دیمەنی گیانلەدەستدانی "جۆرج فلۆید" لەبن چۆکی ئەفسەرێکی پۆلیسی ئەمریکادا بڵاو بۆوە و دنیای هەژاند، بکوژە ئێرانییەکە – خامنەیی - ئەوەی بە هەل زانی و بە ڕووهەڵماڵاوییە هاتە قسە و گوتی: "جینایەت



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەکەن، خەڵکی خۆیان دەکوژن، داوای لێبووردنیش ناکەن و زمانیشیان درێژە." ئەو هەم دەیویست دەستە چەورەکەی خۆی بە خەڵکی دیکە بسڕێ و هەم بە گوێی هێزە چەکدارەکانی خۆی دابدا کە مادام لە ئەمریکای دێموکراتیشدا پۆلیس دەکوژێ و دەبڕێ ئێدی پێویست ناکا ئێوەش لە هیچ دەست بپارێزن. ئەوکات دەمودەست پۆلیس تاوانباری دەسبەسەر کرد، خەڵک بە وەڕێخستنی کەمپینی "ناتوانم هەناسە بدەم" و گوشاری بیروڕای گشتی هێزەکانی پۆلیسیان لە دەروەستی و بەرپرسایەتییەکانیان وشیار کردەوە و پاشان دادگا سزای ٢٢ ساڵ زیندانی بە سەر پۆلیسی تاوانباردا سەپاند. بەڵام کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئەوە زیاتر لە چوار دەیەیە نایەڵن خەڵک هەناسە بدا و بۆخۆیان نەک هەر زمانیان درێژە، بەڵکوو بە ڕۆژی ڕوون و لە شوێنێکی وەک کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بە بەرچاوی دنیاوە گاڵتە بە هەموو پرەنسیپە جیهانداگرەکان دەکەن!

مەرگی ژینا تاوانێکی دیکە بوو بە تەوێڵی کۆماری ئیسلامییەوە و بەوە پەروەندەیەکی دیکەش کەوتە سەر هەزاران هەزار جینایەتی دیکە کە ئەو ڕێژیمە لە چوار دەیەی ڕابردوودا کردوونی. ئەو پەروەندانە ئێستاش کراوەن و چاوەڕوانی پێکهاتنی دادگای گەلن: لە گرتن و ئەشکەنجەدان و ئێعدامی دژبەرانی هەر لە سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشەوە تا ئێستا، لە دەرکردنی فیتوای جیهاد و لەشکەرکێشی بۆ سەر کوردستان و سەپاندنێکی شەڕێکی خوێناوی بە سەر گەلی مافخوازی کورد هەر هەتا ئێستا، لە کۆمەڵکوژییەکانی دەیەی ٦٠ و جینایەتەکانی چەشنی کەهریزەک، لە قەتڵتوبڕەکانی بەفرانباری ٩٦ و خەزەڵوەری ٩٨، لە مووشەکبارانی حیزبی دێموکرات و بەردانەوەی بەئانقەستی فڕۆکە ئۆکراینییەکە، کوشتنی ڕۆژانە خەڵکی کۆڵبەر لە کوردستان و کاسبکارەکان لە بەلووچستان و. ...

ژینا یەکەم کورد نییە کە دوای دەسبەسەرکردنی سەرەڕۆیانەی لێی دەدرێ و گیانی لێ دەستێندرێ، مێژووی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان و ئێرانیش پڕە لە چەشنی ئەو جینایەت و کارەساتانە؛ لە ئاستی ئێرانیشدا هەروەها. کوشتنی ژینا هەروەها بە هەڵکەوت و ڕووداوێکی نەخوازراویش نەبوو، بەڵکوو درێژکراوەی سیاسەتی پتر لە چوار دەیە سەرکوت و کوشتوبڕی سیستماتیکی کوردە. ژینا کاتێک دەسبەسەر دەکرێ پێیان دەڵێ من کوردم و خەڵکی ئەو شارە نیم، بۆیەشە دەسەڵات ڕق و کینی لەمێژینەی خۆی پێ دەڕێژێ، کوردستان ئێستاش باجی ئازادیخوازیی خۆی دەدا و ئامادەشە لە پێناو پاراستنی شوناسی جیاوازی خۆی و خەبات بۆ مافە زەوتکراوەکانی هەرچەشنە تێچوویەک بدا. بۆیەشە کوردستان ئەمجارەشیان خرۆشا و خوێنی ڕۆڵەی خۆی ون نەکرد.

کوردستان وەک هەمیشە پێشەنگ مایەوە. حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە بانگەوازی مانگرتنیان دا و بەشی زۆری هێزە سیاسییەکانی دیکە چوونە پشتی ئەو داوایە. خەڵکی کوردستان کە لەلایەک یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات هیوایەکی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دیکەی بۆ سەرکەوتن لە خەبات پێ داون و لەلایەک بۆ بەخاوەنکردنی گیانی بەناحەق ئەستێندراوی ژینای تازەلاویان نەک هەر وەک پێشوو وەڵامی بەجێیان بە داوای مانگرتنەکە دایەوە؛ بەڵکوو خرۆشان و جارێکی دیکەش شەقامەکانی شاریان کردەوە سەنگەری خەبات و خۆڕاگری و بەربەرەکانی لەدژی دەسەڵاتی داگیرکەر. ئەوان کە قەت فێر نەبوون مل بۆ ئیرادەی دوژمن نەوی کەن و جینایەت و تاوانەکانی بێوەڵام بێڵنەوە، جارێکی دیکەش حەماسەیان خوڵقاندەوە و وانەیەکی تریان لە یەکگرتوویی و پێشەنگایەتی پێشان دایەوە.

چارەنووسی "ژینا" و هاواری "کوردستان" ئەمجارەیان پەلی هاویشت و شوێنەکانی دیکە لە ئێرانیشی هێنایە دەنگ. لە خوێندکاران و کرێکارانەوە، لە هونەرمەندان و چالاکانەوە، لە ژنان و پیاوانی ئازادیخوازەوە کە ئیدی بەسە و هەتا کەی ڕۆڵەکانی ئەو وڵاتە دەبێ ببنە قوربانیی دەسەڵاتی ستەم و بێدادی؟ ئەمجارەیان پرسی چارەنووسی هاوبەش بوو بە سەرەتای وەرزێکی دی لە یەکیەتی و هاوخەباتی کە بەڵێ ئەمڕۆ لە ئێوەیە و سبەی لە مە. بۆیە خوێنی بەناحەقڕژاوی ژینا ویژدانی کۆمەڵگەی هەژاند و شەپۆلێکی نوێی لە ڕق و بێزاری لەو ڕێژیمە خستەڕێ. خوێنی ژینا ئەمینی، نوید ئەفکاری، زارای بەنییاقوب و سەحەری خودایارییەکان پێک گەیشتن، بوونە دەریایەک کە دێ کۆشکی زوڵم و بیدادیی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ڕامالێ و ببوە هۆی گۆڕانکارییەک کە دەکرێ مزگێنیدەری ڕۆژانێکی خۆش بە هیوایەکی گەش بۆ داهاتوو بێت.

دەسەڵات خۆ ئەگەر بە زەبری چەک و کۆمەڵکوژکردنی خەڵک و خوڵقاندنی جینایەتی دیکەش بتوانێ ئەو نارەزایەتییانە سەرکوت بکا و دایانمرکێنێتەوە؛ بەڵام نە ئەو قافڵەیە وەستان دەزانێ و نە ئەو ڕێگایە کوێربوونەوە. خوێنی ژینا دەسپێکی وەرزێکی نوێ لە ئاڵوگۆڕە بنەڕەتییەکانە لە هەناوی کۆمەڵگەدا ئەویش لە بەستێنی گشتییەکان و هەوێنی ڕزگارییە لە نیری یەخسیری. بەڵام ئەمە ئەرکێکی قورسیش دەخاتە سەر تاک تاکی ئەم وڵاتە و هێز و لایەنە سیاسی و ڕێکخراوەکان بەتایبەتی.

خۆپیشاندانەکان لەپێناو سەرکەوتن و ئاکام وەرگرتندا دەبێ بەردەوام بن، بەردەوامیی ئەو خرۆشانەش پێویستیی بە پشتیوانییە. ڕاستە ئیرادەی خەڵک لەشکاننەهاتووە، بەڵام ئێستا ئیدی کاتی یەکگری و هاوخەباتیی ئۆپۆزیسیۆنە. هەتا ئەو ڕێژیمە مابێ هیچ کەس و لایەن و نەتەوەیەک نابنە خاوەنی ماف و ئازادییەکانیان و ڕووخاندنی ئەو ڕێژیمەش هاوبەشی هەمووانی دەوێت. با لە هاتنی وەرزی "ژینا"دا ئەو ئامانجە وەدی بێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٢٢ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ژینا ئێستا نیشتمانە!



**ئاسۆ مینبەری**

له دوای کوژرانی ژینا بەدەستی هێزەکانی ڕێژیم لە تاران، شەپۆلێکی بەرین لە نارەزایەتیی جەماوەری کوردستانی گرتەوە و دواتر پەلی بۆ زۆر شوێن و ناوچەی دیکە لە ئێران هاویشت.

ئەگەرچی ئەم شەپۆلە لە نارەزایەتییەکان لە کوردستان، وەکوو زێد و نیشتمانی ژینای دڵ پڕ لە خۆزگە زۆر بەرینتر و ڕادیکاڵتر بوو، بەڵام پاڵپشتی و هاتنە سەر شەقامی خەڵک و بەتایبەتیش ژنان لە شارەکانی دیکەی ئێرانیش بابەتێکی گرینگە.

ژینا ئەمینی ئەو کچە کوردەی کە لەلایەن ڕێژیمەوە و بە بیانووی ڕەچاونەکردنی حیجابی زۆرەملێی جێگای پەسەندی ئەم ڕێژیمە گیانی لێ ئەستێندرا و بوو بە قوربانیی ئیدئۆلۆژیی دژەژنی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بە کوژرانی توانیی ڕاپەڕینێکی جەماوەری نەک تەنیا لە کوردستان، بەڵکوو لە ئێرانیش وەڕێ بخات، هەروەها کاربەدەستانی زۆر لە وڵاتانی گرینگی دنیا بێنێتە سەر خەت و لە ئاستی ناوچە و جیهاندا بیروڕای گشتی بە خۆیەوە سەرقاڵ بکات. هەر ئەوەی کە ناوی ژینا و شێوەی کوژرانی لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە بووەتە ڕۆژەڤی میدیا جیهانییەکان و کەسایەتییە بەناوبانگەکان باسی دەکەن و



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کردەوەکەی کۆماری دژەژنی ئاخوندی ئەبەنە ژێر پرسیارەوە، دەتوانین بڵێین ژینا بە مەرگی خۆی جیهانی بزواند.

ڕەنگە ئەو ڕۆژەی کە ڕووداوەکە ڕووی دا، خودی ڕێژیمیش بیری لێ نەکردبێتەوە کە مەرگی کچێک بتوانێ ئەوەندە بزوێنەر بێت، بەڵام هەر ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنەکەی ژینا لە گۆڕستانی "ئایچی"ی سەقز و بەشداریی بەربڵاوی خەڵک لەم ڕێوڕەسمە، فڕێدانی سەرپۆشەکان لە لایەن ژنانەوە و دواتریش هاتنە سەر شەقامی خەڵک لە شارەکانی دیکەی کوردستان بۆ مەحکوومکردنی قەتڵی حکوومەتیی ژینا، هەموویان تێچوویەکی قورس بۆ ڕێژیم بوون، تاکوو تێ بگات چیدیکە خەڵک - بەتایبەت لە کوردستان- لە بەرانبەر کوشتنی ڕۆڵەکانیان بێدەنگ نابن. هەروەها ئەگەرچی ژینا کچی بنەماڵەیەکی خەڵکی سەقز بوو بەڵام هەموو خەڵکی کوردستان خاوەندارەتییان لێ کرد و بە هاتنە سەر شەقامەکان و نارەزایەتیدەربڕین بە کوژرانی، ژینایان کردە سیمبۆلێک، سیمبۆلێک کە بێگومان بۆ هەتاهەتایە لە یادگەی ئێمە و جیهانیاندا دەمێنێتەوە.

کوژرانی ژینا، بە دەستی هێزەکانی ڕێژیم کە بەرواڵەت ئەرکیان پاراستنی ئاسایش و ئەمنییەتی کۆمەڵگەیە و هەموو ئەو ڕووداوانەی کە لە دەسبەسەرکرانیەوە تاکوو کاتی گیانلەدەستدانی ڕوویان دا، سەلمێنەری ئاشکرای پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، هەروەها بێبایەخی مافەکانی ژن لای دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامین و خودی کردەوەکەش کە لە لایەن مەئموورانی ڕێژیمەوە ئەنجام دراوە و مەرگی ژینای لێ کەوتووەتەوە، ڕاستیی کوژران یان قەتڵی حکوومەتیی ژینا پشتڕاست دەکەنەوە، کە بێگومان ئاکاری لەم چەشنە بە بەردەوامی لە ڕێژیمی تۆتالیتری کۆماری ئیسلامی بینراوە و هەتا ئەو ڕێژیمەش بمێنێ، ئەو کردەوانەی بەردەوام دەبێت.

ئەوەی کە بەنیسبەت کوژرانی ژینا دەبێ لێی وردبینەوە، بەشداریی بەرچاوی ژنان بوو کە هەر لە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنەکەیەوە تاکوو بەردەوامیی خۆپیشاندانەکان، لە ڕیزی پێشەوەی جەماوەر بوون و هاواری پەنگخواردووی خۆیان بۆ جارێکی دیکە بە گوێی جیهان گەیاند.

وێنە و گرتە ڤیدیۆییە بڵاوکراوەکان لە نارەزایەتییەکانی ئەمجارە، نیشان دەدات کە ژنان چۆن ئەرکی پێشەنگایەتییان لەئەستۆ گرتوە و، بە پێچەوانەی هەموو پڕوپاگەندەکانی ڕێژیم و هەموو هەوڵە ئیدئۆلۆژیکەکانی لەم ساڵانەدا کە ویستی ژن وەکوو بەشێکی پاسیڤی کۆمەڵگە پێناسە بکات و وا بنوێنێ کە ژن تەنیا و تەنیا لە چوارچێوەی ماڵەوە پێناسەی ڕاستەقینەی خۆی وەردەگرێت و لەم پێناوەشدا لە هەموو ئیمکانات و پێداویستییەک کەڵکی وەرگرت، ژنان هەموو جارێک و لە هەموو بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا، لە مەیدانی کردەوەدا ڕۆڵی گرینگ دەگێڕن.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ڕەنگە زۆرجار ژنان هەوڵیان دابێت دژ بە حیجابی زۆرەملێ بێنە مەیدان و وەک لە ڕابردووشدا بینیومانە بۆ ئەم مەبەستەش نرخیان دابێ، بەڵام ئەمجارە پرسەکە زۆر جیاواز بوو. ئەمجارە زێدەڕۆیی ڕێژیم بووە هۆی گیانلەدەستدانی مرۆڤێک، کە بێگومان بیستنی ئەم هەواڵە لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران و لای وڵاتانی دیکەش زۆر سەیروسەمەرە بووە، ئاخۆ چۆن ئەبێ مرۆڤێک بەو شێوە دڕندانەیە بکوژرێت تەنیا لە بەر ئەوەی کە ڕەنگە تاڵە قژێکی بەدەرەوە بووبێت یان ڕەنگ و شێوەی جلوبەرگەکەی بە دڵی دەسەڵاتداران نەبووبێت؟!

نابێ ئەو ڕاستییەمان لەبیر بچێت کە مەرگی تراژیکی ژینای نیشتمان چەند شتی گرینگی بەدواوە بوو. ئەو ڕووداوە بوو بە دەرفەتێک کە یەکگرتوویی خەڵک چ بە مانگرتنەکەی ٢٨ی خەرمانان و چ بە خۆپیشاندانە جەماوەرییەکان، زیاتر لە پێش خۆی بنوێنێ و، ڕێژیمی تێگەیاند کە چیدیکە ئاکاری سەرەڕۆیانە ناتوانێ بەردەوام بێت و ئەوە خەڵکن کە بەگژ داگیرکاری و ستەمی ڕێژیمدا دەچنەوە. نیشانی دا کە هێز لە یەکگرتوویی‌دایە و ئەم یەکگرتووییە دەتوانێ بونیاتی ئەم ڕێژیمە تێک بشکێنێ.

ژینا ئێستا تەنیا کچێکی ٢٢ساڵی سەقزی نییە، ژینا ئێستا خودی نیشتمانە، هەر وەک چۆن کورد بە درێژایی مێژوو پارێزگاریی لە نیشتمانەکەی کردوە و لەپێناویشیدا گیانی بەخت کردوە، ئەمڕۆ ژینا بووەتە ئەو نیشتمانە کە لاوانی کوردستان بۆ پارێزگاری کردن و خاوەندارەتی‌کردن لە بوون و کەرامەتی، هاتنە سەر شەقام و سینگیان کردە قەڵغانی گوللەی داگیرکەران و چوونە ڕیزی نەمرانەوە.

ژینا بزوێنەر بوو بۆ تاک بە تاکی کۆمەڵگەی کوردستان و بە مەرگی خۆی بووە چاوگی شۆڕشێک کە دامرکانەوەی بۆ نییە و بێگومان لە بەرەبەیانی ئازادیدا ناوی ژینا لەگەڵ یەکەم گزینگی خۆر بە سەر کوردستانەوە دەدرەوشێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٢٢ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ژینا، چیرۆکی ژین و ژان




**ڕەزا دانشجوو**

تەنیا چەند ڕۆژێک لەمەوبەر بوو کە هەواڵی دڵتەزێنی مردنی شلێر کە بۆ دوورکەوتنەوە لە دەستدرێژی سێکسی و ڕەنگە نیگای کۆمەڵگەی پیاوسالار و سێکسیست مردنی لە باوەش گرت، شۆکێکی گەورەی لە جەستەی لاوازی کۆمەڵگەی ژنانی نیشتیمانم دا. ئێستا لە ماوەی کەمتر لە چەند ڕۆژێکدا، ڕووداوێکی تاڵی دیکە دیسان جەستەی ئەم کۆمەڵگە ئازارچێشتووەی بریندار کردەوە و قەتماغەی لەو برینە هەڵدایەوە.

"ژینا"ی کوردستان بوو بە قوربانیی سیاسەتی هەڵاواردنی ڕەگەزیی کۆماری ئیسلامی. لەم وڵاتە نەفرەتلێکراوەدا ئازار و دەردی ژنان هیچ کات کۆتایی پێ نایە. ئازارەکان بێوچانن و چارەسەریان نییە. کابوسی نەبڕاوەی کۆماری ئیسلامی، بە هەموو یاسا دژە ئینسانی و دواکەوتووەکانی ،کە وەک خۆرە کەوتۆتە سەر جەستەی ئەم کۆمەڵگە خەمناک و غەمگینە، و هەر ڕۆژ زیاتر تانوپۆیەکانی دەخوات. ماوەیەکی زۆرە چەقۆکە گەیشتووەتە ئێسک و ئەم جەستە لاوازە چیتر توانایی بەرگەی نەماوە. خۆسووتاندن، خۆکوشتن، کوشتن بە بیانووی پاراستنی شەرەف، دەستدرێژیکردنە سەر و ترساندن، وەک ئافتەرشۆکەکانی بوومەلەرزە بێ وەستان، تەنانەت ڕێگە بە لابردنی پاشماوەکانی دوای ڕووخانیش نادەن. تەنانەت کات نییە بۆ گێڕانی تاسە و ماتەمیش.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ژینا بۆ سەردانێکی کورت و چاوپێکەوتنی خزم و کەسانی چووبووە تاران، چووبوو کەمێک پیاسە بکات، هەوایەک بگۆڕێت و جوانییەکانی ئەم شارە نەفرەتییە ببینێت. نەیدەزانی ساڵانێکە ئەم شارە و بڕیاری خاوەنەکانی جگە لە مردن هیچی تری بۆ کورد نەهێناوە. نەیدەزانی پایتەخت چەندین ساڵە هێمای زوڵم و چەوساندنەوە و نەبوونییە بۆ کورد. ساڵانێکی دوورە پایتەخت بۆ کورد تەنیا هەوراز و نشێوە و ئەوەی نییە تەختە، شوێنێک بۆ دانیشتن و حەسانەوە. لێرە کوردبوون تاوانە، ئەوەیتر گرنگ نییە.

ژینا چووبوو بۆ بینینی جوانی و کۆکردنەوەی هەندێک یادەوەری. لەگەڵ براکەی چووبوو کەمێک سەیر بکات، کەمێک ببینێت، کەمێک ببیستێت. بەداخەوە جەلادەکانی کۆماری ئیسلامی هەموو خەونەکانیان تێکدا. چاو و گوێی ژینا بەدوای جوانیدا دەگەڕا کە لەپڕ سەربازەکانی ڕەشایی گەیشتن و ڕێگایان گرت، براکەی دەپاڕایەوە و ژینا دەگریا، بەڵام تاریکپەرەستان زۆر لەوە دڵڕەقتر بوون، لە ناکاو هەموو شتێک لە بەرچاوی ڕەش بوو، ئێستا دوژمنانی پێکەنین و زەردەخەنە دەورەیان دابوو. ژینا کچێکی پاک و بێتاوانە کە لە سەرەتای ژیانیدا لەلایەن بەکرێگیراوانی ڕێژیمی ئاخوندیەوە کرایە قوربانی. تاریکپەرەستان گرتیان، لێیان دا و بردیان هەتا فێری بکەن چۆن قژی بشارێتەوە!

ژینا کوردە، لەگەڵ زەردەخەنە و دڵخۆشبوون گەورە بووە، کورد زۆر حەزی لە پێکەنین و دڵخۆشبوونە، بۆ کورد شادی و هەڵپەڕکێ زۆر پڕبایەخە، لای کورد لەبەرکردنی ڕەنگی ڕەش قێزەونە، کورد دەڵێ ڕەنگی ڕەش بەدبەختی دەهێنێت. ژینا کوردە، بە قژی پەرتەوازە و پەرێشانەوە فێری ڕەوشت بووە، خەڵکی شوێنێکە کە کچەکانی بە قژی پەرتەوازەیی و پەرێشانەوە ئەفسانەی داعش و بیرکردنەوەکانی ڕەشیان چاڵ کرد. ژینا لە شۆنێکڕا دێت کە ژنەکانی دەمرن، بەڵام ژیانی لەژێر ستەم و زۆری قەبوول ناکەن. ئەمانە بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامین، کە پێویستە لە پۆلی پەروەردەی ژنانی کورد دابنیشن و وانەی شەرەف و ئازادی فێر ببن. ئەمانە بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامین کە پێویستە لە پۆلی پەروەردەیی ژنانی کورد دابنیشن و کەمێک لێیان پیاوەتی فێر ببن. پێویستە فێر ببن هیچ مرۆڤێک بە چەقۆ و گازی فرمێسکرێژەوە لە کچێکی بێبەرگری نزیک نابێتەوە.

دایکی ژینا وێنەیەکی بڵاو کردۆتەوە، وێنەکە لە میترۆی تاران گیراوە، تەنها کاتژمێرێک پێش ئەوەی جەلادەکانی ڕێژیمی ئاخوندی بیبەن بۆ کوشتارگە، دایکی دەپرسێت حیجابی کچەکەم چ کێشەیەکی هەبوو!؟ کێشە حوکمی مەلا و حکومەتی ئێعدام و سەرکوتکردنە. کێشە حکومەتێکی تۆتالیتارە، کە لە هیچ دەنگێکی و هیچ ڕووخسارێکی جیاواز تێناگات. کێشە ڕێژیمێکی دواکەوتووە کە بۆ ئاغاکانی سەر دادەنێ و توانای هیچ نا گوتنێکی نییە، ناوێرێت کاردانەوەی بەرامبەر حکومەتە زلهێزەکان هەبێت، بەڵام لەشکرێک لە بەکرێگیراوانی ڕەشپۆشی دەنێرێت تا کچێکی بێتاوان بکوژێت.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ژینا دڵخۆشە و پێدەکەنێت، ئەمەش بە واتای تاوانە لە فەرهەنگی تاریکپەرستراوەکاندا، کاتێک سەیری دوا وێنەی ژینا دەکەیت، جیهانێک لە ژیان دەبینیت، جیهانێک لە چاوەڕوانی و خەونەکان، چاوەکانی پڕن لە ئومێد و ئارەزوو، پڕن لە تازەیی و ژیان. ئەگەر بە وردی سەیر بکەیت، لە چاوەکانیدا دەتوانی داهاتوو ببینی، سبەینێیەکی بێ مەلا، بێ بەکرێگیراو و هەراسانکەر، سبەینێیەکی ئازاد و کچێک بە قژی پەریشانەوە کە فەرمێسکەکانی بوون بە چەند وشە و تا ڕۆژی تۆڵە لەنێو گۆی زماندا هەردەم دووپات دەبنەوە: "ڕۆژێک ئاگری سینەم عەباکەم دەسوتێنێت."

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٢٢ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢

---

## هاواری پەنگ خواردووی نەتەوەیەکی ستەم لێ کراو!



هاشم ڕۆستەمی

چ شانازاییەکی مەزنە کە ڕۆڵەی نەتەوەیەکم، کە هەر زۆر زوو ڕێژیمی پەت و سێدارە، ڕێژیمی ئیعدام و قەنارە، ڕێژیمی ڕیش و پەشم ، ڕێژیمی زوڵم و ستەمی کۆماری ئیسلامی ناسی و لە ڕیفراندۆمە فەرمایشیەکەیدا بەشداری نەکرد. چ شانازیەکی مەزنە کە ڕۆڵەی گەلێکم، کە زیاتر لە چل ساڵە بە ورەی بەرز و بڕوا بە سەرکەوتن، بە ئیمکاناتی کەمەوە بۆتە قەڵای لە گیران نەهاتووی ئەم سەردەمە و خەوی لە چاوی داگیرکەر زڕاندوە. شەهیدی داوە، بریندار بووە، ماڵی لێ کاول کراوە، شار و گوندی روخاون، بە فڕۆکە و تۆپ و خومپارە و موشەک لێی دراوە، بەڵام هەر چۆکی دانەداوە، وەک

شیری مەیدان، بە پێوە وەستاوە.

هۆ گەلی دەبرواینە! بڕوانن کە مێژوومان پەڕ بە پەڕی، بە خوێنی گەش و ئاڵی لاوانی دڵ پڕ لە گڕی نیشتیمانپەروەری نووسراوەتەوە. دەبڕوانن ئاخۆ هێچ تاشە بەردێک هەیە دڵۆپە خوێنی شەهیدێکی لە سەر نەبێ! هیچ بەرزایی و دوندێک هەیە، جەنازەی شەهیدێکی لە باوەش نەگرتبێ، هیچ شەقامێک هەیە جۆگەلەی خوێنی پێدا رەد نەبووبێ، هیچ کولانێک هەیە بۆ لاشەی لە خوێندا شەلاّی لاوی نیشتمان شینی نەگێڕابێ! هیچ باریکە ڕێیەکی ئەم نیشتمانە هەیە شاهیدی دوا هەناسەکانی لاوێکی بە ئاکام نەگیشتوو نەبێ! بۆ! بۆ! لە بەر چێ! هەر چوونکە دەمانهەوێ وەک مرۆڤی ئەم سەردەمە بژین و بۆ خۆمان خاون کیانی خۆمان بین.

هاواری ئێستاشم هەر درێژەی هاوارەکانی پێشوومە. چوونکە لە مێژ ساڵە ژیناکان لە بێ دەنگیدا دەکوژرێن. لە مێژ ساڵە لە چاڵە رەشەکاندا دڵە ئازاکان سەر دەبڕێن. لە مێژ ساڵە هاوار دەکەم و کەس گوێی لێ نیە، لە مێژ ساڵە بەم دەردەوە دەناڵم کەس باکی پێ نیە. بەڵام ئیتر بەسە، ئەمجارە هاوار پەنگخواردووی دەیان ساڵەم وەها بە گوور دەر دەبڕم، جەرگی دوژمن و نەیاری پێ دەبڕم. ئەمجارە هاوارم بۆ ژینا و ژن و ژیانە، هاوارم بۆ رزگاریی کوردستانە، دەنگی ئەمجارەم تێکەڵ بە دەنگی گەلانی ئێرانە. ئەم جارە وەها بە گوڕ دەگوڕێنم، تەخت بەختی پیرە گورگی جەماران دەلەرزێنم.

هۆ سەقزی سەربەرزم، هۆ شارەکەی ژیان و ژینا، ئاگات لێیە کە چۆن شارە دەستە خوشکەکانت لە لە ئیلامەوە تا ماکۆ گیانفیدایانە بە دەستی بەتاڵ و ئیمانی پتەوەوە بە گژ دوژمنی ڤین لەدڵ و پۆشتە پەرداخدا چوونەتەوە و زەلیل و زەبوونیان کردوە. ئاگات لێیە کە چۆن لاوانی دڵ پر لەگڕی نیشتیمانپەروەری، بە خوێنی گەش و ئاڵیان مێژووی بەرخودان و رۆیشتن بەرەو ترۆپکی رزگاری دەنووسنەوە؟

هۆ ژینای نەونەمام، هۆ کیژۆلە بە ناحەق کوژراوەکەی کورد، ئارام و ئەرخەیان بە. دەزانم روحی رەوانت ئاگای لێیە کە چۆن خوێنی بە ناحەق رژاوت بۆتە هەوێنی شۆرشێکی بەربەرینی جەماوەری ئەوتۆ کە هەموو شار و شاروچکەیەکی ئەم نیشتیمانەی پر لە نەعرەتەی شێرانە کردووە. ئاگات لێ کە چۆن خوشک براکانت لە باشوورەوە تا باکوور، هەر لە ئیلامەوە تا قوتور، چاکی مەردایەتییان لە بە لادا کردوە و لێ براون تا تەخت بەختی زۆرداری، رامالن لە کوردەواری.

ئاگات لێیە دیواندەری ڕەچەشکێن،
مەهابادی دوژمن بەزێن،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

شنۆی خوێن و خەبات،

پیرانشاری هەردەم دێموکرات،

ورمێی جوان و شاری کوردان،

سەردەشتی قەڵای مەردان،

شارە ڕاپەڕیوەکەی بۆکان

لەگەڵ گیانبازانی مەریوان

بانەی نەبەز و لە سەر پێ،

کرماشانی مەزن و سنەی سەربەرز

وێکرا دەنگیان دێ.

ئەمرۆ قەندیل و سپی ڕێزی خەیلانیان، چیای سیر، قەڵای دمدم، بەرزایەکانی زمزیران، کەلی خان، لانک و گیارەنگ، لوتکەی بەرزی تەرەغە، بێستوون و چلچەمە و هەموو کێوەکانی تری کوردستان دەستی یەکیان گرتووە و لاوکی سەرکەوتن بە سەر دوژمندا، نەرم نەرم بۆ شەهیدەکان دەڵێنەوە.

هۆ شەهیدە سەربەرزەکانی ڕاپەڕینی ئەمجارە، دڵنیا بن کە گەلی ڕاپەڕیوی کورد هەرگیز خوێنی بە ناحەق ڕژاوتان لە یاد ناکات و تیشکی چاوەکانی ئێوە ڕێ نیشاندەری کاروانی نەپساوەی ئەویندارانی ڕێگەی ڕزگارین و تا گەیشتن بە ئامانجەکانتان بەردەوام دەبین.

لە کۆتایی دا لە بەرامبەر خوێنی شەهیدە سەربەرزەکان و بنەماڵەکانیاندا سەری کرنۆش دادەنوێنم.

سەرچاوە: دیواری فەسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ٢٢ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## عەبباس وەلی: ژن، ژیان، ئازادی هەموو ناسێنەکان لە ئێران خۆیانی تێدا دەبیننەوە




هەڤپەیڤینی پرۆفێسۆر عەبباس وەلی لەگەڵ تێلێڤیزیۆنی ئاریەن، پێنجشەمە ٢٢-ی سێپتامبری ٢٠٢٢

**پرسیار**: سەرەتا خوێندنەوەتان سەبارەت بە پێنج ڕۆژی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران؟

**پرۆفێسۆر عەبباس وەلی**: ئەو پێنج ڕۆژە دە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا دەگمەنە و زۆر حاڵەتێکی تایبەتی هەیە. ئەویش لە بەر ئەوەی کە لێرە ئێمە حەرەکەتێک، جووڵانەوەیەک و هەستانێک دەبینین کە تایبەتمەندییەکی زۆر زۆر مۆدێرنی هەیە بەو مەعنایەی کە دروشمی ئەسڵی، سەرەکی ئەو هەستانە : ژن، ژیان، ئازادی دروشمێکە جەماعەتێکی زۆر بە پێناسەی زۆر جیاواز، چ پێناسەی چینایەتی بێ، چ پێناسەی جینسییەتی بێ و جێندەر بێ، چ پێناسەی ئێتنیکی و نەتەوەیی بێ و چ پێناسەی تایبەتی زمانی و فەرهەنگی بێ ئەوانەی دە خۆیدا کۆ کردووەتەوە و بەرەیەکی زۆر گەورەی دژ بە دیکتاتۆریی ئایینی لە ئێرانێ دروست کردووە. ئەو بەرەیە ئەلئانەکە بە ئەندازەیەک بە هێزە کە حکوومەت هەرچەندی کە دەیەوێ تەفرەقە و تەشەدود و جیاوازی دە بەینی ئەوانە دا ساز بکا بۆی ناکرێ. ئەو بەرەیە تایبەتمەندییەکەی ئەوەیە کە مەیدان و عەرسەو گۆڕەپانێکی تایبەتی سیاسی لە ئێرانێ دروست کردووە کە سنوورەکانی لەو دروشمەی " ژن، ژیان، ئازادی"پێک هاتووە و تەواوی جەماعەتەکانی ئێرانێ، خەڵکەکانی ئێرانێ چ کورد، چ فارس، چ تورکی ئازەری ، چ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

عەرەب، چ بەلووچ و تورکەمەن سەرەڕای جیاوازییەکانی ئێتنی و نەتەوەیی خۆیان دەتوانن دەو مەیدانەیدا دەگەڵ یەکتر هاوکاری بکەن و لە پشت ئەو دروشمە گەورەیەی " ژن، ژیان، ئازادی " دەگەڵ دیکتاتۆری ئایینی –ئیسلامی کە ئەلئانەکە لە ئێرانێ ٤٣ ساڵە بەرقەرارە بەربەرەکانییە بکەن و حەول بدەن ئەوەی بێننە خوارێ و بیرووخێنن.

**پرسیار**: زۆر باشە بەڕێز وەلی، هەر لە دوای سەرهەڵدانەکانی ئێرانەوە ئەوەی کە بینیمان حکوومەتی دیکتاتۆری ئێران بڕیاری دا هێندێک گۆڕانکاری لە سیستم و دەسەڵاتیدا بکات . پێت وایە ئەگەر گۆڕانکاری زیاتریش بکات چارەسەری بارودۆخی قەتیسکراوی ئێران دەکات یا خود ئەمە زیاتر هاووڵاتیانی ئێران بە تەواوی پێکهاتەکانییەوە زیاتر توورە دەکات و جارێکی تر ناتوانێت هاووڵاتیانی ئێران بخلەتێنێت؟

**وەلی**: ئەمن دەگەڵ ئەو قسەی نیم حکوومەتی دیکتاتۆری ئایینی لە ئێرانێ بە پێچەوانە دەو دووساڵەی دا تەواوی حەوڵ و کۆششی ئەوە بوو ئازادییەکانی تاک، ئازادییە مەدەنییەکان و ئازادییە دێمۆکڕاتیک و کۆمەڵایەتییەکان لە بەین بەرێ و لە جێدا تەواوی سیاسەتەکەی ئەوە بووە کە ئەو گۆڕەپانەی ژیانی مەدەنی و تاک و فەردی لە ئێران تەنگتر و تەنگتر بکا و ئیدیئۆلۆژییەکی ئایینی زۆر ڕەق، ئیدیئۆلۆژییەکی ئایینی زۆر بەرتەسک، ئیدیئۆلۆژییەکی ئایینی زۆر پاشکەوتوو، ئیدیئۆلۆژییەکی ئایینی زۆر زیدی دێمۆکڕاتیک بە سەر ئەوانەدا دابسەپێنێ. حکوومەتی ئەلئانەکە، یانی حکوومەتی ڕەئیسی حکوومەتێک بوو کە باسیان دەکرد دەیەوێ نیزام یانی ڕێژیمی ئێرانێ یەکدەست بێ، دەیەوێ ئەو موشکیلاتەی کە دە بەینی خۆی دایە ئەوانە لابدا، تەنانەت ئەوانەی کە ئیسلاح تەڵەب و چاکسازیخواز بوون ئەوانەی حەموو دە پەراوێز خست و هێنای و تەواوی هەڵوێستە سیاسییەکانی دا بە توندڕەوە مەزهەبییەکان و هەر وەها سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی لە ئێرانێ. بەو شێوەیەی کە ئێستا دەبینین خەڵک بەو شێوەیەی لە گۆڕەپانی سیاسیدا دەڵێن: مرگ بر دیکتاتور و بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی ئێرانێ تێدەکۆشن و خەبات دەکەن، لەبەر ئەوەیە ئەو مەیدانەیان بە جۆرێک لێ تەنگ بووە کە لە واقعدا ئیمکانی هیچ جوورە نەفەس کێشانێکی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و سیاسی بۆ ئەوانە نەما بوو. لە لایەکی دیکەوە قەیرانی ئابووری لە ئێرانێ، قەیرانێکی زۆر قووڵ کە ئێستا لەوەتی گەمارۆکانی ئەمریکاشی هاتووەتە سەری قووڵتر بووەتەوە لە بەر مودیرییەتی زۆر خراپ، بێ مەعنا، بێ زانستی ئیقتیسادی لە ئێرانێ ئەو وەزعەی لە ئێرانێ خراپتر و تەشدید کردووە خەڵکی هێنا جێگایەکی کە هیچیان نەما. یانی ئەلئان ئەگەر لەگەڵ چینی ناوەندی ئێرانێ قسان دەکەی ئەوان دەڵێن ئێمە هیچمان نەماوە کە لە دەستی بدەین، ئێمە دەمانەوێ ئەو وەزعەی بگۆڕین. چینی کرێکاریش هەر ئاوا. جا بۆیە دەو گۆڕپانە سیاسییەی ئێستا دا ئەو جیاوازییانەی کە پێشتر دە بەینی خەڵکیدا هەبوو و حکوومەتی جمهووری ئیسلامی سوودی لەو جیاوازیانە وەردەگرت، بە قەولی دەڵێن تەفرەقەی دروست دەکرد و حکوومەتی دەکرد یان الحکم بالرعب ی بەڕێوە دەبرد، ئێستادیواری روعب و ترس شکاوە و الحکم بالرعب یش دەوام ناهێنێ. ئەگەر ئەوجاریش ئەو



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

حەڕەکەتە، ئەگەر ئەوجاریش ئەو هەستانە شکست بێنێ دیسان بەو مەعنایەی نییە کە کۆمەڵگای ئێرانێ دەگەڕێتەوە سەر جێگای خۆی. ئەوە بەو مەعنایەیە کە ڕێژیم لە دۆخی خۆ پاراستن دایە.

**پرسیار**: باشە بەڕێز وەلی دوایی دێینە سەر ئەگەرەکانی ئایەندە چین و چی ڕوودەدات دوای ئەم خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییانە. بەڵام ئەگەر هەر لە چوارچێوەی سەرەی خۆپیشاندانەکانەوە هەتاوەکوو ئێستا بمێنینەوە لە دوای شەهید کردنی ژینا ئەمینی یەوە دەوڵەتی ئێرانی ئینکاری لە سەر ئەوە کرد یا خود گومانی دروست کرد کە ئەوان کارەکەیان کردبێت، کە واتە چی دەگوزەرێ لە دوای شەهید کردنی ژینا ئەمینی و ژمارەیەکی زۆر لە هاووڵاتیانی ئێران شەهید و بریندار بوون. کە واتە پێت وایە حکوومەتی ئێران، دەسەڵاتداری خۆ سەپێنی ئێران دەتوانێ ئینکاری بکا لەم هەموو کوشت و بڕە؟

**وەلی**: حکوومەتی ئێرانێ، حکوومەتی جمهووری ئیسلامی، شەخسی خودی خامەنەیی، سەرۆکایەتی سپای پاسداران ئەوانە لە ئێرانێ تەقریبەن بیست ساڵە کە شەرعییەتیان نەماوە. ئەو شەرعییەتە کە نەماوە، تەنێ بە زەخت و زیندان و داغ و دەرەفش و گرتن و بەستن و لێدان حکوومەت دەکا. جا ئەڵئانەکە ئەو وەزعە بە ئەنجامی خۆی گەیشتووە. ئەڵئان حکوومەتی ئێران هەرچییەکی بڵێ خەڵک پێچەوانەکەی قبووڵ دەکا. وەختێک حکوومەتێک شەرعییەتی نەمێنێ، توانایی ئیدیئۆلۆژیکی خۆی بۆ تەیار کردن و ئامادە کردنی خەلکی و هێنانی خەڵکی بۆ مەیدانی سیاسەت لە دەست بدا، کاتێک حکوومەتێک ئەو ئیمکانەی نەبێ کە بە هیچ مێعیار و محەکێکی ڕاستی و سەداقەت و سەمیمییەت دەگەڵ خەڵکی خۆی قسان بکا نەتیجەکەی ئەوە دەبێ کە هەرچییەکی کە ئەو حکوومەتە بڵێ خەڵک قبووڵی ناکا. هەر ئێستا حکوومەت لە ئێرانێ شتێکی دەڵێ بابی ژینای ئەمینی ئەوانە هەمووی ڕەد دەکاتەوە. ئەوانەی کە لەوێ شاهید بوون قسەکانی حکوومەت هەمووی ڕەد دەکەنەوە. دوو سێ نەفەر لە پزشک و کارمەندانی ئەو نەخۆشخانەیەی کە ژینا لەوێدا فەوتی کردووە و تەنانەت دەڵێن پێش ئەوەی بگاتە نەخۆشخانەی فەوتی کرد بوو ئەوانیش باسی ئەوەیان کردووە کە ئەوەی دەگوترێ وا نەبووە. تازە لە هەلومەرجێکی ئاوا دا ئەگەر ئاستی فەرهەنگی سیاسی ئێرانێ لە ژێر حکوومەتی ئیسلامیدا لە بەر چاو بگرین، ئاستی زۆر نزم وخوارەوەی فەرهەنگی سیاسیی ئەوەیە کە تەنانەت ئەو جەماعەتەی حاکم درۆیەکی مەنتقی موستەدەلیشیان بۆ ناکرێ. درۆکانی کە دەیکەن هەم لە ڕووی زانستی پزشکییەوە، هەم لە ڕووی کاروباری ئەمنییەتییەوە درۆ بوونی ئەوانە زۆر ڕوون و ئاشکرایە بۆ خەڵکی و کەس باوەڕیان پێ ناکا. ئەوە وەکوو ئەوە نییە کە حکوومەتێکی دێمۆکراتێک کە شەرعییەتی زۆرینەی خەڵکی هەبێ قسەیەکی بکا کە تەنانەت تاحەدێکیش دروست نەبێ خەڵک بە شێوەیەکی کاتی لێی قبووڵ بکەن. لە ئێرانێ وا نییە، لە ئێرانێ حکوومەت لەو چل ساڵ و کسوورەی دا تەواو شەرعییەتی خۆی نیسبەت بە پێوەندییەکانی دەگەڵ ئەو کۆمەڵەی کە حکوومەتی لە سەر دەکا، بە زەبرو زەخت حکوومەتی لە سەر دەکا، ئەو پێوەندییانە نەماون، ئەگەر ئێوە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لەگەڵ کرێکار قسە بکەن باوەڕی پێی نییە، دەگەڵ سەرمایەدار/ کاپیتالیست قسان بکەن باوەڕی پێی نییە، دەگەڵ هونەرمەند و فیلمساز و ڕەسام قسان بکەن باوەڕی پێی نییە، مامۆستای زانکۆ باوەڕی پێی نییە، معەلیم و مامۆستای خوێندنگە باوەڕی پێی نییە، خوێندکاران باوەریان پێی نییە بۆیە ئەو ڕێژیمە پێی وا بوو کە لە سەدەی بیست و یەکەمدا ئەو دروشمی فاشیستی الحکم بالرعب کە دەچوارچێوەیەکی دیمۆکراتیکدا دروشمێکی فاشیستی یە. ئایا ئەوە لە ئێرانێ هەڵدەسووڕێ؟ نا هەڵناسووڕێ. با ئەوەش بڵێم ئەگەر ئەو گۆڕانکارییە لە ئێرانێ سەربکەوێ دەبێتە بنەما و دەسپێکی گۆڕانکارییەکی گەورە لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. هەر ئەو جوورەی کە کارێک بای شۆڕشی ئیسلامی لە ئێرانێ لە ساڵی ١٩٧٩ هەڵی کرد و گەیشتە هەموو وڵاتان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا، پووچانەوە و تێکچوونی ئەو ڕێژیمەش لە ئێرانێ، هەڵوەشان و ڕوخانی ئەو ڕێژیمەش لە ئێرانێ تا ڕادەیەکی زۆر پارسەنگی سیاسی، حیساباتی سیاسی و تەناسوب و تەعادولی سیاسی و ستراتێژیک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەگۆڕێ.

**پرسیار**: بەڕێز وەلی ئەوەی کە دەبینـدرێت زۆرترین ڕووبەڕووبوونەوەکان لە شارە فارسەکانە، بەڵام ئەوەی کە بە پێچەوانەوە بڵاو دەکرێتەوە زۆرترین ژمارەی کووژراو و بریندارەکان لە ناوچە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە هۆکاری ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟ پێت وایە حکوومەتی خۆسەپێنی ئێران دەیەوێت بە مەرج یا خود بە بەرچاوی جیهانەوە زەخت و زۆری خۆی وە هەمان کۆمەڵ کوژییەکانی لە سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەنجام بدا؟

**وەلی**: بەڵێ وایە، حکوومەت و داو و دەزگای تەبلیغاتی حکوومەتێ دەو پێنج شەش ڕۆژەی دا زۆر حەولی داوە کە بڵێ ئەوە ئاژاوەیەک بوو کە تەجزیە خوازان ئەوانەی کە دەیانەوێ کوردستانێ لە ئێرانێ جوێ بکەنەوە ئەوان دروستیان کردووە. زۆریشیان تەبلیغات لە سەر وەی کرد بەڵام خۆشبەختانە ئەو تەبلیغاتە ئەسڵەن نەیگرتووە تەنانەت لە عەینی حاڵ دا ویستیان موشکیلات بێننە پێشێ لەو شارانەیدا کە کورد و تورکی ئازەری پێکەوە تێیاندا دەژین وەکوو نەغەدە، وەکوو ورمێ، وەکوو سەڵماس و ئەوانە ویستیان لەو جێگایانە ئاژاوە بنێنەوە و شەڕ و ناکۆکی لە نێوان کوردەکان و تورکە ئازەرییەکان دروست بکەن ئەوەش نەیگرت ئەمن ئەوڕۆ دیتم کە ئازەرییەکان، هێندێک لە چالاکانی سیاسی ئازەربایجانی بۆخۆیان بەیاننامەیەکیان بڵاو کردووەتەوە و دەڵێن ئێمە دەزانین کە حکوومەت کارێکی وا دەکا و نابێ ئەو کارە بکرێ کە حکوومەت دەیەوێ بکرێ. لە لایەکی دیکەشەوە، لە خودی ورمێ، لە خودی تەورێزێ دروشمی ئەساسی لە کۆبوونەوە و موزاهەرە و چالاکی سیاسی خەڵکی لەو شارانە دا ئەوە بوو "ئازەربایجان ئۆیاخ دی / کوردوستانا دایاخ دی." واتە ئازەبایجان وشیارە و پاڵپشتی کوردستانە. بەو شێوەیە سیاسەتی دەوڵەت نەیگرتووە، تەنانەت ئەمن مەکتووبی ڕەسمی حکوومەتم دیتووە کە لەوێ داوا لە تاکوتەرای خۆی دەکا بچنە نێو ئەو کەسانەی کە موزاهەرە دەکەن، و ئەوانەی خەبات دەکەن و دەناویاندا شیعاری سەلتەنەتخوازی بدەن، دروشمی لایەنگری لە پادشایی بدەن بڵێن: "رضا شاه روحی شاد"! حکوومەت بۆچی ئەو کارە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەکا؟ خۆ خودی ڕێژیم بە دژی ڕەزا شا و سەلتەنەتخوازی یە، بەڵام ئەو کارەی دەکا بۆ ئەوەی ئەو بەرە یەکگرتوویەی کە لە پشت دروشمی ئەساسی "ژن، ژیان، ئازادی" پێک هاتووە، ئەو بەرەیەی بشکێنێ. پادشایی خوازەکان/ سەلتەنەت تەڵەبەکان / ڕۆیاڵیستەکان بچنە جەبهەی خۆیان، چەپەکان لە بەرەی خۆیان بن و دیمۆکراتەکان و ئەوانیدیکەش لە بەرەی خۆیان بن بۆ ئەوەی ئەو بەرەیەی ساز بووە بشکێ. هەتا ئەو بەرەیە ماوە حکوومەت زۆر زۆر بە ڕاشکاوی لە پەرەگرتن و گەشەکردنی ئەو بەرەیەی "ژن، ژیان، ئازادی" دەترسێ. یەک مەسەلەی ئەساسی لێرە هەیە. ئەو دروشمە تەواوی ئەو پێناسانەی لە گۆڕێ دان، ئەو هوویەتانەی جینایەتی، جینسییەتی/ جێندری، زمانی و فەرهەنگی، ئێتنیکی و ئەوانە دە خۆیدا ڕادەگرێ بەڵام ئەوانە دە خۆیدا ناتوێنێتەوە. ئەلئانەکە هوویە و پێناسەیەکی یەکگرتووی دژ بە دیکتاتۆری لە ئێرانێ دروست بووە کە لە ژێر ئاڵای ئەو پێناسەیە ڕاوەستان و خەبات کردن و گەشە پێدان بەو پێناسەیەی بە مەعنای ئەوەی نییە کە کوردەکان دەبێ لە ناسێنەی کۆمەڵایەتی و ئێنیکی و نەتەوەیی خۆیان دەست بکێشنەوە، یان ئازەربایجانییەکان دەبێ دەست بکێشنەوە. ئەوە نییە. ئێستا مەیدانێکی یەکگرتوو هاتووەتە پێشێ کە دەتوانێ لە ژێر چەتری پێناسەیەکی زۆر هاوبەش کە هەر لایەنێک دەتوانێ بە ئی خۆی بزانێ خەبات بکەن، دە عەینی حاڵدا تەواوی ناسێنەکانی دیکە کە ناسێنەی جینایەتی، ناسێنەی ئێتنیکی، نەتەوایەتی و زمانی و فەرهەنگی و جینسییەتی و ئەوانەیە، لەو مەیدانەیدا ئیستیقلال و سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن. ئەوە شتێکە کە تائێستا لە ئێرانێ و بە جورئەتەوە دەتوانم بڵێم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا وێنەی نەبووە.

**پرسیار**: بەڕێز وەلی زۆر باشە، دوایین پرسیار بیکەم زۆر بە کورتی وڵامم بدەیتەوە سپاست دەکەم. لە کاتێکدا کە ڕێژیمی ئێران زۆرترین هێزی کۆ کردووەتەوە بۆ سەرکوتکردنی خۆپیشاندەران و بەشێکیش لە لایەنە سیاسییەکان یا خود چاودێران ئاماژە بەوە دەکەن کە بەرپەرچدانەوەی چەکداری چارەسەرە کە واتە ئەگەرەکانی ڕۆژانی داهاتوو یا خود ڕۆژانی شەشەمین و حەوتەمین و داهاتووتر چییە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران؟

**وەلی**: ئێستا بە باوەڕی من وەختی ئاکسیۆنی چەکداری نییە. تا وەختێک کە دەسەڵاتی سیاسی نەشکابێ هێرشکردنی چەکدارانە بۆ سەر داو ودەزگای دەوڵەتێ ئیشتیبا و هەڵەیەکی گەورەیە. ئەمن هیوادارام کە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان بە تایبەتی حیزب و ڕێکخراوە کوردییەکان ئەو هەڵەیەی نەکەن. ئەلئان ئێمە دەبێ بزانین کە ئەو هەستانە، حەرەکەتە تا چەند بەرفراوانتر و قووڵتر دەبێ، ئەگەر وا بێ شایەد و ئیحتیمالی ئەوەی هەیە کە لە چەند ڕۆژی داهاتوو دا جوورێک لە، حەرەکەتێک دروست بێ بۆ مانگرتن لە ئیدارە دەوڵەتییەکان، لە داییرە دەوڵەتییەکان، هەر وەتر لە کەرتی ئابووری و لە هێندێک لە پیشەسازی وەکوو سەنعەتی نەوت و ئەو جۆرە شتانە. ئەگەر ئەوە بێتە پێشێ بە باوەڕی من ڕووخان و کەوتنی ڕێژیمی ئێران زۆر زۆر حەتمیتر و واقعیتر دەبێ. بەڵام ئەوەی کە ئایا دە چەند ڕۆژی دیکە دا ئەوە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دێـته پێشـێ یـان نـا مەعلـووم نییه. ئەگەر ئەو مـانگرتنه لە سەرانسـەری ئێرانـێ دا بـێ ئەو دەمـی مانـای ئەوەیه کە ئەو هەستانەش ناشکێ، نامرێ و دانامرکێ چون لە پێوەندی لەگەڵ ئەو وەزعەی دا دەتوانێ بچێته پێشێ.

- بەڕێز عەبباس وەلی دووبارە سپاس بۆ بەڕێزتان

**وەلی**: سپاس بۆ ئێوە و بینەرانتان زۆر سپاس

سەرچاوە: فەیسبووکی حەسەن قازی – ڕێکەوتی: ٢٢ی سێپتامبری ٢٠٢٢

---

## هاودەنگیمان مانەوەیە



**پژمان شەریعەتی**

لە کـاتی دامەزرانـی دەوڵەتـی مۆدێرن لە مـوازنەی سیاسیی ئێرانـدا، بە بەردەوامی دەسـەڵاتە دیکتاتورییەکـانی ناوەنـدی ئێران، هەوڵیان داوە بە هەموو شێوازێک بە سیاسەتێکی دژە ئینسانی، دابڕان لێکترازان لەنێو کورد لە ڕۆژهەڵاتی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کوردستاندا بێننە ئارا.

لەو پێناوەیشدا دەستیان بۆ هەموو کردەوەیەکی ناڕەوا بردوە، لە سەرکوتی توند و کوشتن و بڕین و ژینوساید ڕا بگرە، هەتا ئاسمیلاسیون و هەموو شێوازەکانی شەڕی نەرم، بۆ ئەو مەبەستەی ماهییەت و پێناسە و هەستی نەتەوایەتی لەنێو کورددا بەتەواوەتی کاڵ بکەن، ئاسەواری نەهێڵن و کۆمەڵگەیەکی سەرگەردان پێک بێنن بە جۆرێک کە کوردستان خاوەن ئیرادەی خۆی نەبێت و توانای جوڵانەوەی لێ ببڕێت.

ئێستا ئەگەر هەر سەد ساڵی ڕابردوو بە نموونە وەربگرین، دەتوانین بڵێین کە بەو سیاسەتانە ئەگەرچی توانیویانە خەسارێکی زۆر بە جووڵانەوەی کورد بگەیەنن، بەڵام لە پیلانەکانیاندا سەرکەوتوو نەبوون و کۆمەڵگەی کوردستان هاودەست تر لە جاران لە جووڵان و بەرەو پێشچووندایە.

بۆ سەلماندنی ئەم بابەتە، دەتوانین ڕووداوی دڵتەزێنی کوژرانی ژینا ئەمینی، بە دەست میلیشیاکانی گەشتی ئیرشادی ڕێژیم بۆ نموونە بێنینەوە. کچە لاوێکی کورد لە تاران بە هۆی لێدانی وەحشیانەی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم بە تاوانی! بەدیاربوونی چەند تاڵێک لە قژی گیانیان لێ سەند و لێکەوتەکانی بووە خرۆشانی کوردستان و بزوتنەوەیەکی کوردستانیی وەڕێ خست کە دواتر ئەمە بە ئولگووەرگرتن لە کوردستان گۆڕدرا بە بزوتنەوەیەکی سەراسەری لە ئاستی ئێراندا.

خاڵە سەرەکییەکان لێرە ئەوەیە کە یەکەم: کرماشان و ئیلام و ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵات، کە بەردەوام لەژێر هێرش و پەلامار توند و نەرمدان و پروپاگاندا دەکرێت کە لە بزاڤی کوردی دوور کەوتوون، بەو پەڕی هەستی نیشتمانی بە پاڵپشتی لە ژینا و ڕەوتی کوردی ڕژانە سەر شەقام و لە جیاتی دروشمی "جاوید شاە" دروشمی" ژن، ژیان، ئازادی" دەڵێنەوە و ڕاستەوخۆ بە دروشمی "مرگ بر دیکتاتور" دەسەڵاتی ڕێژیم دەکەنە ئامانج.

ئەم پاڵپشتی و هاودەنگیی لە سەراسەری ڕۆژهەڵات ئەو پەیامە گرینگەی تێدا بوو کە لە بەختیاری و ئیلام هەتا ماکوو و سەلماس، هەستی هاوبەش بوونی هەیە و پیلانەکانی ڕێژیم سەرنەکەوتوون. هەر وەک ئەوەی کە لە کاتی بومەلەرزەی کرماشان و لێقەومان لەو بەشە لە کوردستان، لە ماکۆوە بگرە تا لوڕستان بە هانای هاونیشتمانیانیان ڕۆیشتن، هەروەها لە کاتی لافاوی لوڕستان هەر بەو چەشنە کورد پاڵپشت بوون و هەستی نیشتمانیی خۆیان نیشان دا.
لە ڕووداوی دڵتەزێنی گیانلەدەستدانی ژینا، کە بزوتنەوەیەکی گشتگیری لێ کەوتۆتەوە، کوردستان بووەتە پێشەنگ، بەو مانایە کە کوردستان شێوازەکانی بەرگری و خەبات دیکتە دەکات بە نەتەوەکانی دیکەی ئێران و دەبێتە دەروازەی ڕزگاری.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کاتی کە لە ئازەربایجان دروشم دەدرێت بۆ پاڵپشتیی کوردستان، عەرەب و فارس و بەلووچ، دەنگ هەڵدەبڕن کە کوردستان بەتەنیا جێ ناهێڵین، خاڵێکی وەرچەرخانە کە کورد سالیانێکی دوور و درێژە هاواری بۆ دەکات و نەتەوەکانی دیکە پەیامی کوردیان وەرنەدەگرت، بەڵام ئێستا دەبینین کە باوەڕ بە کوردستان دێنن و وەدوای دەکەون، چونکە ڕێی ڕزگاری خۆیان لە ئەندیشەی کوردی دەبینن.

ئەندیشەی کوردی بەو واتایە کە، دژ بە هەموو هەڵاواردنێکە، لە هەڵاواردنی نەتەوەیی، ڕەگەزی، ئابووری و سیاسی و ... و دیمۆکراسی سەردێری مەکتەبی کوردستانییە، کە واتە لەم بزووتنەوەیەدا چاوەکان لە ناوەندەوە لەسەر کوردستان کۆ دەبێتەوە.

هەتا بەر لە ئەم ڕووداوە، بە بەردەوامی باس دەکرا کە کێشەکانی ئێران لە ناوەند چارەسەر دەکرێت و بزوتنەوەیەک کە لە تاران سەرهەلبدات توانای ڕووخانی هەیە و تارانە کە یەکلایی کەرەوەیە. بەڵام کوردستان بە هاودەنگی و عەقڵییەتێکی مرۆڤتەوەرانە بە پێی پێوەرە مودێرنەکانی مافی مرۆڤ و ژیانی ئازاد و پاراستنی کەرامەتی ئینسانی، سەلماندی کە ڕێی حەق و ئەو شێوازانەی کە لە خەبات و سیاسەت گرتوویەتە بەر، تەنیا بۆ ڕزگاریی کورد نییە بەڵکوو، هەموو نەتەوەکانی دەتوانن بەو ڕێژمانە و پەیڕەوی لە کوردستان بە ئازادی بگەن.

لە لایەکی دیکەشەو ئەم بزوتنەوەیە، شێوازی سەرهەڵدانی بە چەشنێک بوو کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ناتوانێت بە لارێیدا ببات و ئەنگی ئەوەی لێ بدات کە، دەستی دەرەکیی تێدایە و ئامریکا و ئیسرائیلن کە ئەم ڕەوتەیان ڕێک خستوە، ئەم پرسە ئێستا بووەتە پرسی نێونەتەوەیی و کۆمەڵگەی جیهانی هەڵوێستێکی بێ وێنەیان بووە بە نیسبەت ئەم ڕووداوە، و تەنانەت ڕێگەی پاساو هێنان و شاردنەوەی بۆ ڕێژیم نەیهێشتووە و تەنیا ئەوە بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ماوەتەوە کە هەموو کۆمەڵگای جیهانی بە دوژمن بزانێت.

ڕووداوی ژینا و ئەم سەرهەڵدانە نوێە، گۆڕانێکی بنەڕەتی لە خەباتی مەدەنی و سیاسی لە ئێران پێک هێنا و پرسەکان لە مەعیشەتی و مەزهەبی و ورد، بەرەو سیاسەتێکی کەلان و گشتگیر و هەمەلایەنە چوو، تا ڕادەیەک کە ئەگەر ڕێژیم بتوانێت ئەم بزوتنەوە سەرکوت بکات، تازە بووەتە جەریان و شەپۆلەکانی هەموو ئێرانی داگرتوە و لە داهاتوویەکی نیزیکدا سونامیی گەلانی ئێران، قەڵای داگیرکاری دەڕۆخێنێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٢٢ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## چەخماغەی ئەم شۆڕشە لە کوردستان لێدراوە،




**ناسر باباخانی**

کاتی ئەوە هاتووە دیپلۆماسی کوردی (چ وەک حیزبێکی سیاسی و چ وەک تاکێکی سەربەخۆ) سنوورە بەرتەسکەکانی خۆی ببەزێنێ، کاتی ئەوە هاتووە بۆخۆی دەنگی خۆی بگەیەنێتە گوێی ئەو شوێنانەی کاریگەرییان هەیە لەسەر هاوکێشە سیاسییە نێونەتەوەییەکان! دەبێ ئەم قاوغە فڕێ بدا کە بە دەوریا کێشراوە، دەبێ دەورێکی یەکلاییکەرەوە بۆخۆی مسۆگەر بکا.

### بەکورتی دەبێ "بوون"ی خۆی بسەلمێنێ!

ئێستا ئەم شۆڕشەی بە ناوی کیژێکی جوانەمەرگی بێتاوانی کورد ناودێر کراوە، لە نەبوونی کورد و لە نەبوونی میدیایەکی بەهێز و لە نەبوونی باڵوێزەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە دەرەوەی وڵات کورد خەریکە دەبێتە پاشکۆ. بەتایبەتی میدیای فارسزمان هەلەکەی قۆستۆتەوە و بەخۆی و سەدان کارناس و بەناو کارناس کە زۆربەیان سڵەوات لە دیداری قیبلەی عالەم دەدەن ئەم سەرهەڵدانەیان خستۆتە خزمەت پرۆژەیەک کە لە ڕاستیدا خەمە سەرەکییەکەی "حفظ تمامیت ارضی ایران"ە!



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

واتە ئەگەر گەنجێکی کورد بە گوللەی مرۆڤخۆرەکانی کۆماری پەت و سێدارە شەهید دەبێ، دەیکەنە بە قوربانییەک لە پێناو یەکێتی و شکۆی ئێران!

سەرنجڕاکێش ئەوەیە لەم خۆپیشاندانانەدا بۆ هەمووان دەرکەوت کە سێناریۆی "ڕوحت شاد رضا شاە" درۆیەکی میدیایی بوو کە بە هۆی بوونی تاقمێکی سنووردار وەک دەست و پەیوەندەکانی خۆیان تەنیا بۆ خۆراکی میدیای فارس‌زمان وەک دروشم بۆ چەند چرکەیەک تۆمار دەکرا و دواتر دەرخواردی بەردەنگ دەدرا. کەچی ئێستا ئەگەرچی ئیتر ڕووحی ڕەزاشا لە کوولەکەی تەڕیشدا نییە، بەڵام دیسان میدیای فارس‌زمان خەریکە بۆ شۆڕشی ژینای کوردان خاوەن دەدۆزێتەوە، بە قەولی خۆیان مەرجەع دەدۆزێتەوە، ئەویش کێ؟؟؟ ڕەزا پەهلەوی!

کورد کەوتۆتە بەر دڕندەترین پەلاماری چەکداری هێزە ئەمنییەکان و خوێنی لەبەر دەڕوا، بە توندترین شێوە - لەچاو شوێنەکانی تری ئێران - سەرکوت دەکرێ، کوردە شەهید دەبێ، کوردە بە زمانی کوردی داوای مافی خۆی دەکا، چەخماغەی ئەم شۆڕشە لە کوردستان لێدراوە، دروشمەکەی (ژن، ژیان، ئازادی) بۆتە وێردی زمانی سەرانسەری ئێران، کەچی خەریکی زەق کردنەوەی کوڕی شان بیکەن بە ڕێبەر و لیدەر.

مەبەستم تەنیا ئەوە نییە کە دادکۆکی لەم سەرهەڵدانەی کوردستان بکەم، نا، ئێمە لەمێژ ساڵە پێشەنگی ئازادی و دێموکراسین، هیچ نەتەوەیەک بەقەد کورد نەک لە ئێران بەڵکوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست قوربانی نەداوە و کارەساتی بەسەر نەهاتووە، هیچ نەتەوەیەک.

لەوەپێش باسم لە دەستەواژەیەکی خۆماڵی کردبوو: کوردایەتی بە شەرمەگێلاخەوە ناکرێ، دەبێ کورد بۆخۆی دادکۆکی و خاوەندارێتی لە خۆی بکا، دەبێ دیپلۆماسی کوردی وەها کارامە بێ کە دنیا تێبگەیەنێ قوربانی سەرەکی لە سیستەمە دیکتاتۆرییەکانی سەردەمی حەمەڕەزاشا و کۆماری ئیسلامی کورد بووە و ئێستاش هەر کوردە کە پێشەنگە و بەشیشی هەر گڕ و خوێنە.

کەس نکۆڵی لەوە ناکا کە پشتگیری نەتەوەکانی تر و خەڵکی تر جێگەی پێزانینە، بەڵام ئەوە کە هێژمۆنی میدیای فارس‌زمان پەراوێزی بە دژی دەق قوت کردۆتەوە و خەریکی سڕینەوە و شاردنەوەی دەور و ویستی مافخوازانەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردە، حاشای لێناکرێ.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕاستە کوردبوون دەبێ ببێ بە هەوێنی یەکبوونمان، بەڵام کە ئەمە بووزی نەخواردووە، لاوکەم چارەنووسە پڕ لە ژان و ئازارەکەمان وایکردووە ئەوی تر پێکەوەمان بلکێنێ! ئەم شۆڕشە بەرەو هەر ئاقارێکدا بڕوا، کورد دەبێتە پاشکۆ ئەگەر بوونی خۆی نەسەلمێنێ.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ٢٢ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢

---

## خوێندنەوەی شۆڕشێک لە ڕەگەزی ئازایەتی و فیداکاری و کوردایەتی



ئەلبورز ڕۆنین تەن

ئاماژە: هیچ تیئۆرییەک ناتوانێ ئازاری دەرهێنانی ساچمە بە موکێش لە چاوی لاوێک کە ئیتر لەوانەیە هیچ کات نەبینێ، یا دیتنی تەرمی لاوانی لەخوێنخەڵتێنراوی ١٥ ساڵە یا ١٧ ساڵە کە بە دزییەوە دەشۆردرێن و بەرەو گۆڕستان دەبردرێن شرۆڤە بکات، هیچ کتێبی شێعر و تەنانەت نۆتەکانی میوزیک ناتوانێ لاواندنەوەی دایکانی ئەو لاوانەی تێدا هەبێت کە بۆ لاوە تازەپێگەیشتووانیان دەهۆننەوە، تراژێدیی نووسەرێک کە بۆ شەهیدان دەنووسێ هەواڵی شەهیدبوونی کوڕەکەی پێ دەگات، بە ڕستەی شەهیدی سێیەم لە شنۆیە کوڕم "میلان حەقیقی"یە، ئەو بابەتانە لە هەموو مێژووی مرۆڤایەتی لە کام سناریۆ و تراژێدی بینراوە. بۆیە وەک هەمیشە بە سەر ئەو دێڕەی ئسماعیل بشکچی دەکەوم کە دەڵێ کەم نەتەوە بەقەدرا



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کورد قوربانییان بۆ ئازادییان داوە.

***

بە هەستکردن بەو ڕاستییانەی سەرەوە باس لە هەستانەوەی نوێمان دەکەین. شۆڕشی نوێ لە زۆر ڕووە توانیویەتی نوێکارییەکی زۆر دروست بکات و لە هەمان کاتدا هەڵگری هەندێ خەسلەتە کە پێویستە بەرجەستە بکرێن و کەموکورییەکانیش بخرێنە بەرچاو بۆ ئەوەی بتوانین کۆتایی بە قوربانیدان بۆ ئازادی بهێنێین و ئیتر ئەگەر قوربانییش دەدەین لە پێناو پاراستنی بێت.

**یەکەم** خاڵی جێگای سەرنجی هەستانەوەی ئەوجارە بەشداریی ژن و دەستپێکی بابەتێکە کە پەیوەندی بە ژنەوە هەیە. بەشداریی ژنان لە شۆڕشدا کە لە ساڵانی دواییدا بەردەوام پڕڕەنگ و تۆختر بۆتەوە، بەڵام ئەوەی کە کورد بە گشتی بەو شێوەیە لەسەر مافی ژنان وەدەنگ بێ وەک خاڵی سەرەتایی و تەنانەت لەسەر ئەو بێدادییەی کە دەرحەق بە ژنێک دەکرێت ئاوا بەبێ جیاوازی نارەزەیەتی نیشان دەدات، دەکرێ بە خاڵی وەرچەرخان بزانین کە دەتوانێ هەبوونی هیوای کۆمەڵگەیەکی بەختەوەر لە داهاتوومان پێ دەبەخشێ. دەبێ ئەو بابەتە بە هەند وەرگرین و پەرەی پێ بدەین بەو هیوایە ببێتە سەرەتایەک بۆ بەشداریی ژنان بە توانای خۆیانەوە لە ئاستی باڵای سیاسیشدا. هاوکات ئەوەشی سەلماندەوە کە کۆمەڵگەی کوردی لەو بوارەدا لە پێشە و ئەوەش بەشێکی بەرچاوی بۆ هەوڵی بزووتنەوەی سیاسیی کورد لەو بوارەدا دەگەڕێتەوە.

**دووەم** لە یەکەم چرکە ساتی بڵاوبوونەوەی ڕووداوی ژینا کە بۆ نەخۆشخانە گواسترایەوە تا ئەوکاتەی کە شۆڕشێکی پان و بەرینی لێ کەتەوە ئەوەندە کەم بوو، تەنانەت بۆ ڕێژیمیش کە بە هەموو شێوەیەک هەوڵ دەدات شۆڕشەکانی خەڵک سەرکوت بکات جێگای سەرسووڕمان بوو. ئەوە نیشان دەدات لە دونیای خێرای ئێستای گواستنەوەی زانیارییەکاندا پێشبینیکردنی سبەی زۆر ئاسان نییە و دۆخ زۆر زوو دەتوانێ بەتەواوی بگۆڕدرێ.

ئەوە دەرفەتێکی گەورەشە بۆ کورد و شۆڕش کە دەتوانێ بەئاسانی کەڵک لە ئامرازی کاریگەری گواستنەوەی زانیاری، واتە سۆسیال مێدیا وەربگرێ بەڵام بۆ ئەوەی کەڵکئاژۆی لێ وەرنەگیرێ و لە هەمانکاتدا بە باشترین شێوە بەکاربهێنرێ پێویستی بە فێربوون و فێرکردنی بەردەوامە لەو بوارەدا.

**سێیەم**، شۆڕش تەنیا کاتێک هەڵدەگیرسێ کە لەنێو جەماوەردا ئەو باوەڕە دروست بێت کە بێعەدالەتی دەرحەق بە تاک کرا کۆمەڵگە لێی بەرپرسیارە و، هەر کۆمەڵگەیەکیش توانیبێتی لە بەرانبەر بێدادی بەرانبەر بە تاکەکان بێدەنگ نەمێنێ ڕێگەی پێشکەوتنی گرتووە و بەرەو پێش چووە؛ هەروەها پێچەوانەکەشی ڕاستە. لە هەستانەوەی ئەو جارەمان ئەو ڕاستییە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەباشی بۆ جارێکی دیکە دەرکەوت کە کۆمەڵگەی کوردی لە بەرانبەر ئەو ستەمەی داگیرکەر ئەگەر بە دژی تاکێکیش بێت بێدەنگ نابێ چونکە باش دەزانێ ئەگەر بێدەنگ بێت سبەی لەوانەیە نۆرەی ئەو یا نزیکی ئەو بێت. ئەو خاڵە دەبێ زیاتر پەرەی پێ بدرێت تا ئەو کاتەی کورد رزگار نەبێ پێمان وا نەبێ کە ژیانی ئێمە جا لە دۆخێکدا بین پارێزاوە یا خاوەنی کەرامەتین وەکوو تاکەکانی کۆمەڵگەکانی دیکە.

**چوارەم** بە پێچەوانەی خۆپێشاندانەکانی پێشوو ئەوەی لەو خۆپێشاندانەدا بەڕوونی دەبینین ئازایەتیی لە ڕادەبەری خۆپێشاندەرانە بە جورێک لە بەرگریکردنەوە هەوڵیان داوە هێرش ببەنە سەر هێزەکانی ڕێژیم کە زیانێکی زۆر بەو هێزانە بگەیەنن و تەنانەت ببێتە هۆی دروستبوونی دڵەڕاوکی لەنێو ئەو هێزانەدا کە ئیتر بەو پەڕی ترسەوە بەرەوڕووی خەڵک ببنەوە. گرینگترین ڕووی ئەو هێرشانە سوتاندنی ماڵی پاسداران لە شاری شنۆیەیە و ئەو خاڵێکی گرینگە کە لەوەدواتر کاریگەریی باشی لە سەر ترسی زیاتری هێزەکانی ڕێژیم دەبێت.

**پێنجەم** یەکەم شارەکانی کە پشتیوانییان لە کورد کرد شارەکانی ئازەربایجان بوو کە بە دروشمی "ئازەربایجان وشیارە و بۆ کوردستان پشت و پەنایە" پیلانی چەند ساڵەی دوژمن و ڕاسیستەکانی پووچەڵ کردوە. بۆیە پێویستە وێڕای پەرەپێدان بەو پەیوەندییە لەسەر داخوازیە کوردستانیەکانمان و خاکی کوردستان زیاتر لە جاران جەخت بکەین و زیاتر لە تاک و حیزبە چەند کەسانەی دەرەوە کە دیار نییە بۆ خزمەتی کام سیاسەت دووبەرەکی دروست دەکەن، بۆ گەیشتن بە ئامانجی هاوبەش کۆمەڵانی خەڵکی ئازەربایجان وەک نەتەوەی هاوچارەنووس بکەینە ئامانجی سیاسەتی خۆمان. بە نیسبەت هاوسۆزی لایەنەکانی دیکەی فارس ئەوە ڕاستە، بەڵام با هەرزوو وەک خسلەتی هەمیشەی کورد خۆش باوەڕ نەبین، ئایا ئەوان تەنیا لە پرسی حیجابدا پشتگیریمان دەکەن یا باوەڕیان بە مافی نەتەوایەتیەکانمان هەیە؟ ئەمە وردبوونەوەی پتری پێویستە.

**شەشەم** هاتنە سەرخەتی ناوەندی هاوکاری و بە تایبەتی پرسی یەکگرتنەوەی دیموکراتەکان بابەتێک نییە کە ڕۆڵ و کاریگەرییەکەی فەرامۆش بکرێت و دەبێ بە یەکێک لە دینامیزمەکانی هەستانەوەی ئەو جارەی بزانین. ئەگەر جاران بە پیلەوەهاتنی مانگرتن بە کارێکی باش دەزانرا ئێستا زیاتر لە مانگرتن دەتوانێ شۆڕشێکی وا گەورە ڕێک بخات کە نەک کوردستان بەڵکو هەموو ئێران بگرێتەوە. بەڵام گرینگتر لەو یەکگرتنەوەیە بۆ ئێمە کاریگەریی هەرچی زۆرترمانە لە هەموو بوارەکانی شۆڕش و گۆڕانکارییەکانی داهاتوودا.

**حەوتەم** بابەتی بەشداری هێزی پێشمەرگە کە لە هەستێکی پیرۆزی بەخەمبوون بۆ شەهیدان و برینداران و ئازایەتیی کوردەوە سەرچاوە دەگرێت تا چەند لە لۆژیکی سیاسی و زانستی لەشکری جێگای دەبێتەوە دەکرێ باسی لەسەر بکرێت و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

زیاتر لە هەست دەبێ بە لۆژیکەوە لەوبوارەدا بڕیار بدرێت. کە لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان و حیزبی بەرپرسیاری وەک دێموکرات هەر ئەوە چاوەڕوان دەکرێت، بەڵام پێویستە ئەو ڕاستییە باش بزانین کە زیاتر لە هەموو کەسێک هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئەگەر بەشداریی خۆی لە هاوکێشەکەدا بە قازانجی دۆخەکە و بەرژەوەندیی جووڵانەوەکە بزانێت، دەوری سەرەکیی خۆی دەبینێت. پێشمەرگە بە درێژای مێژوو لە پێناو نەتەوەکەیدا قوربانیی داوە و حەماسەی خوڵقاندوە و لە ئێستا و داهاتووش هەر وا دەبێت.

لە بیرمان نەچێ گەورەترین چەکی سەرکەوتنی شۆڕش کلاشینکۆف نیە، بەڵکو ئیرادەی بەرزی خەڵک و یەکگرتوویيانە کە دەتوانێ هەر دیکتاتورێک بە چۆکدا بنێت و ئەو ڕاستیەشمان لە چەند ڕۆژی ڕابردوو بەباشی دیت، هەر بۆیە دەبێ بیر لەو چەکەو بەهێزکردنی بکەین بۆ ئەوەی زیاتر کاریگەر بین و پێشمەرگەش زۆری کردوەو لە داهاتووشدا و لە کات و ساتی پێویست زیادتریش دەکات.

**هەشتەم** لەسەر پشتیوانی دونیای دەرەوە لێدوانی بەرپرسانی ڕۆژئاوایی لە مەڕ دۆخی ئێستای ئێران تەنیا بە پشتگیری لە مافی ژنان کورت کراوەتەوە، کە ئەوەش پێویستە. بەڵام داخوازی ئێستای کورد و نەتەوەکانی دیکە زیاتر لە مافەکانی ژن و مرۆڤ بە گشتی نەمانی سیستمی کۆماری ئیسلامی بەتەواوی دەگرێتەوە. وێڕای هەبوونی پشتیوانی زیاتر لە جاران بە تایبەتی لە لایەن سلێبریتیەکانەوە بەڵام لە ئاستی سیاسیدا ئەوەی دەبینین تەنانت لە ئاست لێدوانیشدا زۆر بەهێز نییە. ئەو پارێزگاریە لە مەڕ هەڵوێست گرتن لەسەر دۆخی ئێران کە بە ئاشکرا بەرگری لە خەڵکی ئێران بەرانبەر ڕێژیم ناکەن لەوانەیە لە چوارچێوەی دۆخی نێونەتەوەی بەرژەوەندیەکانیان لە مانەوەی ئێستای کۆماری ئیسلامی سەرچاوە بگرێت، کە هەڵە بووە و هیچ ئاکامێکی نەبووە و نابێتیش؛ تەنانەت مەترسی دەخاتە سەر ژیانی شارومەندەکانی ڕۆژئاوایش. بێگومان بەشداری ژنان و هەستانەوە لە پێناو مافی ژنان و پاراستنیان و بەرگرییان یەکێک لە خاڵە پێشکەوتوو بەهێزەکانی شۆڕشی ئێستامانە کە وێڕای ڕوونکردنی ئاسۆی سەرکەوتن، مزگێنیی سەرکەوتن لە دوای کۆماری ئیسلامیشی پێیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٢٣ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ڕۆژهەڵات، چ دەگوزەرێت؟ چی بکەین



د. شێرکۆ کرمانج

کچە کوردێک کوژرا، ڕۆژهەڵات وروژاو و ڕاپەڕین و بەرخۆدان سەری هەڵدا و بەردەوامە. لە پەیوەند بەم پرسە هەندێک بیرۆکە و گفتوگۆ هاتونەتە گۆڕێ کە گرنگە بە کورتیش بێت قسەیان لەسەر بکرێت.

**یەکەم**، داخۆ ئەم پرسە لە شیعارات و ئامانجی نەتەوەیی قەتیس بکرێت یان پرسە نەتەوەییەکان وەلا بنرێن و خەمی دیموکراسی و ئێرانییبوون جێگەیان بگرێتەوە. لەم پەیوەندە من پێموایە کورد هیچ کات و ساتێک نابێت دەستبەرداری ماف و شیعار و ئامانجەکانی خۆی وەک نەتەوەیەک لە سەروەری و سەربەخۆیی بێت. بۆ ئامانجە نەتەوەییەکان بزواندنی هەستی نەتەوەیی و وەگەڕخستنی خەڵک لە دەوری شیعار و ئامانجە نەتەوەییەکان گرنگن. بەڵام ناکرێت شیعار و ئامانجە نەتەوەییەکان بمانبەن بە ئاراستەی دژایەتیکردنی گەلانی دیکەی ئێران کە ئەوانیش کەم تا زۆر ستەمدیدەن ئەگەر لە ڕووی نەتەوەییش نەبێت لە ڕووی چینایەتی و ئازادی و مافەکانی مرۆڤ. بۆیە گرنگە کە بزوتنەوە سیاسی و مەدەنییەکانی ڕۆژهەڵات نە خۆیان لەبیرکەن نە خۆیان بە قوربانی شیعار و ئامانجەکانی خەڵکی ئێران بکەن، نە بشکەونە سەنگەری دژایەتیکردنی خەڵکی ستەمدیدەی ئێران. بەپێچەوانەوە هەمئاهەنگیی و هاوسەنگەریی لەگەڵ کۆمەڵگە و ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنییەکانی ئێران گرنگ و چارەنووسسازە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**دووەم**، داخۆ بەشداری چەکدارانەی هێزە کوردییەکان کاتیی هاتووە یان نا. لەمەڕ ئەو پرسە من پێموایە نە ئێستا و نە لە دوارۆژێکی نزیک نە لە دواڕۆژێکی دوور بردن و گۆڕینی شێوازی خەباتی مەدەنی و ناتوندوتیژی بەرەو ئاقاری خەباتی چەکداری لە قازانجی کورد و گەلانی ئێرانە. سوودمەندی یەکەم لەم شێوازی خەباتە جمهوری ئیسلامی و داروودەستەکانی و سوپای پاسدارانە. هۆکار زۆرە بەڵام بەخێرایی ئاماژە بە هەندێکیان دەکەم. سەرەتا لە بەرەنگاربوونەوەی چەکداریی کورد لاواز و جمهوری ئیسلامی بەهێز، ئەمە شەڕێکی نابەرابەری لێدەکەوێتە کە کورد دۆڕا و ئێران براوە دەبێت. لەپاڵ ئەمە، بە تیرۆریست دانان و لەکەدارکردنی کورد و بزوتنەوەکەی لەناو ئێران و لە دەرەوەش ئەگەرەکانی دێنەگۆڕێ. لەمانەش ترسناکتر وێرانبوونی کوردستان و بەسووریابوون و بەیەمەنبوونی ئەگەرێکی بەهێزە. بۆیە واچاکە دەستبردن بۆ چەک بە هەموو شێوەیەک ڕەتبکرێتەوە، بەمەدەنی مانەوە و ناتوندوتیژیی دەبێت هێڵی سوور بن و نەبەزێنرێن.

**سێیەم**، ئێران و داگیرکەرانی کوردستان و بەکرێگیراوە ناوخۆییەکان لەگەڵ هاتنەپێش و سەرهەڵدانی هەر پرس و بەرخوردانێک لە هەوڵی دروستکردنی درز و دابەشکردنی کوردن. کوردانی ناوەوە بەگژ کوردانی دەرەوە دەنێن، ڕۆژهەڵات بەدژی باشور هاندەدەن، کورد دەکەنە دوژمنی گەلانی ئێران، ئیسلامییەکان بەگژ عەلمانییەکانەوە دەنێن، موکریان دەکەنە دوژمنی ئەردەڵان، کرمانج و شکاک وەک دژە سۆران دەناسێنن، سوننە و شیعە وەک دوو دوژمن و هەڕەشەی وجودی لە یەک وێنادەکەن. بۆیە ئاگاداربوون لەم پلان و پیلانانە پڕگرنگن. سەرکەوتن لە یەکگرتوویی و شکستهێنان بە پیلانەکانی داگیرکەراندایە.

سەرچاوە: ماڵپەری سپی میدیا – ڕێکەوتی: ٢٣ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# دیوێکی تری مەرگی ژینا




م. کامەران عەلی

ئەو وتی: ئەوە ئـاینی خـودا نییە ئێـوە بە زۆر دەیسەپێنن، ئەوەئـاینێکی شێوێنددراو مرۆڤ کـرد و مێشکردی خۆتـانە کە زەرەیەک بۆنی خودای پێوە نەماوە، دینی خودا دینی بەهاکان و ئـازادییە، فەلسفەی هـاتنی ئـاینە ئاسمانیەکان بەگشتی و بەتـایبەتی ئاینی پیرۆزی ئیسلام ئەوەیە: کە مرۆڤ لە هەڵگرتنی بیروباوەڕ و ئایدۆلۆژیاشدا ئازادە چجـای پۆشـاک و جل و بەرگ.!

ئەو وتی: بهێڵن با خەڵکی بەئـازادی و حەزی خۆیان خودایان خۆشبوێت و خودا بپەرستن خودا بە خۆشەویستی دەپەرسترێت نەک بەزۆر و ترساندن و تۆقاندن.!

ئازادی بیروڕاو پۆشینی جۆری پۆشـاک و ...تـاد، جەوهەری ئەو ئـازادییە کە لە ئـاینی پیـرۆزی ئیسلامدا پێگە و گەورەیـی وەک یەکێـک لە مقاصیدەکانی شـەریعە دێـنە هەژمـار، گەلانـی ئێـران دژی ئەو ڕژێـمە ئایـدلۆژییە مرۆڤکـردەن نەک ئـاینی پیرۆزی ئیسلام و دروشمەکانی، ئەوان داوای ئازادی دەکەن با لەدیدی ڕژێمێکی ئایدلۆژی و سەپێنرار و بێزراویشدا واتـای



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەرەڵایی بێت.!

بەڵام هەندێک بەناو ئافرەتی کەم و نزم  دژە دین و ڕسواو چروک بێزراوی نێو ئەم هەرێمە کە بەناوی ئازادی خوازی و ڕێکخراوەکانی ژنان لێرە کە تەواوی ئازدییان هەیە بۆ بەرەڵایی و خۆ ڕووت کردنەوە و هەڕاجی جەستەیان بە چ پاساوێک سوکایەتی بە پیرۆزییەکانی ئیسلام  موسڵمانان دەکەن؟!، ئەوە لەکاتێکدا ئەو سوکایەتیەی کە بە لەچک و باڵا پۆشی دەکەن ئەوە سوکایەتیە بە دایک و خوشک و خێزان و کچەکانی ئێمە کە جێگەی قبوڵ نییە!' خۆ ئێوە ڕووت قووت و .......تاد، کەس بەزۆر لەچکی نەداوە بەسەرتاندا، ئیتر چۆن بەڕەوای دەبینن دەست بۆ ئازادی ئەوانی تر ببەن و چۆن لێتان قبوڵ دەکرێت ئاوا بەدڕەفتاری و بەد ڕەوشتیەک.

بۆیە لێرەوە داوا دەکەم لە مامۆستایان و زانایانی ئاینی و وتار بێژە بەڕێزەکان ئەوانەی حیزب لغاوی لەدەم نەکردون و دەمیان نەگیراوە!، با بەکەمپین و گردبونەوە هەڵوێستمان هەبێت و بەدەنگ بێن، دژی ئەم هەمووە سوکایەتیە کە دژە بە دین و ژین و کەرامەتمان خەریکە هەر بە یاساو لەو  .... ناویان ناوە پەرلەمان دەست بۆ کەرامەت و شیرازەی خێزان دەبرێت و خەریکە هەپرون هەپروان دەکرێن، مێزەری زل و ناونیشانی مەلایەتی و زانای ئاینیتان بۆ چییە بۆ اعزازی دین و ژینی خەڵک نەبێت؟.!

سەرچاوە: ماڵپەڕی زەمەن – ڕێکەوتی: ٢٣ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ژینا ئەمینی و توندوتیژی خیزانی



**ئارام سەعید**

لەدوای مەرگی ژینا ئەمینی هەرێمی کوردستان تەواو خرۆشاوە نەک بەمەرگی ئەو بەڵکو بە خۆخلافاندن و گفتوگۆی هەمەلایەنەی مەسەلەی لەچک و پرۆژە یاسای بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژبە خیزان و ئافرەت، ئالەم دۆخەدا کە جیهان سەرقاڵی کەیسەکەی ژینا ئەمینی و کاردانەوەکانیەتی لەسەر ئاستی ئیران و دونیا لەم هەرێمەی خۆمان لەباشور یاسایەکیان هێنایە پارلەمان و داوایان پێشکەشکرد بخرێتە بەرنامەی کاری کۆبونەوەی پارلەمان و دۆخەکەیان خرۆشاند.

لەکاتێکدا ئەوانەی یاساکەیان پێشنیارکردوە بۆ گفتوگۆ و خۆیان بەنوێنەری خەلک دەزانن خۆیان دژی وەستانەوەو بەشێوەیەک مرۆڤ لەلای تێکەڵ دەبێت کێ علیمانیە و کێ ئیسلامیە، هەموو فراکسیۆنەکان بەیاننامە دەردەکەن و دژن،هەمویان دەڵێن نابێت یاسایەک دەربچێت دژی شەریعەت بێت، کەواتە بۆهاتە بەرباس ولێکۆڵینەوە؟ لەکاتێکدا چەندین ریکخراوی کۆمەڵی مەدەنی و یاساناس پێی راگەیاندون ئەو مەسەلەیە کاتی نیە. سەرەرای ئەوەی هەرێم دەرگیری دەیان قەیرانی قووڵ و مەینەتیە...

لەکاتێکدا زۆر لەسیاسیەکان دڵنەوایی خانەوادەی ژینا ئەمینی دەدەنەوە و بێدەنگن لەوهەموو ژن کوشتنەی هەرێمی کوردستان، یان بەرگری لە خاتوو ژینا دەکەن و ودەسەڵاتیان هەبێت هەموو باشور دەکەن بە لەچک بەسەر.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەدیویکی تردا بۆ پشتگیری لە ژینا ئەمینی جگە لەرۆژهەلات تـاران و شـارە گەورەکـانی تـر خرۆشـاوەو هەنـدێک دەیانەوێت بیکەنە دەستکەوتی کوردایەتی بێ ئاگا لەوەی ئەم هەژانەی ئیران بەتەنهـا لەچـک نیـە و تەنهـا کـورد نیـە کە خۆپیشـاندان دەکات، زۆر لەوە گەورەترە ومەسەلەکە ئازادیە و دۆخی سەختی ئـابوری خەلـکە وپەیوەنـدی بەکـۆی ئێـرانەوە هەیە وخـاتوو ژینا بوە سیمبولی ئەو بزوتنەوەیە. ئایا لەمێژوانـدا لەبەغـدا خۆپیشـاندانێک کـراوە بـۆ پشـتگیری یـان هاوسـۆزی لە ژنێـک یان پیاویکی کورد کەغەدریکی لێ کرابێت؟

خوینـدنەوەی دروست ئەوەیە دوور لەبانگەشـەی هەلبـژاردن هەر هێـزو لایەنێـک بە راشکاوی بۆچونی خـۆی بخـاتە روو نەک ئەوەی بەنـاوی دیـنەوە هێـرش بکەیـتە سـەر چالاکوانـانی ژنـان و جـولانەوەکەی ئێـران بە دژی ئیسلام لەقەلەم بەیـت و لەولاشەوە فرمیسک بۆ ژینا خانم برێژیت، یان بەناوی عیلمانیەتەوە بەرگری سەرسـەختانە بکەیـت لە بۆچونی ئیسلامیەکان و لەژێرەوە دژی راو بۆچونەکانیـان بیـت، بـۆئەوەی دروست لەو دۆخە تێبگەین دەبێت چیتـر سیاسیەکان درۆ نەکەن و ئەوەی بڕواو بۆچونیانە راشکاوانە بیلێن. ئەوەش لەئێستادا مەحالە چونکە وتنی حەقیقەت لە سیاسەتدا گەلێک سەختە..

سەرچاوە: ماڵپەری وێستگە – ڕێکەوتی: ٢٤ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ڕاپەڕینی نوێی گەل و ئەرکە هەنووکەییەکان!



**عەلی بداغی**

ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان بۆ بەگژداچوونەوەی سیاسەتە داپڵۆسێنەرەکانی کۆماری ئیسلامی حەوتوویەکە دەستی پێ کردوە. ئەو ڕاپەڕینە کە لەسەر داوای ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران و دواجار بە پشتیوانیی زۆر حیزب و کەسایەتی و لایەنی سیاسی و فەرهەنگی و هونەریی دیکە، بە مانگرتنی گشتی بۆ مەحکومکردنی جینایەتێکی دیکەی کۆماری ئیسلامی - کوشتنی ژینا ئەمینی - دەستی پێ کرد، هەر لە یەکەم ڕۆژەوە لە مانگرتنەوە گەیشتە ڕاپەڕین. هەروەها دروشمەکانیش زۆر زوو لە "ژن، ژیان، ئازادی"ی تێپەڕین و تەواوەتیی کۆماری ئیسلامییان کردە ئامانج، واتە ڕاستە کە کوشتنی ژینا و پرسی ژن و ماف و ئازادییەکانی تەوەر و پێکهێنەری جووڵانەکەوە بوون، بەڵام دەمودەست نارەزایەتییەکان و ڕاپەڕینەکە شوناسێکی تەواو سیاسی و گشتیی لەدژی کۆماری ئیسلامی وەرگرت.

ئەو ڕاپەڕینە کە ئەمڕۆ پێی نایە شەشەمین ڕۆژی خۆیەوە، زۆر زوو پەلی بۆ زۆر شوێن و ناوچەکانی دەرەوەی کوردستان لە ئێران هاویشت، لە تەورێزەوە تا تاران، لە ئامولەوە هەتا ڕەفسەنجان، لە ڕەشتەوە هەتا زاهیدان و بە گشتی هەتا ئەمڕۆ گەیوەتە ٨٨ شاری ٣٠ پارێزگای وڵات.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەم ڕاپەڕینە لە ئاستی ناوچەیی و جیهانییشدا دەنگدانەوەی زۆری بووە و پشتیوانیی زۆر لایەنی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. لە ناوبردن لە ژینا (مەهسا) ئەمینی و پشتیوانی لە خۆپیشاندانەکانی ئیران لە کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە زمان گابریەل بۆریک، سەرۆکۆماری وڵاتی شیلیڕا بگرە، تا دەگاتە هەڵواسینی وێنەی ژینا لە دەروازەی "براندنبێرگ گەیت"ی بەرلینی ئالمان و شەکانەوەی وێنەکەی لە سەر باڵەخانەی شارەوانیی "سۆن ئێ لواغ"ی فەڕانسە. لە وتاری توندی ئانالینا بایربوک، وەزیری دەرەوەی ئاڵمان لە بەردەم ڕەییسی لە کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بگرە، تا دەگاتە ماکرۆن، سەرۆککۆماری فەڕانسە کە دوای چاوپێکەوتن لەگەڵ هاوتا ئێرانییەکەی پشتیوانیی خۆی لە خۆپیشاندانەکانی ئێران و مافی ڕەوای خەڵکی ئەم وڵاتە دەربڕی. جۆ بایدەن، سەرۆککۆماری ئەمریکا؛ "جاستین ترودو"، سەرۆکوەزیرانی کانادا؛ ئۆلاف شولتس"، سەدرئەعزەمی ئاڵمان؛ "مێلانی ژۆلی"، وەزیری دەرەوەی کانادا، "نیدا ئەلنەشیف"، سەرۆکی کۆمیسارییای بەرزی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان و نوام چامسکی فیسلووفی ناوداری ئەمریکا، چەند ناوێکی دیکە لە ڕێبەرانی وڵاتانی خاوەنبڕیاری جیهان و کەسایەتییە شوێندانەرەکان لەسەر بیروڕای گشتیی جیهانن کە سیاسەتی سەرکوتگەرانەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان مەحکووم کردوە و پشتیوانیی خۆیان لە نارەزایەتییەکان دەربڕیوە.

سەرنجڕاکێش ئەوە کە ڕێک لە کاتێکدا و لە ڕۆژێکدا کە بڕایم ڕەئیسی، سەرکۆماری ڕێژیم لە کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکاندا وێنەی قاسم سولەیمانیی بەرز کردبۆوە، لە شاری کرمان، شارەکەی سولەیمانی، وێنە و بنێری ئەو جەللاد و پیاوکوژەی ڕێژیم کە ئێستا یەکێک لە سیمبولەکانی کۆماری ئیسلامییە، لەلایەن خەڵکی شارەکە و بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینی کوردستان و بەگژداچوونەوەی هەیمەنەی ڕێژیم ئاگری تێبەردرا.

شەپۆلی نوێی نارەزایەتییەکان کە ئێدی ئێستا پێناسەی ڕاپەڕینێکی جەماوەریی وەرگرتووە، بە زۆر پێوەر لە سەرهەڵدانەکانی پێشوو جیا دەکرێتەوە و دەتوانێ ببێتە خاڵگۆڕانێکی مێژوویی بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی:

یەکەم، کوردستان لە هەموو ماوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا زۆرترین قوربانیی بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ڕێژیم، خەبات لە پێناو ئازادی و دێموکراسی بۆ ئێران و مافە نەتەوایەتییەکانی خۆی داوە. زۆرترین سەرکوت و کوشتوبڕ، تێرۆری ڕێبەران و تێکۆشەرانی حیزب و ئێعدامی بەندکراوە سیاسییەکان، سیاسەتی پەراوێزخستنی ئابووری و شەڕی نەرم بۆ تواندنەوەی زمان و شوناسی نەتەوەیی، بەشێکی کەم لە پشکی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بۆ کوردستان بووە. بەڵام ئەمە یەکەمجارە کە جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە خەڵکی کورد خەڵکی ناوچەکانی دیکەی ئێران دێنێتە سەر خەت و پشتیوانیی ئەوان بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ. ئەو هاوپەیوەندییە کە لە هاوخەمی، تێگەیشتنی قووڵ و نوێ لە هاوچارەنووسی و، پێویستیی هاوخەباتییەوە سەرچاوە دەگرێ؛ دەبێ بەرز بنرخێندرێ و ببێتە هەوێنی زۆر پلان و بەرنامەی سیاسی بۆ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەردەوامیی هاوخەباتی لە داهاتووشدا. کوردستان ئیدی بەتەنیا نییە و ئەو تێگەیشتنە زۆر بەهێز بووە کە بۆ کۆتاییهێنان بە تەمەنی ڕێژیمی سەرکوتگەری کۆماری ئیسلامی و چێکردنی وڵاتێکی دێموکراتیک کە دەستەبەری مافی نەتەوەیی هەموو جۆراوجۆرییەکان بکا؛ ئەشێ هەمووان دەست بدەنە دەستی یەکتری و دەرفەتەکان لەکیس نەدەن.

دووهەم، پێچەوانەی سێ سەرهەڵدانی گەورەی پێنج ساڵی ڕابردوو، واتە بەفرانباری ٩٦ و خەزەڵوەری ٩٨ و هاوینی ١٤٠٠ کە بزوێنەرەکەی "پرسی ئابووری" و "خەمی نان" و "بێئاوی" بوون، ئەمجارەیان ئەوە "ماف" و "کەرامەت"ی مرۆییە کە پێشێلکردنەکەی خەڵکی هێناوەتە سەر شەقام. سەرەتاییترین ئاکامگیری لەو فاکتەرە ئەمەیە کە کێشەکانی بەردەم کۆماری ئیسلامی بەولاوەتر لە قەیرانی ئابوورییە و تەنانەت چارەسەری قەیرانگەلی ئابووریش دادی ڕێژیم نادا، چونکی خەڵک ئیدی ماف و ئازادییەکانی خۆیان دەناسن و دەیانەوێ و بۆ دەستەبەری ئەو مافانەش هاتوونەتە مەیدان و ئامادەن هەموو تێچوویەکیشی بۆ بدەن.

سێهەم، هێزی سەرەکیی ئەو ڕاپەڕینە لاوانن. لاوانی لەدایکبووی دەیەی ٧٠ و ٨٠ کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بە پەروەردەی ئیدئۆلۆژیک و تەرخانکردنی هەموو ئیمکاناتی ڕەوتئامێری و نەرمئامێریی خۆیەوە هەوڵی داوە بەقەولی خۆی "ئەرزیشی" و "مەکتەبی"یان بار بێنی هەتا پارێزەری ئەو نیزامە سیاسییە بن. بەڵام هەر ئەو نەوە لاوە مافخوازە هەڵگری توخم و شوناسێکی تەواو جیاوازە و ئێستا بە بوێریی کەموێنەوە خوازیاری "ڕووخاندن"ی ئەو ڕێژیمەن و بەکردەوەش هاتوونەتە مەیدان. لەو نێوەشدا ژنان کە چەوساندنەوە و بێمافکردنیان چەقی سیاسەتە ئیدئۆلۆژیکییەکانی ڕێژیم بووە، نەک هەر ڕۆڵی دیار و دیاریکەریان هەیە، بەڵکوو پێشەنگ و ڕچەشکێنیشن.

### ئێستا ئەرکە هەنووکەییەکان چین؟

پێش هەموو شتێک بەردەوامیی خۆپیشاندانەکان. لە ئێستادا هەموو پێوەرەکان بۆ وەڕێخستنی شۆڕشێکی سەرانسەری بۆ ڕووخانی ڕێژیم ئامادەن، بۆیە لە کوردستان پێویستە ناوەندی هاوکاری و هێزە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان هەم یەکگر و یەکگوتار بن، هەم لە دوو بەرەدا هەوڵەکانیان چڕتر بکەنەوە: یەکەم، گەیاندنی دەنگ و پەیامی ڕاپەڕین بە ناوەندەکانی بڕیار لە جیهان و؛ دووهەم، بەڕۆژەکردنی پێوەندی و هاوخەباتیی کورد لەگەڵ نەتەوە و پێکهاتەکانی دیکەی هاوخەبات و هاوچارەنووس لە ئێراندا. ئەو ڕاپەڕینە ئەگەرچی هەتا ئێستا زۆر باش ڕێگا و ئامانجەکانی خۆی بڕیوە، بەڵام سەرکەوتنی کۆتایی لەگرەوی دروستبوونی ڕێبەری و گرتنەدەستی جڵەوی ڕاپەڕین بەهۆی ئەم ڕێبەرییەوەیە.
شەهید دوکتور قاسملوو دەڵێ "هەر گەلێک ئازادیی بوێ، دەبێ نرخی ئەو ئازادییەش بدات"، ئەمڕۆ هەموو کوردستان



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئامادەیە بۆ خەبات لەپێناو ئازادی و دانی ئەو نرخە، تەنانەت ئەگەر بەخشینی ڕوح و گیانیشیان بێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٢٤ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢

---

## سەرباشقە بمێنینەوە




**خالید دەرویژە**

لە مێژووی خەباتی نەتەوەییمان لەبری گوێگرتن لە داخوارییە بەرزە ئینسانییەکانمان کە بەشێوەی گشتی ڕەهەندە گرینگەکانی ئازادی، مافی نەتەوەیی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لەخۆ دەگرێ، بەردەوام دژایەتیمان کراوە. بزووتنەوەی کورد بەشێوەیەکی بەردەوام و سیستماتیک لە لایەن ڕێژیمەکانی شا و کۆماری ئیسلامییەوە هەوڵی تواندنەوەی دراوە و ڕێژیمە داگیرکەرەکان بە چاندنی تۆوی نیفاق و دووبەرەکی هەموو کاتێک نەتەوەکانی دانیشتووی ئەم جوغرافیا بەڵێدراوەیان بە گیانی یەکدا داوە. بەڵام چارەنووسی کورد لەو نێوەدا جیاوازتر بووە و لە چوارچێوە و بە ئاراستەی بیردۆزی پیلانگێڕی و سیاسەتی ئۆباڵئاوێژی و بە لێدانی ئەنگی تەجزییەتەڵەبی و شەڕەنگێزی، دەسەڵاتی ناوەند



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەردەوام ویستوویەتی دانیشتووانی ئەم وڵاتە لە بیستنی دەنگی ئازادیخوازانە و مرۆڤتەوەرانەی نەتەوەی کورد بێبەش بکات، تا دواجار و بە خەیاڵی خاوی خۆی پێش لە یەکگرتووی نەتەوەکانی ئەم جوغرافیایە بگرێت.

ئەوکاتەی خەڵکی کوردستان لە هەڵوێستێکی درووست و سەردەمیانەدا "نا"ی بە بەناوڕێفراندۆمەلەی ڕێژیمی تازە بەدەسەڵاتگەیشتووی کۆماری ئیسلامی گوت، جگە لە ڕێژیم کەم نەبوون ئەو بەناو ڕووناکبیرانە و هێز و لایەنە سیاسییانەش کە ئەوکات دژی ئەو بڕیارە وەستانەوە و ئێستا دوای زیاتر لە چوار دەیە دەسەڵاتی نامرۆڤانەی ئەم ڕێژیمە گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتە کە ئەوەی کوردستان وەک سەرباشقەی خەباتی ئازادیخوازانە نواندی، لۆژیکی و لەجێدا بوو، نە هەڵوێست و کردەوی ئەوان کە وێنەی خومەینیان لە مانگدا دەبینی و بە باڵایان هەڵدەدا.

لە پەردە شانوگەرییەکەی جۆزەردانی ١٣٧٦دا کەم نەبوون ئەو بەناو بیرمەندانەی پێیان وابوو کۆماری ئیسلامی توانستی ڕیفۆرمی هەیە و دەکرێ بە گۆڕینی یاسای بنەڕەتیی دەلاقەیەک بەڕووی ئازادیدا بکرێتەوە، کە هەر ئەوکاتیش نەتەوەی کورد و حیزبە بەرپرسیار و واقعبینەکەی، بە ناسینی قووڵ و دروست لە ماهییەتی دواکەوتووانەی ڕێژیم، بوو بە سەرباشقەی ئادرەسێک کە دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە دەیەیەک ڕاستیی ئەم تێفکرینە بۆ گەلانی ئێران ڕوون بووەتەوە.

لە بارودۆخی هەستیاری ئێستادا و بەدوای شەهید کرانی "ژینا ئەمینی"، کاتێک خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران بە هەموو چین و تۆێژ و نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان و ڕاست بە پێچەوانەی سیاسەتی لەمێژینە وکردەیی ڕێژیم ، یەکگرتووانە دێنە مەیدان و بە دەرسوەرگرتن لە ئەزموون و خۆڕاگریی کوردستان و بە سەرباشقە زانینی خەباتی ئازادیخوازانەی کورد، زایەڵەی مەرگی دیکتاتۆر و دواکەوتوویی لە ئێراندا دەزرینگێتەوە و دروشمە پێکهاتنەشکێنەکان پایەکانی دەسەڵاتی سەرەڕۆ وملهوڕی کۆماری ئیسلامی وەلەرزە دەخات، دوو ئاراستەی بە تەواو پێچەوانە ئەگەر بە ڕوانینێکی لۆژیکی لێی نەڕوانین، دەتوانێت ڕەوتی بەردەوامیی ئەم شۆڕشە لە گرێژنە بباتە دەرێ.

لە ئاراستەیەکدا کە بە خۆشییەوە گوێیەکی بۆ بیستن نەماوە، دەزگای پروپاگاندای ڕێژیم بە بیانووی هەڵبەستراو و وەهمی حزووری پێشمەرگە و دووبارە لێدانی ئەنگی تەجزییەتەڵەبی، دەیهەوێت جگە لە پاساوهێنانەوە بۆ سیاسەتە دژیگەلییەکانی لەهەمبەر گەلی کورد و گۆڕینی ئاراستەی ئاشتیخوازانەی بۆ توندوتیژی ئەم یەکگرتووییە لەنێو بەرێت.

ئاراستەیەکی تر ئەو دەنگەیە کە لەو ئانوساتەدا داوای چوونی هێزی پێشمەرگە بۆ نێو خۆپیشاندانە جەماوەرییەکان دەکا. لەو پێوەندییەدا پێویستە پێ لەسەر ئەوە دابگرینەوە کە لە ڕوانینی حیزبی دێموکراتدا پێشمەرگە و خەڵک لەگەڵ ئەوەی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دووانەی لێکدانەبراون، بەڵام هێزی تەنیا ئەو کەسانە نین کە بەهۆی سیاسەتی دژەگەلی پەرپەوەی دەرەوەی ڕۆژهەڵات بوونە، هەر کەسەوە بەپێی توانا و بەو مەرجەی ئازادیخواز بێت و توانایی ئەرک وەخۆگری هەبێت، دەتوانێت پێشمەرگە بێت. مامۆستای ئایینی بە بەکارهێنانی مینبەری مزگەوت بۆ وشیارکردنەوەی خەڵک بە چەمکەکانی ئازادژیان و وڵات پارێزی، دەوڵەمەند بە دابینکردنی تێچووی خۆپێشاندەران و خەساردیوان، پزیشک بە وەرگرتنی نەخۆش بەشێوەی بێ بەرامبەر، پارێزەر بە ئەرک وەخۆگری بێ بەرامبەر بۆ بەدواداچوونی کەیسی شەهیدان و بەندکراوان و ...هتد، ناسنامەی پێشمەرگەیان وەک پێشمەرگە سپیپۆشەکان، پێشمەرگەکانی پارێزەری ژینگە و ... پێ دەبەخشرێت.

لەگەڵ ئەوەشدا هەر وەک لە ڕاگەیەندراوی کۆبوونەوەی ناوەندی بەڕێوەبەری گشتیی حیزبدا هاتبوو، "یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی بزووتنەوەکانی ئەم دواییانە جەماوەریبوونیەتی. بەو مانایە کە هەم بەربەرینە و هەم لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی تێدا بەشدارە، بۆیە ئەرکی بەڕێوەبەری و هەوڵدان بۆ درێژەدان بە نارەزاییەتییەکان بە سەر هەمووان‌دا دابەش دەبێت و لەم بارەوە ڕێکخراوە مەدەنییەکان، مامۆستایانی ئایینی، نووسەران و فەرهەنگییان، خوێندکاران و مامۆستایانی قوتابخانەکان، کەسایەتییە سیاسییەکان، ژنان، لاوان و... خۆیان لە بەشداریکردن و مودیرییەتی ئەم جووڵانەوەدا بە بەرپرسیار بزانن".

ئێستا جارێکی دیکەش شەقام کەوتۆتەوە دەستی خەڵک. شەقام هێڵی سوور و خاڵی لاوازی ڕێژیمە. ڕێژیم لە بارودۆخی ئێستادا کە ڕۆژ بە ڕۆژ کەلێن دەکەوێتە نێو هێزەکانی هەموو هەوڵی ئەوەیە، شەقام چۆڵ بکات و تەنیا ڕێگە و بەهانەی بۆ گەیشتن بەم مەبەستە، گۆڕینی ئاراستەی شەقام لە ئارامییەوە بۆ ئاڵۆزییە و هیچ بەدوور نازانرێت و لە ڕابردووشدا نیشانی داوە کە خۆی خولقێنەری ئەم دۆخەیە، بۆیە ئەوەندەی ئیمکانی هەیە خۆپیشاندەران و دژبەرانی حاکمییەت نابێ لە ئاراستەی ئامانج و دڵخوازی دەسەڵاتدا هەنگاو بنێن.

با هەمووومان ئەرک وەخۆگری و سەرباشقەبوون و دووربوون لە ئێحساسات بکەینە هەوێنی بەردەوامی شۆڕشەکەمان و لەگۆڕنانی دواکەوتوویی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٢٤ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# بۆچونێکی زۆر کورت لەسەر قسەکانی عەلی حەمەساڵح




**خالید سلێمان**

عەلی حەمە ساڵح، ئەگەر کەمێک لە سیاسەت تێبگات و واز لەوە بهێنێت لەبەردەم شاشەکاندا وەک پاڵەوانێک دەربکەوێت، باش لەوە تێدەگات کە کاردانەوەی خەڵک دووای کوشتنی ژینا ئەمینی، دژی ئاینی ئیسلام و سەرپۆش نیە، بەقەدەر ئەوەی دژی سیستمێکی ستەمکارییە، ڕەمزییەتی سەرپۆشی لە تاریکیدا داگیرکردووە. ژنانی ئێران، بە ژنانی کوردیشەوە، نزیکەی نیو سەدەیە وەک کەرەستە تەماشا دەکرێن و دیلی فەرمانڕەوایی دەستەبژێرێکی ئاینیین، وەک سەرمایەیەکی ئایدیۆلۆژی تەماشای سەرپۆش و پەچە دەکات. ئایدیۆلۆیایەکی بارگاوی بە ستەم و ناڕەوایی و نابەرابەریی. بەبێ ئەم دەستەبژێرەش ژنانی کوردو فارس و کۆمەڵگەکانی تر سەرپۆش دەپۆشن و هەرگیز ئەم جۆرە خۆپۆشینەش نەبووەتە جێگەی ململانێ و کاردانەوەی وەک ئەوانەی بینران، بەڵام کاتێک سیاسییەک کە گوتارێکی پۆپۆلیستی و میدیای بۆمبارانکردن دروستی دەکات، ئیتر بەبێ ئەوەی لە هۆکاری پشتەوەی ڕووداوەکان تێبگات، بەڕاست و چەپدا قسە دەکات. عەلی حەمە ساڵح، نموونەیەکی ڕوونی ئەم جۆرە سیاسەتەیە.

نووسینی ئەم پۆستە بچووکە، پەیوەستە بە پرسیارێک کە کەسێک دەربارەی کوشتنی ژینا ئەمینی لە عەلی حەمە ساڵحی کردووەو داوای لێدەکات ئەو چی هەیە بیڵێت؟ عەلی حەمە ساڵح-یش لە وەڵامدا دەنووسێت: (بەڵێ ئەو کچەی لە ئێران کوژراوە گوایە کوردە خەمبارین بۆی بەڵام ڕۆژهەڵاتیش بێ تامیان کردووە هەموویان دژی خوای گەورەن و دەبێت چاوەڕوانی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لەوە خراپتر بن بەکورتی هەرکەسێک دژی دینی ئیسلام بێت ئەوە مەسیرێتی).

لێرەدا نووسینەکەی حەمە ساڵە-م وەک خۆی داناوەو خاڵبەندیم بۆ نەکردووە، بۆ ئەوەی بزانین ئاستی بیرکردنەوەو تێگەیشتنی لە ڕستەکەدا بخوێنینەوە. هەڵبەتە باس لەوە ناکەم کە عەلی لێرەدا، بوختانێکی بێسەروبەر دژی خەڵکی ڕۆژهەڵات دەکات و دەڵێت (هەموویان دژی خوای گەورەن). هەر بەڕاستی جەنابی پەرلەمانتارو ڕۆژنامەنووسی پێشوو، کە حەجیشت کردووە، ئەم حوکمەت لە کوێوە هێناو چۆن زانیت هەموو خەڵکی ڕۆژهەڵات دژی خوای گەورەن.

بەڕاستی تۆ لە سیاسیانەی کە زەلکاوی سیاسی دروستی کردوون، ئەگینا کەسێک نیە لەم دنیایەدا حوکمێکی ئاوەها موتڵەق بەسەر میللەتێکدا بدات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕوانگە و ڕەخنە – ڕێکەوتی: ٢٤ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## هەڵوێستێکی چەوت لەمەڕ ڕژێمی ئێران، پێویستی بەڕاستکردنەوە هەیە




**گۆران هەڵەبجەیی**

(دەسەڵاتدارانی ئێران لە ترۆپکی ئیرهابدان)، نبیل حیدری نووسەری تایبەت بە دۆخی ئێران.

ئەوەی لەکن چاودێرانی سیاسی و کەسانی موتابعی ڕەوشی ئێران و تەنانەت کەسانی ئاسایی ڕوونە، ئەوەیە کە ڕژێمی ئاخوندەکانی ئێران لەو دەمەی دەسەڵاتیان گرتوەتەدەست [ ١٩٧٩]، تا ڕۆژی ئیمڕۆ لە ڕێگەی زەبروزەنگەوە درێژەیان بەتەمەنی دەسەڵاتەکەیان داوە ،بەجۆرێک کووشتن و سەرکووتکردن و سڕینەوەی نەیاران کۆڵەکەی ڕاگرتنی دەسەڵاتەکەیان بووە. ئاشکرایە ئەم دەسەڵاتە بۆ ساتێکیش دەستبەرداری ئیرهاب نەبووە و نابێت.

ماهیەت و سرووشتی دەسەڵاتدارانی ئێران شتێک نیە جێگەی گومان و مشومڕبێت، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ دڕندەیی و سادیەتی مەلاکانی ئێران زەقتردەبنەوە. کوورت و پووخت ڕژێمێکە دەکەوێتە خانەی، دژە دیموکرسیەت، دژە ئینسانیەت، دژە فرەبۆچوون و ڕا، دژە نەتەوەو ئەتنیک، دژە مافی مێینە و دژە ژیانی مەدەنیەت بەهەموو ڕەهەندەکانیەوە واتە دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر وڕەفتار فاشییە.

لە حاڵەتێکی ئەوهادا گرنگەو زۆریش گرنگە دیدو بۆچوونی چینێکی سیاسی سەرچڵ و خاوەن مێژووی تێکۆشانی سەخت،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەربارەی ئەو ڕژێمە بزانرێت کە ئەویش دەسەڵات وحیزب و لایەن و تاکی چەپ و کۆمۆنیستەکانە.

هەڵوێستێک کە بەخاڵێکی سەلبی و هاوکات ڕەخنە لەسەر زۆرێک لە دەسەڵات و حیزب و ڕەوت و کەسایەتیە چەپەکانی جیهان بە عەرەب و {کوردیشەوە }هەژمار دەکرێت، پشتگیری کوێرانەیانە لە ڕژێمی ئێران، ئەمانە نالۆژیکیانە داکۆکی لە ڕژێمی ئێران دەکەن و هەڵوێستی نادرووست و دوور لە واقیع وەردەگرن. پاساوی گەورەیان بۆ ئەم هەڵوێستەیان ئەوەیە کە ڕژێمی ئێران دژی ئەمریکا و ئیسرائیلە، یاخود بەلۆژیکی [دوژمنی دوژمنەکەم دۆستمە] کاردەکەن.

**بابزانین بەڕاست ئێران دژی ئیسرایئل و ئەمریکایە یا تەنها دروشمێکی فریودەرو بێ ناوەڕۆکە.؟**

ئاشکرایە سیاسەت لەسەر بنەمای بەرژەوەندی دامەزراوە و هەر ئەوەش داینەمۆی بزواندنیەتی. کەواتە ئێرانیش لەسەر ئەم بنەمایە کاردەکات، نەک لەسەر بنەمای ئاین و مەزهەب .لەحاڵەتێکی ئەوهادا دەکرێ و ڕوویداوە ئاین و مەزهەب کراونەتە قوربانی بەرژەوەندی گشتی.

بۆنمونە دەسەڵاتدارانی ئێرانی ئیسلامی شیعە مەزهەب، لەکاتی جەنگی [٨] ساڵەیاندا لەگەڵ ڕژێمی سەدام ،چەکیان لەڕێگەی لایەنی [سێیەمەوە] دەکڕی،لە نێوانیاندا چەکی ئیسرائیلی و ئەمریکی، کاربەدەستانی چەککڕی ئێرانی چاک دەیانزانی ئەوچەکانە ئیسرائیلین یاخود هی {شەیتانی گەورەن}. هەمووومان {ئێران کۆنتڕای} سەردەمی ڕێگانمان لەیادە کە لەڕێگەی ملیاردێری سعودیەوە عەدنان خاچەقچی بەنرخی چەند ملیارێک دۆلار چەکی ئەمریکی فرۆشت بە ئێران. هەرلەو دەمەدا ئەمریکا بۆ بەرژەوەندی خۆی لەڕێگەی [مانگە دەستکردەکانەوە] زانیاری سەربازی دەدا بەهەردوو لا،هیچ لایەکیشیان ئەو زانیاریانەیان ڕەتنەدەکردەوە.

خومەینی بەردەوام بەدرووشمی قەبەو بێ ناوەڕۆکی [نەڕۆژئاوایی و نەڕۆژهەڵاتی] دەیویست خەڵکی ساویلکە هەڵبخڵەتێنێت، کەچی لەدەمی جەنگی هەشت ساڵەدا، ئەو درووشمەی وەلاناو وەک پێشتر ئامارژەم پێدا، چەک و کەرەستەی جەنگی لە وڵاتانی هەردوو بەرەکە دەکڕی و نەوتیشی بەهەردوولا دەفرۆشت.

دڵنیام هەمان ڕژێم ژێر بەژێر پەیوەندی لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا هەبووەو هەیە کە بەدژو نەیاریان دەزانێت،[یەکێک لە وەزیرەکانی دەرەوەی ئەمریکا بەر لە دەساڵێک ئەو نهێنیەی درکان]کە پەیوەندی ژێربەژێریان لەگەڵ ئێران هەبووە،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەداخەوە نـاوی ئەو وەزیـرەم لەیـاد نەمـاوە. کەواتە ئێسـتا بۆمـان ڕوونبـوویەوە کە ڕژێمی ئێران دوژمنـی ئەمریکـاو ئێران نەبووەو نیە، درووشمەکانیشی لەو بارەوە تەنها بۆ فریودان بووە.

دەربارەی هاوکاریەکانی ڕژێمی ئێران بۆ لایەن و وڵات و بزافە ئیسلامیەکان، ئەوەش مەغزاو مەبەستی تـایبەتی لە پشتە، ئەوەی لەم بوارەدا بەلایانەوە گرنگ نیە ئاین و مەزهەبە.

هەموو دەزانین کە لەدوای کووشتنی حسین کوڕی علی ابی تالب لەلایەن زید بن معاویەوە لەساڵی[٦١] ی کۆچیەوە تا ئێستا خوێن لە نێوان ئەو دوو مەزهەبەدا حکوم دەکات و یەکتر ڕەتدەکەنەوە و جۆرەها سفەتی ناشیرین دەخەنە پـاڵ یەکتر، کەچی مەلاکانی ئێران پەیوەندیەکی تووندوتۆڵ و باشیان لەگەڵ زۆرێک لە گەڵ بزاف و حیزبە ئیسلامیە سوونەمەزهەبانەدا هەیە،لە نێویاندا هەن کەهەرگیز دان بە ئیسلامیەتی شیعەدا نانێن و تەنها سوونە بەمیراتگری ئیسلام دەزانن.

ئێران بە پارە و چەک یارمەتی زۆر هێزولایەن دەدات کە هیچ شتێک کۆیانناکاتەوە جگە لەبەرژەوەندی، بەنمونەی حماس و جیهـادی فەلەسـتینی و [تـالیبـانی ئەفغانسـتان لە سـەردەمێکدا] و حیزبـی «الجمـاعه الإسـلامیه» پاکسـتانی توونـدڕەو. یـاخود لە تەنگەژەو جەنگی نێوان ئەرمینیاو ئازربایجانـدا، ئێران لایەنـی ئەرمینیـای گـرت، کەدەبـوو بە پێچەوانەوەبـوایە چـونکە ئازربایجـان وڵاتێکـی شـیعە مەزهەبە. دیـارە مەبەسـت لەم پەیوەنـدیانە دووسـەرەیە، یەک ئەوەیە تـا لایەنە هاوکاریکراوەکان دژ بەبەرژەوەندی و ناوەندو کەسایەتیەکانی ئێرانی چالاکی ئەنجام نەدەن، دووەم هەوڵدان بـۆ جێگیربـوون و دروستکردنی پێگەیەک بۆ خۆیان لەو دەڤەرانەی ئەو حیزب و بزافانە باڵادەستن تێیدا..

ئەوەی دەزانین لە ئێستادا ئێران کەم تازۆر کۆنترۆڵی لوبنان لەڕێگەی حیزب للەوە، یەمەن لەڕێگەی حوپیەکـانەوە، عێراق لە ڕێگەی حیزبە شیعەکانەوە، سوریا لە ڕێگەی ئیتلاعـات و گـرووپە چەکدارەکانەوە دەکـات. ئەم کـارانە هەرگیـز نـاچنە خـانەی بڵاوکـردنەوەی مەزهەبـی شیعە، بەڵکو وەک پێشتر ئـامـاژەم پێدا مەسـەلەکە بەهێزکردنـی پێگەی خۆیـانە دوور لە مەزهەب و ئاین.

بۆپاراستی خودی خۆیان ئاخوندەکانی ئێران لە ڕۆژی دامەزرانـدنیەوە تـا ئێستا لە هەرشوێنێک نـاڕەزاییەک چ وەک تـاک چ وەک حیـزب و نەتەوە و لایەن، سـەری هەڵیـدابێت، ئەوە بەدڕنـدانەترین شێوە سـەرکووت کـراوە، ئەم ئیرهـابەی دەسـەڵاتی ئێران سنوورەکانی وڵاتی بەزانـد و زۆرێـک لە وڵاتـانی جیهـانی گرتەوە، بـۆ نمونە لە هەنـدەران کەم حیـزب و کەسـایەتی سیاسی و سکرتێری حیزبە کوردیەکان هەن دەستی ئیرهابی ئێرانی پێنەگەشتبێت.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

له وڵاتـانی وەک ئەڵمانیـا، نەمسـا، فەرەنسـا، هوڵەنـدە، سـوید، دانمـارک، تورکیـا ئەنـدامانی حیـزبە ئۆپۆزشیۆنەکان ونەیـارانی ڕژێمی ئێران تەرۆرکراون یـا بریندار کـراون یـا هەوڵـی ڕفانـدیان دراوە. لەباشووریش تـا ئێستا پتر له ٦٠٠ تێکۆشەری کوردی سەربە حیزبە کوردیەکانی ڕۆژهەڵات بەدەستی ئیتلاعات کووژراون.

هەر ڕژێمێک ڕێز له هاوڵاتیانی خۆی نەگرێت، پانتاییەک بۆ ئازادی و دیموکراتی مەیسەر نەکات،پێویستیه سەرەتاییەکانی هاوڵاتیان دابین نەکات، له جیهاندا بێزراو و نـامەرغوب نەبێت،کەواته ئەو ڕژێمه که مەبەست لێی ئێرانه هەرچیبێت و هەرچ ناوێک لەخۆی بنێت، ناتوانێت ببێته نوێنەری ڕاستی گەلێکی ستەم لێکراو، هاوکـات ناکرێت خەسڵەتی دژە ئەمریکاو ئیسرائیلیش هەڵبگرێت، چونکه ئەو ڕژێمه زۆر دووره لەو ئەرکەوە. تا ئێستایشی لەگەڵدابێت دژایەتی ئێران بۆ ئەمریکاو ئیسرائیل له واقیعی عەمەلیدا بەرجەسته نەبووە، بەجۆرێک زیـانی مەزنـی پـێ گەیـاندبن، یـاخود له ڕۆژهەڵاتی نێویندا جێگەو پێگەیان لەقبووبێت.

بۆئەوەی باشتر و ڕوونتر ماهیەتی دەسەڵاتدارانی ئێران بزانین، چەند پرسیارێک ئاراستەی ئەو حیزب و لایەن و تـاکه کەسانه دەکەم به خۆشمانەوە که لەخـانەی چەپ، ئـازادیخواز، ئینساندۆست، دیموکراتیخواز، کۆمۆنیست خۆیـان دەبیننەوە، ئەوجا دەردەکەوێت کەئایا هەڵەیەکی سیاسی مەزن له هەڵوێستی ئەو حیزب و دەسەڵات و لایەن و کەسانەدا نیه کەداکۆکی لەو ڕژێمه دەکەن؟

- دەکرێ و درووسـته کەسـێکی چەپ یـا کۆمۆنیسـت داکـۆکی له ڕژێمێـک بکـات کەبەدڕنـدەترین شـێوە چەپ، کۆمۆنیسـت، ئازادیخوازان سەرکووتدەکات و گوللەبـارانیان دەکات، بەتایبەی ئەنـدام و سەرکردەکانی تـودەو فیدائیان و لایەنەچەپەکـانی دیکه که لەژێر ئەشکەنجەدا گیانیـان سپارد یـا پاکانەیـان لێوەرگیرا و پاشـان لەسەر تەلەفزیۆن سوکایەتیان پێکرا؟ تـا ئێستاشی لەگەڵدابێت ئەندامبوون لەو حیزبانەدا سزای تووندی لەسەرە.

- دەکرێ و ڕەوایه لایەنێک یا کەسێکی تینوی ئازادی و مافی مرۆڤ، لایەنگری دەسەڵاتێک بێت که هەناسەیەکی ئـازادی و دیموکراتی له وڵاتەکەدا بوونی نیه؟

- ئایا ئاساییه داکۆکیکارانی دەربڕینی ناڕەزایی و خۆپیشاندانی مەدەنیانەی بێ فشارو سەرکووتکردن، هەوداری دەسەڵاتێک بن که خۆپیشاندانەکانی خەڵک که بۆ نان و کارو ئازادی ئەنجام دەدرێن، بەدڕندانەترین شێوە سەرکووت بکەن ،هاوکـات دەسەڵاتدارانی سەرکووتکەر، شانازی بەژمارەی زۆری کوژراوە خۆپیشاندەرەکان بکەن؟



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

- ڕەوایە حیزبێک یاخود کەسێکی چەپ کە بڕوای بە ماف و سەربەستی و سەربەخۆیی گەلان هەیەو خەباتی لە پێناودا کردووە، هاوکات دژ بە چەوساندنەوەی نەتەوەیی دەنگی دلێربێت، بەڵام بێباک بێت لە ئاست کردەوەی نامرۆڤانەی ڕژێمێکی وەک ئێران کە بە ڕژێمێکی دژە میللەتان ناسرابێت؟ ئەو ڕژێمەی لەبری مەیسەرکردنی بڕێکی کەمی داخوازیەکانی نەتەوەکانی ژێر دەسەڵاتەکەی لە کورد، بلوچ، ئازەر، عەرەب، و نەتەوەکانی دیکە، بە بێ بەزەییانە سەرکووتیان بکات و بیانچەوسێنێتەوە، وە ئەندامی چالاک و سەرکردەکانیان لە دەرەوە تەرۆر بکات؟ تا ئاستی ئەوەی ڕێگەنەدات کەسانی سەربەو نەتەوانە تەنانەت منداڵەکانیان بەخواستی خۆیان ناوبنێن؟

- منێک ئاواتەخوازی فرەدەنگی و فرەنگی بم و بخوازم هەموو بیروبۆچوونێک لەگۆڕەپانەکەدا مافی خۆ نمایش کردنی هەبێت، بەڵام چاو لە ئاست تاوانەکانی ڕژێمی ئێرانی سەرکووتکەر دابخەم یاخود پاساوی لاوازی بۆ بهێنمەوە، کە ڕێگە بەهیچ بۆچوون و ڕایەکی جیاواز نەدات، تەنانەت گەر لەڕەحمی ڕژێمەکەشەوە هاتبێتەدەر بەنمونەی [حسین مووسەوی] کەتا ئێستاش لەماڵەکەی خۆیدا دەستبەسەرە؟

- ئەمە چ ڕژێمێکە چەندین ملیۆن لەدانیشتوانەکەی لەژێر هێڵی هەژاریدابن، گرانی و بێکاری تەنگی پێهەڵچنیون، کەچی ساڵانە ملیارات دۆلار لەدەمی خەڵکەکەی دەدزێت وەک هاوکاری دارایی یا وەک کڕینی چەک دەیبەخشێتە حیزب الله و بزافی ئەمەل و حماس و جیهاد و ئیخوانەکانی میسرو بزافە ئیسلامیە ئیرهابیەکانی جیهان؟

- من کە داکۆکیکاربم لە مافی مێینەو ئومێدم ئەوەبێت بە ئازادی مومارەسەی ژیانی خۆیان بکەن، ئیدی چۆن قەبوڵبکەم خانمێک بەهۆی دەرکەوتنی چەند تاڵە قژێکی پرچی، تامردن ئەشکەنجە بدرێت؟

- بەهەموو پێوەرێک ڕژێمی ئاخوندەی ئێران ڕژێمێکی چەوسێنەر، سەرکووتکەر، دژبە ئینسانەو هەموو بەهایەکی ئەخلاقی لەدەستداوە، بۆیە دژایەتی کردنی ئەرکی سەرجەم ئەو وڵات و دەسەڵات و حیزبانەیە کە مافی مرۆڤ بەلایانەوە گرنگە، هاوکات ئەرکی ئەخلاقی هەموو تاکێکی ئازایخواز، مرۆڤدۆست، دیموکرات خواز، چەپ، کۆمۆنیست، ئەتایستە کە ئەم دەسەڵاتە ڕسوابکات، هاوکات پێویستە ئەو تێڕوانینە چەوتە ڕاستبکرێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕوانگە و ڕەخنە – ڕێکەوتی: ٢٤ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# تۆڵەکردنەوەکانی لەش: لەشی ژن




مەریوان وریا قانع

له دونیـای ئێمەدا لەشی ژن، مـوڵکیەتێکی گشتییە، مـوڵکی نەتەوە و کۆمەڵگـا و خێڵ، و خێـزان و بنەمـاڵەیە، وەکچۆن موڵکی دین و دیدگا ئەخلاقیی و ئایدیۆلۆژیاکانە. لەشی ژن مـوڵکی هەموو ئە شتانەیە بەیکەوە و بەتەنهـا، تەنهـا موڵکی خـاوەنە ڕاستەقینەکەی، کە ژن خـۆیەتی، نییە. لەشی ژن لەشێکی تەئمیم کـراوە. هەمـوو ئەو لایەنـانەی نـاومبردن ئەم لەشـەیان بە خۆمـاڵیی و تەئمیمکـردوە. ئەوەی لە هەمـوو ئەو دۆخـانەدا دەرکـراوەتەوە دەرەوە، خـاوەنە ڕاستەقینەکەی ئەو لەشەیە، کە ژنان خۆیانن.

کردنی لەشی ژن بە موڵکی هەموو ئەو لایەنانە دوو دەرەنجامی سەرەکیی لێدەکەوێتەوە. یەکەمیان، مامەڵەکردنی هەمـوو ئەو لایەنانەیە بۆ ئەو لەشە بە موڵککراوە بەشێوەی ئەمر پێکردن و سنووربۆدانان و ئاراستەکردن، ئەوان خـاوەن موڵکن و ئەمر بەسـەر موڵکەکەیانـدا دەکەن، ئەوەی حەزی پێـدەکەن بەسـەریدا دەسـەپێنن. واتە هەمـوو ئەمـانە بە زمانێـک لەگەڵ ئەو لەشەدا ئەدوێن کە ڕێزمان و یاساکانی ئەمرکردنێکی قـابیلی ڕەتنەکردنەوە دایڕشتوە. ئەو ئەمرانەش دەستنیشـانی شێوازیی بوون و ئامادەگیی و دەرکەوتنی ئەو لەشە دەکات، واتە دەیکاتە لەشێکی ئەمرپێکراو و ئاراستەکراو و سنووربۆدانراو.

دووهەمیان، سەندنەوەی هەموو توانایەکی هەڵبژاردنی سەربەخۆ و نیمچەسەربەخۆ لەو لەشـە، ئەمەش کردەیەکی بەردەوامی

بێهەڵبژاردەکردن و لەهەڵبژارخستنی ئەو لەشەیە. ئەم دوو دۆخە وادەکەن لەشی ژن بە شێوەیەکی بەردەوام لە ژێر سانسۆری هەموو ئەو لایەنانەدا بێت کە هەم ئەمری پێدەکەن و هەم توانای سەربەخۆبوون و هەڵبژاردنی لێدەسەننەوە.

هەرجارە و سانسۆری لایەنێکیان یان چەند لایەنێکیان بەیەکەوە زاڵبن و ئەو لەشە بە ئەمر و نەهی و حەڵاڵ و حەرامەکانی خۆیان مەحکومبکەن. کە لەزۆربەی هەرەزۆری دۆخەکاندا پیاو نوێنەرایەتیی ڕەگەزەکانی ئەو سانسۆرە هەمەلایەنە دەکات و بەناویانە ئەمرەکانی دەردەکات.

ئەوەی ئێستا لە ئێراندا دەیبینین بەگژاچوونەوەی ژنان و ئەو بەشەی کۆمەڵگایە کە لەدەرەوەی سانسۆرەکانی ئەو لایانانەدا بیردەکاتەوە و دونیا دەبینێت. بەگژاچوونەیان بەڕووی ئەو دۆخەدا کە دین و ئایدیۆلۆژیا و ئەخلاقیاتی باڵادەست دروستیانکردوە. واتە ئەو دۆخی داگیرکردنەی لەش لەلایەن دین و ئایدیۆلۆژیا و ئەخلاقیی پیاوە دەسەڵاتدارەکان و لەلایەن نەتەوە و کۆمەڵگا و خێڵ و بنەماڵە و خێزانەوە، دروستکراوە.

ئەو دۆخەی لەم ساتەدا هەم لە کوردستان و هەم لە ئێراندا لەئارادایە، ئەو دۆخەیە کە لینین ناوی "دۆخێکی شۆڕشگێڕانە"ی لێدەنێت بەڵام بە بێ ئەگەری گۆڕانی بۆ شۆڕش، لانیکەم تا ئەم ساتەی ئێستاشمان. دۆخێک تیایدا یاخیبوونێکی گەورە هەیە، بەڵام بکەری گەیاندنی ئەو یاخیبوونە بە ئەنجامێکی شۆڕشگێڕانە لەئارادا نییە.

ئەوەی ئەمڕۆ ڕوودەدات بەگژاچوونەوەی لەشە بەڕووی هەموو ئەو شتانەدا کە کۆنترۆڵی دەکەن، بەگژ دین و ئەخلاق و ئایدیۆلۆژیادا کە ئەرکی سەرەکییان گۆڕاوە بۆ دیسپلین و لە لەشخستنی لەشی ژنان. هەر لە ئێستاشەوە سەرجەمی ئەو هێزانەی ئەم دۆخە نائینسانییە گەورەیەیان بۆ لە لەشخستنی لەشەکان دروستکردوە، هاتونەتە قسە، وەک هەمیشە جنێو و زمان پیس. ئەمیان یاخیبوون و توڕەبوونەکان بە "تۆڵەی قەحبە لە حیجاب" ناویدەبات و ئەویتریان بە "پەلاماردان و سوکایەتیکردن بە موقەدەساتی خەڵک"، سێهەمیان بە "هێرش بۆسەر شەریعەت و ئیسلام". ئەم تۆمەتانە، وەک چەندانجار لە واقیعدا بەچاوی خۆمان بینیومانە، دەشێت لە قسە و زمانێکی ئیهانەکەرەوە بگەڕێن بۆ کردار، کردارێک دەتوانێت تا ئاستی کوشتن و ڕەجمکردن بڕوات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕوانگە و ڕەخنە – ڕێکەوتی: ٢٤ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## خۆزیا خوشکانی یەکگرتو قسەیان نەکردایە!




**بارزان شێخ عوسمان**

هاوڕێ و برای ئازیزم تێکۆشەر و پێشمەرگەی دێرین کاک سەرکۆی عوسمان میرزا لە واڵەکەی خۆی لە فیسبوک، پلارێکی کورت و زۆر بەهێزی سەبارەت بە بەیاننامەکەی خوشکانی یەکگرتوی ئیسلامیی بڵاو کردبووەوە.منیش کۆمێنتێکم نوسی، بەڵام بەیاننامەکە هێندە کاریکاتۆریانە و لاواز بو کە هەر کۆمێنتەکە بەس نەبو (دیارە دەستەیەکی سەر بە یەکگرتوی ئیسلامیی دەبێت هەروا هەڵوێستی شەرمنانە و هەڕەشە ئامێز بنوسێت).

زیاتر ئەوەی خوشکانی ئەم حزبە ئیسلامییەی هانداوە بەیاننامە بڵاو بکاتەوە مەسەلەکە ئەوە نییە دژی کوشتنی ئەو ژنە هەڵوێست وەربگرێت، بەڵکو لەبور ئەوەیە حوکمەتێکی شیعە بەرپرسیارە دەنا ئەگەر لە سعودیەی عەرەبیی یا ئیمارات یاخود قەتەڕ و تورکیای ئیخوانچی بوایە ئەگەر دەستخۆشییان نەکردایە ئەوا هەر گوێیان پێ نەدەدا.ئەوە بۆچی ئەو خوشکە ئیخوانچیانە هیچ بەیاننامە و هەڵوێستێکیان نەنواند لە ئاست کۆمەڵکوژییەکانی داعش لە شەنگال و فرۆشتنی ژنان و کچانی شەنگالیی لە بازاڕی نەخاسە وەک سبایا هەڕاج دەکران و ئاڵوگۆڕیان پێ دەکرا؟.!

ئەوە بۆچی لە ئاست ڕەشە کوژیی ژنان لە هەرێمی کوردستان و عێراقیش هیچ قسەیەکیان نییە؟.!



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەو دەستەی خوشکانە ئیسلامییانە مافی خۆیانە بێ دەنگ بن چونکە شەرع و ئاینەکەیان لە پیاو سالاریی بەرهەمێکی تری پێ نییە.

بەڵام کە دێنە دەنگ و بەگژاچونەوەی روسەریی و حیجاب ئیدانە دەکەن و بەپێشیلکردنی ئازادیی موحەجەبەکانی لەقەڵەم دەدات، رێک ئەو پەندە عەرەبییە بەسەر ئەو دەستەیەدا دەچەسپێت کە دەڵێت سکت دهرا و نگق کفرا. خوشکانی ئازیز بەو قسەیەتان زۆر مەسەلە دەوروژێنن .ئێوە و حزبەکەتان دەڵێن سەپاندنی ئاین (کە حیجاب بەشێکە لەو ئاینە) پێچەوانەی چەمکەکانی قورئانە وەک ئەوەی خۆتان هاوکات لەگەڵ حملە ئیمانییەکەی سەدام دا دەستتان نەکرد بە سەپاندنی حیجاب، بە تفەنگ و شەق نا، بەڵکو بە مەرجەکانی خێر بەخشینەوە و هەتیوانە و فەقیرانە دەستتان پێکرد ئەو ناڵ و ژن و کچ و ژورانەی نەدەبون بە پێڕی ئێوە جارێکی تر چاوی بە پلە گۆشت و فلسێکی سور نەدەکەوت . دواتریش بە کردنەوەی ماڵەکان بۆ فێربونی دەرس و بەشودانی کچان و بێوەژنانی فێرخواز بە پیاوانی جیهادی نەرمو نیانیی،پاش ئەوەش دەستتان کرد بە بڵاوەپێکردنی مامۆستا ئیسلامییەکان بە گوند و کۆمەڵگەکانی نیشتەجێ بون و قوتابخانەی ناوچە هەژار نشین و شەعبییەکان تا ترس و خۆفی ئەو دنیا وەک ژەهر بکەنە مێشکی منالآنی کچ و کوڕ .بەڵێ ئێوە و حزبەکەتان دەستتان خۆش بێت بۆ ژەهراوی کردنی کۆمەڵ بەو ئسلوبە نەرمو نیانییە بەو غەزوە نەرمو نیانییەی ناوتان نابو میانڕەوی، بەو مەشق و راهێنانە بە نەرم و نیانی و بێ زۆرەملێی تا لە دواییدا ئامادە بن بۆ بەشی دوەمی تراژیدیای گەمژاندنی خەڵک و جیهادی وەک حەرەکە و دەستە ئیسلامییە چەکدارەکان، قاعدە و داعش، یاخود ساز و ئامادە بن لە رێی دیموکراسییەوە بچنە سەر کورسیی حوکم و ئەو کاتە شەریعەتەکەی ئیسلام وەک خۆی جێ بەجێ بکەن.

لە بەیاننامەی ئەو خوشکە ئیسلامییانەدا دەستەواژەی (لا اكراه فی الدين )بەکار هاتوە،بەڵێ پێغەمبەری ئیسلامیش تا لە مەککە بو وای دەوت، ئەی کە چوە یەسریب و دینەکەی لە پەیقەست بونی تاک و دروستکەرەکەیەوە گۆڕی بۆ ئیسلامێکی سیاسیی چی کرد؟!، دەوڵەتی سیاسیی و دینی پێکهێنا، بۆ ئەوەش پەلاماری دەقروبوری دا، تالآنیی کاروانی بازرگانیی کرد، بەشمشێر و تیرو کەوان ئەوانیتری کردە ئیسلام تەنانەت هەڵی کوتایە سەر جوەکان و فەلەکانیش لەو ناوچەیە تا جگە لە شەرع و حوکمەکەی ئیسلام هیچ شتێکی تر نەناسرێت، بەوەش ئیتر(لا اكراه فی الدين )نەما و بەسەرچو . خومەینیش هەمو هێزە شیوعی و مارکسیی و چەپ و دیموکراتییەکانی دڵنیا کردەوە کە هەقی سیاسەتی نییە، کەچی وا چل و سێ ساڵە ئیسلام حوکمی وڵات دەکات . مەهستا یا ژینا خانم بۆچی کوژرا ئایا هەر لەسەر ئەوە نەکوژرا کە قژی نەشاردۆتەوە؟! کەواتە بۆچی تورِ هەڵدانی حیجاب و سوتاندنی ئەو قوماشە نەفرەت لێکراوە پێشێلکردنی هەستی ژنانی موحەجەبەیە، لە کاتێکدا حیجاب رەمزی خۆ جیاکردنەوەی کەسانێکە لە خەڵکی تر بەو حسابەی موحەجەبە پاکیزەتر و شەریف ترە لە ژنان و کچانی قژ دانەپۆشراو.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئێوە کە بەو حیجابە خۆتان پێ باشتر، پاکتر و ئیماندارترە و لە نێو مێگەلی گەمژەکاندا سیمبولن، ئاماژەیەک نییە کە (لا اکراه فی الدین ) ناخوات و باوی نەماوە، ؟!. بە و پێ یە بێت ژنان و کچانی بیست و شەش ساڵ لەمەوبەر پێش هەڵتۆقینی حزبەکەتان و بە ئاشکرا کارکردنتان، نوێژ، حەج و ڕۆژوەکانیان وەرنەگیراوە چونکە موحەجەبە نەبون، جلی نوێژیان لەبەر نەدەکرد لەکاتی نوێژ دا، بۆیە ئێستا هەمومان دەبێت بۆ دایک و نەنک و ژنان و کچانمان کە نوێژیان کردوە و و ڕۆژو یان گرتوە یا حەجیان کردوە بگرین.

بۆیە خۆزیا خوشکانی یەکگرتو هەر بێ دەنگ بونایە، تا برینەکەی کەسوکاری خەمباری ژینا خانم هێندەی تر بریندار نەبوایە تا ئێمەش لاپەڕەیەکی تری خۆسەپاندن و خۆ بە باشتر و پاکتر زانیەکانی ئێوەمان هەڵنەدایاتەوە. تا ئێمەش وەک مامۆستا مەریوان وریا قانع فەرموی "بۆیە لەشی دینیی بەگشتیی، بە تایبەتیتر لەشی دینیی ژن، زمانی سەرەکیی قسەکردنی ئیسلامی سیاسییە لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایانەدا کە دەچێتە ناویانەوە. لەشی ژن لە ئیسلامی سیاسیی بسێنیتەوە، کەلێنێکی هێجگار گەورە لە زمانی قسەکردنیاندا دروستدەبێت و لەزۆر سەرەوە لە قسەکوتن دەکەون."

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕوانگە و ڕەخنە – ڕێکەوتی: ٢٤ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## ڕوداوەکانی ئێران چی پێ گوتین؟!




**کەمال چۆمانی**

روداوەکانی ئێران پێی گوتین:

-پارتی و میدیا سێبەرەکان تەنها بۆ لێدان لە پەکەکە و خۆشکردنی شەڕ لەنێوان حدکا و پەکەکە رومالی ئەو روداوانە دەکەن کە پەیوەستن بە رۆژهەڵاتەوە.

- یەکێتی زۆر بەوەفایە بۆ ئێران.

- قوباد تاڵەبانی لەبارەی مانچستەر یونایتدەوە تویت دەکات بەڵام کوشتنی ژینا ئەمینی نایجوڵێنێ. هەروەها تاڵەبانی داوادەکات (پیاو بین) بۆ داکۆکیکردن لە مافی ژنان بەڵام لە چوارچێوەی سنوری هەرێمی کوردستان.

- تەلەفزیۆنەکانی شاسوار عەبدولواحید تەنها ئەو خۆپیشاندانانە رومال دەکات کە خۆی ڤێرچوەڵی - لەرێی ئینتەرنێتەوە- بەشداری دەکات. هەر بۆ ئاگاداریتان، پەیوەندیی شاسوار عەبدولواحید و ئێران بە رادەیەکی بەهێز چۆتە پێشەوە. شاسوار پێیوایە هەر هێزێک لە عێراق سیاسەت بکات پێویستی بە ئێرانە، هەروەها پێشیوایە تەنها ئێران



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەتوانێت لە هۆڤێتیی یەکێتی و پارتی بپارێزێت.

- مرۆڤ دەتوانێت لە زینندانیش بێت و ئازاد بێ، دەشکرێ گردێکی کۆنترۆڵ کردبێ و هەزاران میلیشیای لەپشت بێ و جورئەتی قسەیەکیش نەکا لە بەرانبەر کوشتنی ژینا ئەمینی و رووداوەکانی رۆژهەڵات و گەلانی ئێران.

- ئازادی گەلانی ئێران و گەلانی دیکەی ناوچەکەش پەیوەستە بەیەکەوە. تەماشای تورکیا بکەن، دڵرەقی و تاکڕەوی ئەردۆغان ئەمڕۆ راستە پشکی گەورەی بەر کورد کەوتوە، بەڵام هەر تورکێک وەک مرۆڤێکی ئازاد بیربکاتەوە، یان هەڕەشە بێ لەسەر ئەردۆغان، شوێنی یا زیندانە یان مەنفا.

بەڵێ، هەڵوێستەکان لەوانە نییە کاریگەرییەکی گەورە بەجێبهێڵن، بەڵام هاوسۆزییەکی گەورە دروستدەکەن. هەڵوێست بۆ ئەوەش گرنگ و پڕمانایە کە نیشانی بدەین ئێمەش لەو بەشەی وڵاتی خۆمان رووداوی لەو جۆرە قبوڵناکەین. هەڵوێستی سیاسەتکارەکانیش لەپاڵ هاوسۆزییەکە، دوپاتکردنەوەی ئەو پەیمانەیە کە لەژێر حوکمڕانیی ئەواندا مافەکانی ژنان دەپارێزرێن و هیچ کەسێک روبەڕوی چەوساندنەوەی رەگەزی نابێتەوە .

من چاوەڕێی هەڵوێست لە سیاسەتکارەکان ناکەم چونکە بۆئەوەی چاوەڕێی هەڵوێستیان لێ بکەم دەبێ لە هەرێمەکەی خۆمان لە هەمبەر چەوساندنەوەی رەگەزی و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤدا وەستابنەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی روانگە و رەخنە – رێکەوتی: ٢٤ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# زیندووبوونەوەی ڕۆژهەڵات لە کوردەوە



پەیڕەو ئەنوەر

## یەکەم: ژینا وەک کارەکتەری سەرەکی

هەفتەیەکە جۆش و خرۆشێکی قەبارە گەورە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گرتووەتەوە و شێوەیەک لە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی وەرگرتووە. لە سەرجەم شارەکاندا بەهۆی مەرگی ژیناوە کە لەلایەن پۆلیسی ئەخلاقی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە کوژرا، خەڵک هاتوونەتە سەر شەقام و بە ڕێگەی جیاواز نارەزایی دەردەبڕن. پێشتر جۆش و خرۆشی لەمشێوە لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەو ئەندازەیە رووی نەداوە و نەبینراوە.

پێدەچێت ئەم جووڵە تازەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی سیستمی سیاسی لە ئێراندا درێژە بکێشێت و وا بە ئاسانی کۆتایی پێ نەیەت، بە تایبەت نارەزاییکاران و ئەوانەی لەسەر شەقامن بە تەنیا کوردانی ڕۆژهەڵات نین، بەڵکو گرووپەکانی تریش لەوانە فارس، پاڵپشتی بەگژداچوونەوەی ئەو سیستمەن کە بەناوی ئاینی ئیسلام و خوداوە دەیانەوێت بەشێکی زۆری ئازادییە تاکەکەسییەکان گەمارۆ بدەن.

کارەکتەری سەرەکی بۆ جووڵاندنی ئەم نارەزایەتییە، مەرگی تراجیدی ژینا و شێوازی مامەڵەکردن و لێپرسینەوەی بوو، لەلایەن پۆلیسی ئەخلاق و ئادابی ئەو وڵاتەوە، کە وەک دەزگایەکی دەوڵەتی دەیەوێت جووڵەی ژن لە پانتایی گشتیی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سنووردار بکات و بەشێوەیەک ڕێکیان بخات کە دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی دەیەوێت.

ژینا و هۆکاری کوشتنەکەی سەرەتا و دەرگا و قۆناغێکی تازەی کردەوە بەسەر ئەو هەموو دەنگ و خەڵکە کپکراوەی کە لە دوای شۆڕشی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە بەدەیان شێوە سەرکوت و کپ کراون و ڕێگەیان پێ نادرێت گوزارشت لە ناسنامە و بوون و ڕەگوریشە مێژوویی و فەرهەنگییەکانی خۆیان بکەن، وەک ئەوەی خۆیان دەیانەوێت نەک وەک ئەوەی دەوڵەت چوارچێوە و مانا و سنوورەکان بۆ ناسنامە و بوونیان دابین دەکات.

ئەم قۆناغە دەرفەتێکە بۆ گۆڕانکاری و دەستکاریکردنی سیستمێک کە ئێستە چەندان گوشاری لەسەرەو ڕووبەڕووی چەندان قەیرانی بنیاتی و قەیرانی قووڵ و درێژ بووەتەوە.

### دووەم: گۆڕینی پرسەکە بۆ پرسی ئاین

ڕۆژ دوای ڕۆژ گوشاری ئەم ناڕەزایەتییە کۆمەڵایەتییە زیاتر دەبێت و جیۆگرافیا و شاری زیاتر دەگرێتەوە. هەرچەندە تەرمی ژینا لە شاری سەقز بەخاک سپێرا، بەڵام گرتینی خەڵک و خۆپیشاندەران زیاتر و زیاتر بووە و تا ئێستە زیاتر لە ٦٠٠ خۆپێشاندەر لەلایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە گیراون و 31 کەسیش لەلایەن ئەو هێزانەوە کوژراون. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ڕژێمی سیاسی لە ئێران دەیەوێت ناوک و قووڵایی پرس و ڕووداوەکە لە ڕووداوێکی سیاسییەوە بگۆڕێت بۆ پرسێکی ئاینی و بەرگی ئاینی بە بەردا بکات و وێنە گەورەکەی ناو ڕووداوەکە بشارێتەوە و بە خێرایی لە گرنگی و قورسایی و جەماوەریبوونەکەی دابیماڵێت و نرخ و سەنگە ڕاستەقینەکەی بکوژێت.

دیارە هەوڵی سەرەکی ڕژێمی ئێران بۆ ئەوەیە دۆخەکەی لە دەست دەرنەچێت و بازنەی قەیرانە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی فرەوانتر نەبێت، بە تایبەت ئێستە ئەم ڕژێمە بەدەست چەندان قەیران و کێشەی ناوەکی و دەرەکییەوە دەناڵێنێت، هەر لە قەیرانی ئابووری و بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەڵاوسان و بێکاری و کاڵبوونەوەی شەرعیەت و بەرتەسککردنەوەی ئازادییە تاکە کەسییەکان و پێشێلکردنی مافەکنی مرۆڤ، تا دەگاتە قەیرانی دبلۆماسی و خراپبوونی پێوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی خۆرئاوا و دۆسیەی چەکی ئەتۆمی و دەستوەردانی لە کاروباری وڵاتانی تر، بە تایبەت ئەوانەی زۆرینەی شیعە مەزەون، لە نموونەی عێراق، سوریا، لبنان و فەڵەستین و بەحرەین و چەند وڵاتێکی تر. لەڕاستیدا ئێران لەناو چەندین قەیرانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی جۆراوجۆردا گوزەر دەکات و فراوانبوونی خۆپێشاندان لە ناوخۆ و لەناو ماڵی خۆیدا، ڕژێمەکەی لاوازتر دەکات و نزیکی دەکاتەوە لە کەوتن و ڕووخان، بەتایبەت ئەگەر پاڵپشتی و کۆمەکی وڵاتانی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

زلهێزی لەگەڵدا بێت و دەستوەردان بکەن، بۆ رووخاندنی رژێمەکە و کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی مەلاکان لە ئێراندا.

**سێیەم: کاریگەری رووداوەکە لە دەرەوە**

تا ئێستە زۆرینەی وڵاتانی دنیا و رێکخراو و ناوەندەکانی نێودەوڵەتی سەرکۆنەی رووداوەکەیان کردووە و بە پێشێلکارییەکی گەورەی مافی مرۆڤ و ژنانی دادەنێن. یەکێک لەو کردانەی کە قووڵیی و کاریگەری ئاستی رووداوەکە دەردەخات، رەتکردنەوەی چاوپێکەوتننەکەی ئیبراهیم رەئیسی سەرۆک کۆماری ئێرانە لەگەڵ رۆژنامەوان و میدیاکاری ناوداری ئەمەریکی کریستیان ئامانپور، بە بیانووی نەبەستانی لەچک و خراپی بارودۆخی ئێران.

کریستیان ئامانپور لە پەراوێزی کۆبوونەوەکانی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، سەرۆک کۆماری ئێران داوەت دەکات بۆ سازدانی بەرنامەیەک لەبارەی دۆخی ئێران و پێوەندییەکانی لەگەڵ رۆژئاوا و دۆسیەی چەکی ئەتۆمی و گفتوگۆکانیان لەگەڵ ئەمەریکا.

ئامانپور لە بەریتانیا لەدایکبووە و بە رەچەڵەک خەڵکی ئێرانە، بەڵام رەتیکردەوە لەچک ببەستێت، چونکە ئەو لە خاکی ئەمەریکادایە و هیچ یاسا و رێسا و داونەریتێک ناتوانێت ناچاری بکات لە بەرانبەر هەر کەسێکدا لەچک بکات.

ئەم کردەیە لە چەندان گۆشەوە کاریگەری کوژرانی ژینا ئەمینی دەردەخات، لەسەر کارەکتەرەکانی ناو رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران، بەمشێوەیەی خوارەوە:

یەکەم، کوژرانی ژینا وەک سیمبول و رووداوێکی کاریگەر دەمێنێتەوە و مانا و شێوەی تایبەتیش وەردەگرێت و دەبێت بە خاڵی سەرەتا بۆ لاوازکردن و پووکاندنەوەی سیستمی سیاسی لە ئێراندا.

دووەم، کارەکتەرە سیاسییەکانی ئێران بۆ ماوەیەکی درێژ لەژێر کاریگەری ئەم رووداوەدا دەمێننەوە و دەبێت بە خاڵی لاوازی ئەو وڵاتە لە پێوەندییە دیپلۆماسی و دەرەکیەکانیاندا و تەنانەت هەندێک لە کارەکتەرە تەناهییەکانیان رووبەرووی سزای ئەمەریکا بوونەتەوە، لەوانە فەرماندەی پۆلیسی رەوشتی وڵاتەکە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی وشە – رێکەوتی: ٢٤ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# لەچکی سیاسی




سەردەشت محمد

پاش کۆچی دوایی کچە کوردەکەی سەقز "ژینا امینی" تادێت بازنەی ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی ئێران دژ بە سیستمی سیاسی ئەو وڵاتە ڕوو لەفراوانبوون دەکات، ئاستی ناڕەزایەتییەکان بە قۆناغێک گەیشتووە ئەوانەی زۆر بەوردی چاودێری بارودۆخەکەدەکەن پێیان وایە ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانەکانی ئەمجارە ئەستەمە هەروا بەزویی کۆتایی بێت.

ئەمە یەکەمینجار نییە، ڕوداوێک ببێت بەپاڵنەر بۆ ڕێگەخۆشکردن بۆ سەرهەڵدان و دروستبوونی ناڕەزایەتی و سەنگەر لەیەکگرتنی خەڵک و هێزە ئەمنییەکانی ئێران، ئێمە بەر لە ڕووداویی مردنی "ژینا"یش دەمانزانی گەلی ئێران تەنها بڕیاریی باڵاپۆشی نیگەرانی نەکردوون، برسێتی و بەرزبونەوەی ڕێژەی هەژاریی، ڕێگری کردن لە ئازادی ڕادەربڕین، نەبونی هەلی کار، سەروەرنەبونی یاسا، جیاوازی کردن لەنێوان گەلانی ئێراندا، هتد... ئەمانە و دەیان گرفت و قەیرانی دیکە خەڵکی ئێرانی بێتاقەت و ماندو کردووە. هەربۆیە ئەمڕۆ بەچاوی خۆمان دەبینین کوژرانی "ژینا" لەبەر ئەوەی لەچکەکەی بەپێی یاسا بەسەر سەریدا نەداوە، دەبێت بە پاڵنەر بۆ ئەوەی گەل سڵ لەمردن نەکاتەوە.

ئەودۆخەی دەیان ساڵە گەلی ئێرانی تێکەوتووە، دۆخێکە دەکرێت لەهەرچرکەیەکدا ڕوداوێکی بچوک ببێتە پاڵنەرێک بۆ هەڵگرساندن و ڕوودانی ناڕەزاییەتییەکی گەورە لەو وڵاتەدا، ئەوەی ئەمڕۆ بووە بەهۆکارێک خەڵک بڕژێنە سەر شەقامەکان



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

مردنی ژینا و بێزاری کچان و ژنانی ئێرانە لەو لەچکە سیاسییەی کە بەزۆر بەسەریاندا سەپێنراوە پیاوەکانیش ئەم نیگەرانیەی کچان و ژنان بەدەرفەت دەزانن و پشتگیرییان دەکەن ئەگەر ئێران بتوانێت ئەمجارەیش بەزۆری هێز و لەڕێگەی دەستگیرکردن و کوشتنی خەڵکی سڤیلەوە سەرکەوتن بەسەر گەلدا بەدەست بێنێت ئەوا بێگومانین لەوەی سبەینێ ڕووداوێکی دیکە دەبێتە هۆکار بۆئەوەی جارێکی دیکە گەلی ئێران بێنەوە سەرشەقام.

گەلی ئێران بەجۆرێک تووڕەو نیگەرانن لە سیستمی سیاسی لەو وڵاتەدا دەکرێت لە ڕووداوێکی سادەوە خۆپیشاندانێکی بەرفراوان ڕووبدات، ئەمە بۆ هەرگەل و نەتەوە و وڵاتێکی دیکەش کە هاوشێوەی کۆماری ئیسلامی ئێرانە دروستە، بەتایبەت ئەم ڕووداوە بۆ تورکیا پەیامێکی زۆر ڕوونە و گومانی تێدا نییە ڕۆژێک دێت پروشکی ئاگری نارەزایەتییەکانی کوردانی ئێرانیش شەقام و کوچەو کۆڵانەکانی تورکیاش دەگرێتەوە، بینیمان چۆن نارەزایەتییەکانی گەلی کورد لەباشوور و خۆرئاوا بەکوێ گەیشت، دەبێت لەوە دڵنیاببینەوە ئەگەر ئەمجارەش نارەزایەتییەکانی کوردانی ئێران بە ئەنجام نەگات ئەوا لەداهاتوودا کورد هەر بەو ئاواتەی خۆی دەگات، بۆیە بۆ ئێران و تورکیاش باشترین چارەسەر تەنها دانانە بە مافەکانی کوردا بەشێوەیەکی ئاشتیانە نەک نکۆڵیکردن لەو مافەی کە خودا بەگەلێکی وەک کوردی داوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕوانگە و ڕەخنە – ڕێکەوتی: ٢٤ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## شەڕی مان و نەمانی ڕژیمی ئیسلامی لە دژی خەڵک



**وتاری ڕۆژ**

ڕژیمی ئیسلامی لە قەیرانێکی کوشندەدا گیری کردووە. ئەم دەسەڵاتە هەموو پردەکانی نێوان خۆی و جەماوەری وێران کردووە و تەنانەت ریفۆرمخوازە شەرمنەکانیش ئیتر دەردێکی لێ دەاوا ناکەن. مردنی دڵتەزێنی ژینا ئەمینی سەبر و تەحەمولی خەڵکی لێوڕێژ کرد.

ئەو خەباتەی لە کوردستان دەستی پێکرد، لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا گەیشتە هەموو ئێران و چوار گۆشەی جیهان. دانیشتوانی زیاتر لە سەد شار لەوانە گەورەترین شارەکانی ئێران، بە نارەزایەتی و خۆڕاگری ڕووبەڕووی حکوومەتی ئیسلامی بوونەتەوە. خەڵکی کوردستان سەرکەوتووترین مانگرتنی سیاسی خۆیان لە مێژوو چوار دەیەی ڕابردوودا بەڕێوەبردوو و ئێستاش بە شانازییەوە چوونەتە قۆناغێکی نوێی خەبات دژی کۆماری ئیسلامی و بۆ بەدیهێنانی داواکارییەکانیان. ژنان لە هەموو شارەکان پێشەنگی شەڕی دژبە کۆماری ئیسلامیدا بوون. ئازادی و یەکسانی بوو بە داخوازی ناوەندی بزووتنەوەی نارەزایەتی خەڵک، دروشمی ژن، ژیان، ئازادی، توانایەکی وەها شۆڕشگێرانە و جوڵێنەری هەیە کە ژن و پیاوی ئازادیخواز لە هەموو جیهاندا هەست بە یەکریزی و هاوسۆزی دەکەن لەگەڵیدا.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

زانکۆکان و خوێندکاران کە ماوەی دە ساڵ بوو بێدەنگ بوون، بە گڕ و تینێ زیاترەوە ڕووبەڕووی حکومەتی ئیسلامی بونەوە. حیجاب سووتان، شەڕی ژنان و گەنجان لەگەڵ هێزە چەکدارەکانی حکومەت بووە بە شتێکی ئاسایی و ڕۆژانە و پشتیوانی لە ڕاپەڕینی خەڵک لە ناوخۆی وڵات لە دەرەوەی وڵاتیش بەرفراوانتر بووە. پێوەندی نێوان جەماوەری خەڵکی ئێران لەگەڵ ئێرانیانی تاراوگە پتەوتر بووە. جگە لەوەش پشتیوانی ئازادیخوازانی جیهان بۆ خەڵکی ئێران مژدەی داهاتوویەکی گەش دەدات .چل و سێ ساڵ هەوڵ و پیلانگێڕی کۆنەپەرەستان و کۆماری ئیسلامی بۆ دەستپێکردنی شەڕی تورک و کورد، شیعە و سوننە، لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا ڕووبەڕووی شکستێکی ترسناک بوونەتەوە و ئەمڕۆش شایەتی دروشمی پشتیوانی خەڵکی شارە تورک نشینەکان لە خەڵکی کوردستانین.

ڕادیکالیزم و پێشکەوتنخوازی دروشمەکان، نارەزایەتییەکانی ئەم دواییانە جیاوازتر دەکات لە هەموو خەبات و نارەزایەتییەکانی چوار دەیەی ڕابردوودا. دژایەتی تەواوی سیستەمی ئیسلامی، خواستی گشتی ملیۆنان خەڵکی ئێرانە. دەسەڵاتی ڕژیم زۆر لاوازبووە. خەڵک بوێرانەتر لە جاران هاتوونەتە مەیدانی خەباتێکی چارەنووس ساز دژ بە ڕژیم و هاوسەنگی هێزیان بە قازانجی خۆیان گۆڕیوە. درێژەی ئەم نارەزایەتیانە دەبێتە هۆی ناکارامە بوونی سیاسەتی سەرکوتکردن. بەڵام خواست و چاوەڕوانی خەڵک زۆر زیاترە لە هەڵوەشاندنەوەی حیجابی ئیجباری، نایاساییکردنی دام و دەزگای تاوانکاری گەشتی ئێرشاد. ئێستا داخوازی گشتیی خەڵک، کۆتایی هێنان بە حکومەتی ئیسلامی و دادگاییکردنی سەرکردە تاوانکارەکانی ڕێژیمی ئیسلامییە. ڕۆژ و حەوتووەکانی داهاتوو زۆر پڕ لە ئاڵوگۆڕ و چارەنووسساز دەبن. یەکریزی زیاتر، درێژەی نارەزایەتیەکان و پەیوەستکردنی بە مانگرتنی بەرفراوانی جەماوەری و کرێکارییەوە، پشتی حکومەتی ئیسلامی دەشکێنێت.

سەریزوحاکیئیسلامیلەئێرانلەژێرگوشارەکانوپەلوپۆیلەناوچەکەدا بە ئاسانی دەبڕدرێت. لە وەها دۆخێکدا ڕووخانی حکوومەتی ئیسلامی ئەگەرێکی جدییە .بانگەوازی ئێمە بۆ هەموو بەرپرسانی حکوومەت و ئەوانەی وابەستەی دامەزراوە سەرکوتکەر و چەکدارەکانن لە کوردستان ئەوەیە کە چارەنووسی خۆیان و بنەماڵەکانیان لەم دەسەڵاتە جیا بکەنەوە و بچنە ناو ڕیزەکانی جەماوەرەوە. ڕەنگە ئەمە دوا بانگەواز بێت بۆیان، بۆ ئەوەی بیر لە دوارۆژی خۆیان بکەنەوە و هەر ئەمڕۆ ریزەکانیان لە دەسەڵاتدارانی ئیسلامی گەندەڵ و جینایەتکار جیا بکەنەوە. چوون سبەینێ درەنگ دەبێت.

سەرچاوە: سایتی پەیام – ڕێکەوتی: ٢٤ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# شیرین عەبادی: مەرگی ژینا، ژیانی بە خەڵکی ئێران بەخشییەوە



دانا عومەر

هەڤپەیڤینی ڕووداو لەگەڵ شیرین عەبادی، براوەی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی و چالاکڤانی مافەکانی مرۆڤ

**شیرین عەبادی**: ژنە چالاکڤان و یاساناسی ئێرانی، کە لە ١٠ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٣ بەهۆی کارەکانیەوە وەکو یەکەم ئێرانی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتیی پێبەخشرا، هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٤ لەلایەن گۆڤاری فۆربیسی بەریتانی بە یەکێک لە ١٠٠ کاریگەرترین کەسایەتییە ژنەکانی جیهان دیاریکرا، لە چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ ڕووداو باسی خۆپێشاندانەکانی خەڵکی ئێرانی کرد.

دەقی هەڤپەیڤینی ڕووداو لەگەڵ شیرین عەبادی، براوەی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی و چالاکڤانی مافەکانی مرۆڤ:

**ڕووداو**: چۆن دەڕوانە خۆپێشاندانەکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، جیاوازیی ئەم خۆپێشاندانانە لەگەڵ خۆپێشاندانەکانی پێشوو چییە؟

**شیرین عەبادی**: خۆپێشاندانەکانی ئەمجارە فراوانن، زیاتر لە ١٠٠ شاری گرتووەتەوە، خەڵک ئەمجارە شەقامەکان چۆڵ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ناکەن، وەکو هەمیشە ژنان لە پێشەنگی خۆپێشاندانەکاندان، لە هەموو شارەکان ژنان ئامادەیی بەرچاویان هەیە، ئەم خۆپێشاندانانە ئەوەندە فراوانن کە توانا و دەسەڵاتی حکومەت لاوازە بۆ سەرکوتکردنیان.

**ڕووداو: جوگرافیای خۆپێشاندانەکان چۆن هەڵدەسەنگێنیت، خۆپێشاندان هەموو جوگرافیای ئێرانی گرتووەتەوە؟**

**شیرین عەبادی:** بە نزیکەیی هەموو شارەکانی ئێرانی گرتووەتەوە، هەڵبەتە هەندێک شاری دوورەدەست بەهۆی پچڕانی ئینتەرنێتەوە ئاگامان لێی نییە، بەڵام هەموو گەلی ئێران هەڵساونەتە سەرپێ، لەبەرئەوەی ٤٣ ساڵە ستەمی ئەم حکومەتە دەبینن، داواکاری و پێداویستییەکانیان بۆ جێبەجێ نەکراوە.

**ڕووداو: پێتوایە ئاراستەی خۆپێشاندانەکان بەرەو کوێ دەچێت و تاوەکو کەی بەردەوام دەبێت؟**

**شیرین عەبادی:** ئەم خۆپێشاندانانە تائێستا بەردەوامن و هیوادارم کە خەڵک شەقامەکان چۆڵ نەکەن، لەبەرئەوەی ئەم حکومەتە ٤٣ ساڵە پیشانی داوە کە توانای جێبەجێکردنی داواکارییەکانی خەڵکی نییە، بۆیە تەنیا ڕێگەی گەیشتنی خەڵک بە خواستەکانیان گۆڕینی ئەم حکومەتەیە.

**ڕووداو: هۆکاری ئەو یەکدەنگییەی لەنێوان پێکهاتەکاندا دروستبووە لەبارەی گیانلەدەستدانی ژینا ئەمینی چییە؟**

**شیرین عەبادی:** مەهسا هەر وەکو ئەوەی لە ڕۆژی یەکەمەوە ئاماژەی پێکرا، ناوی سیمبوولە، مەهسا یان ژینا ناوی سیمبوولە، سیمبوولی ناڕەزایەتییەکانی خەڵکە، ژینا گیانی لەدەستدا، بەداخەوەم و سەرەخۆشی لە ماڵباتەکەی دەکەم، بەڵام گیانلەدەستدانی ئەم کچە گەنجە بووە هۆی ئەوەی کە خەڵک ناڕەزایەتییەکانیان بێننە سەر شەقام، ژینا واتا ژیان، ژیان بوو، ژینا ئەمینی بوو کە دووبارە هیوای ژیانی بە خەڵک دایەوە و وایکرد کە لەدەوری یەک کۆببینەوە.

**ڕووداو: کاردانەوە نێودەوڵەتییەکان لەسەر کەیسی گیانلەدەستدانی ژینا و مامەڵەی هێزە ئەمنییەکان لەگەڵ خۆپێشاندەران چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟ لە کاردانەوەکان ڕازیت؟**

**شیرین عەبادی:** سەیرکە، ساڵانێکی زۆر بوو جیهان چاوی بەرامبەر خەڵکی ئێران و ژیانی خەڵکی ئێران بەسترابوو، تەنیا بیریان لە بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی خۆیان و بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران دەکردەوە، ساڵانێک بوو ئێمەی داکۆکیکار لە مافەکانی مرۆڤ دەمانگوت لەو گفتوگۆیانەی کە لەگەڵ ئێران هەتانە پێویستە مافەکانی مرۆڤیش یەکێک بێت لە تەوەری گفتوگۆکانتان، کەچی تێنەگەیشتن، بەڵام خۆپێشاندانەکان هێندە فراوانن کە دونیا ناچارە ئێمە ببینێت، سەرۆکی ئەمریکا



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لە کۆبوونەوەی گشتیی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان گوتی کە داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤ دەکەین، یەکەم کەس کە گوتاری پێشکێشکرد سەرۆکی شیلی بوو؛ ئەو گوتی گوێ لە دەنگی خۆپێشاندەرانی ئێران و ژنانی ئێران بگرن، ئەمجارە جیهان ناچارە نارەزایەتییەکان ببینێت، لەبەر ئەوەی خەڵک تواناکانیان پیشانداوە.

**ڕووداو: حکومەتی ئێران چی دەکات بۆ وەڵامدانەوەی خۆپێشاندەران؟ گۆڕانکاری دەکات لە یاساکان؟**

**شیرین عەبادی**: بەداخەوەم کە لە ٤٣ ساڵی ڕابردوودا کۆماری ئیسلامیی ئێران وەڵامی داواکارییەکانی خەڵکی نەدایەوە، ئەمجارەش بڕواناکەم وەڵامێک لە کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە ببینین، لە ئابادان کە ئەم هەموو مرۆڤە کوژران مەگەر داوای چییان دەکرد؟ نان و کار، ئایا داواکاریی خەڵک شایەنی ئەو هەموو کوشتنە بوو، زۆر بەداخەوەم بەڵام چاوەڕێ ناکەم حکومەتی ئێران توانای بەدیهێنانی داواکارییەکانی خەڵکی هەبێت.

**ڕووداو: ئەم کەیسە کاریگەری دادەنێت لەسەر پرسی مافەکانی مرۆڤ و مافی پێکهاتەکان؟**

**شیرین عەبادی**: بە بۆچوونی من زۆر گرنگە، کچێکی گەنجی بێتاوان لە سەقز کوژراوە، بەڵام بینیمان تەواوی خەڵکی ئێران هەستانە سەرپێ، کورد و عەرەب و بەلووچ و فارس جیاوازیی نەبوو بۆیان، هەموو خەڵک هاوار دەکەن ژینا.

**ڕووداو: زۆر سوپاس شیرین عەبادی، چالاکڤانی مافەکانی مرۆڤ و براوەی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی کە لە لەندەنەوە لەگەڵمان بووی.**

**شیرین عەبادی**: سوپاستان دەکەم کە ڕێگەی قسەکردنتان بە من دا.

### شیرین عەبادی کێیە؟

شیرین عەبادی، ساڵی ١٩٤٧ لە هەمەدان لەدایکبووە، ساڵی ١٩٧١ بەشی یاسای لە زانکۆی تاران تەواو کردووە،
ساڵی ١٩٧٥ بووەتە یەکەم حاکمی ژن لە ئێران، ساڵی ١٩٧٩ و دوای ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی لە ئێران دەستی لەکار کێشاوەتەوە و تاوەکو ساڵی ١٩٩٢ بەردەوام بووە لە کاری پارێزەری،
ساڵی ٢٠٠٠ تۆمەتبار کراوە بە هاندانی خەڵکی ئێران بۆ خۆپێشاندان، ساڵی ٢٠٠٣ خەڵاتی نۆبڵی لە بواری ئاشتی پێدراوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو – ڕێکەوتی: ٢٥ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# جیاوای راپەرینی ئێستای ئێران لەگەڵ جارانی پێشوو چیە؟




د. محەمەد ئەمین

لەسەرەتای دروست بوونی حکومەتی ئیسلامی، ئەوانەی دژی بوون پارت و ڕێکخراوی سیاسی و جەماوەرەکانیان بوون، لەپێشەنگیان مجاهیدی خەلک و پارتە کوردیەکان و بزوتنەوە نەتەوەییەکانی گەلانی ناو ئێران وەک عەرەب، بەلوچ، ئازەری و تورکمان، ئەمجارە ماوەیەک چەپەکان، کە سەرەنجام حکومەتی ئیسلامی لەکاتی خومەینی دا توانی بەهۆی پالنەری هێزی مەزهەبی و ناسیونالیستی ئێرانی زاڵ بیت بەسەر هەموانا.

دوای تێکشکاندنی هێزە نەیارەکان بەکوشتن و زیندانی کردنی سەدان هەزاران لێیان، ئیتر ترس لەپارتی سیاسی نەما کە ببنە هەڕەشە بۆ سەر رژێم. بەڵام پاش نەمانی هەڕەشەی پارتە سیاسیەکان لە سەرویانەوە مجاهیدی خەڵک، لەناو دەرونی ڕژێم خۆی نارەزایەتی بەناوی ریفۆرمخواز سە ری هەڵدا

نارەزایەتی ریفۆرمخوازاکان کەخاتەمی و نوری نوێنەرایەتیان ئەکرد لەچوارچێوەی پەرلەمان و ئۆرگانەکانی دەوڵەتا سنوردار کرا بوو جگە لە هەندێ نارەزایەتی سنوردار لەزانکۆکان لەساڵی ۱۹۹۹.

بەڵام ساڵی ۲۰۰۹ کە دوبارە ریفۆرمخوازاکان بە سەرکردایەتی موسەوی کە ئەمیش کاتی خۆی سەرۆک وەزیرانی حکومەتی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئیسلامی بوو نارەزایەتیەکان بەشێوەیەکی فراوان گەیشتە شەقام، بەڵام دوبارە رژێم توانی هێزی ریبراندۆمش تیک بشکێنێ.

ئیتر لە ئێران نارەزایەتی رێکخراو نەما بەوەی کەپارتێک یان بزوتنەوەیەکی رێکخراو ئاراستەی خەڵک بکات و سەرکردایەتی بکات، بۆ نمونە لە سا[نی ٢٠١٧ بۆ ٢٠١٩ نارەزایەتیەکان بێ سەرپەرشتی و ئاراستەکردنی رێکخراوێکی سیاسی بەهۆی قەیرانی ئابووری و بەرزبونەوەی نرخی کالاکان دروست بوون بەلام زوو کۆتاییان پێ هێنرا.

ئەوەی راپەرینی ئەم جارەی خەڵکی ئێران لەجارانی پێشوو جیا ئەکاتەوە گۆرانی رەوش و هەلومەرجی سیاسی، کۆمەلایەتی، ئابووری و دیمۆگرافیە لەسەر ئاستی ئێران و پاشان لەسەر ئاستی جیهان، کە بە کورتی لەم خالانەی خوارەوەدا بەرجەستەئەبن:

١- لەکاتی ئێستادا سەرانی کۆماری ئیسلامی لەپرۆسەی بریاردان بۆ دیاریکردنی رابەری تازەی ئێران پاش خامنەئی و ناکۆکی باڵەکانی ناو دەسەلات بریاری مامڵەی دەوڵەتی بێهێز کردوە لەگەڵ جەماوەری راپەریو، ئەگەر رەوشی تەندروستی خامنەئی دژوارتر بێت، ئەگەری دروست بوونی بۆشایی دەسەلات زیاتر ئەبێت. و لەم کاتەدا هەموو ئەگەرێک کراوەیە، کە ئەمە بۆ خۆی باسێکە.

٢- نەوەی تازەی ئێران وەک هەموو جیهان، بەهۆی کرانەوەی جیهان و جیهانگیریەوە، زیاتر و زیاتر خۆویستەو کەمتر و کەمتر پەیوەستە بە پەروەردەی لۆکاڵی و نەتەوەیی و ئایینی، کەمتر ئەتوانرێ گوتاری نەتەوەیی و ئایینی کاری تێبکات و وەک ئامرازێک بەکاربێت تا خۆی پێ لەبیربچێتەوە فریوبدرێت، واتە نەوەی تازە، ئەیەوێ خۆی، خۆی بێت لەناوەندی جیهانی بوون دا کە هەیە بەهەموو دوربینەکانیەوە. بۆ نمونە گوتاری ترساندنی خەڵک لەلایەن میدیای کۆماری ئیسلامی بەوەی کە ئەوانەی لە شەقامن جیاخوازن و ئێران دابەش ئەکەن(کە مەبەست کوردە)، نەیتوانی خەڵکی ئێران سارد بکاتەوە بەڵکو نارەزایەتیەکان زۆرترو فراوانتر بوون.

٣- زۆری و بەردەوامی فشارەکانی ئابووری و سەختی ژیانی خەڵک بە تایبەت گەنجان بۆتە هۆی دروستبوونی کەشوهەوای نائومێدی و بێچارەیی، بۆیە لای زۆری خەڵکی ئێران جیاوازی ژیان و مەرگ تەنها تاڵی موویەکە، هەر لەبەر ئەمەشە مەرگی ژینا لەسەر تاڵەمووی سەری، بوو بە بەهانە تا هاوار بۆ ژیانی خۆیان بکەن چونکە هەموویان لەرِوی دەرونیەوە خۆیان لەمەرگی ژینا دا ئەبینن نەک لەژیان.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

٤- نەبوونی ڕۆڵی پارتی سیاسی ڕاستەوخۆ لە ئاراستەکردنی ئامانج، شێوەی چالاکی و دروشم ئاماژەیە کە ڕژێم لەگەڵ چینێکی دیاریکراو وەک مامۆستا یان کرێکار یان گروپێکی سیاسی دیاریکراو بەرامبەر نیە، بەڵکو لەگەڵ تەواوی کۆمەڵگا جگە لەوانەی کە بەشێکن لە دەسەڵات.

٥- بەشداری سەرەکی و پێشەنگی ژنان لە دەربرینی نارەزایەتیەکان و ڕاپەرینا لەگەل گەنجانی پیاو خاڵی وەرچەرخانێکی تازەی مێژووییە لە خەباتی شەقام، و تین و گەڕێکی تری داوە بە نارەزایەتیەکان کە جیاوازە لەجارانی پێشوو.

٦- ئاشتی بوونی جەماوەری ڕاپەریو لە دەربرینی نارەزایەتیەکان، و دروشمی (ژن، ژیان، ئازادی) هەموو گەلانی ئێرانی لەگەڵ یەکتردا کۆکردوە و جیاوازی نەتەوەیی و مەزهەبی تێپەڕاند، کە ئەمەش دوبارە بەڵگەیە بۆ خاڵی دوەم کە نەوەی تازە نەوەیەکی گەردونیە کە گەردونگەرایی و ژیان دۆستی زاڵە بەسەر رەهەندی نەتەوەپەرستی و مەزهەبگەرایی، و ئیتر فریوی پێ نادرێت.

٧- رژێم لەروبەروبونەوەی لەگەڵ گەنجانی راپەریو، ناچار ئەبێ کە ئامرازی جەماوەری خۆی بەکاربێنێ لەبری دەزگاکانی دەوڵەت وەک پۆلیس، ئاسایش و هێزەکانی هەوالگری، بەتایبەت کە نارەزایەتیەکان بەردەوام بێت، چونکە تا نارەزایەتیەکان زیاتر بەردەوام بن، پشتوانانی رژێم لەناو دەزگاکانی دەوڵەت بێهێزتر ئەبێ و نایەنەوێ دژی ڕۆڵەکانی خۆیان بکەونە شەڕێکی درێژخایەن، و لەناو جەماوەری ڕژێم زیاتر ئەبێ بۆ بەرگری لەبەرژەوەندیەکانی خۆیان.

## ئەنجامی ئەم رە وشە بەکوێ ئەگات؟

١- تا ئێستا ڕژێم لایەنی بەهێزە لە روبەروبونەوە، ئەگەر ڕاپەرین و نارەزایەتیەکان بەردەوام بێ، ئەشێت ڕژێم هەموو هێزی دەوڵەتی و جەماوەری خۆی بەکاربێنێ و رەوشەکە کۆنترۆڵ بکات، سزای هەموو ئەوانە بدات کە بەشداریان لە ڕاپەرین کردوە.

٢- بەردەوام بوونی رەوش و کۆنترۆل نەکردنی لەلایەن ڕژێم، دوو ئەگەر دروست ئەکات:

**یەکەم**: شەڕی ناوخۆ لەنێوان خەڵک و جەماوەی رژێم

**دووەم**: روخانی رژێم و پەیدابوونی دۆخێکی تازە لە ئێران.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

له هەردوو ئەگەرەکەدا، ئەمە گـرنگە ڕژێـم تـا چەنـد ئامـادەیی هەیە توندوتیژی زۆر بەکـار بێنێت بـۆ دامرکانـدنەوەی ڕاپەرینی خەڵک، و خەڵک تـا چەند ئامادەیی هەیە قوربـانی بدات وە خۆراگر و سورتربێ؟ بۆ وەڵامی ئەمە، چاوەڕوانی ڕۆژان و هەفتەکانی داهاتوو ئەبین. هەڵبەتە وەڵاتـانی دۆست و نەیـاری ڕژێمیش ڕۆلیـان ئەبێ و تێوەئەگلێن لە ئاراستەی ڕوداوەکان، کە ئەمەش هەم بابەتێکی ترە و هەم ڕژێم سور ترئەکات بەئاسانی خۆی بەدەستەوە نەدات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕوانگە و ڕەخنە – ڕێکەوتی: ٢٥ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢

---

## بە شوێنپێی "ژینا"دا..



بەهزاد موحسین

وەک چالاکوانێکی باشوری لە گردبوونەوەکەی بەردەم بارەگای یوئێن لە هەولێر بووین. بـۆ ڕیسواکردنی کوشتنی بەنـاهەق و نامرۆڤانەی "ژینا ئەمینی" بە دەستی تاریکبیرانی کۆماری سێدارە، هەروەها بۆ پشتیوانی و پشتگیریی ڕابوونی گەلانی ئێران بە گشتی و کوردانی ڕۆژهەڵات بە تـایبەتی، لەپێنـاو سەرخسـتنی ژیـانێکی بە کەرامەت و دەستخستنەوەی ئـازادیی تـاک و پەیڕەوکردنی مافە کەلتوریە نەتەوەییەکانی کوردانی ڕۆژهەڵات.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئەگەرچی ئەم گردبوونەوەیە لە ڕووی ژمارەی ئامادەبووان تا ڕادەدەیەک فراوان بوو، بەڵام چەند سەرنجێکی لا جێهێشتم.
من وەک خۆم نەمزانی و نەمبینی، هیچ حیزب و هێزێکی سیاسیی باشوری کوردستان ترسی بەقەرزی ئێرانی تێپەڕاندبێ و بە فەرمی بە ناوی خۆیەوە لەم گردبوونەوەیەی پشتیوانی بۆ ڕابوونی کوردە ڕۆژهەڵاتیە بێکەسەکان لەوێ ئامادە بووبن. یان بە جۆرێک خاوەنداریێتییان لە خوێنی "ژینا" و شەهیدانی خۆپیشاندانەکانی ئەم چەند ڕۆژەی براکانمان لە ڕۆژهەڵات نواندبێ.

هەروەک ئەوەی تا ئێستاش نە سێ سەرۆکایەتیەکەی هەرێم و نە هێزە سیاسیە کوردیەکان بە تایبەت یەکێتی و پارتی، سەبارەت بەو خوێنەی لە "ژینا"ی کچە کوردێکی ئازادیخواز و ئەو هەموو خوێنەش لە برا هاوخوێنەکانمان دەڕژێ، نققە و جقەیەکیان نەکردوە. وەک ئەوەی ئەوان کەمبۆدی یان تبتی بن و هیچ پەیوەندیەکی نەژادی و نەتەوەیی بە ئێمەیان نەبەستێتەوە. لە کاتێکدا لە بەرزترین ئاستی ڕەسمیی حکومەتی هەرێم پرسەنامەی قوڕپێوان بۆ مردنێکی ئاسایی پیرە شاژنێکی ئینگلیز دەردەکەین، کە هەموومان دەزانین، لەتکەری مێژوویی ئەم خاکەی کوردان و سەندنەوەی مافی دەوڵەت و ئەوپەڕی دژایەتیی کوردان، لە عەرشی ئەم مەملەکەتەی ئیگنلێستانەوە هات و ئێستاش ئەم عەرشە مەلەکیە لە زەلیلکردنی کوردان لە قسەی خۆی پەشیمان نیە!

دیارە سەرۆکایەتیی هەرێم بەو پرسەنامەیە هیچ ئازایەتی و تەحەددایەکی کوردانەی لەسەر ناکەوێ و دەتوانێ هەر سبەی پرسەنامە بۆ مەرگی داپیری شاژنیش بنێرێ، بەڵام نەیتوانی یەک پیت بۆ شەهیدبوونی "ژینا" بنوسێ، ئەمە چەندە جوڵەیەکی سیاسی بێ، لەوە زیاتر کردەیەکی شەرماوەری نەتەوەییە. ئەمە بۆ هەر سێ سەرۆکایەتیەکە ڕاستە. گەر حکومەتی هەرێم خۆی بە جێئومێدی کوردانی هەر چوار پارچە دەزانێ، کە نەبووە و نیە، دەبێ خاوەن تەحەددا بێ، هەر بەلای کەمی گەر بە بەیاننامەیەکیش بێ، دەبێ داوای ڕونکردنەوەیەک بۆ ڕژانی خوێنی هاونەتەوەکانی لە باکوور و ڕۆژاوا و باکور بکا.

دیارە ئێمە دەزانین، ستاتویەکی دانپێدانراوی نێودەوڵەتی، دەبێ بە دیپلۆماسیەتێکی زیرەکانە مامەڵە لەگەڵ هاوکێشە ئیقلیمیەکەی بکا، لە هەمانکاتیش هەر لەبەر ئەوەی قەوارەیەکی دانپیانراوە و گەر پشتیوانی ئیقلیمیشی نەبێ، ئەوا جۆرێک لە پشتیوانی نێودەوڵەتی هەیە، دەشێ خاوەنداریێتیەک لە نەهامەتیی کوردانی دەرەوەی هەرێم بکا، هەر هیچ نەبێ بوێری ئەوەی هەبێ، بە ڕەسمی پرۆتستۆی تۆپبارانەکانی ئێران بۆ سەر هەرێم و تەجاوزە داگیرکاریە بێپرسەکانی تورکیا بەسەر هەرێمدا بکا.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەوەی لەم گردبوونەوەیە جێی خۆشحاڵی بوو، خەڵکانێکی زۆر و هەوادارانی زۆربەی هێزە کوردیەکان بە ئاراستە جیاوازە سیاسیەکان لەوێ بینران، جگە لە هەوادارانی هێزە ئیسلامیەکان، کە ئەوان عوقدەی گەورەی لەچک بەرچاوی گرتوون و ئازادی تاک و مافە نەتەوەیی و نیشتیمانیەکانیان لێ دیار نیە.

لەم گردبوونەوەیە ژمارەیەکی بەرچاوی چالاکوانانی هەواداری پارتی ئامادە بوون، لە کاتێکدا ئەوا چەندین ساڵە بۆ ڕیسواکردنی هیچ کردەیەکی کوردکوژیی تورکیا لە باکور و ڕۆژاوا ئامادە نەبوونە و نابن، چونکە دیارە ئەوان چالاکوانی سەربەست و خۆڵەمست نین، ئەوان چالاکوانی ئاراستەکراوی بەرژەوەندیی خودی و حیزبین.

ببینن، کۆماری ئیسلامی لەناو خاکی ئێران خۆپیشاندەران سەرکوت دەکا و دەکوژێ، کە ئەمە تاوانێکی زۆر گەورەیە و هیچ پاکانەیەکی بۆ نیە، ئیدارەی زەردی هەولێر مۆڵەتی گردبوونەوە بۆ ڕیسواکردنی دەدا و گردبوونەوەکەش هێندە ئارامە، شانۆیەکی بە ناوەڕۆک جوان و بە نواندن خراپی تێدا نمایش دەکرێ و بە کەسیش ناگوترێ، لە پشتی چاوت دوو برۆ هەیە. کەچی تورکیا سەرەڕای ئەو هەموو تاوان و کوشتوبڕەی بەرامبەر کوردانی باکور و ڕۆژاوا، تەنانەت لە ناو خاکی هەرێمیش خەڵکانی سڤیل و گەشتیار تۆپباران و کۆکوژ دەکا، بەڵام ئیدارەکەی هەولێر نەوەک هەر مۆڵەتی گردبوونەوە دژی ئەم تاوانانەی تورکیا نادا و لە هەمان شوێن هێزە ئەمنیەکانیان لە هاوڕێکانمان دەدەن و جلوبەرگی لەبەر دادەدڕێنن، تەنانەت داواکارانی گردبوونەوەکە دەسگیر دەکەن و هەندێکیان بە مانگ و دوو مانگ زیندانی دەکەن و ئەشکەنجەشیان دەدەن! هاوڕێیان! ئەمەی بینیتان، توخوا چەند فاقی نەتەوەیی بووە؟! کە دڵنیام لە دوو فاقی زۆر زیاتر بوو.
هەر لەم گردبوونەوەیە دوو کچی ڕۆژهەڵاتی کە لە بازنەی وتافدان هاتبوونە دەرەوە و لە پشتی منەوە بەوپەڕی حەماسەوە دروشمیان دەدا و ڕوویان لە پۆلیسەکان وەک نوێنەری حکومەتی هەرێم کردبوو، بە دەنگێکی بەرز و گریانی تەواوەوە دەپاڕانەوە و دەیانگوت، تکایە.. تکایە..! ئێستا کوردانی ڕۆژهەڵات.. تەواوی شار و شارۆچکەکان پێویستیان بە ئێوەیە.. تکایە یارمەتییان بدەن، ئێمەی ڕۆژهەڵاتی لە لێقەومانەکانتان زۆر بە کەڵکی ئێوە هاتین وماڵمان لەگەڵ بەش کردن. تکایە بۆ ئەوان شتێک بکەن، هەرنا شتێک بڵێن!

منیش وەک ئەو دوو کچە، نەمزانی ئەوان بەدەم پاڕانەوە زۆر گریان، یان بەدەم گریانەوە زۆر پاڕانەوە، کە پۆلیسەکان هیچ پەرچەکردارێکیان نەبوو و نەبوو، یەکیان بەوی دیکەی گوت، وەرە وازیان لێبێنە، ئەمانە نەک لەوێ (ڕۆژهەڵات)، لێرەش کۆمەکمان ناکەن..

لەو ساتەدا من وەک باشوریەک بەو دیمەنە شەرمێکی لە خۆم زۆر قرستر دایتەکاندم، هەر بە ڕاستی لەو ساتە زۆر بەسەر



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خۆمدا شکامەوە و سەرم کز کرد.. تینێکم دا بەر خۆم و هاتمەوە و ناو بازنەی ئاپۆراکە و هاوارمان کرد: ژن. ژیان. ئازادی!

سەرچاوە: ماڵپەری ئاوێنە – ڕێکەوتی: ٢٥ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢

---

## ژینا؛ژن و ژیانەوەی نەتەوەیی



چرۆ محەمەد عومەر

ترس لە حیجاب (رووسەر) لەلایەن سیستم و حکوومەتەوە جگە لەوەی ترسێکە مرۆڤ دەهێنێ پێی پێبکەنێ، لەهەمانکاتدا دەهێنێ وەکو شەرمێکی سیاسی لێی بڕوانێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە ڕووندەکاتەوە کە سیستمی ئازادیکوژ چەند مەترسیدارە، چەند خەونکوژ و چەند تۆقێنەرە، چەندیش دەهێنێ زوو لێ هەڵسی و ڕووبەڕووی ببیتەوە بۆ ئەوەی کۆتایی بێت.

رووسەرەکەی ژینا بەشێکە لە ئازادیی مرۆڤ، ئازادیی ژیان و بیرکردنەوە، ئازادیی ئەوەی مرۆڤ خۆی بڕیار لەوە دەدات چۆن دەژی و چی ڕێباز و سیاسەت و ئاینێک هەڵدەبژێرێ، رووسەرنەپۆشینیش وەڵامی ژینا بوو بۆ سیستمی زۆردار و ئازادیکووژ،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

نا کردن بوو بە رووی زۆردارییەک کە زیاتر لە سی ساڵە ئەو سیستەمە خەڵکی پێ دەکوژێ.

دەوڵەتی ئایین و سیستمگەرا بیرناکاتەوە بۆ ئەوەی ژیان بەرەو بەختەوەری ببات، بیرناکاتەوە لەوەی مرۆڤ لە سایەیدا بەختەوەر بێت و رەنگ و دەنگی هەبێت، بەڵکو ئەو جۆرە سیستەمە بڕوای بە دروستکردنی مرۆڤی گوێڕایەڵ و بێ دەنگ و رەنگ و خەون هەیە، مرۆڤی وای دەوێت کە قسەی نەبێت و بیرنەکاتەوە، سیستمی مەزهەبگەرا کۆمەڵگەی مێگەلی دەوێ کە بێ پرسیار و گومان بێت.

ژینا لەو جۆرە مرۆڤانە بوو کە سیستمی مەزهەبگەرایی رەتکردەوە، ئەو ئافرەتێک بوو خەونی بۆ ژیان و نەتەوە و کۆمەڵگە و ئافرەتان هەبوو، ئەو رووسەری بە زۆر سەپێندراوی رەتکردەوە، بڕوای بەوە نەبوو بیرکردنەوە و جەستەی دیلی سیستمی مەزهەبگەرا بکات، بۆیە لەپێناو ئازادیدا رووبەڕووی مەرگ بووە و رۆحیشی بەخشی.

ئێستا کە رۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر ژینا هاتووەتە دەنگ و بە رووی سیستەمە سیاسییە بکوژەکەدا وەستاوەتەوە، لەسەر ئاستی کوردستان و جیهانیش هاوسۆزییەکی بۆ دروستبووە، دەرفەتێکە باشە بۆ ئەوەی بکریتە قۆناغی بووژانەوەی نەتەوەیی و بەهۆیەوە رۆژهەڵاتی کوردستانیش بەرەو ئازادیی ببات.

سەرچاوە: هەولێر نێت – رێکەوتی: ٢٥ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## ژینا.. دەرفەتێک بۆ ژین نەک بۆ مردن



**عارف قوربانی**

لە ماوەی زیاتر لە چل ساڵی رابردوودا کە کۆماری ئیسلامیی ئێران دەسەڵاتی ئێرانی گرتووەتە دەست، لە هەموو رێگەیەکەوە کورد دەکوژێت. بەدرێژایی ساڵانێکی زۆر بە بیانووی خەباتی چەکداری کوردەوە، لە شار و گوندەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، کوردی کۆمەڵکوژ دەکرد. لە باشووری کوردستان بە سەتان لاوخاسی کوردی رۆژهەڵاتی تیرۆر کرد بە بیانووی ئەوەی ئەمانە بەرهەڵستکاری کۆماری ئیسلامیی ئێرانن و سەقامگیریی ناوچە سنوورییەکان دەخەنە مەترسییەوە .

لەناوخۆی ئێران بە هەزاران گەنجی کورد خراونەتە ژێر پەتی سێدارەوە بە پاساوی ئەوەی کار لەگەڵ پارتە کوردستانییەکان دەکەن، یاخود بە بیانووی مادەی هۆشبەرەوە. مانگ نییە هەواڵی کوشتنی چەند گەنجێکی کۆڵبەری کورد نەبیستین کە دەبنە قوربانی پەیداکردنی ژەمێک نانی ماڵ و منداڵیان. دەیان وێستگەی مێژوویی هەن کە دەسەڵاتدارانی ئێران بە بەرچاوی خوا و کۆمەڵکەی نێودەوڵەتی و گەلانی ئێرانەوە، گەنج و لاو و ژن و منداڵی کورد دەکوژن و کەسیش لەسەریان بەدەنگ نایێت.

بەڵام لە رووداوێکی چاوەڕواننەکراودا هەفتەی رابردوو خێزانێکی کوردی شاری سەقز کە بەسەردان دەچنە تاران، پۆلیسی تاران بە پاساوی (نەگونجاوی باڵاپۆشییەکەی) کچە تەمەن ٢٢ ساڵانەکەیان دەستگیردەکەن و بەهۆی ئازاردانی جەستەیی و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەرونییەوە کچەکە گیان لەدەست دەدات. بڵاوبوونەوەی هەواڵی مەرگی ژینای تەمەن ٢٢ ساڵ، بووە گڕکان و لە زۆربەی شارو شارۆچکەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بەڕووی دەسەڵاتداران دا تەقینەوە. ئەوەی ئێستا لە ئێران دەگوزەرێت یەکەم جارە لە مێژووی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، لە بەرانبەر کوشتنی کوردێکدا نارەزایی و خۆپێشاندانی گەل و نەتەوەکانی دیکە بەدوای خۆیدا بێنێت .

ئەمە خاڵێکی گرنگە فارس، ئازەری، بلوج و عەرەب لەسەر کوشتنی کەنیشکە کوردێک لە سەرتاسەری ئێران دژ بە دەسەڵات هاتوونەتە سەر شەقام. لە زۆربەی وڵاتانی رۆژئاواش رەوەندی ئێرانی پێکەوە لە بەردەم باڵیۆزخانەکانی ئێراندا نارەزایی دەردەبڕن. هۆکارەکەی روونە، کورد واتەنی (جام پڕبوو لێی دەرژێت). جەور و ستەمی دەسەڵاتدارانی ئێران بەرانبەر گەلانی ئێران و سەرکوتکردن و برسیکردنی خەڵک گەیشتووەتە لووتکە. هەلومەرجی ناوخۆیی وڵاتەکە چاوەڕوانی دەرفەتێک بوو بتەقێتەوە، مەرگی ژینا ئەو تەڵە شقارتەیە بوو کە پێویستبوو بۆ کردنەوەی مەشخەڵەکە، بەڵام بۆ کورد بیری وردی دەوێ کە مەرگی ژینا بکاتە دەرفەت بۆ ژیان نەک بۆ مردن.

بەهۆی ئەوەی ئێران خەریکە دەستی دەگاتە چەکی ئەتۆم و لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل و رۆژئاوا بە چرکەساتی زۆر هەستیاردا تێدەپەڕێت، لەم کاتەدا تەقینەوەی کێشە ناوخۆییەکانی، بە راستەوخۆ دەبەستێتەوە بە کێشەکانی لەگەڵ رۆژئاوا. بۆیە بۆ کورد دۆخێکی ئێجگار هەستیارە و دەبێت پارتە کوردستانییەکان بۆ هەر هەنگاوێک نەک دووجار، پێویستە دەجار بیر بکەنەوە. لە میدیا و لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەوانەی تەنیا بە سۆزەوە لە رووداوەکان دەڕوانن، رەنگە گوشاری زۆر بخەنە سەر هێزە سیاسییەکانی کوردستان لە رۆژهەڵات و هان و دنەیان بدەن بەوەی شەڕ و کوشتار بخەنە شارە کوردستانییەکانەوە، ئەگەر دۆخی ئێران بەم شێوەیە بەردەوامبێ دوور نییە هێزی هەرێمی و نێودەوڵەتیش ئەم داوایە لە پارتە کوردستانییەکانی رۆژهەڵات بکەن و بە چرکەساتی راپەڕین و رزگارکردنی رۆژهەڵات وێنای بکەن، بەڵام ئەمە رێگە راستەکە نییە کە پێویستە کورد بیگرێتەبەر .

یەکەم شت کە گرنگە و ئەرک و بەرپرسیارێتی حیزبە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانە دەبێت ئاگایان لەوەبێت ئەم نارەزاییە گشتییەی دروستبووە بۆ بەرگری لە ئازادی، وێناکەی نەگۆڕێت بۆ خواست و کێشەی نەتەوەیی. واتە تێکەڵ بە کێشەی کورد و ماف و داخوازییەکانی کورد نەکرێت. چونکە ئەگەر بابەتەکە بگۆڕێت بۆ مەسەلەی کوردبوون، ئەوە هاوشێوەی کۆی ئەو ستەم و تاوانکارییانەی دیکە کە بەرانبەر بە کورد ئەنجام دراون و هیچ کام لە نەتەوەکانی دیکەی ئێران بە کێشەی خۆی نەزانیووە، ئاکامی ئەم رووداوانەش بەو دەردە دەچێت.

پێویستە ئەوە لەبەرچاو بگیرێت کاردانەوەی دەسەڵات پاش چەند رۆژێکی دیکە زۆر توندوتیژ دەبێت، ئێستا بەهۆی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کۆبوونەوەی نەتەوەیەکگرتووەکان و لەبەرئەوەی رەئیسی لە ئەمریکا بوو، نایانەوێ زۆر بکەونە بەر لۆمەی نێودەوڵەتی، بەڵام دوایی توندوتیژی زۆر زیاتر دەبێت لەلایەن حکومەتەوە.

بۆیە بۆ هەر ئەگەر و پێشهاتێک گرنگە کێشەکە کێشەی گەلانی ئێران بێت، وەک چۆن ئێستا نارەزایی و خۆپیشاندانەکان مۆرکی هیچ پێکهاتەیەکی دیاریکراوی بەسەرەوە نییە، دەبێ کورد وریای ئەوەبێت کاردانەوەکانی دەسەڵات تەنیا رووی لە کورد نەبێت، کە دوور نییە دەوڵەت خۆی بە چەندین سیناریۆ بیەوێ بیگۆڕێت بۆ کێشەی نەتەوەیی و، تۆمەتباریشیان بکات بەوەی دەستی ئەمریکا و ئیسرائیل لە پشتی ئەم رووداوانەیە و بەتووندی بیەوێ تۆڵە لە کورد بکاتەوە.

نابێت کورد پێش رووداوەکان بکەوێت، لێرەدا ئەوەی گرنگە خۆئامادەکردنە بۆ پەرەسەندنی رووداوەکان و مامەڵەکردن لەگەڵ ئەوەی دێتە پێشەوە. پارتەکانی رۆژهەڵات لە هەموو رووداوەکانی چەند دەیەی سەدەی رابردوو، لەم بیست ساڵەی رابردووشدا تائێستا باشیان هێناوە، ئەم رووداوەش تاقیکردنەوەیەکەی دیکەیە بۆیان تاوەکو چەند دەتوانن بەجۆرێک مامەڵە لەگەڵ رووداوەکان بکەن لە ئەگەری پەرەسەندن و سەرکەوتنیدا بیکەنە دەرفەتی ژیانێکی نوێ بۆ کۆمەڵی کوردەواری و لە ئەگەری شکستدا شارە کوردییەکان رووبەڕووی کۆمەڵکوژی و جینۆساید نەبنەوە.

سەرچاوە: ماڵپەری سپی میدیا – ڕێکەوتی: ٢٥ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ژینا یان مەهسا!..کوردو سیستمی جیهانی!



**شوان حەمە**

ژینا ئەمینی بە ژیانی خۆی، دەرفەتێکی بەڕووی جیهاندا بۆ درووست کردین، بەڵام ئایا کورد چۆن لەگەڵ ئەو دەرفەتەدا سیاسەت دەکات!؟

دوای کوشتنی ژینا ئەمینی، کوردانی ئەوروپا، بۆ پشتیوانی خۆپیشاندانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران، لە چەندین وڵات، گردبوونەوە و ڕێپێوانیان ڕێکخست.

ئەمجارەش وەک هەموو پرسەکانیتر، کورد بەسەر دوو بەرەدا دابەش بوو.

بەرەی یەکەم لە حیزبە دیارەکانی "کوردایەتی" پێکهاتوون! حیزبی دیموکرات و کۆمەڵەکان و سازمانی خەبات، بە پشتیوانی پارتی دیموکرات.

بەشداربوانی چالاکیەکانی ئەم بەرەیە تەنها کوردن و زۆرینەی ڕەهای بەشداربوانیش پیاون. ئامانجی ئەم بەرەیە لە گردبوونەوەکانی ئەوروپا، تەنها پرۆتێستکردنی کوشتنی ژینا سەقزی نییە، بەڵکو وێناندنی ڕووداوەکەیە، وەک بەڵگەیەک



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بۆ ستەمی نەوەیی بەسەر کوردەوە.

بەرەی دووەم، لە پژاک و لایەینگرانی پەکەکە و کۆمەڵە ـ حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و لایەنگرانی کوڕی شای پێشووی ئێران و حیزبە گرووپە چەپەکانی ئەوروپا پێکهاتوون.

دروشمی ئەم بەرەیە، پشتیوانیکردنە لە مافی ژنان و ئازادییەکان و پێکەوەژیانی ئارەزوومەندانەوە ئاشتیانەی گەلانی ئێران. بەشداربوانی ئەم بەرەیە، تا ئاستێکی بەرچاو تێکەڵێکی هاوسەنگن لە ژنان و پیاوان.

ڕووداوەکانی دوای کوشتنی ژینا ئەمینی لە وێنە گەورە جیهانییەکەیدا، جارێکیتر پارادۆکسی کورد و سیاسەتی نێودەوڵەتی زەقکردەوە.

ڕەنگە بێئەوەی پرسیار بکەین، لە نائاگایی ئێمەدا وەڵامی ئەو پرسیارەمان وەرگرتبێتەوە: ئایا بۆ مەهسا ئەمینی نازناوی "ژینا"ی بۆ خۆی هەڵبژاردووە!

وەڵامەکە لە خودی پرسیارەکەدایە؛ لەبەر ئەوەی ژینا ناوە فارسییە سەپێنراوەکەی خۆی لا پەسەند نەبووە و ناوێکی کوردی، ژینا (ژین و ژیان)ی بۆ خۆی هەڵبژاردووە.

درووست ئەم هەستەی ژینا، خواستی سەربەستانەی زۆرینەی کوردی ڕۆژهەڵاتە، بەتایبەت نەوە نوێکان. لە ڕۆژهەڵات هەر یەک بە جۆرێک و هەر یەک بە هۆکارێک، هەوڵ دەدات دەستکاری بەشێک لەو سەپێندراوانە بکات، کە فەرهەنگی کۆلۆنیالیستی فارسی، زۆرجار بە یاسا، بەسەریدا سەپاندووە، تا لە ڕێی ئەو دەستکارییەوە، بەشێک لە شوناس و ئازادی خۆی بەدەست بێنێتەوە.

تا ئێرە پرسەکە لە چوارچێوەی مافی و ئازادیدایە و پرسێکی ڕەوایە.

کێشە ئەوکاتە دروست دەبێت کە پارتە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات، بەهەمان هەستی ژیناوە سیاسەت دەکەن!

ببینە لە سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، تا سەرۆکی ئەمریکا و تەواوی دەزگا نێودەوڵەتییە پەیوەندیدارەکان،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

پرسی ژینا وەک بەشێک لە پرسی ژنانی ئێرانی و پرسی ئازادیەکان لە ئێران دەبینن، نەک وەک پرسێکی کوردیی قۆناغبەستوو بە ستەمی نەتەوەیی. ڕێکەوت نییە هەموان ناوی مەهسا لە جێی ناوی ژینا بەکار دێنن! تینەگەیشتن لەم هێڵە نێونەتەوەییە، کە لانیکەم حەفتاوپێنج ساڵە سیستمی جیهانی لەسەر دامەزراوە، تێنەگەشتنە لە سیاسەت! سەد ساڵە ئێمە لە تێگەشتنی خۆماندا خۆمان بەگیر هێناوە! ئێمە لە بری ئەوەی بەروە جیهان بڕۆین، لەهەر تراجیدیایەک بەسەرمان دێت، شان و سینگی خۆمان دەهێنینەوە یەک و لەناو کوردبوونی خۆماندا، خۆمان گرمۆڵە دەکەین! دواتر لە ناو ماڵە داخراوەکەی خۆمانەوە هاواری جیهان دەکەین!

ڕاستە ئێمە هەستی بەهێزا و ئامادەیی قوربانیدانمان هەیە، بەڵام دواجار ئەو سەمایەی ئێمە دەیکەین، سەمایەکە لەناو بازنەیەکی گەمارۆدراو بە ئاگر، وەک هەموو جار، ڕەنگە خۆمان بسوتێنێت و بەتەنیا جێبمێنین!

ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە بە سیاسەتی سەدساڵی ڕابردووی خۆماندا بچینەوە و بیر لە ئەلتەرناتیڤێک بکەینەوە؟

سەرچاوە: ماڵپەری سپی میدیا – ڕێکەوتی: ٢٥ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ژینا، ژیانی ژنانی ئێران بۆ هەمیشە دەگۆڕێت




**ئا: ئاوێنە**

گیان لەدەستدانی ژینا (مەهسا) بەو شێوە تراژیدییە، سەرتاسەری ئێرانی هەژاندوە، پێدەچێت کوشتنی ژینا ژیانی ژنانی ئێران بۆ هەمیشە بگۆڕێت.

لە ڕاپۆرتێکی شیکاریدا ڕۆژنامەی ئەمریکی "یو ئێس تودەی" لەزاری چەند ئێرانناسێکی ئاگادارەوە ئاماژە بەوە دەکات کە ناڕەزایەتییەکان لەدژی کوشتنی ژینا ئەمینی بۆ هەمیشە مافی ژنانی ئێرانی گۆڕیوە.

"یو ئێس تودەی" لەڕاپۆرتەدا هەڵوێستی ژمارەیەکی زۆر لەژنانی ئێران بۆ سوتاندنی بالاپۆشو بڕینی قژیان لەکاتی ناڕەزایەتی سەرتاسەری وڵاتدا تاوتوێ کراو. بە وتەی تارا سپیهەریفەر، لێکۆڵەری باڵا لە بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا لەڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ، ئێران لەساڵانی ڕابردودا چەندین شەپۆلی ناڕەزایەتی سەریهەڵداوە، بەڵام ناڕەزایەتییەکان لەدژی مردنی ژینا تایبەتن، ئەو دەڵێت "هەرچەندە سوتاندنی بالاپۆش لەئێراندا بێ وێنە نییە، بەڵام ئەمجارەیان چڕیو ڕادەی ئەنجامدانی خاڵی وەرچەرخانێکی بەرچاوە لەخەباتی ژنانی ئێران بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی و شێوازی قسەکردنی سەبارەت بەحیجاب بۆ هەمیشە گۆڕیوە."



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

تارا سپێهەریفەر خاڵێکی دیکەی بەرچاوو بێ وێنە لەخۆپێشاندانەکانی ئێستادا بەشداریی بەربڵاوی پیاوان بۆ نارەزایەتی دەربڕین بەرامبەر بەگیان لەدەستدانی ژنێک، بەداکۆکی لەمافی ژنانی ئێرانی ناودەبات.

فیروزە کاشانی ثابت، مامۆستای مێژووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی پێنسیلڤانیا ئاماژە بەمێژووی دورو درێژی ئێران دەکات لەسەپاندنی حیجاب بەسەر ژناندا، دوای هاتنە سەرکاری خومەینی لەئەنجامی شۆڕشی ١٩٧٩دا، بە بڕوای ئەم مامۆستای زانکۆیە، "بەدبەختانە مومارەسەکردنی دەسەڵات بەتایبەتی لەسەر ژنان بوتە جۆرێک لەنیشاندانی دەسەڵات". ناوبراو وێڕای ئاماژەدان بەخواستی بەشێک لەژنانی ئێران بۆ پۆشینی حیجاب، دەڵێ "کاتی ئەوە هاتووە کە ژنان بژاردەی هەڵبژاردنی جۆری جلوبەرگیان پێ بدرێت و ناچار نەکرێن بەپۆشینی حیجاب."

هەروەها تارا سپێهەریفەر پێیوایە حیجابی ئیجباری لەپۆشینی جلوبەرگ واوەترەو کاریگەری لەسەر هەمو لایەنەکانی ژیانی ژن هەیە، لەوانەش خوێندن و دامەزراندن و بەشداریکردنیان لەپرسە کۆمەڵایەتییەکان.

هاوکات سدیقەی وسومقی توێژەری شەریعەت و ئیسلامناس پێیوایە "ژنان لەم ساتەوەختەدا بەگەروییەکی مێژوویدا تێدەپەڕن"و ئاماژە بەوە دەکات کە "بەهێزترین بەربەست لەبەرامبەر گۆڕینی پێگەی ژنان لەکۆمەڵگا ئیسلامیەکاندا بەربەستی شەریعەت و فیهقە."

ئەو دەڵێت "پایە سەرەکییەکەی فیقهی ئیسلامی جیاکارییە بەرامبەر بەژنان و کۆنترۆڵکردنیەتی لەلایەن پیاوانەوە، پایەیەک کە لابردنی بەشێوەیەکی سروشتی دەتوانێت ببێتە هۆی داڕمانی بناغەی فیقهی ئیسلامی. فەتوای دەگمەنی هەندێک لە فەقیهی هاوچەرخ لەبەرژەوەندی ژنان بەمانای قبوڵکردنی یەکسانی ژنان و دانانان بە سەربەخۆیی ئەوان نییە. ژنانی ئێران زیاتر لە سەد ساڵە خەبات دەکەن و باجی ئازادی دەدەن."

دەشڵێت "ژنان لەئێستادا نەک تەنیا لەدیاریکردنی چارەنووسی ئێران و سیستمی سیاسی کۆماری ئیسلامیدا، بەڵکو لەدیاریکردنی چارەنوسی ئێران و سیستمی سیاسیی کۆماری ئیسلامی و لەدیاریکردنی چارەنووسی فیقهی ئیسلامی و شەریعەتیشدا رۆڵێکی یەکلاکەرەوەیان دەبێت، هەر بۆیە گۆڕانی ئەم دۆخەی ئەمڕۆی ئێران، گۆڕانکاریی ریشەیی و گرنگی دیکەی لێدەکەوێتەوە کە کاریگەریی لەسەر پێگەی ژنان لەکۆمەڵگا ئیسلامییەکانی دیکەدا دەبێت."

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە – ڕێکەوتی: ٢٥ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ڕاپەڕینی ئەمجارەی خەڵکی ئێران



زاهیر باهیر

هەڵچوون و هاتنە سەر شەقام و ڕاپەڕینی خۆبەخۆیانەی خەڵکی لە ئێراندا ڕودوایکی سەیر و سەرسوڕهێنەر و ڕێکەوت نییە. ئەوەی مێژوی نزیکی ئێران بزانێت ئەوە ڕەچاو دەکات کە لە قۆناخ و ساڵە جیاجیاکاندا ئەم بەرەنگارییە خۆڕسکیانە بەتایبەت دوای هاتنەوەی شا و لابردنی دکتۆر موصەودەق و ئیدارەکەی ، بەردەوام بوە جۆش و خرۆشی خەڵکی فشاری خۆیان داناوە.

ئەوەشی کە پێی دەوترێت شۆڕشی ئیسلامی ساڵی ١٩٧٩ لەڕاستیدا "شۆڕش" ی ئەوان نەبوو. ئیسلامییەکان بە چەند هۆکارێک بەری ئەو ڕاپەڕینەیان چنییەوە و لەو کاتەوە بوونەتە خاوەندەسەلات تاکو ئێستا. هۆکاری بوون بەخاوەنی ڕاپەڕینەکە ئەو زەمینە لە بارە بوو کە ساڵەهایەکی دوور و درێژ بوو کە خەڵکی لەژێر دەسەلاتی شادا بێبەش بوون لە ئازادیی و نان و دادوەری کۆمەلایەتیی و نایەکسانێتی و زەبروزەنگی ساواک و سوپا و پۆلیسی ئێران کە باڵی کێشابوو بەسەریانا. هەموو ئەمانە لای چەوساوەکانی میللەتی ئێران بە هەموویانەوە پەنگیان خواردبووە. ئەمانە بوونە هۆی دەربڕینی ناڕەزایی و هاتنە سەر شەقام و پەلاماردانی پیاوانی دەوڵەت و دامەزراوەکانی و هاوکاتیش زۆرێک لە کرێکاران لە شوێنی خۆیاندا خۆیان ڕێکخست و مانگرتن و چالاکییان دەستپێکرد.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەموو ئەمانە ئەو زەمینە لەبارە بوون کە ئاخوندەکان بە هاوکاری ئەمەریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا و دەزگە سیخوڕییەکانیان گونجا و برەویان بە بزوتنەوە ئیسلامییەکە دا تا هێنانەوەی خومەینی بە ناچاریی. ئەویش بە قبوڵکردنی شەیتانی بچوک، کە باشترە لە شەیتانی گەورە ، یاخود ڕێگرتن لە مەترسییەکی گەورە بە قووتکردنەوەی مەترسییەکی بچوک زۆر باشتر بوو.

دواتریش خولقاندنی جەنگێکی هەشت ساڵەی وێرانکەر و بکوژی ملیۆنەها لە خەڵکی ئیرانی و عێراقی و کەمئەندامبوون و هەڵکەندنی ملیۆنەهای دیکە لە جێ و ڕێی خۆیان و بەهێزکردنی ڕۆحی قەومی و دینی و مەزهەبی بووە هۆی دامرکاندنەوەی نارەزاییەکانی خەڵکی و سەرکزکردن و کپبوونەوەیان. هەر ئاواش هەنارده کردنی قەیرانەکانی خودی ڕژێم و ناو خودی ئێران و کۆمەڵ. هەموو ئەمانە بوونە هۆی سەقامگیربوونی دەسەڵاتی ئاخوندەکان و بەردەوامبوونیان.

بەڕوودانی هەموو ئەوانەی سەرەوەش ئێران نەبووە ئاشی ئاوکەوتوو، نەبووە سەرزەمینی ئاشتیی و ئازادیی. هەر دوای جەنگ نارازایی خەڵکی وردە وردە دەرکەوتەوە بە تایبەت لە سەرەتای ئەم چەرخەدا. لە هەمویان گرنگتر و بەهێزتر بزوتنەوەی سەوز [ گرین]ی ساڵی ٢٠٠٩ بوو. دواتریش خۆپیشاندان و نارەزاییە گەورەکانی ساڵانیی ٢٠١٦ تا ٢٠١٩ لەسەر زیادبوونی نرخی پیداویستییەکانی ژیان بەتایبەت نرخی وزە . ئەمەش وزەیەکی زیاتری بە خەڵکی دا و لە پاڵیشیا تەکانێک بە دەوڵەت و لاوازبوونی.

هەموو ئەم چالاکی و نارەزاییانە لە ڕێگای پاسدار و پۆلیس و هێزی پۆلیسی مەدەنییەوە توانرا زۆر بێ ڕەحمانە و خوێناویانە تا ڕادەیەک دامرکێنرێتەوە. هاتنی دەردی کۆرۆناش خەڵاتێک بوو بۆ دەسەڵات و دەسەڵاتداران کە ڕێگرییەکی زۆری لە دەربڕینی نارەزایی و گردبوونەوەی خەڵکی کرد، بەڵام نەیتوانی چۆڕایی بە نارەزاییەکان و بزوتنی خەڵکی بهێنێت. خەڵکی ئەوەندە پڕ و توڕەیە لە دەسەڵات بەو هۆکارانەی کە هەموان دەیزانین وەک گرانیی، نەبوونی کار و ئازادیی و چارەسەری تەندروستی، دابەزینی بەهای تومەن و زەبر و زەنگ و سەرکوتکردن، نادادوەریی کۆمەڵایەتیی، نایەکسانیی، بوونی ئێران وەکو بەندیخانەیەکی داخراو و زۆری تر. هەموو ئەمانە هەمیشە هۆکارێک بوون بۆ تەقینەوەی خەڵکی و هاندەرێک لە هاوبەشیکردنی دەرد و ئازاریان تاکو بە یەکەوە لە ڕێگای خەباتەوە سارێژی بکەن دژ بە دەسەڵات و دەوڵەت.

ڕاپەڕینی ئەمجارەی خەڵکی ئێران کە زۆربەیان گەنجن و سەربەخۆن لە حیزبەکان زیاتر لە ٥٠ شار و شارۆچەکەی ئێرانی لە ٣١ دەڤەردا گرتۆتەوە. تا ئەمڕۆ ٥٠ کەس قوربانیی بوون، و نزیکەی ٦٠٠ کەس برینداربوون و بە هەزاران کەسیش



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەستبەسەر کراون.

کوژرانی دڕاندانەی "ژینا ئەمینی" هۆکاری سەرەکی نەبووە و نییە بۆ ڕاپەڕینی ئەم خەڵکە. کوژرانی "ژینا" تەنها بیانوویەکە بۆ ڕاپەڕینی خەڵکی بەڵام تایبەتمەندی و بایاخی گرنگی خۆی هەیە لە یەککەوتنی خەڵک و تێپەڕاندنی سنوری نەتەوەیی و دینیی و مەزهەبی و ناوچەگەریی و تیرەگەریی. خودی ئەمەش ئەوە دووپات دەکاتەوە کوشتنی کەسێک، کوشتنی هەموانە، سەرکوتکردنی لایەنێک و ڕەگەزێک هی ئەوانی دیکەشە، یەکێتی چەوساوەکان و سەرکوتکراوانیش لێرەدا ئەو پردە نەپساوەیە کە دەکرێت ئامانجی دوور و نزیکی خەڵکی لەو وڵاتەدا بەدەستبهێنێت.

یەکێک لە خەسڵەتەکانی ئێران ڕۆڵی کەم و کەمی هەژموونی حیزبە سیاسییەکانە لەسەر خەڵکی و بزوتنەوەکەیان. بە واتایەکی دیکە حیزبە سیاسییەکان ئایا بەهۆکاری لاوازی خۆیان بێت، یاخود هۆشیاری جەماوەر، نەیانتوانیوە وەکو عێراق و باشوور خەڵکی بکەنە گوێ لەمستەی خۆیان و بە فرمانی ئەوان هەڵچن و دامرکێنەوە. لە ئێستادا هیچ حیزبێکی ئێرانی لە کورد و فارس و بەلوج و عەرەب و ئیتنکییەکانی دیکە نەیانتوانیوە بزوتنەوەکەی ئەم چەند ڕۆژە بخەنە ژێر ئاراستەی خۆیان و کۆنترۆڵی بکەن.

لەگەڵ ئەوەشی کە وتمان ئەوە نەبێ مەترسی ئەو حیزبانە بەسەر بچێت یاخود دەستوەردانی ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا لە ڕێگەی دەزگە سیخوڕیی و تەنانەت هاوکاریکردنی حیزبەکانیشەوە، ڕوونەدات.

وێڕای ئەو مەترسییانەش من لام گرنگە کە هاوپشتی و هاوکاری خۆمان لەگەڵ ئەو خەڵکە ڕاپەڕیوە ڕابگەیەنین و ئومێدی سەرکەوتنیان بۆ بخوازین. هاوکاتیش من وەکو خۆم لەوە بە ئاگام کە لە کاتێکدا خەڵکی نەتوانێت کە خۆی لە شوێنی سەر کار و زانکۆ و گەڕەک و دامەزراوە خزمەتگوزارییەکاندا سەربەخۆوانە،، ئاسۆیانە ڕێکبخات و مانگرتنی سەرانسەری کرێکاران کە شادەماری ئابووری ئێرانیان لە دەستدایە ڕوونەدات، زۆر نزیکە خەباتی ئەم خەڵکە ڕاپەڕیوە بە گورگان خواردوو بدرێت و دەسەڵاتێکی ستەمکار بە دانەیەکی دیکەی ستەمکار بگۆڕرێت. لەگەڵ ئەمەشدا هەڵتەکاندنی ڕژێمی ئاخوندەکان زۆر گرنگە چونکە دەرگایەکیش لەسەر ڕاپەڕینی خەڵکانی عێراق دەکاتەوە و حیزبە دینی و مەزهەبییەکان و حیزبە کوردییەکانیش لە عێراقدا هەروەها ڕژێمی ئەسەد و حیزبوڵای لوبنان و حەماسی فەلەستینیش زۆر لاواز دەکات. هاوکاتیش کارایی نەرێنی خۆشی لەسەر دەوڵەتە فاشییەکەی تورکیاش دادەنێت. هەموو ئەمانە خاڵی ئەرێیانەی سەرکەوتنی ڕاپەڕینەکەیە ئەمە جگە لە گەڕانەوەی ڕۆحی بوێری و پشتبەستن و متمانە بەخۆکردن.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خاڵێکی دیکە لەم ڕاپەڕینەدا کە زەرووره پەنجەی لەسەر دابنرێت ڕەتکردنەوە و پوکانەوەی پاگەندەی نەتەوەچییەکانی باشووره کە گوایە "ژینا ئەمینی" لەبەرئەوەی کە کورد بووە ئەشکەنجە دراوە و کوژراوە، کە ئەمە هیچ جۆرە ڕاستییەکی تێدا نیە. بوونی دەسەڵاتەکان لەسەر شەقام، لە خاڵێکی پشکنینیندا، لە شوێنەکانی دیکەدا ئاوا کار ناکەن. زوڵمی زۆر و سیاسەتی دەسەڵاتی ئاخوندەکان گشتگیرییە و تەجاوازی سنورەکانی قەومییەت و ڕەگەز و ئیتنیکییەت تەنانەت مەزهەبییەتیشی کردووە دەکات.

سەرکەوتوو بێت خەباتی رەوای چەوساوانی ئێران

ئازادیی بۆ ژنان و سەرکەوتن بۆ یەکێتی ژنان و پیاوانی چەوساوە.

نەنگی و تێشکان بۆ دەسەڵات و دەسەڵاتخوازن. سەرکەوتوو بێت خەباتی لۆکاڵی و نێونەتەوەیی چەوساوەکان بۆ هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی جەنگ و چەوساندنەوە و کاری کرێگرتە: سەرمایەداریی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی دەنگەکان – ڕێکەوتی: ٢٥ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ئێران لەبەردەرگای شۆڕشێکی دیکەدا!



**موحسین کەریم**

ڕژێمی ئیسلامی ئێران لەسەر بنەمای لاوازیە سیاسی و ڕێکخراوەییەکانی شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ و بەهاوکاری وولاتانی ڕۆژاوا لەسەر کورسی دەسەلاتی ئێران دانیشت. دوای چوار دەیە خەڵکی ئێران خەریکن ئەو هێزە دژی شۆڕشەی لەناو بەرەی شۆڕشەوە سواری وەهمەکانی ئەوان بوو، بۆ ناو زبڵدانی مێژوو پاڵ پێوەدەنێن!

ئەگەرچی بە درێژایی تەمەنی ڕژێمی ئیسلامی ئێران، نارەزایەتی و خرۆشانی جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێش و ژنان و لاوانی ئازادیخوازو تامەزرۆی ژیانێکی باشتر، لەگۆشەو کەناری ئێران و بگرە هەندێ جار بەشێکی بەرینی ئەو وولاتەشی گرتۆتەوە، بەلام خرۆشانی ئەمجارەی خەڵکی ئێران پەیامێکی جیاوازی لەگەڵ خۆی هەڵگرتوە. پەیامی ڕاگەیانراوی خەڵکی ئێران لەبناغەوە دەرهێنانی دەسەلاتی ئیسلامی سیاسیە لەو وولاتە.

ئەمجارەیان خەڵکی ناڕازی هوشیارتر و ڕێکخراوتر و ڕادیکاڵتر و بەشێوەیەکی سەراسەری هاتونەتە مەیدان، کە زۆربەی شارە گەورەو بچووکەکانی گرتۆتەوە و دەیانەوێ بارگەوبنەی ستەم و چەوساندنەوەی بۆرژوازی عەمامەلەسەر بۆ یەکجاری بپێچنەوە. ئەمجارەیان ژنانی بێمافکراو و چەوساوەی ژێردەستی یاسا کۆنەپەرستە ئیسلامیەکان و لاوانی ستەملێکراو و پەراوێزخراو پێشەنگی خەڵکی ناڕازین و بە جەسارەتێکی بێوێنەوە ڕوبەرووی هێزە سەرکوتگەرەکانی پاسدارو بەسیجی دەبنەوە. ئەمجارەیان شەقامی شارەکان بۆ بەکرێگیراوانی ڕژێم بوەتە شوێنێکی نائارام و ترسناک و بەدەست لاوانی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

شۆڕشگێڕەوە کونەمشکیان لێبوە بە قەیسەری!

پریسکی کڵپەسەندنی ئەم خرۆشانە جەماوەریە سەراسەریە کوشتنی درندانەو بەربەریانەی ژینا ئەمینی بوو لەلایەن تیرۆریستانی " گەشتی ئیرشاد!"ی رژێمی درندەی ئیسلامی ئێرانەوە. بەڵام ئەم ڕوداوە تەنها ڕوداوێکی کوشتن و تیرۆری ڕاگوزەر نەبوو! ئەم تاوانە لەکاتێکدا ڕویدا کە خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی ئێران و ژنان و لاوان لەژێرباری بێکاری و هەژاری و برسێتی و گرانی و نەبوونی هیچ تروسکاییەکی ئازادیدا دەناڵێنن و تەنها چاوەڕێی ئەوەبوون فرسەتێک بەدەست بهێنن تا هەموو رقوتوڕەیی دەیان ساڵەی خۆیان بەسەر ئەم رژێمە هارو بێهەوسارەی بۆرژوازیدا بباریێنن. خەڵکی شۆڕشگێڕی ئێران هەستیارترین رەمزی دەسەڵاتی سەرکوتگەری رژێم و بێمافی واتە؛ "حجابی ئیسلامی" یان نیشانەگرتوە. رژێمی بۆرژوا ئیسلامی ئێران سەپاندنی حجاب و بێبەشکردنی ژنان لە هەرجۆرە ماف و ئازادیەکی فەردی وەکو بنەمای بەردەوامبوونی رژێمەکەی تەماشادەکات. ئەم خرۆشانە فراوانە جەماوەریە دژی کوشتنی ژینا ئەمینی و حجابی ئیسلامی رێک نیشانەگرتنە لە بناغەی رژێمی ئیسلامی و زۆری نەخایاند کە خۆپیشاندانەکانی دژی کوشتنی ژینا بوە خۆپیشاندان و خرۆشان دژی سەرجەم بونیانی جمهوری ئیسلامی و شەڕی دەستەویەخەی سەرجادەیی نێوان خەڵکی ڕاپەڕیوو بەکرێگیراوانی رژێم!

ئەم خرۆشانە جەماوەریە دەستپێکی شۆڕشێکی دیکەیە کە ئامانجەکەی تەواوکردنی ئامانجەکانی شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ی ئێرانە. بەڵام دیسانەوە مەترسیەکانی بەردەمی کەم نین. ئەم شۆڕشە ئەگەر زیاتر رێکخراو نەبێت و نەبێتە خاوەنی ئامانجێکی سیاسی روون و پێشرەوانە و لەلایەن هێزە کۆمۆنیستەکانەوە ڕابەری نەکرێ، ئەگەری ئەوەی هەیە کە نەتوانێ هاوسەنگی هێز لەدژی رژێم بەتەواوی بگۆڕێت و ئەرکەکانی جێبەجێ بکات. وەکو باوکی یەکێک لە گیانبەختکردوانی خۆپیشاندانەکان ووتی دەبێ ئەم کارە تەواوبکرێ! ڕاستیەکەی دەبێ ئەوکارە تەواوبکرێ و لەنیوەڕێگادا جێنەهێڵرێت! دەبێ ئەم خرۆشان و ڕاپەڕینە تا تەواوکردنی رژێمی ئیسلامی بەردەوام بێت. لەلایەکی دیکەوە ئەو مەترسیەش کەم نیە کە هێزو ڕەوتە بۆرژواییەکانی ئۆپۆزیسیۆن بەناوی شۆڕشەوە زیان بەشۆڕش بگەیەنن، بە گرتنەبەری تاکتیکی هەڵە و نادروست موجازەفە بە شۆڕش و ڕاپەڕینەوە بکەن و فرسەتی سەرکوتکردنی بدەنە دەست رژێمی ئیسلامی. یاخود خۆیان بکەنە میراتگری شۆڕش و دیسانەوە سیناریۆی رژێمی ئیسلامی دوبارە بێتەوە لە ئێران! ئەوە بەرپرسیارێتیەکی گەورەیە لەسەر شانی کۆمۆنیستەکان و کۆمۆنیزمی کرێکاری لەئێران.

روخانی رژێمی ئیسلامی ئێران، هەروەکو چۆن هاتنەسەر دەسەڵاتی کاریگەریەکی گەورەی کردە سەر سەرهەڵدان و ژیاندنەوەی رەوت و دەستو تاقمە ئیسلامیەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ڕوخاندنەکەشی بەهەمان ئەندازە کاریگەری



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دەبێت لەسەر ئاوابوونی خۆری هەموو ئەو بزوتنەوە کۆنەپەرستە ئیسلامیانەو بارێکی گرانیش لەسەر شانی بزوتنەوە پێشکەوتنخوازو یەکسانیخوازو کرێکاریەکان و خەڵکی ئازادیخوازی ناوچەکە سووک دەکات. هەربۆیە خرۆشان و ڕاپەڕینی ئەم ڕۆژانەی ئێران بەوڕادەیە جێگای ئومێدو هاوکاتیش پشتیوانی سەرجەم بەرەی یەکسانیخواز و ئازادیخوازی ناوچەکەو بگرە جیهانیشە. خەڵکی عێراق و کوردستان، کەمتر لە خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش و ژنان و لاوانی ئێران، لە ڕوخانی ڕژێمی ئیسلامی بەهرەمەند نابن. نەخشی وێرانکەرو خراپەکارانەی ڕژێمی ئیسلامی ئێران لە عێراق و کوردستاندا لەماوەی دوو سێ دەیەی رابردوودا بەئاشکرا دەبینرێ. هەرچی جروجانەوەری ئیسلامی دژە ئینسانیە لەلایەن ئەو ڕژێمەوە بەردرایە گیانی خەڵک و ئەوەندەی پێیان کرا لەدژایەتیکردنی ڕەوت و بزوتنەوە شۆڕشگێڕ و کۆمۆنیستیەکان و ژنان و کەسایەتیە مەدەنی و ئازادیخوازەکان درێغیان نەکرد. نەک هەرلەڕێگای تاقمە ئیسلامیەکانەوە، بەڵکو لەڕێگای حزبە دەسەڵاتدارەکانی بزوتنەوەی کوردایەتیشەوە کە هەمیشە وەکو خزمەتکاری ڕژێمی ئیسلامی ئێران هەڵسوکەوتیان کردوە، کوردستانیان دەیان هەنگاو بەرەو دواوە گێڕایەوەو نەریت و فەرهەنگی کۆنەپەرستانەو دژە ژن و دژە ئازادی و دواکەوتوانەیان بەسەر خەڵکدا سەپاند.

ئەو خرۆشانەی لە ئێراندا دەستی پێکردوە، هەر بەو بەڵگەیە دەبێت جێگای پشتیوانی بێدرێغی کرێکاران و ژنان و لاوانی ئازادیخوازو یەکسانیخوازی کوردستانی عێراق بێت. دەبێ بەهەموو شێوەیەک لەپاڵیاندا ڕابوەستین و جێیان نەهێڵین! چونکە روخانی ڕژێمی ئیسلامی ئێران ڕاستەوخۆ بارێکی گران لەسەر شانی خەباتی یەکسانیخوازی و ئازادیخوازی کرێکاران و ژنان و لاوانی کوردستان وسەرجەم خەڵکی زەحمەتکێش و بێمافکراوی کوردستانیش لادەبات و هەنگاوەکانیان بەرەو ئازادی و یەکسانی خێراتر دەبێت. ژنان و پیاوانی خوازیاری ئازادی و یەکسانی لە کوردستانی عێراق دەبێت لەهەموو کەس زیاتر پشتیوانی خەڵکی ناڕازی و شۆڕشگێری ئێران بکەن کە ڕەمزی کۆیلایەتی و بێمافی و ژێردەستەیی ژنانیان لەژێر پێناوەو کردویانەتە سیمبوڵی شۆڕشەکەیان دژی نایەکسانی و بێمافی و لەپێناو ئازادیدا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان – ڕێکەوتی: ٢٥ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## ناوی ژینا ئەمینی لە هەسارەی زەوی تێپەڕی!



**وتاری ڕۆژ**

هەژماری فەرمی تەلەسکۆپی "جەیمز وێب" لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئینستاگرامدا پۆستێکی بە وێنەی مەهسا ئەمینییەوە بڵاوکردووەتەوە. پەیجی فەرمی ئەم پرۆژە عەزیمە فەلەکناسییە نوسیویەتی: "بەپێی داواکاری قورسی فۆڵۆوەرەکان" و هەروەها هاشتاگی #مەهسا ئەمینی، وەها پۆستێک ملیۆنان جار بڵاوکراوەتەوە.

ناوی ژینا لەگەڵ مەهسا ئەمینی کچە لاوی سەقزیی، بووەتە یەکێک لە ناوە ناسراو و خۆشەویستەکانی ئەمڕۆی جیهان. لە چوار گۆشەی جیهان، لە دوورترین گوندەکانی ئەفریقا و ئاسیا تا دەگاتە ئەمریکا و ئوسترالیا، کەم کەس هەیە ناوی ژینای نەبیستبێت. دروشمی ژن، ژیان، ئازادی، بووەتە خواستی هاوبەشی چەندین ملیارد ژن و پیاو لە جیهاندا. ئەو ژنانەی مافی ئینسانییان پێشێل کراوە،

ئەو ژیانانەی کە پڕن لە هەژاری و بێبەشی و بێکاری و بێ ماڵ و حاڵی و ئەو ئازادیانەی کە لە بەشێکی زۆری خەڵکی جیهان سەندراوەتەوە، هەموویان لەم دروشمە کورت و مانادارەدا دەرکەوتوون.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەڵام ژیناو نهێنی ناوبانگی ئەفسانەیی ئەو ڕەگوڕیشەی لەخەباتی خەڵکی کوردستانب ۆ ئازادی ویەکسانی دایە. ژینا کچ و نەوەی هەزاران ژنی پێشمەرگە و گەریلایە کە دژی بەربەریەتی داعشی شیعە و سوننە و لە پێناوی یەکسانی ماف و کەرامەتی مرۆڤدا خەباتیان کردووە.

هۆکاری ئەوەیکە هەزاران ئەکتەرو گۆرانیبێژو شاعیرو نووسەرو پاڵەوانی وەرزشی ناو و وێنەی ژینا بڵاو دەکەنەوە،بەها مرۆییە گشتگیرەکانە کە ژینا بەرجەستەی دەکات و ڕەنگدانەوەیان هەیە.

ناوی ژیناو دروشمی ژن و ژیان و ئازادییە ملیۆنان کەسی خەباتکارو بیرمەندی ئازادیخوازی یەکخستووە کە بەدەستی بەتاڵ لەبەرامبەر دەزگای سەرکوتکاری فاشیزمی کۆماری ئیسلامیدا وەستاونەتەوە. لە ماوەی حەوتووی ڕابردوودا دەیان خەباتکار و شۆڕشگێڕی لاو لە پێناو بەدیهێنانی مانای قووڵی ئەم دروشمەدا، سینگیان لە بەرامبەر گوللەی دوژمندا کردە قەڵغان و گیانیان لە دەستدا. ژینا و کوشتنی دڕندانەی ئەو لەلایەن حکومەتەوە بەهۆی دەرکەوتنی چەند تاڵ مووی سەری، پریشکێک بوو بۆ تەقینەوەی تووڕەیی پەنگخواردووی کۆمەڵانی خەڵکی بێزاربووی ئێران. مانگرتنی سەرکەوتووانەی خەڵکی کوردستان لە چوار پارێزگای کوردنشینی ئێران، پەیام و داخوازییەکی پشتیوانی بوو بۆ هەموو جەماوەری شەریفی ئێران و ناوچەکە و جیهان، بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ بەربەرییەت و وەحشیگەرییەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران.

لەو چەند ڕۆژە دا کە کوردستان، ئێران و جیهانی لەگەڵ شەپۆلێکی بەرینی پشتیوانی و هاوسۆزی بۆ بنەماڵەی ژینا ئەمینی بەرەورووو کردەوە، خواستی یەکسانی نێوان ژن و پیاو گەیشتە لوتکەی داواکارییەکانی خەڵک. بەڵام خواست و چاوەڕوانی خەڵک زۆر زیاترە لە هەڵوەشاندنەوەی حیجابی زۆرەملێ، بە نایاساییکردنی دامەزراوەی جینایەتکاری گەشتی ئێرشاد. ئێستا داخوازی گشتیی خەڵک، بریتییە لە کۆتایی هێنان بە حکومەتی ئیسلامی و دادگاییکردنی بەرپرسە تاوانبارەکانی ڕێژیم. ڕۆژ و حەوتووەکانی داهاتوو گەلێک ئاڵۆز و چارەنووسساز دەبن، یەکرییزی زیاتر، درێژەی نارەزایەتییەکان و تێکەڵبوونیان لەگەڵ مانگرتنی بەرفراوانی جەماوەری و کرێکاری، پشتی حکوومەتی ئیسلامی دەشکێنێت. ناو و ڕووخساری جوانی ژینا ئەمینی لەسەر هەسارەی بڵاوبووەوە و دوور نییە ئەو ڕۆژەی کە هەسارەیەکی تازە دۆزراوە، بە ناوی مەهسا یان ژیناوە بکرێت. لە سەقزەوە تا چوار گۆشەی جیهان و لە زەوییەوە تا دوورترین ئەستێرەکان، بەرێز بێت ناو و یادی ژینا ئەمینی و سەرجەم ئەو کەسانەی کە لەپێناو ئازادی و یەکسانیدا گیانیان بەختکردووە.

سەرچاوە: سایتی پەیام – ڕێکەوتی: ٢٥ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# کاتێک حیجاب سوتاندن دەبێتە ڕەمزێک بۆ ئازادبوون!



**عومەری خەتات**

ئەشکەنجەدان و کوشتنی "ژینا"ی کچە لاوی کوردی سەقز، بووە پزیسکێک لە ئاگر و تەواوی ئێرانی گڕ تێبەردا. لە پاڵ ئەم ڕووداوەدا کۆمەڵێک جەدەلی فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتی هاتنە ئاراوە. یەکێک لەو باسانەی کە ئێستا لە میدیاکاندا گەرمە باسی سوتاندنی حیجابە کە لەلایەن زۆرێک لە ژنانی شۆڕشگێڕەوە لە شارەکانی ئێران پیادە دەکرێت. فڕێدان و سوتاندنی حیجابی ئیسلامی لەلایەن ژنان و کچانی ئێرانەوە مانایەکی تەواو سیاسی هەیە و ئاکتێکی تەواو شۆڕشگێرانەی دروستە بەرامبەر بە رژێم.

کۆماری خوێنرێژی ئیسلامی لە ساڵی ١٩٧٩ەوە لەدوای شۆڕشی بەهمەن، بە یارمەتی دەوڵەتە زلهێزەکان لەوانە فەرەنسا و ئەمریکا و سەرلێشێواویی بزووتنەوەی چەپی ئێران، قاچەکانی خۆی لەناو ئێراندا چەقاند و لە ماوەیەکی کەمدا حوکمی ئیسلامی خۆی دامەزراند. یەکێک لە پایە سەرەکییەکانی ئەم رژێمە ئیسلامییە دژایەتی کردنی ژنان و بەزۆر حیجاب پێکردنیانە. ئامانج لە فەرزکردنی حیجابی زۆرەملێ لەلایەن رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە بەسەر ژناندا، پاراستنی ئاسایش و یاساکانی شەریعەتی ئیسلامە کە بەبێ ئەم یاسانە کۆماری ئیسلامی ناتوانێت یەک ڕۆژیش بەردەوام بێت.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەوە پرۆژە و فۆرمی حوکمڕانی هەر ڕژێمێکی سیاسییە کە سەنتەرەکانی بەرخۆدان و بەرگریی لە ناو چین و توێژەکانی کۆمەڵانی خەڵکدا دیاری دەکات، بۆ کێشمەکێشی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێرانیش ئەمە هەر وایە. بە درێژایی تەمەنی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، نارازایەتی و خەباتی خەڵکی ئێران بە تایبەتی ژنان بەردەوامە، سوتاندنی حیجاب، فڕێدانی، باش لەسەر نەکردنی، یەکێکە لەو سەرئێشانەی کە کۆماری ئیسلامی ئێران بەدەستیەوە دەناڵێنێت و سیستەمەکەی دەخاتە لەرزینەوە. بە پێی ئامارەکان ساڵانە نزیک ١٠٠ هەزار ژن بە تاوانی بێ حیجابی یان دەرکەوتنی چەند تاڵێک لە قژیان لەلایەن دەزگا سەرکوتگەراکانی ڕژێمەوە دەستگیر دەکرێن و ڕەوانەی زیندانەکان دەکرێن. بۆیە حیجاب کردن یان حیجاب فڕێدان سەنگێک و فایلێکی قورسی سیاسییە و مانەوە و سەرنگوونی ڕژێمی لەسەر بەندە.

باسەکانی ناو دەزگاکانی ڕژێم لە هەوڵدایە ئەم کردارە واتە سوتاندنی حیجاب لەبەرگ و مانا سیاسییەکەی دابماڵێت و بیخاتەوە ناو فۆرمە تیۆلۆژی- ئایینییەکەی، لەم ڕێگەیشەوە هەوڵدەدات کرداری سوتاندنی حیجابی ئیسلامی وەک کردارێکی تاکێکی سەرکێش پێناسە بکات تا بتوانێت عەتف و سۆزی خەڵکی ئیماندار و دام ودەزگا ئایینییەکان بۆ لای خۆی ڕاکێشێت و لێرەشەوە شەرعیەت بدات بە سەرکووتی ڕاپەڕینەکانی شارەکانی ئێران. لە کوردستانی خۆشمان کۆمەڵێک دەنگی سەر بە دەسەڵات و لەدەرەوەی دەسەڵاتیش جا بە ئاگاییەوە بێت یان لە نەزانی سیاسیەوە بوونەتە ڕاوێژکار بۆ خەڵکی ڕاپەڕیووی ئێران و داوایان لێدەکەن کە خۆیان بە دوور بگرن لە سوتاندنی حیجاب و "ئەتکردنی پیرۆزییەکان"! ئەم دەنگانە بە خۆیان بزانن یان نا خزمەتێکی گەورە بە مانەوەی کۆماری ئیسلامی دەکەن.

بەڵام سوتاندنی حیجاب وەک ئەکشنێکی نارەزایەتی بەرامبەر بە یاسا و شەریعەت و حوکمی ئیسلام هەموو کاتێک بەسوود نییە و بگرە زیانباریشە بە ڕەوتی خەباتی چینایەتی و کۆمەڵایەتی، نموونەی ئەم جۆرە لە حیجابسووتاندن هەوڵی باڵی ڕاست و فاشیزمی خۆرئاوایە بۆ دژایەتی کردنی ئیسلام و ئەوەی کە لە ژێر شیعاری "ئیسلامفۆبیادا" پیادە دەکرێت و ئامانج لێی دژایەتیکردنی پەنابەران و کۆچکردووانێکن کە سیستەم فڕێداونەتە حاشیەی کۆمەڵگە و ئەوانیش لە نەبوونی ئەلتەرناتیڤێک سەردەکەنەوە بە کولتور و فەرهەنگێکی حازربەدەست کە لە هەگبەکەیاندایە ئەویش ئیسلام و فرهەنگەکەیەتی. ئیسلام و بەرگی ئیسلامی بۆ زۆرێک لە کۆچکردووان و پەنابەران زیاتر شوناسێکە بۆ خۆپاراستن لەو تێکشکانە کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگییانەی کۆمەڵگە خۆرئاواییەکان تا ئەوەی بەهێزی و سەربەرزکردنەوەی ئسوڵیەتی ئیسلامی بێت.

بۆ سۆشیالیستێک و کۆمۆنیستێک خوێندنەوەی کۆمەڵگە و میکانیزمەکانی خەباتی چینایەتی و کۆمەڵایەتی تایبەت و تەشخیسی جۆرەکانی خەبات لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، گرنگی تایبەتی خۆی هەیە. مەسەلەی حیجابی ئیسلامیش یەکێکە لەو



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

مەسەلانە و گرنگە نەکەوینە خوێندنەوەی نادروست و قاچمان نەچێتە ناو پیلاوەکانی باڵی ڕاستی کۆمەڵگەوە.

ستالین لە ژێر ناوی مۆدێرنەکردن و بە سەنعەتکردنی ڕوسیا و "ڕزگاری ژناندا"، لە ساڵەکانی ١٩٢٥ بە دواوە هەستا بە سڕینەوەی هەموو ئەو کارە مەزنانەی کە بەلشەویکەکان و لینین کردیان بۆ موسوڵمانانی ڕوسیا و پاراستنی ئازادییە ئایینیەکانیان ئەویش بە دانانی ڕۆژی هەشتی مارسی هەموو ساڵێک بۆ سوتاندنی حیجاب، ئەمەش کاری کردە سەر گەڕانەوەی ژنان بۆ ناو کونجی ماڵ و بە شکستپێهێنانی گشت پرەنسیبەکانی ڕزگاری ژنان کە بەلشەویکەکان کردبوویانە یاسا، بۆیە شتێکی نامۆ نییە کاتێک یەکێتی سۆڤیەت لە کۆتایی هەشتاکاندا دەکەوێت، ژنانی وڵاتی ئۆزبێکستان لە پاش سەربەخۆیی بوونیان لە یەکێتی سۆڤیەت بە لێشاو و بەبێ فشاری دەوڵەت و هیچ هێزێک دەگەڕێنەوە بۆ پۆشینی حیجاب وەک ڕەمزێک بۆ سەربەخۆیی و ڕزگاربوون لە هەژموونی دەسەڵاتی سۆڤیەت.!

ئێستا لە ڕۆژهەڵات و لە ئێران پرۆسەکە بە پێچەوانەیە. حیجاب ڕەمزی دەسەڵاتێکی چل و سێ ساڵەی چنگ بە خوێنە، بۆیە فڕیدانی و سوتاندنی دەبێتە کردارێکی شۆڕشگێڕانە و ڕەمزێکی گەورە بۆ ئازادبوون.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە – ڕێکەوتی: ٢٦ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# کوردستان له‌ تاران: کوشتنی ژینا ئه‌مینی چ واتایه‌کی بۆ داهاتووی ئێران هه‌یه‌



لوقمان ڕادپه‌ی/ وه‌رگێڕان له‌ ئینگلیزییه‌وه‌: که‌ماڵ حه‌سه‌نپوور

لێدانی بێ به‌زه‌ییانه‌ی ژینا (مه‌هسا) ئه‌مینی به‌ هۆی نه‌پۆشینی "حیجابی گونجاو" و کوشتنه‌که‌ی له‌ ئاکامی ئه‌و لێدانه‌ له‌ لایه‌ن "گه‌شتی ئیرشادی" ڕێژیمه‌وه‌ بۆته‌ مانشێتی سه‌ره‌کیی ڕۆژنامه‌ و ماڵپه‌ڕه‌کانی هه‌وال له‌ سه‌رانسه‌ری دنیا. ئه‌وه‌ی باسی ناکرێ ئه‌وه‌یه‌ که‌ له‌ سه‌ره‌تای ناردنی هه‌واڵه‌کاندا باسی ئه‌تنیکی ڕاستقینه‌ی ناوبراو نه‌ده‌کرا. قوربانییه‌که‌ فارس نه‌بوو. ئه‌و کورد بوو، خه‌ڵکی ڕۆژهه‌ڵاتی کوردستان، بۆ سه‌ردان چووبوو بۆ تاران. ئه‌و جلوبه‌رگێکی شایسته‌ی له‌به‌ر دابوو، ته‌نانه‌ت به‌ زۆر پێوه‌ری دنیای مودێڕن، له‌ناویاندا خۆرهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاست، کۆنه‌پارێزانه‌ بوو.

ژینا ئه‌مینی به‌ شێوازی خۆی وه‌ک ئه‌و جه‌نگاوه‌ره‌ ژنانه‌ی کۆنه‌په‌رستانی داعشیان له‌ به‌ره‌ی جه‌نگی سووریه‌ به‌چۆکدا هێنا، بوێر بوو. ئه‌وه‌ی له‌وی قه‌وما "ئایین" نییه‌؛ به‌ڵکو لاده‌ریی سێکسییه‌. ئه‌گه‌ر کارێکی ئه‌وتۆ ته‌حه‌مول بکرێ و به‌ شێوه‌ی سیسته‌ماتیک به‌ڕێوه‌ بچێ، ئه‌وه‌ ناوێکه‌ که‌ به‌ باشترین شێوه‌ تایبه‌تمه‌ندیی ڕێژیمی تاران پێناسه‌ ده‌کات. مه‌رگی ناوبراو ده‌توانێ پاڵنه‌ری ئاڵوگۆڕی قووڵ بۆ کوردانی ڕۆژهه‌ڵاتی کوردستان و هه‌روه‌ها شارۆمه‌ندانی ئێران به‌ گشتیی بێت.

ژنانی کورد له‌ ناوچه‌ی خۆیان به‌ شێوه‌یه‌کی سه‌رکه‌وتووانه‌ شێوه‌ی جلوبه‌رگ پۆشینێکیان ڕه‌د کردووه‌ که‌ له‌ گۆتره‌ له‌لایه‌ن ڕێبه‌رانی فارسه‌وه‌، که‌ له‌ سه‌رده‌مێک و شوێنێکی دیکه‌دا ده‌ژین و کولتوورێکی جیاوازیان هه‌یه‌، سه‌پێنرابوو. له‌ سه‌ره‌تای



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دامەزرانیەوە لە ١٩٧٩، ڕێژیمی ئێران پلانی ئەوەبوو کە کوردان بەدناو بکات. ئەوان بەوە تۆمەتبار دەکران کە خەریکی دامەزراندنی "ئیسرائیلی دووهەم" لە ناوچەن. لە کۆتاییدا، لە دێسەمبەری ١٩٧٩، دەوڵەت لەگەڵ کوردان ڕێککەوت کە بە گوێرەی ئەو دانی بە خودموختاری بۆ کوردان دادێنرا، بەڵام ئەوە بە کردەوە لە لایەن حکوومەتی ئایینیی شیعەوە پێشی پێگیرا.

زۆرینەی کوردەکان، گەلێکی جیاوازی نافارس، مسوڵمانی سوننین بە ڕوانگەیەکی مودێرنەوەن. بەهۆی ئاماژە نەکردن بە مافەکانی کوردان لە یاسای بنەڕەتیی نوێدا، نزیکەی ٨٥ تا ٩٠ لە سەدی کوردەکان گشتپرسی مانگی مارچی ١٩٧٩ یان بایکۆت کرد. لە یەکەم هەڵبژاردنی پارلمانی لە دوای شۆڕش، زۆربەی کوردەکان پشتیوانییان لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا) کرد، بەڵام ڕێبەرەکەی، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملو، وەک کەسی نەخوازراو دیاریکرا و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک "حیزبی شەیتان" دەستنیشان کرا. ئاکامی هەڵبژاردنی ناوچە کوردنشینەکان بە پووچەڵ ناسێنرا. دوژمنایەتییەکان دەستیان پێ کردەوە و، ئایەتوڵڵا خومەینی حوکمی جیهادی دژی کوردان ڕاگەیاند، کە بووە هۆی قەڵاچۆکردنی پشتگریکراو لە لایەن دەوڵەت و ئیعدامی نایاسایی کوردان. ئەو 'خودموختارییەی" کوردەکان دەنگیان پێدابوو، لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە وەک جیاییخوازیی سەیر دەکرا.

دەیەیەک دواتر، لە جولای ١٩٨٩، لە ڤییەن و لە کاتێکدا قاسملو، یاریدەدەرێکی و ناوبژیوانێک چاوەڕوانی وەفدێکی ئێرانییان دەکرد، لە لایەن نێردەکانی ڕێژیمەوە کوژران. سەدیق کەمانگەر، ئەندامێکی پلەبەرزی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران (کۆمەڵە) و جێگرەوەی قاسملو، دوکتور سادق شەرەفکەندی، لەگەڵ چەند هاوڕێی، بە نێوانی مانگێک و لە سێپتەمبەری ١٩٩٢، لە بەرلین بەرەورووی هەمان چارەنووس بوونەوە (کە بە تێرۆری میکۆنۆس ناسراوە). لە ئاپریلی ١٩٩٧، دادگای پێداچوونەوەی بەرلین حوکمی دا کە "ڕێبەرایەتی سیاسیی ئێران، بڕیاری ئەو تاوانەیان دابوو".

لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا، ژمارەیەکی زۆر لە چالاکانی حیزبە کوردییەکانی نیشتەجێ لە باشووری کوردستان (لە عێراق) بە هەمان شێوە لە لایەن بریکارەکانی ڕێژیمەوە تێرۆر کراون. ڕاپۆرتەکانی مافەکانی مرۆڤ ئاماژە بە کەڵکی لەڕادەبەدەر لە هێز و کوشتنی سیستەماتیک و نایاسایی دژی کوردان لە ئێران دەکەن. بێجگە لەوە، پێشێلکاریی مافەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووریی کوردان بە گشتی لە نزیکەی سەرجەم ڕاپۆرتەکان لەمەڕ دۆخی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران ئاماژەیان پێکراوە .دەرکردنی حوکمی سێدارە و ئیعدامی ڕێژەیەکی بێ ئەندازەی زیندانییە سیاسییەکانی کورد ئەوە دەسەلمێنێ. بە گوێرەی کۆمەڵەکانی ماڤەکانی مرۆڤ، تا ئەمڕۆ لە خۆپیشاندانەکانی ئەو دواییانەدا ١٧ کورد کوژراون و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

زیاتر لە ٨٠٠ کەس تەنیا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بریندار بوون. جا باسی دەستبەسەرکردنە بەکۆمەڵەکانیش کە هەر ئێستا لەئارا دان ناکەین.

لە ١٩٩٠ بەولاوە، کوردەکان وازیان لە خەباتی چەکداریی هێناوە تا لە جیاتان وزەی خۆیان بۆ گۆڕانی خشکەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەرخان بکەن، ئەگەرچی چاروبار جووڵەیەکی سەربازییان لە ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبووە، لە زۆربەی ئەو ماوەیەدا بێدەنگ بوون.

کوژرانی ژینا ئەمینی بۆتە هۆی سەرهەڵدانی نارەزایەتی بەربڵاو، کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە دەستیان پێکرد. لە خۆپیشاندانە بەردەوامەکانی دژی ڕێژیمی ئێران، `بۆ یەکەم جار بەلوچ، عەرەب، فارس، ئازەری و کەمینە نەتەوەیی و ئەتنیکییەکان بۆ پشتگیریی کوردان یەکیان گرتووە. ئەوان هاوار دەکەن "ژن، ژیان، ئازادی". ئەو دروشمە لە کاتی شەڕی ناوخۆی سووریە لە ٢٠١١، لە لایەن ژنە جەنگاوەرە کوردەکانەوە (یەکینەکانی پاراستنی ژنان) برەوی پێدراوە و لە ڕۆژاوا (ڕۆژاوای کوردستان لە سووریە) بە کردەیی کراوە. ئەوە بەو مانایەیە کە نارەزایەتییەکانی ئێستا لە پرسی حیجاب، کە قەت پرسی کوردان نەبووە، ئەگەرچی وەک پرسێکی سەرەکی بۆ ڕێژیم ماوەتەوە، تێپەڕ بوون.

ئەوەی لە ژینا قەوما وێدەچێ خەڵکی ئێرانی یەک خستبێ، تا ئەو ڕادەیە کە بۆتە خاڵی یەکگرتن لە نێوان داوای مافی چارەی خۆ نووسینی کوردان و خولیای ئێرانییان بۆ لەکۆڵ خۆ کردنەوەی ڕێژیم.

جێگای ئاماژەیە کە چین و توێژەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش پشتیوانیی خۆیان لە خۆپیشاندانەکان نیشان داوە. کوردەکانی ڕۆژهەڵات توانای گۆڕینی دۆخی هەنووکەیان هەیە چونکە ئەوان پێشتر لە ساڵی ١٩٤٦ دەوڵەتێکی کوردیی کەم تەمەن بە ناوی کۆماری کوردستانیان دامەزراند. لە سێ دەیەی ڕابردوودا، کوردانی باشوور (لە عێراق) و ڕۆژاوا لە سووریە توانیویانە سەقامگیریی، ئاسایش و گەشەی ئابووری لە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی خۆیان دەستەبەر بکەن، بە پێچەوانەی پشێویی و توندوتیژیی کە تایبەتمەندیی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە پانەوە بووە. لە ڕوانگەی دەوڵەتدارییەوە، ناوچە کوردییەکان زۆر باشتر لە دراوسێکانیان کار دەکەن. ئەوە بە دانی نرخێکی بەرز لە لایەن کوردانەوە بۆ مافە ڕەواکانیان دەستەبەر کراوە.

بێتوو نارەزایەتییە هەنووکەییەکان درێژەیان هەبێ، دەوڵەتی ئێران ڕەنگبێ کۆنترۆڵی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەکیس بدات، ئەوە، بە نۆرەی خۆی، دەتوانێ ڕێگا بۆ جێبەجێ کردنی مافی چارەی خۆ نووسینی کوردی خۆش بکات. کات ئاشکرای دەکات



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کام شێوە لە مافی چارەی خۆ نووسین جێبەجێ دەبێ. ڕەنگبێ لە شێوازی خۆبەڕێوەبەریی، فێدرالیزم یان سەربەخۆیی بێ. کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گوێرەی ڕێککەوتنی ١٩١٩ی ئینگلیز-پارس، دوای کۆتایی جەنگی جیهانیی یەکەم، بەربژێری مافی چارەی خۆنووسین نەبوون.

ناڕەزایەتییەکان لەسەر کوشتنی ژینا ( کە بە کوردی بە مانای "ژیان و ڕووح وەبەرهێنان" و "تاهەتایی"یە) ئێستا پوتانسیەلی ئەوەی هەیە ڕێژیم بگۆڕێ، هەروەها ببێتە هۆی ئازادیی بۆ کوردستان. ئەوە دەستپێکی کۆتایی ناسەقامگیریی ناوچەیی، تیرۆریزمی دەوڵەتی و ڕەشبگیریی ناوکی دەبێ. ڕەنگبێ جیهان شاهیدی هاتنە دەری خۆر لە ڕۆژهەڵاتەوە بێ، وەک چۆن هەمیشە لە ڕۆژهەڵاتەوە بووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٢٦ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# مانگرتن



به بۆنەوەی مانگرتنی سەرانسەری لە کوردستان  و بۆ یادی ژینا ئەمینی (مەهسا)

سەلاح ئیبراهیمی

مـانگرتن بە مانـای راگرتنـی کـاتی کاروچـالاکی بە شـێوەیەکی هێمنـانە بـۆدەربرینی نـارەزایەتی و گەیشـتن بە ئامـانج و داواکاریەکانی کۆمەڵێک  لە خەڵک  لە سەدەی هەژدەی زانینی ڕا بە هۆیی ڕێکخراوەکانی چینی کریکار وشورشی پیشەسازی دا دەستی پێکردوە و هەتا نێوەی دووهەمی سەدەی نوزدە بە توند و تیژی سەرکوت کراوە . لە کۆتاییەکانی سەدەی نـوزدە ڕا بە دوایـی خەبـاتی  بێ وەچـانی چێنـی کریکـار بەرە بە بەرە  ئەو شێوە لە خەبـاتە لە ئوروپـا بە ڕەسمی ناسـرا وریگـای پێدرا.

یەکیک لە بە نێـو بـانگترین مانگرتنەکـانی سـەدەی بیسـتم مـانگرتنی کریکـارانی کەرتـی کەشتی سـازی گدانسک لە وڵاتـی لهستان بو کە سـەدهەزار کریکـار مانیـان گـرت لوخوالەسـا  کە بـۆ خـۆی کاتێـک کرێکـاربو رۆڵـی ڕێبەری  لەو مانگرتنـانەدا هەبـو و بەدوایـی ئەو مـانگرتنەدا لـوخ والەسـا نێوبـانگیکی جیهـانی دەرکرد. لوخوالەسـا لە دوایید خەڵاتـی نـوبەلی ئـاشتی وەرگرت و بو بە سەروکۆماری لهستان.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

مانگرتنی فروکەوانان، ماموستایان، خوێندکاران، ژنان، کریکارانی کەرتی پیشەسازی جۆراوجۆر، پوست، تاکسی ، هات وچو نەوت و مس و بە دەیان گروپ و کەرتی دیکە بەشیک لە مێژویی مانگرتنەکانی مێژویی سەد ساڵی رابردویی جیهانن.

مانگرتنەکان هەم بە شێوەی جەماوەری و هەم بەشێوەی تاکە کەسی بەریوە دەچن.

بابی ساندزی ئیرلەندی بە مانگرتنی لە خواردن لە ساڵی ١٩٨١ و کوچی دوایی دوای ٦٩ روژ لە تەمەنی ٢٧ ساڵی وێنەیەکی هەرە بەرچاوی ماگرتنی تاکە کەسیە کە گیانی خۆێی لە رێ گەیشتنی بە داو خوازیەکانی دانا.

هەرچەند مانگرتن وەک شێوازیکی هێمنانە ومەدەنی و لە کوێ خۆێدا هەمیشە سەرکەوتو نەبوە وهەمو کات ئامانجەکانی خۆیی نە پێکاوە بەڵام هەمیشە تعبیری لە بوونی نارەزایەتی کومەڵیک کردوە و لایەنی بەرامبەری لێ ئاگادارکردوتەوە.

ئیران

گەورەترین مانگرتن لە وڵاتی ئیران لە ساڵی ١٣٥٧ بەرێوە چو کە لە ئاکام دا حکومەتی شاهنشاهی لە ئیران کۆتایی پێهات.پێشتریش لە ئیران زۆر جار مانگرتنی گەورە رویداوە ساڵی ١٣٢٩ و ١٣٣٤ مانگرتنی کریکارانی شریکەی نەوتی ئیران، مانگرتنی شوفیرانی ئوتوبوس لە ساڵەکانی ١٣٤٨ و ١٣٤٩ و بەدەیان مانگرتنی دێکە کە کەم و زۆر بونە هویی هێندیک ئاڵ وگۆر لە ژیانی سەرجەمی خەڵکی ئیران.

لە کوێ ماوەی هاتنە سەرکاری رژیمی جمهوری ئیسلامی هەتا ئیستا، ئیران مانگرتنی سەرانسەری بە خۆیەوە نەدیوە.ئەو مانگرتنانەی لە ماوەی ئەو چل ساڵە دا رویان داوە هەر هەمویان لایەنی ئابوریان لە لایەن چینە جیا جیا کانی کومەڵگادا هەبوە کە لە دواییدا بە سەرکەوتویی یا بە بێ ولام و زۆرتر لە ژێر زەختی ناوەندە سەرکوتکەرەکانی رژیمەوە کۆتاییان پێ هاتوە و هیچ کاتیش ئامار و زانیاریکی تەواو لەو بارەدا لە سەر میدیایی ئیران باس نەکراوە.

**مانگرتنی سیاسی لە کوردستانی ئیران**

**جیاوازی مانگرتنەکانی کوردستان لە گەل هەمو باقی ئیران سیاسی بوونی مانگرتنەکانە.**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لە کوردستانی ئیران گەورەترین مانگرتن بە دوایی ئیعدامئ ٥٩ لاوی شاری مەهاباد لە جۆزەردانی سالی١٣٦٢ بەرێوە چو کە هەمو کوردستانی ئیرانی گرتەوە و رژیمی ئیران هەمو کوردستانی خستە ژێر حکومەتی نیزامیەوە.

ئەو شێوە مانگرتنە دیسان بە دوایی تروری دکتور عبدالرحمن قاسملو سکرتری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هاوریانیدا لە پوشپەری ساڵی ١٣٦٨ بە شێوەیەکی زۆر گەورەتر دوپات بووە ئەو رەوتە دیسان لە خەرمانانی ساڵی ١٣٧١ بە دوایی تروری دوکتور سەعید شەرەفکەندی و هاوریانی لە برلێن  دوپات بووە.

لە هەمو تەمەنی کۆماری ئیسلامی ئیران مانگرتن وەک چەکیکی بە هێز بۆ دەربرینی نارەزایەتی لە جمهوری ئیسلامی بە بەردەوام بووە هەتا موشک بارانی قەلای دێموکرات لە ١٧ خەرمانانی ساڵی ٢٠١٨ لە دەوروبەری شاری کۆیە دیسان دوپات بووە کە دەنگی ئەو مانگرتنە گەیشتە کۆبونەوەی نەتەوەیە یەکگرتوکان و لەو ساڵانەی دواییدا بە دەیان کاربەدەستی جمهوری ئیسلامی باسی ئەو مانگرتنانەی کوردستانیان کردوە کە تعبیر لە دژایەتی خەڵکی کوردستان لە گەل جمهوری ئیسلامی ئیران دەکات.

**دوشەمە رێکەوتی ١٩ی خەرمانان ٢٠٢٢**

گەورەترین رۆژنامە و دەزگا خەبەریەکانی هەمو جیهان  باسی کوچی دوایی ژینا ئەمینیان کرد  کە بەدوایی گیرانی بە دەستی پولیسی ئەخلاقی لە شاری تاران لێدەدری ولە ئاکام دا لە نەخۆشخانەیەکی شاری تاران کۆچی دوایی کرد و روفاتەکەی هاتەوە شاری سقز و لە نێو ئاپۆرای خەڵکی شاری سقز و دەورەبەر بە خاک ئەسپێردرا.

بە دوایی ئەو کارەساتەدا رۆژی شەمە ناوەندی حیزبە کوردستانیەکان داوایان لە هەمو خەڵکی کوردستان کرد بە دژایەتی لە گەل ئەو کردەوەی جمهوری ئیسلامی مان بگرن.

رۆژی دوشەم هەمو کوردستان بۆ جاریکی دیکە یەک دەنگ دوکان و بازاریان داخست و لە زۆربەی شارەکانی کوردستان خۆ پیشاندان کرا ودەنگی خەڵکی کوردستان بە هەمو ئیران و جیهان گەیشت.

خەڵکی باقی ناوچەکانی ئیران بۆ یەکەم جار زۆرترین هاوسوزی وهاوخەمی خۆیان بو خەڵکی کوردستان و گیان لە دەستدانی ژینای کوردان نیشان دا و هەڵویستان گرت و واتە بە دەیان ژنی سڤیل و هەتا ئەکتەرە ژنەکانی ئیران بە مانای نارەزایەتی دەربرین لەو کارەساتە، سەری خۆیان تاشی و لە تۆرە کۆمەڵایەتێکان بلاویان کردەوە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

هەتا ئیستاش لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست و ئیران مانگرتن بە شیوەیەکی پڕ لە توند و تیژی بەرپرچ دەدریتەوە و بە دواییدا بە دەیان کەس دەگیرن و رەوانەی زیندانەکان دەکرین.

**کۆتا**

مانگرتن میژویەکی پڕدوبەرەکی و کارەسات و هاوکاری ویەکگرتویی و لەخۆبردویی هەیە کە لە کۆیی خۆیدا دیموکراسی و ئازادی زۆرتری بۆ گەلانی ژیر دەست دەستەبەر کردوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕیکەوتی: ٢٦ی سیپتەمبەری ٢٠٢٢

---

## ڕووداوەکانی کوردستان و ئیران، ڕۆڵی پارتە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵات.



**جەلال هۆرینی**

ڕووداوەکانی ئەم چەند رۆژەی ڕۆژهەڵات و گەلانی ئیران ، قۆناغیکی نویی بەهیزی چالاکی مەدەنی بوو، لەدژی دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامی.



Serchawe
https://serchawe.com

کێشەکان لەمێژە پەنگی خواردووە بەدوای کاتدا دەگەڕا، ژینا ئەمینی بووە سەرمەشقی ڕاپەرینەکان و دەنگە نارەزاییەکان. ژینا گەلانی ئێرانی پێکەوە کۆکردەوە دەنگەکانی یەکخستن. کوردەکان دەستیان پێکردو ئەوانیتریش هاتنە مەیدان و خەمی هەمووان بووە، خەمی ئازادی و دادپەروەری و نەمانی چەوسانەوە و سەرکوتکردن. ئێرانیەکان بەکورد و نەتەوەکانی ترەوە تینوی ئازادی و نەمانی رژێمێکی کۆنەپەرستن.

لەمێژووی کورددا بۆ یەکەمجارە نەتەوەکانیتر هاوهەڵوێست دەبن لەگەڵ ئازارەکانمان، ئەوەی فارسەکان و ئازەریەکان ئەمجارە کردیان سەرەتای هاوپشتیوانیەکی باشە بۆ ئاسۆکانی داهاتووی گۆرانکاری لە ئێران. هەرچەندە فارس هەرکامیان دەسەڵات بگرنە دەست، بەرامبەر کورد یەک سیاسەت و ئامانجیان هەیەو زیاتر بیر لە پاراستنی ئێران دەکەنەوە.

## ڕۆڵی حزبەکانی ڕۆژهەڵات

باشترین کار کە کردوویانە، ئەوەیە بەشداری ڕاستەوخۆیان نیە، چونکە بەبەشداری حزبەکانی ڕۆژهەڵات، قوربانیەکان زیاد دەبن و وێرانکردنی گوند و شارەکان دەبنە ئامانجی رژێم.کە دەڵێم حزبەکانی ڕۆژهەڵات مەبەستم هەموویانە.

ئەم خۆپیشاندانانە، ئەوەی بە جیهان ووت، ئێران هەنگاوەکانی پوکانەوەی نزیکە، تەنها پێویستی بەکاتە، کات بۆ ئەوەی گۆڕانکاریەکانی ئێران جیاواز بێت لە گۆڕانکارییەکانی ئەفغانستان و عێراق و بەناو بەهاری عەرەبی.

پێویستە حزبەکانی ڕۆژهەڵاتیش لە لایەک ریزەکانی خۆیان زیاتر یەکخەن وە لە لایەکیتر وانە لە ئەزموونە خراپەکەی هەرێم وەرگرن، وە خاڵە لاوازەکانی رۆژئاواش بکەنە وانە بۆ داهاتوویان.

رژێمی ئێران لەڕووی میدیایی هەموو هۆکارەکانی خستۆتە پاڵ حزبەکانی ڕۆژهەڵات، لەم دوو رۆژە تۆپبارانی بارەگاکانی کردووەتە ئامانج، بۆ یەکەمجارە میدیای ئێرانی مانشێتی رۆژنامەکانیان لۆگۆ و ناوی حزبەکانی ڕۆژهەڵاتە.

ئەمەش بۆ ئەوەیە کە دەستکراوەبن لە کوشتن و تیرۆر و زیندانیکردن و وێرانکردن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە – ڕێکەوتی: ٢٦ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# شۆڕشی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و چەند سەرە قەڵەمێک



محەمەد ئەمینی

## لە شۆڕشی ژنانەوە تا شۆڕشی مان و نەمان

ئەوەی ئێستا لەئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕوودەدات بەشێکی بەرچاوی شۆڕشێکە بە پێشەنگی ژنان و بە ڕەنگی ژنان و داواکاری ژنان، کە قوربانیانێکی سەرەکین لە مێژووی دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامی ئێراندا.

بابەتەکە هەر حیجاب نییە، هەر زەوت کردنی مافەکانیان و جیاکاری نییە، کۆماری ئیسلامی لە ڕێگەی ئەو ستەمە ڕەگەزیەوە، لە ڕێگەی ملکەچ کردنی ژنانەوە، کۆی کۆمەڵگا دەستەمۆ دەکات.

لە بەرامبەر ئەم دەسەڵاتە پیاوسالارە، مەرگهێن و مەرگدۆستەدا کە پتەوترین قەڵاکەی زیندانە، ئاساییە سێ وشەی سادە و ساکار بەڵام قوڵ و پڕناوەڕۆکی "ژن، ژیان، ئازادی" ببێتە دروشمی سەرەکی نەک هەر ژنان، بەڵکوو پیاوانیش.

وازیان لە زۆرەملییەکەی هێناوە و بە حیجابەوە لکاون



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لێرەو لەوێ سوتاندنی هێماییینی لەچک، بووەتە پاساوێک بۆ سەرکوتنەی دەنگی ناڕازی ژنان و پیاوانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەو شۆڕشە بە خواستێک بۆ "بەڕەڵایی" ناودەبرێت.

جارێ نەک حیجاب، ئاویش کە بۆ ژیان پێویستترینە، ئەگەر بە زۆرەملێ دەرخواردی کەسێک بدرێت، تفی ئەکاتەوە! خۆشەویستیش ئەگەر زۆرەملێی تێدابێت ڕێک ئەنجامەکەی پێچەوانە دەبێت!

ئەنجا ڕەتکردنەوەی حیجابە زۆرەملیەکە، تەنیا ڕەمەزێکە، لە ڕاستیدا وەک لەسەدا ١٠ و کەمتریش لە کۆی داواکارییەکان پێکناهێنێت!

نەک هەر تمەن، تاک و کۆمەڵگا و ژینگەشی سوک و ڕیسوا کردووە

"ڕیسوابوونی تمەن" لەم چەند ساڵەدا دەرچەیەکە بۆ تێگەیشتن لە کارەساتەی کۆماری ئیسلامی بەسەر کۆمەڵگای ئەو وڵاتەیدا هێناوە.

خومەینی لە یەکەم ساتەکانی گەڕانەوەی بۆ ئێران لە دوای شۆڕشی ١٩٧٩ مزگێنی ئەوەی بە خەڵکدا کە "دین و دنیا"کەیان بەرەو بەرزترین ئاست هەڵدەکشێنن، بەڵام ڕێک پێچەوانەکەی کرا.

ئایین، ئەخلاق، ئابوری، ژینگە، سیاسەت، شکۆی تاک و .. هیچ شتێک نەماوە کۆماری ئیسلامی ڕیسوا و سوکی نەکردبێت. سامانی ئەو وڵاتەی تاڵان کردووە و لە ناوچە و جیهاندا خەریکی بڵاوکردنەوەی خراپەکاری، توندوتیژی و کاولکارییە.

سەیری یەمەن، سوریا، کەرتی غەزە، لوبنانی بوکی جارانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق بکەن، لە کوێ دەستی کۆماری ئیسلامی پێی گەیشتبێت ماڵوێرانی و شەڕ و کوشتار و تیرۆر و ئاژاوەی لێیە، تێچووی هەموو ئەمانەش لە سەر حیسابی سامانی گەلان و وڵاتی ئێرانە.

**یەکسانکردنی کۆماری ئیسلامی بە نوێنەری خودا و ئیسلام!**



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

هەڵەیەکی کوشندە کە هەندێک بۆ ڕەخنەگرتن لە شۆڕشی ئێران و ڕۆژهەڵات تووشی دەبن ئەوەیە کە پێیان وایە ئەوانەی هاتوونەتە شەقام کافر و دژە ئایینن و کۆی شۆڕشەکە لە پێناو کفر و هەڵگەڕانەوە لە خودایە. ئەم خوێندنەوە تەنیا کاتێک ڕاستە، کە تۆ پێت وابێت کۆماری ئیسلامی یەکسانە بە نوێنەری خودا لەسەر زەوییە یا خود ئەوەی کە ئیسلامی ڕاستەقینەیە، ئەگەر ئەو بڕوایەت هەیە، بەڵێ مافی خۆتە پێت وابێت دژایەتی کۆماری ئیسلامی بە واتای وەستانەوەی دژی خودا و ئایین بێت!

بەشێک لەوانەی زۆر بەتۆخی دژی ئەم شۆڕشەی ئێران و ڕۆژهەڵات دەوەستنەوە، لە ڕاستیدا خەونی باڵایان ئەوەیە کە دەسەڵاتێکی هاوشێوەی کۆماری ئیسلامی دابمەزرێنن، جا لە باشوری کوردستان بێت یان هەر شوێنێکی تر! بۆیە ڕووخانیشی بە لەباربردن یان پەککەوتنی هاتنەدی ئەو خواست و خەونەیان دەبینن.

### شۆڕشی مان و نەمان

بۆ هەر دوو بەرەی خەڵکی ناڕازی و کۆماری ئیسلامی ئێران ئەم شۆڕشە بە واتای مان و نەمانە.

کۆماری ئیسلامی ئەگەر دەسەڵاتی درێژە بکێشێت و بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی لە چوار سوچی ئەو وڵاتەوە لێی ڕاپەڕیون و هیچ ڕەوایەتیەکی نەماوە نە لە دەرەوە و نە لە ناوخۆ، بە تاکتیک و ستراتیژەکانیدا دەچێتەوە.

لە ڕووی تاکتیکەوە تا بتوانێت وەک ئەوەی ئەم چەند ڕۆژەی دوایی بینرا، لەسەر هەڵخراندنی دوو هەستی ئایینی و نەتەوەیی کار دەکات، بۆ ئەوەی بتوانێت ناڕەزایەتیەکان کپ بکات و لە پاڵ مەکینە سەرکوتکەرەکەی بەشێک لە خەڵک، بێنێتە سەر جادە لە دژی گوایە "سوتاندنی قورئان، مزگەوت و ئاڵا."

لەلایەکی تریشەوە بە دەستپێکردنی تۆپباران بۆ سەر ناوچە سنوورییەکانی هەرێم و زەقکردنەوەی مەترسی جیاخوازی ڕیزەکانی خۆپیشاندەران پەرت بکات و هەستی ناسیۆنالیستی ئێرانییەکان دژی کورد و نەتەوەکانی تر تیژ بکات. هەروەها دوور نییە وەک بە بەهێزی هێشتنەوەی گۆپاڵی سەرکوت، لەمەودوا زیاتر لەئێستا دەرگای گەندەڵی و ڕانت و تاڵانکاری بۆ هێزە ئەمنییەکانی لە سەروویانەوە سوپای پاسداران بکاتەوە، سامانی گەل بخاتە خزمەتی داپڵۆسینی گەل. لە ڕووی ستراتیژیشەوە، وەک نزیکترین نمونەی هاوشێوەی کۆماری ئیسلامی کە کۆریای باکورە و زیاتر لە نیو سەدەیە لە سایەی بوونی بۆمبی ئەتۆم درێژە بە خۆپەسەپێنی دەدات، تارانیش هەنگاوەکانەکانی بەرەو بەرهەمهێنانی بۆمبی ئەتۆمی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

خێرا تر بکات، چونکە لەوەها ئەگەرێکدا بە هەڵچنینی دیوارێکی پۆڵایین بە دەوری خۆیدا، بە بێ گوێدان بۆ کاردانەوەکان زۆر بێ بەزەییانەتر لە ئێستا هەموو چەشنە ناڕەزایەتییەک سەرکوت دەکات.

بۆیە بۆ گەلانی راپەڕیوی ئێران و هەروەها ئەو وڵاتانەی خوازیاری ئەوە نین کە ئێران ئەو خەونەی بێنێتە دی، ئەمە دوا دەرفەتە، بە بێ ئەنجام کۆتاییهاتنی شۆڕشی ئەم جارە، بە واتای درێژبوونەوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامی ئێرانە، ئەمەش بەخشینی دەرفەتێکی زێڕینە بە دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە کە کار بۆ گەیشتن بەو ئامانجە شومە و هەمیشەییکردنی دەسەڵاتیان بکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە – ڕێکەوتی: ٢٦ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## د. سادق زیباکەلام: کورد پێشەنگی خۆپێشاندانەکانی ئێستای ئێرانن



د. سادق زیباکەلام، نووسەر و مامۆستای زانکۆی تاران لە ئێران

**هیدایەت جان**

**دەقی هەڤپەیڤینی رووداو لەگەڵ د. سادق زیباکەلام:**

**رووداو: خۆپێشاندانەکانی ئێران و دۆخی ئێستای ئەو وڵاتە چۆن لێکدەدەیتەوە؟**

**سادق زیباکەلام:** پێموایە خاڵی هەرە لەپێشینە ئەوەیە کە سیستمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە هیچ شێوەیەک ئامادەیی نەبوو بۆ نارەزایەتییەکی لەو شێوەیە و بەسەرداکەوت، ئەوە رەنگە گرنگترین دەستەواژە بێت کە بۆ کاردانەوەی حکومەت بەکاری بهێنین؛ لەبەرئەوەی حکومەت وایدەزانی ئەو نارەزایەتییانە سنووردارن و لە ماوەی یەک دوو رۆژدا تەواودەبن، بەڵام ئێستا ١١ رۆژە، دروستترە بڵێم ماوەی ١١ شەوە بەردەوامە، واتە رۆژانە ناو شارەکان ئارامن، بەتایبەت شارە گەورەکان، مرۆڤیش وا بیردەکاتەوە ئیدی تەواو بووە و بابەتەکە کۆتایی پێهاتووە، لانیکەم حکومەت وا بیردەکاتەوە ئیدی کۆتایی پێهاتووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەی تاریک دادێت، کاژێر ٠٨:٠٠ و ٠٩:٠٠ شەو لە تاران کە من دەیبینم، لە هەندێک



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ناوچەی رۆژئاوا و رۆژهەلات و باکوور و باشووری تاران، خەڵک دێنە دەرەوە و سەرباری ئەو مەترسییەی هەیە، هەر لە مەترسیی تەقەکردن و برینداربوون تاوەکو مەترسیی دەستگیرکردنیان، دیسانیش دێنە دەرەوە و نارەزایەتی دەردەبڕن و دژی حکومەت دروشم دەدەن. هەرچەند لە هەندێک لە شارەکان، لەوانە شارە کوردنشینەکانی ئێران، وەکو سنە و مهاباد و شنۆ و سەقز و دیواندەرە، ئەو خۆپیشاندانانە بەرچاوترە و خەڵکێکی زیاتر هاتوون و نارەزایی دەردەبڕن. بە هەمان ئەو رێژەی بەشداریکردنە، خەساری ئەو ناوچانە زیاتر بوون، ئەو خەسارانەی لە سنە و سەقز و دیواندەرە و شنۆ بووە، زۆر بەرز بووە، بەلام سەرباری هەموو ئەوانە وا پێدەچێت لانیکەم لە ماوەی ئەو ١١ رۆژەدا هیچ نیشانەیەک نابینرێت کە دەربخات خەڵک ماندوو بوون و داویانەتە دەستەوە و دەڵێن، ئیدی هەرچەند نارەزایەتی دەربڕین، هیچ سوودێکی نییە. نا بەو شێوەیە نییە و ئەوەی روودەدات ئەوەیە کە ئەمشەویش دووبارە هەمان شت روودەدات. ئەمڕۆ کە سێشەممەیە و کاژێر ٠٩:٣٠ بەیانییە لە تاران و پشووی فەرمییە، بەلام بێگومان ئەمشەویش دیسان پێدەچێت خۆپیشاندان بکرێتەوە و خەڵکی بێنە دەرەوە. خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە بەردەوام کۆمەڵێک شاری زۆر دێنە ریزی خۆپیشاندانەکانەوە، واتە هەموو رۆژ و هەموو شەوێک ئێمە دەبینین شارێک یان دوو شاری نوێ کە پێشتر شتێکی ئەوتۆیان لەناودا روونەدابوو، ئەوانیش دێنە ناو ریزی خۆپیشاندەران. بۆ نموونە لە ماوەی سێ بۆ چوار شەوی رابردوودا شیراز و ئیسفەهان هاتنە ناو ریزەکەوە.

**رووداو**: پێتوایە چارەنووسی خۆپیشاندانەکان چی دەبێت و تاوەکو کەی بەردەوام دەبن؟

**سادق زیباکەلام**: پێموایە جگە لە خودا هیچ کەسی دیکە ناتوانێت بە دروستی بڵێت چی روودەدات، باسم کرد کە هەموومان و بەتایبەت حکومەت، پێمانوابوو کە وردە وردە خەڵک ماندوو دەبن و دۆخەکە دادەمرکێتەوە، بەلام ئێستا 11 شەوە ئەو بابەتە روویندەداوە. وا پێدەچێت و بە ئەستەمی دەبینین وا بە سانایی دامرکێتەوە، بێگومان چەند شەوێکی دیکەش درێژەی دەبێت و بە دڵنیاییەوە پێش دامرکانەوەی شایەتی خۆپیشاندانی زیاتر و بەربلاوتر دەبین. رووداوێکی گرنگ کە رەنگە رووبدات و ئەگەریش رووبدا دەبێتە خاڵێکی وەرچەرخان و سەرجەم هاوکێشەکان تێکدەدات، مانگرتنەکانە. زانکۆکان پەیوەستی ئەو نارەزایی و مانگرتنانە بوون، خوێندکارانی زانکۆ پەیوەست بوون، ئەگەر دامەزراوە دەوڵەتییەکان و کۆمپانیا گەورەکان کە دەنگۆی هەبوو، مان بگرن و پەیوەستی رەوتەکە ببن، ئەوکات چارەنووسی ئەو نارەزایەتییانە بە دڵنیاییەوە دەگۆڕێت.

**رووداو**: حکومەت دەبێت چی بکات بۆئەوەی دۆخەکە هێور ببێتەوە و نەگاتە مانگرتن، جگە لە بەکارهێنانی هێز و توندوتیژی، بژاردەکانی بەردەمی چین؟



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**سادق زیباکەلام**: حکومەت لە لایەکەوە هەوڵیداوە ئەو هەڵسوکەوتەی لە خەزەڵوەری ساڵی ٢٠١٩ کردی، دووبارەی نەکاتەوە و دەست بۆ کوشتوبڕی گەورە نەبات، بەتایبەت لە شارە گەورەکانی وەکو تاران، ئیسفەهان و شیراز و مەشهەد. حکومەت ویستوویەتی هەندێک دان بە خۆیدا بگرێت و زیاتر هەوڵیداوە بڵاوە بە جەماوەر بکات. شوێنگرەوەش کە هیوام وایە دەستی بۆ نەبەن، کوشتوبڕی بەربڵاوە. ئەوە شوێنگرەوەیەکی حکومەتە. شوێنگرەوەیەکی دیکەش ئەوەیە هەوڵ بدات هەندێک بیر لەوە بکاتەوە کە "چی بکرێت؟" بۆچی بەو شێوەیەی لێهاتووە؟ بۆ ئەوەندە بوغز و رق و تووڕەیی بەتایبەت لە ناخی نەوەی گەنجدا پەنگی خواردووەتەوە؟ بەڵام لەوە دەترسێن ئەگەر بەرەو ئەو بابەتە و بەرەو دۆزینەوەی رێگەچارە دوورمەوداکان برۆن، رەنگە ئەوە هاندەر بێت و گرووپگەلی دیکە و شارگەلی دیکە پەیوەستی نارەزایەتییەکان ببن. پێموایە حکومەت واقی بەدەم ئەوەوە وڕماوە کە چ رێگەچارەیەک و کامە بژارە بگرێتەبەر. زیاتر ئارەزووی ئەوە دەکات کە خەڵک ماندوو ببن و وردە وردە نارەزایەتییەکان کەم ببنەوە.

**رووداو**: ریفۆرمخوازەکان لەسەر ئاستی بەرپرسەکان و هەمیش لەسەر ئاستی لایەنگرانیان، لە کوێی دۆخەکەدان؟

**سادق زیباکەلام**: ماوەیەکی زۆرە ریفۆرمخوازەکان ئەو رۆڵە سیاسی و کۆمەڵایەتییە، یان دروستتر بڵێم، ئەو بەها سیاسی و کۆمەڵایەتییەی هەیانبوو، بەتایبەت لەناو توێژی خوێندەواردا، لەدەستیانداوە و بە کردەوە ئەو گەنجانەی لەم شەوانەدا لە شارەکانی ئێران دێنە سەر شەقام و نارەزایی دەردەبڕن، حورمەت و بەهایەکی ئەوتۆیان بۆ ریفۆرمخوازان و کەسایەتییەکانی ئەو رەوتە، وەکو خاتەمی و کەسانی دیکە نییە. لەگەڵ ئەوەی ئەو سەرکردانەی ناو ریفۆرمخوازەکان لەترسان بێت یان کۆنەپارێزبن، یاخود بە هەر هۆیەکی دیکە هەوڵیانداوە بێدەنگبن و وا پیشانی بدەن کە لەگەڵ نارەزایەتییەکان نین. بۆیە ئەگەر بە کورتی وەڵامی پرسیارەکەت لەبارەی ریفۆرمخوازان و نارەزایەتییەکان بدەمەوە، دەبێت بڵێم، ریفۆرمخوازەکان جێگەیان لە هیچ شوێنێکی ئەو نارەزایەتییانەدا نابێتەوە.

**رووداو**: هەندێک دەڵێن ئەمە شۆڕشە بۆ گۆڕینی دەسەڵات لە ئێران، بۆچوونی تۆ چییە؟

**سادق زیباکەلام**: ئێستا زۆر زووە بۆئەوەی بڵێین ئەوە شۆڕشێکە و دەبێتە هۆی رووخانی رژێم. بەدڵنیاییەوە ئەوە رووداوات و رژێم پتەوتر و لەسەرپێتر و شێلگیرترە لەوەی بڕووخێت، بەڵام دوو پرسیاری گرنگتر دێنە پێشەوە، یەکێکیان ئەوەیە کە ئاخۆ لە بنەڕەتەوە ئەگەر داماننا رژێمیش رووخا، ئایا ئەوە بژارێکی شیاوە کە ئێمە بەرەو ئەوە بڕۆین شۆڕشێکی دیکەی وەکو شۆڕشی ئیسلامی "٢٢ی رێبەندانی ساڵی ١٣٥٨" دووبارە بکەینەوە؟ ئایا ئەو شۆڕشە سەرکەوتوو بوو؟ ئایا ئەو شۆڕشە توانیی لە ئێران دا بەرەو دیموکراسی و سەروەری یاسا بڕوات؟ وەڵامەکەی نەخێرە. ئێستا هەر وێنایەکمان لە شۆڕشی ئیسلامی هەبێت، نەبوو بە هۆی دامەزرانی سیستمێکی دیموکراسی لە ئێران و یاسا سەروەر نەبوو، بۆیە پرسیارەکە ئەوەیە،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەو شۆڕشە دەبێتە هۆی دروستبوونی حکومەتێکی دیموکرات و یاسا سەروەر؟ من زۆر بە گومانم.

**ڕووداو:** ئەو خۆپێشاندانانە چ کاریگەرییەکیان دەبێت لەسەر مافی پێکهاتەکان بەگشتی و بەتایبەتیش مافی کورد؟

سادق زیباکەلام: ئەگەر کەسێک بڵێ ڕۆڵی کوردەکان لەو ناڕەزایەتییانە پێشەنگایەتی بووە، پێموایە قسەیەکی هەڵەی نەکردووە. بەڕاستی شارە کوردنشینەکان و شارە کوردنشینەکانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، بەڕاستی پێشەنگ بوون و ڕەنگە ناڕەزایەتیی کوردەکان بووبێتە هۆی ئەوەی لە شوێنەکانی دیکە خەڵک بێنە سەر شەقام، بەڵام ڕاستییەکە ئەوەیە، لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوودا هیچ هەنگاوێکی کاریگەر لە ئاراستەی گەشەکردنی سیاسی و بەشداریی زیاتری کوردان لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی نەنراوە.

**ڕووداو:** پەیامەکانی ئێران لەو ئۆپەراسیۆنە سەربازییەی لە ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان دەستیپێکردووە چییە؟

**سادق زیباکەلام:** پێموایە هەرێمی کوردستان و گروپە کوردەکان، جا پژاک یان کۆمەڵە یان حزبی دیموکراتی کوردستان، لە بنەڕەتەوە هیچ ڕۆڵێکیان لەو ڕووداوانەدا نەبووە، پێشموایە هێرشی درۆن و تۆپبارانکردنی ناوچە کوردنشینەکانی هەرێمی کوردستان جێی داخە، لەبەرئەوەی تەنیا زمانێک کە کۆماری ئیسلامی لەبارەی هەرێمی کوردستانەوە دەیزانێت، ناردنی مووشەک و درۆن و تۆپ و تانکە. لە کاتێکدا ڕیشەی کێشەکان لە نێوخۆی ئێراندایە و ئەوەش بۆ بەلاڕێدابردنی ڕای گشتییە و وا نیشاندەدات کە سەرچاوەی کێشەکان هەرێمی کوردستانە. بەڵام هەموومان دەزانین سەرچاوەی کێشەکان کردار و سیاسەتەکانی خودی کۆماری ئیسلامییە لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوودا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو – ڕێکەوتی: ٢٦ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ئێران لە نێوان خۆپیشاندانەکان و وڵاتانی دژدا




**بەختیار شارەزوری و سەرکەوتی جیهاز**

ئەگەر واقعی خۆپیشاندانەکانی ئێران وەک خۆی بخوێنینەوە، نەک ئەوەی خۆمان دەمانەوێ، ئەوا دەبێت پاڵنەر و سەپاندنەکان شیبکەینەوە ، بەدەر لەمە خۆپیشاندانەکان ئەگەر چی داواکارییەکان و دروشمەکانیان داواکردنە بۆ ئازادی و چاکسازی لە دەستور و مافەکاندا بەڵام مەرگی ژینا دەبێتە وەرچەخانێکی باش بۆ خەباتی ژنان بۆ ئازادییەکانیان بە تایبەت یەک هەڵوێستی و یەکانگیری نەتەوەکانی ئێران و ئەو پشتیوانیە ناوچەیی و جیهانیە بۆ ئەو خۆپیشاندانە و بە تایبەت کە کورد دەبێتە سەرمەشقی یەکێتی ناوەکی ڕای نەتەوەکانی ئێران، وە پاڵپشتی کەسە ناودارەکان و بە تایبەت دارویش کە کاریگەری گەورەی هەبو لەسەر خۆپیشاندانەکان.

هەمو گۆڕانکارییەکان لە حکومی دەستەڵاتەکاندا کە کراوە هۆیەک یان سیناریۆیەکی دەرەکی لە پشت بوە، واتا ڕوخاندنی حکومەتەکان لەبەرژەوندی هاوبەشی وڵاتە زل هێزەکانەوە هاتوە، ئەوەی ئەمڕۆ لەسەر سەکۆی ئێرانی دەبینرێ وەک خۆپیشاندان کەڵەکە بوی دنیایەک گوشارە و لە ژینا ئەمینیدا دەتەقێتەوە، ئەم تەقینەوەیە کە گەیشتوەتە خۆپیشاندان و جۆرێک لە یەکانگیری نەتەوەکانی ئێرانی لەسەر خاڵی ئازادی هاوبەش کۆکردوەتەوە، دەتوانین هۆکاری گەورە بونی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خۆپیشاندانەکان لە چەند خاڵێکدا کۆبکەینەوە و پاشان ئەو هۆکارانەی وا دەکەن کە دەرئەنجامی خۆپیشاندانەکان یەکسان نابێت بە خەونی گۆڕینی ڕژێم یان ڕوخاندنی ئاخوندەکان و ڕژێمی فەقێکان:

**هۆکاری خۆپیشاندان و گەورەبونی بۆ شارەکانی تر:**

١- برسێتی و گرانی کاڵا، بە هۆی گەمارۆی ئابوری.

٢- نەبونی ئازادییە تاکە کەسیەکان.

٣- نەبونی ئازادی ژنان.

٤- نەبونی ئۆپۆزسیۆنێک کە بتوانێ ڕابەرایەتی کۆی نارەزایەتی و ماف و نەهامەتیەکانی گەلانی ئێران بکات.

٥- فەشەل هێنانی پرۆژەکانی بەرەی ریفۆرمخوازان.

٦- فەشەل هێنانی دەرئەنجامی کۆی خۆپیشاندانەکانی پێشو بە تایبەت شۆڕشی سەوز.

٧- فەشەل هێنانی ئۆپۆزسیۆنەکانی دەرەوەی ئێران، هەر لە مجاهیدینەوە بۆ تودە و کۆمەڵە و دیموکرات.

٨- بێ هیوابون لە هەوڵەکانی وڵاتانی دژە ئێران بۆ کۆتایی هێنان بە حوکمی ئاخوند.

**ئەو هۆکارانەی وا دەکەن کە خۆپیشاندان نەگاتە ڕوخاندنی حکومەت و دەسەڵاتی ئاخوندییەکان:**

١- دوو هێز گرنگە ببنە بەشێک لە خۆپیشاندەران (هێزە چەکدارەکان و هێزە ئەمنییەکان) تا ئێستا جگە لە چەند هێزێکی لاوەکی هێزە گەورەکانی وەک سوپای پاسداران و ئیتلاعات بێ دەنگن.

٢- هێزە دژە ئێرانیەکانی وەک ناتۆ و ئەمریکا جگە لە کۆمەڵێک پشتوانی سارد هیچ هەڵوێستێکی سیاسی و سەربازییان نیە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

٣- بـایکۆتکردنی دەوامی حکومی یەکـێکە لە هۆکارەکـانی سـەرکەوتنی خۆپیشـاندان و ئیفلیج کردنـی حکومەت بە تـایبەت وەزارەتەکانی (ناوخۆ، دارایی، پەروەردە، تەندروستی) ئەمانە تا ئێستا هیچ بایکۆتێکیان نەکردوە.

٤- هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی دەرەوەی ئێران تـا ئێستا خۆیـان نەکردوە بە بەشێک لە خۆپیشـاندانەکان جگە لە پشتوانیەکی سارد.

٥- نەبونی ڕێبەر و ڕابەرێکی جدی بۆ خۆپیشاندانەکان.

سەرەڕای هەمو ئەمانەش لە ئاستی نزمتر لە ڕوخانی کۆی سیستەمی ئایدۆلۆژیای دینی بۆ ئـازادی ژنـان توانیویەتی گوشار دروست بکات بۆ ئازادییەکان.

کێشەی ئازادی ژنان لە نێوان ئایدۆلۆژیاکاندا (ئاینی و سەرمایەداری) جگە لە بەرهەمهێنـانی قوربـانی و کۆیلە بـونی ژنـان هیچ بەرهەمێکی تری نەبوە، بۆیە کاتێک داوای ئازادی ژنان دەکرێ و ژینـا خوێنی دەبێتە شۆڕشێک، گرنگە خزانـدن نەبـێ لە ئەیدۆلۆژیای دینیەوە بۆ سەرمایەداری.

خـوێنی ژینـا دەبێتە سـەرەتایەکی بـاش بـۆ ئـازادی ژنـان، بەرخـودانێکی زۆر باشـە بـۆ یەکـدەنگی نەتەوەکـانی ئێـران بـۆ داخوازیەکانی تر.

سەرچاوە: ماڵپەڕی زەمەن – ڕێکەوتی: ٢٦ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# دیفاع لە خەڵکی خەباتکاری ئێران بۆتە جیهانی




**وتاری ڕۆژ**

ڕادەی بەربەرییەت و وەحشیگەری نیزامی ئیسلامیی ئێران، بەملیۆنان ژن وپیاوی لەجیهاندا تووشی داخ وخەم و پەژارەکردووە. هاشتاگی بەرگریکردن لە ژینا گەیشتووەتە سەد ملیۆن کەس کە زۆر زیاترە لە کۆی ژمارەی دانیشتوانی ئێران. ڕوونکردنەوەی ئەوەی لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا ڕوودەدات کارێکی ئاسان نییە. زۆرێک لە گەنجان و نەوەی نوێ بە بێ باوەڕیەوە دەپرسن چۆن لە چارەکی یەکەمی سەدەی بیست و یەکەمدا، ژینا ئەمینی و ژیناکان مەحکوم دەکەن بە کوشتنێکی کارەساتبار تەنیا بەهۆی دەرکەوتنی چەند تاڵ لە موی سەری؟ زۆر زەحمەتە بۆ ملیاران کەس لە جیهاندا کە لەو ئاپارتایدە ڕەگەزییە لە ئێران و ئەو ئاستە لە دڕندەیی و بەربەریەتی ڕێژیمی ئیسلامی تێبگەن.

کێشەکە ئەوەیە کە چۆن لە سەدەی بیست و یەکدا هێشتا حکومەتەگەلێک هەن کە سەر بە سەدە ناوەڕاستییەکان و سەردەمی جەهل و تاریکین. لەم ڕۆژانەدا بە ملیۆنان ژن و پیاوی شەریف لە جیهاندا بەوپەڕی بێ باوەڕی و داخ و کەسەرەوە سەیری ئەو ئاستە لە بەربەرییەت و دڕندەییەی کە حکوومەتی ئیسلامی ئێران نیشانی دەدات و لەم نابەوەختیە مێژووییەی کۆماری ئیسلامی دەڕوانن.

لە پەیوەندی لەگەڵ کوشتنی ژینا، دوو هێز لە ڕەهەندێکی ناوچەیی و جیهانیدا ڕووبەڕووی یەکتر بوونەتەوە. دوو هێز کە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەهای تەواو جیاواز و پێچەوانەیان هەیە، لایەنگرانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران تەنیا لە بزووتنەوە تیرۆریستی و کۆنەپەرستە شیعەکان و ئەو چین و توێژە ئایینیانەدا کە سوودی ماددییان لە حکوومەتی ئیسلامی بینیوە یان تێگەیشتنێکی زۆر نەریتی و توندڕەویان لە ئیسلام و جل و بەرگی ئیسلامی هەیە، بەرتەسک دەبێتەوە. تەنانەت هاوپەیمانانی سیاسی و هاوبەشە بازرگانییەکانی کۆماری ئیسلامی، لە ڕووسیا و چینەوە بگرە تا چەند وڵاتی ئەمریکای لاتین و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ناتوانن تاوانەکانی حکوومەت دژ بە ژنان پشتڕاست بکەنەوە یان بیبەری بکەن.

بە پێچەوانەوە زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی جیهان هاوسۆزی و پشتیوانی خۆیان بۆ بنەماڵەی ژینا دەربڕیوە. بە سەدان گردبوونەوە و خۆپێشاندان لە زۆرێک لە وڵاتانی جیهان بەمەبەستی شەرمەزارکردنی ئەم تاوانە بەڕێوەچووە. ڕوماڵی میدیایی نارەزایەتییەکانی خەڵکی ئێران لە شاشەی تەلەڤزیۆن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی جیهاندا بڵاو بوونەوەیەکی بێ وێنەی بەخۆیەوەبینیوە. لایەنگرانی ژینا، ویژدانی مرۆڤایەتی وەخەبەر هاتووی ئەمرۆی جیهانن و ڕژێمی ئیسلامی و لایەنگرەکانی سەر بە سەدە ناوەڕاستییەکانی مێژووی مرۆڤایەتین و سەر بە زبڵدانی مێژوون. هۆکاری بەجیهانی بوونی دۆزی ژینا ئەمینی و پاڵپشتی مرۆڤایەتی پێشکەوتنخواز لە خەباتی خەڵکی ئێران لەدژی بەربەریزمی ئیسلامی، لە داخوازی و دروشمە پێشکەوتنخوازەکانی خەڵکی کوردستان و ئێرانەوە سەرچاوە دەگرێت.

حکوومەتی ئیسلامی لە مێژووی پڕ لە شەرمەزاری چل و چوار ساڵەی خۆیدا هەرگیز ئەوەند گۆشەگیر و پەراوێزخرا نەبووە و ئەوەند نەکەوتووتە بەر نەفرەت و بێزاری. بێ گومان لاوازبوون و ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران گورزێکی قورسە لە کۆنەپەرستیی ئایینی لە ناوچەکە و جیهاندا. ڕەوتی تیرۆریستی و کۆنەپەرستی شیعە لە ناوچەکەدا، توێژی بەکرێگیراو و ڕانتخۆری حیزبە ئیسلامیەکان، ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی، بە سەرەتای لەناوچوونی خۆیان دەزانن.

کۆمەڵانی خەڵکی شەریف و خەباتکاری کوردستان و ئێران لە تین و تەوژمی پشتیوانی و هاوسۆزی مەعنەوی مرۆڤایەتی پێشکەوتنخواز تێدەگەن و هەستی پێدەکەن، هەروەک چۆن دەسەڵاتدارانی تاوانباری کۆماری ئیسلامی، هەست بە گوشار و تورەیی و ڕق و کینەی جیهانی دژبە خۆی دەکات.

سەرچاوە: سایتی پەیام – ڕێکەوتی: ٢٦ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ڕاپەرینی بەرینی خەڵک و پێویستی قۆناخی ئێستا



**ئەحمەد عەزیزی**

ڕاپەرینی خەڵک لە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران کە لە ڕێکەوتی ١٦ی سپتامبر ٢٠٢٢ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە دەستیپێکردو بە پەلە سەراسەری ئیرانی گرتەوە هەر بەردەوامە. ئەم ڕاپەرینە وەک دژکردەوەیەک لە ئاست کوشتنی بێبەزیانەی ژینا ئەمینی کچەکوردی ٢٢ ساڵەی سەقز سەریهەڵدا. ئەم سەرهەڵدانە هەر لە ڕۆژەکانی یەکەم دا دروشمەکانی بوونە دروشمی دژ بە نیزامی ولایەتی فقیە و کۆماری ئیسلامی ئێران لە تەواویەتی خۆیدا. ئەم ڕاپەرینە دەکرێ وەک شۆرشێکی گەلی پێناسە بکرێ کە ئامانجی گۆڕانی بنەرەتی لە سیستمی دەسەڵات لە ئێران دایە. هۆکاری سەرەکی سەرهەڵدانی ئەم شۆرشە ئەوەیە کە لە لایەک خەڵک بێزارن لە کۆماری ئیسلامی ئێران و نایانەوێ ئەم دەسەڵاتە دیکتاتۆریە چیدیکە حوکمڕانیان بە سەردا بکات. لەلایکیتریشەوە دەسەڵات ناتوانێ خۆ لەو قەیرانە سیاسی، ئابوری و کۆمەڵایەتیانەی کە ساڵانێکی زۆرە گیرۆدەی بووە دەرباز بکا. ئەم ڕاپەرینە ئەگەر بۆ ماوەیەکیش دامرکێ کۆماری ئیسلامی ئێران ناتوانێ بەر بەم نارەزایەتیانە بگرێ و بە زۆرەملی متمانە و بروای خەڵک بۆ لای خۆی راکێشێ.

ڕاپەرینی ئەم جارەی خەڵک لە بەراورد لە گەل خۆپیشاندانەکانی ساڵانی رابردوو جیاوازی زۆری هەیە. ئەم جارە نارەزایەتیەکان لە کوردستانەوە سەری هەڵدا و بە پەلە بوو بە ڕاپەرینێکی سەراسەری لەئێران دا. ژنان لەم ڕاپەرینەدا



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ڕۆڵی سەرەکیان گێڕاوە. دروشمی ژن، ژیان، ئازادی بۆتە دروشمی سەرەکی خۆپیشاندانەکان. لایەنێکی دیکەی جیاوازی ڕاپەرینی ئەم جارە بەشداری بەرینی کۆمەڵانی خەڵک بە تایبەت بەشداری نەتەوە بندەستەکان، لاوان و توێژی مامناوەنجیی کۆمەڵگای کوردستان و ئێرانە. لایەنێکی دیکەی جیاوازی شکانی ترسی خەڵکە لە دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕژێم. هەروەها ڕاپەرینی ئەمجارە دەنگدانەوەیەکی بەرینتر لە جارانی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا هەبووە. ئەم ڕاپەرینە ستاتۆ و پێگەی کوردی لە بیروڕای ئێران و بیروڕای گشتی دنیای دەرەوە بەرزکردەوە.

بە بڕوای من ئێمە لە قۆناخی ئێستا بەدواوە پێویستمان بە خۆڕێکخستنی جەماوەری هەیە بۆ ئەوەی بتوانین لە بەردەوامی ڕاپەرینی ئێستا و لەو فرستانەی کە لە داهاتودا دێنە پێش سودی پێویست بۆ چوونەپێشی بزوتنەوەی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا وەرگرین. ئەمە بە مانای ئەوە نییە کە خۆ لەم ڕاپەرینە سەراسەرییەی ئێستا لە ئێران لە ئارادایە جیا بکەینەوە. پێوسیتە ئەو خەڵکەی لە سەرشەقامە لە شارەکانی کوردستان یەکدەنگ و خاوەن پلان بێ. ئێمە توانایی و پتانسیەلێکی بەرفراوانی کۆمەڵایەتی و مرۆیی وەک کۆڕو کۆمەڵی سیاسی-مەدنی و کۆمەڵایەتیەکان لە نێوخۆ و لە دەرەوەی کوردستان هەیە کە پێویستە خاوەن گوتاری هاودەنگ و هاوپلان بن.

بۆ سەرکەوتن لەم بوارەدا پێویستمان بە ڕێکخستن و سازی (موئەسیساتی) گشتگیری نەتەوەیی بە بەشداری گشت چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستان هەیە. بە جۆرێک کە نوێنەرایەتی گشت ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هەموو جیاوازیەکان لە بواری بۆچونی سیاسی، کۆمەڵایەتی زمانی و ئاینی دا بکات. ئەم سازیە نەتەوەییە دەتوانێ لە فورمی وەک ناوەندێکی نەتەوەیی، پارلەمانێک بۆ قۆناخی گوزار یان شورایەکی سەراسەری دا بێ. لە غیابی ئەم پێکهات و مەرجەعە نەتەوەییەدا مەترسی سەرلێشیواوی سیاسی و سپاردنی چارەنوسی سیاسی کورد بە ڕووداوەکان و قەزاوقەدەری دەسەڵاتی داهاتوو لە ئێران دا زۆرە. هەروەها ئەگەری مەترسی لە دەستدانی ئیمکان و فرستەکان لە بەر کیشەی نێوخۆیی هەیە. ئەزمونی بەشەکانی دیکەی کوردستان بە تایبەت باشورمان هەیە.

گرینگە کە ئەم ریکخستنە خۆ لە قەرەی بەرنامەیەکی تایبەتی سیاسی و ئیدۆلۆژیک نەدا چۆنکە ئەمە کاری حیزبە سیاسیەکانە. ڕۆلی ئەم سازە نەتەوەیە پێکهێنانی یەکگرتنێکی نەتەوەیە بە حیزبەکان و لە دەرەوەی حیزبەکان لە سەراسەری ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. پێکهاتەیەکی کە بتوانێ هەتا سەقامگیربوونی سیستمێکی سیاسی لە کوردستان بەرژەوەندیە باڵاکانی گەڵ بپارێزێ، ڕێگا لە ناکۆکی و پەرشوبڵاوی سیاسی لە کوردستان دا بگرێ و ئامادەکاری بکا بۆ دامەزرانی بنەماکانی سیستمێکی دەسەلات لە داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا کە پارتە سیاسیەکان بە شێوەیەکی دیموکراتیک تێیدا بەشدار دەبن.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئێستا ڕەنگبێ مەجالی ئاشکرا بۆ پێکهێنانی ناوەندێکی نەتەوەیی لەم چشنە لە نێوخۆی وڵات دژوار بێ بۆیە دەکرێ کوردی ڕۆژهەڵات لە دیاسپۆرا بە هاودەنگی حیزبە سیاسیەکان بە شێوەیەکی کاتی کار بۆ دانانی ناوەندێک - پارلەمانێک یان هەر پێکهاتەیەکی گشتگیری نەتەوەیی دیکە بکا و هەنگاو بە هەنگاو بە پێی ئیمکان ئەم پێکهاتەیە لە نێوخۆی کوردستان دامەزرێ. ئەم یەکگرتنە نەتەوەییە دەتوانێ پارسەنگی توانایی بزوتنەوەی کورد بە تایبەت پێگەی حیزبە سیاسیەکان لە ئاست دنیای دەرەوە و لایەنە سیاسیەکانی لە ئێرانداییش بە هێز بکات.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ٢٧ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢

---

## بۆ.. باشورییەکان بێدەنگن؟!




**سامان سنجاوی**

لەدوای مەرگی ژینا ئەمینی، سومبلی ئازادی، لەسەقزەوە ئێران خرۆشا، نارەزایی سەدان شار و شارۆچکەی ئێرانی گرتووە. کە دروشمی زۆرینە (ژن، ژیان، ئازادی)یە، سەرەتای ڕۆژانی یەکەمی خۆپیشاندانەکان روخساری پێشێلی مافەکانی مرۆڤی وەرگرت، دواتر بەپێی پێکهاتە نەتەوەییەکانو بیرورِا جیاوازەکانی حزبەکانی ئێران، ئاراستەکان ڕێرەوی خۆیان وەرگرت،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەمەش بووە هۆکاری لەپاشدانی بەرەو خۆنیشاندانی بەرفراوان لە شارەکان لێکەوتەوە، بەو واتایەی دەست خستنە ناو خۆنیشاندانەکان بەئاڕاستەی حزبە جیاوازەکانو بەرنامە جیاوازەکانیانەوە، چونکە لە هەندێ شوێنو ناوچە دەست بۆ چەک لەبەرامبەر رژێمی ئێران برا، چەکی رژێم بەرامبەر هاوڵاتی بووە چەکی رژێم بەرامبەر چەکبەدەستانی ئۆپۆزسیۆن، کە چەک هاتەگۆڕێ، چەک حوکم دەکات، بەکارهێنانی چەکیش لەبەرژەوەندی رژێمی ئێرانە. بۆیە قەبارەی خۆنیشاندانەکان لەئاستی خۆیدا مایەوەو لە هەندێ شوێنیش بەرەو کپبوونەوە رۆیشت.

سەبارەت بە رۆژهەڵاتی کوردستان، کارێکی باشە حزبە کوردستانیەکان راستەوخۆ بە چەک بەشداری خۆنیشاندانەکان نەبوون بەگشتی، هەرچەند رای بەشێکی زۆری کوردستانیان لە هەر چوار پارچەی کوردستان ئەوەیە کە حزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ بە پێشمەرگەو چەکەکانیان ناچنە ناو شارەکانەوە؟ بە سادەیی لێیبڕوانی خواستێکی رەوای هاونیشتمانیانە، بەڵام لەڕووی سیاسیو بە رەهەندی سیاسیو ستراتیژیەوە هەڵبسەنگێنی، بەشداری چەک، دۆخەکە بەرەو خراپتر لەبەرژەوەندی رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران دەبات.

## هاوخەمی باشوریەکان بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان

ئەو گازەندەو رەخنانەی خەڵکی تێکۆشەری رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ باشوریەکان دەردەبڕن، لە دۆخی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە لێیبڕوانین، رەخنەی بەجێو رەوان، بەڵام لە دۆخی خەڵکی باشوری کوردستانەوە لە رۆژهەڵاتی کوردستان بڕوانین، دەچنە سەر بارێکی تر. باشوری کوردستان، لە سەدان حزبی بەرنامە جیاواز پێکهاتووە، زۆرینەی رەهای حزبەکانی باشور، بەرژەوەندی حزبی دەخەنە پێش بەرژەوەندی باشوری کوردستان، چ جای ئەوەی بۆ پارچەکانی تر. ئەمە جگە لە هەژمونی وڵاتانی هەرێمی لەسەر هەرێمی کوردستان. هەر حزبێک بەپێی قەبارەی خۆی خاوەنی جەماوەرە و لە دنیابینی بەرژەوەندییەکانی خۆیانەوە ئاڕاستەی جەماوەرەکەیان دەکەن، لەکاتێکدا تێکڕای جەماوەری ئەم حزبانە لە دوا هەڵبژاردندا ٤٠%ی کۆی دەنگی هاونیشتمانیانی باشوری کوردستانی تێنەپەڕاندووە، واتا نزیکەی ٦٠%ی خەڵکی باشوری کوردستان، جەماوەری ئەو حزبانە نین، باشورییەکان لە سەردەمێکی ئاڕاستەکراوی پۆپۆلیستیدان، بە دەگمەن دەبیندرێت، حزبو رێکخراو و تاکەکان، رەخنە لەخۆیان بگرن، بەڵکو هەر هەموو لە رەخنەگرتنی بەرامبەرەکانیانن. بەتایبەت لەدوای ساڵی ٢٠٠٨ و بەتایبەتتریش لەدوای ساڵانی ٢٠١٤وە کە دۆخێکی ناهەموار بەسەر گەلی باشوری کوردستان، لە پێنەدانی موچە، راگرتنی پرۆژە خزمەتگوزاریەکانو بەرفراوانبونی قۆرخکاریو گەندەڵی، سێکتەرە خزمەتگوزارییە حکومیەکان وەک پێویست ئەرکە خزمەتگوزاریەکان جێبەجێ ناکەن، لەبەرامبەردا کەرتی تایبەت گرانبەها لەسەر گیرفانی هاونیشتمانی ریشەیان لە گەردنی هاونیشتمانی ئاڵاندووە. ئەمە سەرباری ئەو باجە زۆرەی لەسەر زۆرینەی هەناردەو هاوردەو کرێی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دوکانو خانوو.. تاد.. کرێی کارەباو موەلیدەی کارەبا، گرانیی سوتەمەنییەکان..تاد. بارێکی قورسی خستۆتە سەر هاونیشتمانیان. ئەم بارە گرانە، دنیابینیو روانگەی تاکی کوردستانی لە باشوری کوردستان گۆڕیوە، مەیدان مەیدانی پۆپۆلیستەکانە.

ئەگەر لەسەر ئەم سێ بنەمایە (نان، کار، ئازادی) کە بنەمای سەرەکی خواستی هەر تاکێکە، وردبینەوە، گرانییەکی گەورە لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، داهاتی تاک بەشی پێداویستیە زۆرو زەوەندەکانی ئەم سەردەمەی ناکات، خواستێکی زۆرو داهاتێکی کەم، خواستێکی زۆرو گرانییەکی گەورە لە نرخی شتومەکەکان هەیە.. تاد. ئەوەی پەیوەندی بە دەستکەوتنی کاریشەوە هەیە، توێژێکی مشەخۆری زەنگین نەبێت، باقی ئەوانەی لەکاردان نەمرەو نەژی گوزەران دەکەن، هەرچی توێژە چالاکەکەی کە توانای زۆری کارکردنیان هەیە، کە پێگەیشتوانو لاوانن، زۆرینە بێکار کەوتوون، کە بە دەستهێنانی بژێویو بێکاری لەئاستێکی وادا بێت، ئازادییەکان، مەکۆی وەرچەرخانی بۆ گۆڕانکاری لە هزرو نەستی تاک مت دەبێت. لەبەرئەوە گەر لە رووی نەتەوەییەوە، بۆ تاکی باشوری کوردستان، لەم بارودۆخەوە بڕوانین، هەستی شۆڕشگێڕانەی بۆ مافە نەتەوەییەکان لە تاکی باشوری کوردستان، کەمکردووە، ئەمەش رەنگدانەوەی نێگەتیفی تاکی باشوری کوردستان بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی تری پارچەکانی تری کوردستان لەگەڵ خۆیدا کەمتریش کردۆتەوە.

جگە لە جەماوەری حزبەکان، کە بەپێی تێڕوانینی حزبەکانیان سەبارەت بە رۆژهەڵاتی کوردستان دەڕوانن. بەڵام زۆرینەی گەلی باشوری کوردستان، کە لایەنگری هیچ حزبێک نین، بۆیە، لەبەر ئەو بارودۆخەی کە لەپێشدا باسمان کرد، نابێ خەڵکی رۆژهەڵات لە بێدەنگیی باشورییەکان نیگەران بن، چونکە باشورییەکان رقیان لە ئێوە نییە، بەڵکو رقیان لەو بارودۆخەیە کە تێیکەوتوون.

سەرچاوە: ماڵپەڕی چاودێر – ڕێکەوتی: ٢٧ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

ڕەزبەڕی ٢٧٢٢ی کوردی = سێپتەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com




خەنەبەندانی ژینا بوو

دڵۆپ دڵۆپ خوێنی سوور و ئاڵ دەچۆڕا لە جەستەی ، ژینا خۆی سەرچۆپی گێڕی خوێن، دەسرۆکەی دەستی سەرچۆپیشی

سوور وێنای سووری خوێنی جەستەی،

خەنەبەندانی ژینا بوو

دڵۆپ دڵۆپ خوێنی سوور و ئاڵی ژینا دەڕژایە ناو هەناوی نیشتمانی تینووی ئازادی

ژینا بە جلی سووری خوێنەوە هاواری دەکرد:

٢٢ بەهارم

عەوداڵ و وێڵی

ژن، ژیان، ئازادی

ئەحمەد ڕەحمانی

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com